

# کۆمەڵێک وتار و بابەتی

## هاوڕێ عومەر باڵەکی

---


کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست


**بابەتی ساڵی: ٢٠١٧ ................................ لاپەڕەی ......................... ٥**

١- کۆماری کوردستان لە نێوان پرسیاری سە ربە خۆیخوازی وخودموختاری دا...

٢- ئیشارە بە چەند ناتەبایی لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا...

٣- "کوردستان"، هەردەم زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان...

٤- سیاسەتی دەرەوەی ئێران و خوڵقاندنی قەیرانەکەن...

٥- شورای نیگەهبان و هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامیدا...

٦- هەڵبژاردن و کۆماری ئیسلامیی ئێران...

٧- سیستمی "ولایت مطلقه" و دەسەڵاتداریی خەڵک لە ئێرانی ئێستادا...

٨- پرسی کورد لە نێوان قانوونە نێوخۆییەکان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئیرادەی خۆیدا...

٩- تێرۆری سیاسی و کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی...

١٠- ئیرانییەکان و پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووس...

١١- ئینکاری کورد بە ڕێگەی قانوونەوە...

١٢- پاشخانی ئاڵا و پێشمەرگەلە میراتی کۆماری کوردستاندا...

**بابەتی ساڵی: ٢٠١٨ .......................... لاپەڕەی ......................... ٥٠**

١٣- پێگەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و کێشەی قانوونی...

١٤- مێژووی کۆماری کوردستان و چەند تایبەتمەندییەکی مێژوویی...

١٥- پرسی ڕێفراندۆم لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا...

١٦- کۆماری ئیسلامی تێرۆر و ئاسنی ساردکوتان...

١٧- دادگای میکونووس و سیاسەتی تیرۆری کۆماری ئیسلامی...




سەرچاوە
Serchawe

١٨- قازی محەممەد، قۆناغەکانی دروستبوونی ڕێبەرێکی کاریزما...
١٩- ئەشکی تیمساح و ناشتنی خۆر...
٢٠- هۆکارەکانی پەلکێشکرانی د.قاسملوو بەرەو بۆسەی مەرگ...
٢١- لە تاوانی ڤییەن هەتا بڕیاری مێکونووس...
٢٢- سیلەڵێگردنی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، هۆ و هۆکارەکان!...
٢٣- نیزامی کۆماری ئیسلامی و ناهاوسەنگیی لەگەڵ نەزمی جیهانی...
٢٤- ئێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی و ناتەبایی لەگەڵ ئامانجەکانی FATF...
٢٥- بەرگریی ڕەوا وەک ماف لە بەرامبەر سەرکوت و توانەوەدا...
٢٦- کۆماری ئیسلامیی ئێران و گەندەڵیی ڕێکخراو...
٢٧- مافی زیندانی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا و پێوەرە جیهانییەکان...

بابەتی ساڵی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ ......................... لاپەڕەی ......................... ١١٠

٢٨- ڕەسووڵ نادری نەقڵی خۆش و نوقڵی مەجلیس...
٢٩- دەسەڵاتی تاج و مەندیل لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا...
٣٠- "ئیستقلال، ئازادی، جمهوریی ئیسلامی" دوای چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی...
٣١- "دادپەروەری" و "دەزگای داد"ی ئێران...
٣٢- مەرگی پێشەوا، ئەزموونێکی بەنرخ بۆ قوتابییەکانی...
٣٣- هەڵسەنگاندن و تاوتوێی بڕیارێکی گرینگی سیاسی و مێژوویی...
٣٤- ناو گۆڕینی فەرماندەرانی سەرەوەی سپای پاسداران بۆ کام مەرام...
٣٥- دادگای میکۆنووس "نقاشی قهوخانە" وویژدانی نوستوو...
٣٦- کردنەوەی پەروەندەی میکۆنووس و کەسایەتیی کازمی دارابی...
٣٧- "نقاشی قهوەخانە"، دارابی و مانەوەی لە ئاڵمان...
٣٨- "نقاشی قهوەخانە"، کاراکتێری دارابی و سەرسپاردنی بۆ کۆماری ئیسلامی...
٣٩- ناهاوسەنگیی قانوونی ئەساسیی ئێران لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ...
٤٠- "نەقاشی قهوەخانە"، سەفەری هامبورگ و درۆنگیی یۆسف ئەمین...
٤١- گیرانی کازمی دارابی...
٤٢- سەربەخۆیی دادگای مێکونووس و میدیای کۆماری ئیسلامی...
٤٣- "نقاشی قهوەخانە" کۆماری ئیسلامی و دادگای میکۆنووس...

٤٤- ئاڵۆزیی پەروەندی میکۆنووس...
٤٥- بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ...
٤٦- پۆلیسی ئێران لە ئەرکی دابینکردنی ئەمنیەتەوە بۆ هێزی سەرکوتی خەڵک؟!...

## بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠

٤٧- پێگەی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی لە بازنەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا...
٤٨- بەرپرسایەتیی قانوونیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خستنە خوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە...
٤٩- ڕێژیمی پاشایەتی بۆ ڕووخا؟...
٥٠- بەرپرسایەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە بەرابەر ڤیرووسی کرۆنادا...



# بابەتی ساڵی: ٢٠١٧

## کۆماری کوردستان لە نیۆان پرسیاری سەربەخۆیخوازی و خودموختاری دا

لە سەرکۆماری کوردستان هەتا ئێستا لە زۆرلاینەوە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆکراوە، وەک ئەوە کە چۆن پێک هات، دستکەوتەکانی چ بوون وهۆکارکانی رووخانی چ بووە. چارە نووسی رێبەرانی کۆمار و شێوەی پارێزگاری لە خۆیان لە بێ دادگاکانی پاشایەتی دا چۆن بووە. بەڵام کەمتر باس لەوە کراوە رێبەرانی کۆمار ئامانج و هەدەفیان لە پێک هێنانی کۆمار چ بووە و ئەگەر باسیش کرابێ نۆسەران وتوێژەرەکان لە سەر ئەو بابەتە کۆک نین. بە واتایە کی دیکە و پاڵپشت بەو وتار و بابەتانەی کە لە رۆژنامەی کوردستان زمانحالی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بڵاو بوونەتەوە ئەوەمان پێ دەڵێ کە رێبەرانیی کۆماری کوردستان لە دوو شێوە سیاست کردن پێرەوییان کردوە واتە دەبینین کە سەرەتای دەستبەکاربوون و راگەیاندنی کۆماردروشمەکان و بابەتە نوسراوەکان و وتاری وتاربێژان باس لە بەسەربەخۆیی کوردستان دەکەن، بەڵام بە تێپەربوونی کات ئەو شێوە نوسین و ئاخاوتنانە دەگۆردرێن و بە جۆرێک لە جۆرەکان باس لە خودموختاری میللی لە چوارچێوەی ئێران دادەکرێ بە واتایەکی دیکە، زمانی کاربەدەستانی کۆماری کوردستان لە نیوخۆی کۆماردا زمانی بەرێوەبەریی سەربەخویی خوازی بووە، بەڵام لە تاران زمانی مانەوە لەگەڵ ئیران بەکارهاتووە. پێشەوا لە نوتقێک دا لە ورمێ کە باس لە وتویژی خۆی لەگەڵ قەوام سەرۆک وەزیرانی ئێران دەکا بەو جورە ئیشارە بەو بابەتەی کە ئێمە وەک پرسیار لامان درۆست بووە دەکا کە خۆی دەتوانێ وڵامێک بێت بۆ ئەو پرسیارە.ئەو بابەتە لە ژمارە ٧٢ی رۆژنامەی کوردستان ١٣٢٥دا بڵاو بووەتەوە. "بۆخۆتان دەزانن کە لە پێشدا ئێمە بە هیچ جۆریک داوای تەجزییەی ئیرانمان نەکردوە و تەنیا مەبەستمان ئازادی خۆمان و پاراستنی دیمۆکراسی بووە بەڵام لە پێشدا کاربەدەستانی ئیران بێجگە لەوە جوابیان نەداوینەوە، شۆخیشیان بە داوای ئێمە کردو ناچار بووین حکومەتی میللی مان دامەزراند و هێزی خۆمان بە رامبەر بە ئەوان تاقی کردەوە. ئەوان ویستیان لەمە بێنە پێش ئێمەش لەوان چوینە پێش. ئێستاش ئەوان حازربوون پاشەکشە بکەن ئێمەش ئامادە بووین بکشێینەوە..."

هەرئەو لێدوانەی پێشەوا بە روونی دەرخەری ئەو راستییەیە کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوەی ئاواتی هەر کوردێکی نیشتمان پەروەر و دڵسۆز بووە دژکردەوەیەکی ئازایانەو بوێرانەش بووە بە دژی دەسەڵاتدارانی پاشایەتی لە تاران و وتەکانی پێشەوا سەڵمێنەری ئەوراستییەن کە کورد وەک نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوی باڵادەست مافی برِیاردانی لە سەرچارەنووسی خۆی هەیە وهەرکات هەست بەوە بکا لەو دەوڵەتەی کە دەسەڵاتدارە وبەرێوەبەری وڵاتە، بە پێی ماف و حەقی خۆی لە بەرێوەبەریی وڵاتدا بە



سەرچاوە
Serchawe

مافی یەکسان بەشداره و هاووڵاتی دەرەجە دوو نییە ئامادەیە بچێتە پێش و بۆ دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەرانە و سەردەمیانە هەنگاو بنێ بەڵام کاتێک هەست پێدەکا کە لە لایەن دەسەڵات دارانەوە دەچەوسێتەوەومافی پێشێل دەکرێ دژ کردەوەی دەبێ ولە هەر فورسەتێک کە بۆی هەڵبکەوێ بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرێ ،هەر وەکی پێشەوا لە نموونەی سەرەوەدا فەرموویەتی.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە جگە لەوە دستکەوتێکی سیاسی گرینگی جووڵانەوەی رزگاری خوازیی نەتەوەی کوردبوو، نیشاندەرەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردیش بوو لە رۆژهەڵاتی کۆردستان و لەهەمان حاڵدا کۆماری کوردستان درێژکراوە و بەرهەمی هەمان هەل و مەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو کە (ح.د.ک) لە سەری دامەزرابوو. بۆیە دەبینین کۆماری کوردستان لە نێوخوی ئێراندا وەکوو کۆمارێکی خودموختار لەگەڵ حکومەتی تاران لە پەیوندی دایە بەڵام لە کار و کردەوەدا وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەگەل دنیای دەرەوەی خۆی هەڵس وکەوت دەکا بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە دەتوانین چەند نموونە باس بکەین:

* داگرتنی ئاڵای ئێران لەسەر دام ودەزگای ئیداری سەر بە دەوڵەتی ناوەندی وهەڵکردنی ئاڵای کوردستان بە جێگای ئەو، کاتێک ئاڵای دەوڵەتێک یا ولاتێک دەهێندرێتە خوارێ و بە جێگای ئەو ئاڵایەکی دیکە کە نوێنەرایەتی سیستمێکی دیکە لە حوکمڕانی دەکا نیشانەی ئەوەیە کە سیستمێکی نوێی بەشێک نییە لە سیستمی پێشوو و خۆی سەربەخۆیە.

## زمانی کوردی زمانی رسمی کۆماری کوردستان بووە.

ئەوەش نیشانەیەکی دیکەیە لە سەربە خۆیی خوازی کۆماری کوردستان چونکە زمانی فەرمی ئەو کاتی ئێران فارسی بووە بەڵام لە هیچ بەڵگەیەکی کۆماری کوردستاندا نابیندرێ کەبگۆترێ زمانی کوردی لە تەنیشت زمانی رەسمی ولاتی ئێران دەخوێندرێ بەڵکوو هەموو خەمی بەرێوەبەرانی کۆمار بەتایبەتی پێشەوای مەزن ئەوەیە کە پەرە بدرێ بە زمانی کوردی و لە هەموو ئاستەکانی تەمەندا و، دەخوێنینەوە بێجگە لە منداڵانی کچ وکوڕبۆ ژن و پیاوانیش بەجۆرێک لە جۆرەکان خوێندنی زمانی کوردی ئیجباری کراوە.

بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان سنوور کرایەوە ودەبینین لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە لە چین و توێژی جۆراوجۆردا وەک "ئەفسەران، ماموستایان، نوسەران، و شاعیران و... روویان لە کۆماری کوردستان کردووە وتەنانەت بوونە بەشێک لە بەرێوەبەرانی ئیدارەی روژانەی دام و دەزگای کۆمار و لە هەمان کاتدا لە نێوخوی ئێران لە گەڵ حکوومەتی ئازەربایجان پەیمانی سنووری وسەربازیی ئیمزا دەکەن و وەک دووحکوومەت پێکەوە هەڵس و کەوت دەکەن ولەگەڵ یەکیەتی سوڤیەت خەتی بازرگانی دەکەنەوە.

- پێکهینانی سپای میللی "هیزی پیشمەرگە"، لەلایەن بەرێوەبەرانی کۆماری کوردستان. ئەوەش نیشانەیەکی دیکەیە لە ئیرادەی سەربەخۆیی خوازی کۆمار، چۆنکە بە پێی یاسای بنەرەتی ئێران پێک هێنانی هێزی چەکدارو رێکخستنی هێزی ئەمنی لە ئە ستۆی حکومەتی ناوەندیە. بەڵام دەبینین دەسەڵاتی کۆماری کوردستان هێزی پێشمەرگەی رێکخستوە و مووچە و مانگانەی بۆ بڕیوەتەوە و تەنانەت چەند جارێکیش لەگەڵ سپای ئێران تووشی شەڕ و پێک دادان بووە و لە هەڵس و کەوت لەگەل ئەرتەشی ئێران وەک

دووسپای جیاواز مامڵەیان لەگەڵ یەکتر کردووەو تەنانەت بە فەرمانێکی ڕەسمی ناوی تەواوی ئەلقاب وعینوانەکانی نیزامی لە فارسی وتورکییەوە کراون بە کوردی.

بیجگە لەوانە بە دەیان نموونەی دیکە دەتوانری باس بکرێ کە نییەت و ئامانجی ڕێبەرانی کۆمار سەربەخۆیی و یەکخستنەوەی هەموو خاکی ڕوژهەلاتی کوردستان بوو بەڵام قەت لەوە غافڵ نەبوون کە ئیحتمالی ئەوە هەیە کە رووسەکان و ئێرانیەکان لە سەر بەرژەوەندیەکانیان رێک بکەون و بەرژەوەندی وا بکا کە روس وەک دەوڵەتیکی ئامادە لە ناوچەکە پشتی کۆماری کوردستان چۆل بکا و یا لە نێو خۆی کۆماردا کەس یا کەسانێک لە ژێرناوی عەشیرە و تایەفە بەدوای بە رژەوندییەکانی خویانەوە بن و خەیانەت بە کۆماری کوردستان بکەن. هەر دەرکی ئەو راستیەیە وای لە رێبەرانی کۆمار کردبوو کە لەو مجال و فورستە کە هاتووەتە پێش ئەوەندەی دەکرێ بۆ سەقامگیریی و بەرەوپێش بردنی ئەو حکوومەتەی پێکیان هیناوە کەڵک وەربگرن و لە هەمان کاتدا هەوڵیان داوە لە بەر هەر ئەگەرێک کە مەترسی بخاتە سەرکۆمار دەرگای وتوویژ و دیالۆگ لەگەڵ تاران والآبێت واتە ئەگەرهەل و مەرج یارمەتیدەر بوو بتوانن سنووری کۆمار دەسەلاتەکەی لە سەرخاکی رۆژهەلاتی کوردستان پەرە پێبدەن و ئەگەر هەلومەرجەکە بە جۆرێک بوو دەسەلاتی تاران بە هێزبووە هەوڵیان ئەوە بێت ئەوی پێکیان هێناوە لێیان تێکنەچێ.

کۆماری کۆردستان ئە گەرچی تەمەنی کەم بوو، بەلآم لە میژووی گەلی کۆردا یەکەم جار بوو کە ئۆرگانێک یا دامودەزگایەک لە لایەن خەڵکەوە بەشێوەی ئاشکرا دەنگی متمانەی پێ دەراوە و نوێنەرایەتی کەسایەتی قانوونی گەلی کوردی لەپارچەیەک لە کوردستاندا دەکرد. واتە کۆماری کوردستان وەک دەوڵەتێک چ لە نێوخۆ چ لە دەرەوەی خۆیدا نوێنەرایەتی چین و توێژە جیا جیاکانی کۆمەڵگای کوردەواری دەکرد بە واتایەکی دیکە نوێنگە و ناسێنەری گەلی کورد لە چوار پارچەی کوردستان بوو لە هەڵس و کەوتی سیاسی، ئابوری و دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتان و ئەو گەلانەی کە هاوسنووری کۆمار بوون، بەکورتی دەتوانین بڵێین لە رووی قانوونییەوە سەردمی کۆماری کۆردستان بە سەردەمی بڕیاردان لە دیاری کردنی مافی چارە نووس پێناسە بکەین.

لە ژمارە ٦٩٧ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بلاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٧

---------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ئیشارە بە چەند ناتەبایی لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا

قانون ئەساسیی کۆماری ئیسلامی کە پایەوئەساسی نیزامیی سیاسی ئیستای ئێرانە کە لەسەر جهانبینی حکوومەتی ئیسلامی (ئیسلامی شیعەی باوردار بە ولایەتی فەقیهی رەها) داڕێژراوە، کە هەر ئەوە وایکردوە ببێتە سەر چاوەی گرفت و کێشەکان و قەیرانە دەرەکی ونێوخۆیی‌یەکان. لە هەمان کاتدا بە راشکاوی دەتوانین بڵێین پێشێل کردنی مافی مرۆڤ سەرچاوە گرتوو لە یاسای بنەڕەتی ئێرانە، چونکە قانوونی ئەساسی پێوەندی دەسەڵاتی سیاسی واتە حکوومەت لە گەڵ خەڵکی ئەو وڵاتە دیاری دەکا .قانوون‌دانەری ئێرانی لە دارشتنی ئەسڵ و بڕگەکانی قانوونی ئەساسی‌دا قانوونە عورفییەکان کە سەرچاوەگرتوو لە ویست و نیازی کۆمەڵگان وپایە وئەساسی دیموکراسین تێکەڵ بە کۆمەڵێک ئەسڵ و بڕگەی دینی و مەزهەبی کردوە کە لەگەڵ سەردەمی ئیستا ناگونجێن وڕێگرن لە بەردەمی ویست و داخوازی خەڵک .دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای ئەوئەسڵانەی قانوونی ئەساسی‌یەوە ماوەی ٣٨ساڵە بە سەر گەلانی ئێراندا حوکمڕانی دەکەن. بۆ زیاتر روون بوونەوەی ئەوبابەتە سەرنج دەخەینە سەر هێندێک لە ئەسڵەکانی قانوونی ئەساسی ئێران کە پێکەوە لە دژایەتی دان. قانوون‌دانەر بۆ ئەوەی لە دنیای سەردەم دانەبڕێ وبە کۆر وکۆمەڵە جیهانی‌یەکان بڵێ کە پێوانەکانی دیموکرات بوونی لە سیستمی سیاسی وبەڕێوەبەری وڵاتدا رەچاوکردوە ئەو ئەسڵانەی کە باسی مافی مرۆڤ و ئازادی‌یە تاکەکەس‌یەکان دەکا هێناویەتی وهەتا رادەیەک لە قانوونی ئەساسی‌دا گونجاندوویەتی، بەڵام لە پاڵ ئەوەدا قەید وبەربەستی بۆ داناوە وەک ئەوە کە نابێ دژایەتی هەبێ لە گەڵ رێوشوێنی ئیسلام ویا مەزهەبی رەسمی وڵات. بۆ وێنە: ئەسڵی چوارلە قانوونی ئەساسی‌دا بە روونی لە سەر ئەو بابەتە پێداگری دەکا و دەڵێ: "تەواوی قانوونەکان وڕێوشوێنی مەدەنی، سزایی، ماڵی، ئابووری، فەرهەنگی، نیزامی، سیاسی و هتد، دەبێ لە سەر ئەساسی ڕێوشوێنی ئیسلامی بێت. ئەوئەسڵە بەسەر هەموو ئوسوولەکانی قانوونیی ئەساسی و یاسا و ڕێساکانی دیکەدا حاکمە ودیاری کردن وهەڵسەنگاندنی ئەوبابەتە لە ئەستۆی شوورای نیگەهبانە."

لەو ئەسڵە دا بۆمان دەردەکەوێ کە قانوونی ئەساسی کۆماریی ئیسلامی وا دانەڕێژراوە کە پێوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵات دیاری بکا. بەڵکوو لە سەر ئەو ئەساسە دامەزراوە کە خەڵک تەنیا ئەرکیان هەیە ودەبێ ئەرکەکانی خۆیان وا جێ بەجێ بکەن کە زیان بە دین و باوەڕەکانیان نەگەیەنێ کە ئەویش خزمەت کردنە بە کۆماری ئیسلامی ولە راستی داخاوەنی هیچ مافێک نین چونکە لە روانگەی ئەوانەوە، هەر مافێک لە سەردەمی ئیستادا دەبێتە دژایەتی کردن لە گەل دین و مەزهەبی رەسمی ئێران.

لە روانگەی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئامانجی مرۆڤ عیبادەتی خودایەو لەسەر مرۆڤی دیندار واجبە کاری بە کاری دنیای فانی نەبێ وگوێڕایەڵی ڕێبەرودەسەڵاتداران بێ. عیبادەتی کامڵ و تەواو پێویستی بە ئوممەتێکی ڕێکخراوی باوەردار هەیە و ئوممەتی ئاوا نیازمەندی حکوومەتە ویەکەم ئامانجی حکوومەت لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا وەدەست هێنان و دابین کردنی ئیمکاناتی عیبادەتە کە بتوانێ ئەو ئوممەتە ڕێکخراوە بە دوای نیازەکانی خۆیدا رابکێشی وکەڵکی خۆیانی لێ وەربگرێ. واتە عیبادەت یانی هەمان

گوێڕایەڵی وسەربەردانەوە وگوێ ڕاگرتن لە گوفتاری دەسەڵاتداران کە بە ناوی دینەوە حکوومەت دەکەن.

ئەگەر لە قانوونی ئەساسیی ئێران باشتر وردبینەوە ئەو جیاوازیەمان چاکتربۆ دەردەکەوێ. ئەسڵی( ٥)لە قانوونی ئەساسیدا باس لە ڕێبەریی لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا دەکا ودەڵێ: "لە سەردەمی غەیبەتی ئیمام زمان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا حوکمڕانی وڕێبەری ئوممەت دەکەوێتە ئەستۆی "فقیە"یکی دادپەروەر... کە بەپێی ئەسڵی(١٠٧) بەرپرسیاریەتی وەردەگرێ" بەڵام هەر بە دوای ئەو ئەسڵەدا لەئەسڵی (٦ )دا باس لە ئیدارەی وڵات دەکا بە پشت بەستن بەدەنگی خەڵک لە ڕێگای هەڵبژاردن. لەئەسڵی ٦دا هاتووە:" لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا وڵات دەبێ بە پشت بەستن بە دەنگی گشتی لە ڕێگای هەلبژاردن ئیدارە بکرێ..." لەو ئەسڵە دا دەبینین کە قانووندانەر ویستوویەتی ڕەهابوونی ئەسڵی( ٥ )هەتا ڕادەیەک لە بەر چاوان ون بکاو بڵێ کە خەڵک لە ڕێگای هەڵبژاردن و سندووقی دەنگدانەوە چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن و لەڕێگای نوێنەرانیانەوە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدارن ودەبێنین هەر لە سەرەتای قانوونی ئەساسیی ئێراندا دوو ئەسڵ کە باس لە شێوە بەڕێوەبردنی وڵات لە لایەن کەسێک یا دامەزراوەیەک دەکا چەندە لە گەڵ یەکتر لە ناتەبایی دان.

ئەسڵی (٥) باس لەوە دەکا کە لە غەیبەتی ئیمام زەماندا کەسێک دەبێ بە نوێنەرایەتی ئەو، ڕێبەریی ئوممەتی ئیسلام بکا و ئەوە ماناکەی ئەوەیە ئەوکەسە کە ئەو مەسئولییەتەی پێ دەسپێردرێ نوێنەرو جێنشینی ئیمام زەمانە وهەر گوفتار وکردارێکی بە مانای قانوونە ولەسەر خەڵک واجبە بێ ئەملاولا جێبەجێیان بکا. قبووڵی شەریعەت بە عینوانی چوارچێوەی دەزگای قەزایی وئیجرایی حکوومەت بەمانای ئەوەیە کەناتوانرێ لەو چوارچێوە کە شەریعەت دیاری کردوە لابدرێ، بە واتایەکی دیکە سزای شەرعی کردارێکی مەزهەبیە و حکوومەت ناتوانێ لەو سزایە کەم و زیاد بکا. ئەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە شێوەی دیاریکردنی ئەوکەسەش واتە ڕێبەر ئەوەندەی دیکە ڕەهایی لە دەسەڵاتی پێ دەبەخشێ ولەسەرەوەی قانوونی جێگیر دەکا. بەپێی ئەسڵی (١٠٧) لە قانوونی ئەساسیدا ڕێبەر دەبێ لە لایەن مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری دیاری بکرێ. مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەریش بە پێی قانوون پێویستە بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردرێن. لێرەدا ناچینە سەر ئەوبابەتە کە دەبێ ئەوکەسانە چ تایبەتمەندیەکیان هەبێ بەڵکو دەچینە سەر شێوەی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا. بەپێی ئەسڵی (٩٩)لە قانوونی ئەساسیی ئێران، چاوەدێری "استصوابی"بە سەر هەڵبژاردنەکاندا لە ئەستۆی شووڕای نیگەهبانە و بەپێی "تبصرە"ی ٣ لە قانوونی هەلبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان هەڵسەنگاندن وتەئیدی بەربژێرەکان لە ئەستۆی شووڕای نیگەهبانە و لە ئەسڵی (٩١) لە قانوونی ئەساسیدا هاتووە کە دیاریکردنی "فقهای" شووڕای نیگەهبان لە لایەن ڕێبەرییەوە دەکرێ و لە ڕاستیدا لە و یاریە بە قانوونی کراوەدا، ڕێبەر لە لایەن کەسانێکەوە هەڵدەبژێردرێن کە خۆیان هەڵبژێردراوی ڕێبەرن.

لە لایکی دیکەوە ئەسڵی (٦) لە قانوونی ئەساسی باس لە دەنگی گشتی خەڵک دەکا و دەڵێ بۆ ئیدارەی وڵات دەبێ پشت بە دەنگی گشتی خەڵک ببەسترێ کە دەبینین ئەوە بە تەواوی لەگەڵ ئەسڵی (٥) لە ناتەبایی دایە چونکە هەر وەک باسمان کرد کەسێک بە عینوانی ڕێبەر لە کۆماری ئیسلامیدا ئیدارەی وڵات و ئوممەتی ئیسلامیی لە ئەستۆیە و هێچ مەجالێکی بۆ دەنگی خەڵک و بەشداری لە

دەسەڵات وبەڕێوە بەری وڵات دانەهێشتوەتەوە.

یەکێکی دیکە لە ناتەبایی‌یەکانی قانوونی ئەساسی چاوەدێری شوورای نیگەهبان بەسەر پەسند کراوەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامی‌یە. بە پێی ئەسڵی( ٩٤) هەموو پەسندکراوەکانی مەجلیس دەبێ بنێردەرێتە شوورای نیگەهبان وهەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ کە ئایا لە گەڵ ڕێوشوینی ئیسلام و مەزهەبی ڕەسمی وڵات دژایەتی نییە؟ ولە ئەسڵی (٩٣) لە قانوونی ئەساسی‌دا هاتووە کە، مەجلیسی شوورای ئیسلامی بێ‌بوونی شوورای نیگەهبان ئیعتباری قانوونی نییە. لەو ئەسڵانەدا ئەوەی بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە، لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا خەڵکودەنگی خەڵک هیچ ئیعتبار وبایەخێکی نییە وتەنیا باس کردنی لە ئەسڵی (٦) دا شتێکی رواڵەتی یە و بۆ جوان کردنی روخساری قانوونی ئەساسیی ئێرانە، چونکە هەر وەک باس‌کرا دەزگای قانووندانان کە بە رواڵەت لە لایەن خەڵکەوە ئەندامەکانی هەڵبژێردراون لە ڕێگای شوورای نیگەهبانەوە کە هەڵبژێردراوی خەڵک نییە بە تەواوی لە ژێر چاوەدێری و کونترۆڵ دایە. لە پێوەندی دەزگای بەرێوەبەریش (دوڵەت)دا هەر بەو شێوەیە، چونکە بەربژێرەکانی سەرکۆماری دەبێ لە فیلتێری شوورای نیگەهبان تێپەر بن، ئەوکات خەڵک ئیزنیان هەیە بۆ هەڵبژاردن بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان وکاتێکیش کەسێک بۆ پۆستی سەرکۆماری دوای تێپەربوونی هەموو ئەو لەمپەرانە بوو بە سەرکۆمار، لە گەڵ دەسەڵاتەکانی ڕێبەر بەرەوڕوو دەبێ، بە تایبەت ئەوە کە ڕێبەر بە پێی ئەسلی(١١٠) ئیختیاری هەیە سەرکۆمار لە دەسەڵات لادا ودایبنێ وئیستیعفای لێ قەبووڵ بکا. لەحاڵێکدا سەرکۆمار بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردراوە دەبوایە لە بەرامبەر مەجلیس‌دا کە ئەویش بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردراون بەرپرسیار بێ نەک لە بەرابەر کەسێک دا کە خەڵک بچووکترین کاریگەری‌یان نییە لە دیاری کردنی‌دا.

لە ئاکام دا بۆمان دەردەکەوێ ساختاری کۆماری ئیسلامی بە پێی قانوونی ئەساسی وا داڕێژراوە کە خۆی سەرچاوەی هەموو کێشەکان بێ. چونکە لە ئەساس‌دا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆیان ناتوانن بیر و باوەرو قانوونەکانیان لەگەڵ نیازو پێداویستی خەڵک و سەردەمی ئیستا بگونجێنن. ئەوان هەر لە سەرەتاوە لە ڕێگای دین و مەزهەبەوە بۆ گەیشتن بە مەبەستی خۆیان هەوڵیان داوە کۆمەڵگایەکی داخراوو گوێرایەڵ لە خەڵکی ئێران بە دوور لە ویست و داخوازی سەردەم دروست بکەن.

لە ژمارە ٦٩٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٧

-------------------------------------------------------

## «کوردستان»، هەردەم زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان

حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی مودێرن وسەردەمیانە لە هەلومەرجێکدا پێک هات کە شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان تووشی شکان وکپکردن ببوون ودوژمنانی نەتەوەی کورد بە مەیل وکەیفی خۆیان لە کوردستاندا حوکمرانیان دەکرد وخەڵکیان دەچەوساندەوە وسامانی ژێر زەوی وسەر زەوی کوردستانیان بە تاڵان دەبرد. لەو هەلومەرجەدا رۆڵە خەباتگێڕ ونیشتمانپەروەرەکانی کوردستان بە ئەزموون وەرگرتن لە شۆڕش وخەباتەکانی پێش خۆیان کەوتنە خۆ بۆ قۆستنەوەی بارودۆخێک کە بە هۆی شەڕی جیهانی و بوونی هێزەکانی رووس و بریتانیا لە ناوچەکە دا خوڵقابوو. بوونی ئەو هێزانە ببوە هۆی ئەوە کە لەو بەشە لە کوردستان بە تایبەتی ناوچەی موکریان بەتاڵایی دەسەڵات وبەڕێوەبەری دروست ببێ و دام ودەزگای حکوومەتی لە لایەن خەڵکەوە تێکەوە بپێچرێ ودەسەڵات وبەڕێوەبەری ناوچەکە بکەوێتە دەستی خەڵک. لەو هەلومەرجەدا کۆمەڵێک لە دڵسۆزانی گەل ونیشتمان کەوتنە خۆ و لە سەر بنەمای کۆمەڵەی ژێ کاف رێکخراوێکیان بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراند بۆ ئەوەی رێبەری جووڵانەوەی خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکا و لە هەمان کاتدا پشتیوانێکی بەهێزبێ بۆ جووڵانەوەی پارچەکانی دیکەی کوردستان.

فەلسەفەی وجوودی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووە وهەیە ورێبەرانی ئەو حیزبە بە ئەزموون وەرگرتن لە جووڵانەوەکانی پێش خۆیان بە باشی دەیانزانی کە بەڕێوەبردنی جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتی وگەیاندنی دەنگی ئەو جووڵانەوەیە بە گوێی خەڵکی کوردستان وگەلانی دەوروبەر ودەوڵەتان پێویستی بە کەرەسەی راگەیاندن وتەبلیغات هەیە وبە پێی هەلومەرجی ئەو کات رۆژنامە یەکیک لە کەرەسە گرینگەکانی سەردەم بوو. هەر بۆیە حیزبی دیموکرات لە ماوەیەکی کورتی زەمەنی دوای پێکهاتن وەدەست بە کار بوونی یەکەم کاری کە کردی ئەوە بووکە سیاست وبۆچوونەکانی خۆی لە دووتوێی لاپەڕەکانی رۆژنامەیەک دا بڵاو کردەوە.

یەکەم ژمارەی رۆژنامە کە لە رێکەوتی ٢٠ - ١٠ - ١٣٢٤بە ناوی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان چاپ و بڵاوبووەوە کە هەتا هێرشی ئەرتەشی ئێران بۆ سەر مەهاباد پێتەختی کۆمار ١١٣ژمارەی لێ بڵاوبوەوە، و بەداخەوە دوای کۆتایی تەمەنی کۆمار رۆژنامەی کوردستانێش لە چاپ وبڵاوبوونەوە کەوت. بەڵام رۆڵە خەباتکارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ هەموو توند وتیژی وترس وتۆقاندن کە لە لایەن دەزگای ئەمنییەتی پاشایەتیەوە لە سەریان بوو بە چەند جارێک هەوڵیان دا بۆ جارێکی دیکەش کوردستان چاپ وبڵاوبکەنەوە و ئەو هەوڵانە پچرپچر ئیدامەی هەبووە هەتا رێبەندانی ١٣٤٩ کە بۆ جارێکی دیکە یەکەم رۆژنامەی کوردستان وەک ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان چاپ وبڵاوبووەتەوە کە هەتا ئیستا کە ژمارەی حەوت سەدی چاپ وبڵاو دەبێتەوە، درێژی هەیە. هەر وەک لە سەرەوە ئیشارەی پێکرا رۆژنامەی کوردستان لە گەڵ مێژووی پڕ لە



سەرچاوە
Serchawe

هەورازونشێو و سەرکەوتن و شکانی حیزبی دیموکرات دا هاتووە و گەڵێک جاران بە پێی هەلومەرجی ژیانی خەباتگێڕانی حیزب بۆ ماوەیەک هەر دەرنەچووە ، بەڵام هەر کە بارودۆخەکە تەنیا فەراغێکی تێدا دروست بووبێ دڵسۆزانی حیزب و جووڵانەوە کەوتوونەتە خۆ بۆ ئامادە کردن وچاپ وبڵاوکردەنەوەی کوردستان و لە هەر کام لەو قۆناغانەشدا هەرکات رۆژنامەی کوردستان دەستی بە کار کردوەتەوە بە پێی ریسالەتی خۆی زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە و بەو ئامانجە وفادار ماوەتەوە کە وەک ئەرک خستوویەتە سەر شانی خۆی. بۆ باشتر روونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە دووبابەت لە یەکەم ژمارەکانی ساڵەکانی ١٣٢٤ و ١٣٤٩ لێرەدا وەک نمونە باس دەکەین.

لە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان سالی ١٣٢٤لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «ئامانجی ئێمە»دا ئاوا دەنووسێ کە بەشێکی لێرەدا ئیشارە پێدەکەین، (... ئیمە کە بە دڵمان دا نەدەهات خاوەنی چاپخانە وئینتشارات بین ،ئەوا بە یارمەتی خوا نامەی کوردستان داندرا وهەوەڵ ژمارەی بڵاوکراوە، ئەم نامەیە کە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە، دەیەوی قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناخەکەی بە زانست وهونەر ولەش ساغی داندرابێ وبتوانێ دەگەڵ سێڵاوی دووبەرەکی وبێ دینی وهەموو جۆرە رەوشتێک کە بۆ سەربەستی زەرەربێت، بەربەرەکانی بکا. هیوامان وایە ئەم قەڵایەی کە خەریکین قایمی بکەین ،وەها قائیم و بەهێزبێت کە هیچ هێزێک نەتوانێ بەربەرەکانی لە گەڵا بکا.) ولە یەکەم ژمارەی دەوری دووهەم کە لە رێبەندانی ١٣٤٩دا دەرچووە لە بابەتێکی کورتدا لە ژێر سەردێڕی «دیسان کوردستان» باس لە ئەرک و ئامانجی رۆژنامەی کوردستان دەکا کە بەشێکی بابەتەکە لیرەدا وەک خۆی دەنوسینەوە،(... کوردستان ئەرکی زۆر گرانە، ئاگادارە کە گەلەکەمان چەندە تینووی رێنوێنی سیاسی وفکرییە وچۆن چاوەڕوانی ئەوەیە کە کوردستان ڕێی خەباتی رووناک بکاتەوە... کوردستان رۆژنامەی هەمووگەلی کوردە، رۆژنامەی کرێکار و جووتیار و رووناکبیرانی شۆڕشگێر و پیشەسازان و بازاڕیان وعەشیرەتەکانی نیشتمانپەروەرە...). ئەو دوو نموونەی سەرەوە ئەگەر لە تەنیشت یەکتر دابنێین وجیاوازی زەمەنی بە مەودای ٢٥سال لە دەرچوونی یەکەم ژمارەی هەر کام لە قۆناغەکانی ژیانی رۆژنامەی کوردستان وەبەرچاو بگرین ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە بەڕێوەبەرانی رۆژنامەی کوردستان چەندە پابەندبوون بەو ئامانجانەی حیزبی دیموکراتی لە سەر دامەزراوە. ئەوەتا لە ژمارەی ١ی قۆناغی یەکەمدا باس لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەک دەکا کە بناخەکەی لە سەر «ئیتحاد وبرایەتی» دامەزرابێ و ئەو بناخەیە بە زانست و هونەر و لەشساغی دارێژرابێ و لە ژمارەی ١ی قۆناغی دووهەمیدا هەر ئەو ئامانجە دووپات دەکاتەوە، بەڵام بە زمانێکی دیکە کە دەڵێ «کوردستان ئەرکی زۆرگرانە» واتا لە گواستنەوەی سیاسەتەکانی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک بەرپرسایەتی گرینگی لە ئەستۆیە و بە روونکردنەوە و شیکردنەوەی بابەتە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان بۆ ئەوە رێی خەبات بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری رووناک بکاتەوە و هەر لەوبابەتەدا پێداگری لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە کوردستان رۆژنامەی «هەموو گەلی کوردە» واتا رۆژنامەی کوردستان وەک ئەرک لە سەریەتی هەموو ئەو بابەتانەی کە پێوەندیەیان بە چارەنووسی کوردەوە هەیە، دەبێ خاوەنی هەڵویست ورێنوێنی بێت. لەو دوو نموونەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوی کە رۆژنامەی کوردستان ئاوێنەی باڵانوێنی حیزبی دیموکراتی کوردستانە و پابەند و وەفادارە بەو ئەساسەی لە سەری دامەزراوە.

هەر وەک پێشترش باسکرا مێژووی رۆژنامەی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەستراوەتەوە بە مێژووی جووڵانەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان، واتا ژیان وحەیاتی رۆژنامەی کوردستان بە پێی بارودۆخی ژیانی خەباتگێڕانەی حیزبی دیموکرات لە ئاڵوگۆر دابووە. بەو واتا هەر کاتێک حیزب مجال ودەرفەتی هەبووبێ کە بە ئازادی کار وتێکۆشان بکا رۆژنامەی کوردستانیش بە هەوڵ و هیمەتی بەڕێوەبەرانی چاپ و بڵاوبوەتەوە و هەوڵی‌داوە رۆژنامەی هەمووچین وتوێژەکانی نێوکۆمەڵگە بێت.

خاڵێکی دیکەی جێگەی سرنج کە پێویستە بە کورتیش بێ باسی بکەین ئەوەیە کە لە ماوەی ٧١ساڵی رابردوودا رۆژنامەی کوردستان وەک میدیای چاپیی لە هەموو کاتێکدا ئاوێنەی باڵا نوێنی سیاسەتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بووە وهەوڵی داوە بابەتەکانی هەڵگری هەموو رەهەندەکانی نێو ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان بێ و لە هەمان کاتدا وەک سەرچاوەیەکی گرینگ وجێگای باوەڕ و متمانە چ لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کە زانیارییەکانی نێو دەزگای حکوومەت وحیزبی دیموکراتی وەک سەرچاوەی قانوون دانان و بەڕێوەبەری دەخستە بەر چاوی خەڵک و چ لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانی خەباتکارانەی حیزبدا، کە چالاکی سیاسی و تەشکیلاتی و پێشمەرگانەی بۆ نێو خەڵک دەگواستەوە، هەمووکات هەڵگری ئەو پرنسیپە راستگۆیانە بووە کە ببێتە جێگای متمانەی خەڵک وهەر ئەوە وای کردوە کە رۆژنامەی کوردستان رۆڵی ئاڵقەیەکی گرینگ لە ئاڵقەکانی پێوەندی نێوان خەڵک و حیزبی دیموکرات بگێرێ.

لە ژمارە ٧٠٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٧

--------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## سیاسەتی دەرەوەی ئێران و خولقاندنی قەیرانەکەن

کاتێک لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی سیستمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەری وڵاتی ئێرانی گرتە دەست، بۆ جیهان و بەتایبەتی بۆ دەوڵەتان و سیاسەتمەداران و دیپلۆماتکاران سیستمێکی نامۆ و نائاشنا بوو و نەیاندەزانی چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن. چونکە لە لایەک ئۆرگانیزمێک بە ناوی دەوڵەت و پارلەمان هەبوو و لە لایەکی دیکە کەسێک بە ناوی ئیمام و ڕێبەر و خاوەن دەسەڵات، و بڕیاڕدەر هەبوو. ئەوە جۆرێک سەرلێشێواوی دیپلۆماسی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا دروست کرد کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەو شێوازە لە کاری سیاسی و دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتان و ڕێکخراوە جیهانییەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەر بەڕێوە دەچێ.

کۆمەڵگای جیهانی لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە سەر کۆمەڵێک ڕێکاری گشتی و هەمەلایەن بو پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە لە چوارچێوەی ڕێکخراوو بونیادی جۆراوجۆری نێونەتەوەییدا بە ڕێکەوتنێکی هاوبەش گەیشتوون. ئەو ڕێکەوتنە لەسەر ئەو ئەساسە دامەزراوە کە هەموو دەوڵەتانی جیهان هەر جۆرە سیاسەت و ئەندیشە و تێروانینیان بۆ مەسەلە جۆراوجۆرەکان هەبێ لە بەرامبەر جێبەجێکردنی ئوسول و پرنسیپەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیماننامەکانی سەر بەو ڕێکخراوەیە بەرپرسیارن. بەو مانایە دەوڵەتەکان سەرەڕای جیاوازی بیر و بۆچوون و شێوەی تێروانین بۆ مەسەلە جیهانی و ناوچەیەکان، دەبێ پابەند بن بەو مەسەلانەی کە تەوافوقی جیهانیان لەسەرە و لە هەمان کاتدا مافی ئەویان هەیە لە سەتحی جیهانی و ناوچەییدا بۆ چەسپاندنی ڕوانگەی خۆیان هەوڵ بدەن. بەڵام هەتا ئەو کاتە کە ئاڵوگۆڕ لە بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووکاندا دێتە پێش، دەبێ بە هەموو ڕێکارە نێونەتەوەیەکان پابەند بن.

بەڵام نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران هەتا ئێستا دەیان ئوسول و پرنسیپی نێونەتەوەیی لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ژێر پێ ناوە و ئەوە لە حاڵێک دایە کە کۆماری ئیسلامی نوێنەرایەتی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا و چ لەسەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی ئێستای کۆماری ئیسلامی دا ئیمزایان لە ژێر دەیان بەڵگەنامە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی کردوە. بە پێی مادەی ٩ی قانوونی مەدەنی ئێران دەڵێ: "هەموو ئەو ڕێکەوتننامانەی لە نێوان دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتانی دیکە لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسی دا ئیمزا کراون، حوکمی قانوونیان هەیە". واتە هەر ڕێکەوتننامەیەکی نێونەتەوەیی چ پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان کە دەوڵەتی ئێران ئیمزایان لە سەر دەکا، لە نێوخۆی وڵات حوکمی قانوونیان هەیە. بەڵام دەبینین ڕۆژانە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناوەرۆکی ئەوە ڕێکەوتننامەیە و پەیماننامە نێونەتەوەیانە بە بەربڵاوی وبە ئاشکراپێشێل دەکەن.

لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا لە سەرەتای دامەزرانیەوە دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە شۆڕشی ئیسلامی ئێران ڕووداوێکی مێژوویی گرینگە کە دەتوانێ ببێتە نموونەیەکی گونجاو بۆ خەڵکی نارازی وڵاتانی دیکە بەتایبەتی وڵاتانی ئیسلامی و دراوسێی ئێران. هەر بۆیە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بوو بە شوعاری سەرەکی سیاسەتی خاریجی کۆماری ئیسلامی و لە قانوونی ئەساسی ئێران دا بە ڕوونی ڕەنگی دایەوە. لە پێشەکی قانوونی ئەساسیدا لە ژێر سەر دێری "شێوەی حکومەت لە ئیسلام" دا بەو شێوەیە باس لەو بابەتە دەکا: "قانوونی ئەساسی بە سەرنجدان بە ناوەڕۆکی شۆڕشی ئیسلامی ئێران کە جووڵانەوەیەک بوو بۆ سەرکەوتنی هەموو زوڵم لێکراوان بە سەر زاڵماندا. بەستێنی درێژەکێشانی ئەو شۆڕشە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات پێک دێنێ. لە پەرەپێدانی پێوەندیەکانی نێونەتەوەی بە تایبەت لەگەڵ جووڵانەوەکانی ئیسلامی و خەڵکی تێدەکۆشێ هەتا ڕێگای پێک هێنانی ئۆمەتی واحید جیهانی خۆش بکا" و ئەو سیاسەتە هەر زوو لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە کەوتە خانەی جێبەجێکردن کە لە کارنامەی٣٨ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا بە ڕوونی و بە ئاشکرا دیار و بەرچاوە. ڕووداوەکانی وەک "داگیرکردنی سەفارەتی ئامریکا لە تاران، درێژە پێدانی شەڕی ئێران - عێراق لە ژێر ناوی ئازادکردنی قودس، تێرۆری دژبەرانی نیزام لە ناوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە تایبەتی لە ئورووپا، بۆمب دانانەوە لە ناوەندی یەهوودییەکانی ئارژانتین، هێنانە کایەی بەرنامی ناوەکی، شوعاردان بە دژی ئامریکا و ئیسرائیل و هەڕەشەی لە نێوبردنی ئیسرائیل، پچڕانی پێوەندییەکان لە گەڵ عەرەبستان دوای ڕووداوی حەجی ١٣٦٦ و لە حاڵی ئێستا دا دوای ڕووداوەکانی یەمەن و حەجی ١٣٩٤، ناکۆکی لە گەڵ ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە سەر سێ دوورگەی تومبی گەورە، تۆمبی بچووک و ئەبوموسا، ئاڵۆزی دروست کردن و دەست تێوەردان لە کاروباری ئەو وڵاتە و هاندانی شیعەکان، دەست تێوەردان لە کار و باری نێوخۆیی وڵاتی یەمەن، عێراق و لوبنان و پشتگیری لە شیعەکان لەووڵاتانە، دەست تێوەردان و هاندانی شیعەکانی لایەنگری ئێران، حزووری فەعال و چالاکی مادی و ئینسانی لە قەیرانی سووریە و پشتگیری لە بەشار ئەسەد و دەوڵەتەکەی، ئەوانە و دەیان نموونەی دیکە دەتوانرێ لەسەر بە عەمەلی کردنی شوعاری "هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران" باسیان بکەین.

بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمان دەبینین هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکان ڕۆژ بە ڕۆژ هەزینەی سیاسی و ئابووری لە سەر شانی خەڵکی ئێران قورس تر دەبێ. لە لایەک تەریک کەوتنەوەی سیاسی و دیپلۆماسی لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی بۆ دەوڵەتی ئێران بە دواوە بووە و لە لایەکی دیکەوە هەزینەی قورسی ئابووری کەوتۆتە سەر شانی خەڵکی ئێران و دەبینین بەهۆی ئەو سیاستەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی بێکاری و هەژاری و نەخۆشی کۆمەڵایەتیەکان لە نێو خۆی ئێران لە پەرە ئەستاندن دایە و سەبارەت بە تەریک کەوتنەوەی ئێران دەتوانین دوا هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی کە لە کۆبوونەوەی "سەرانی وڵاتانی عەرەبی" لە سەر دەریای مردوو لە وڵاتی ئوردۆن بەسترا بە نمونە بێنینەوە کە هەموویان لە سەر ئەوە کۆکن کە ئێران دەست لە کاروباری وڵاتانی عەرەبی وەردەداو بۆتە هۆکاری سەرەکی بۆ درێژە کێشانی کێشەکان و پێویستە سنوورێک بۆ دەست تێوەردانەکانی ئێران لە وڵاتانی عەرەبی دیاری بکرێ و ئێرانیش پابەند بێت بە ئوسوول و پرنسیپە نێونەتەوەیی و ناوچەیەکان وئەگەر ئێران ئەو پابەندیە تێدا دورست نەبێ، وڵاتانی عەرەبی ناچار دەبن هەڵوێستی توندیان بەرانبەری هەبێ.

لە وەڵامی ئەو هەڵوێستەی وڵاتانی عەرەبیدا چەند رۆژ لەوە پێش بەهرام قاسمی، وتەبێژی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی رایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی هەمووکات رایگەیاندووە هیچ پێویست نییە دەست لە کاروباری وڵاتانی دەراوسێ وەربداو هەموو کات بوونی پێوەندی باش لەگەڵ دراوسێکان و حورمەتدانان بە مافی حاکمیەت دەوڵەتەکان و دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکە بە عینوانی ئوسوول و بنەمایەک بووە کە لەگەڵ قانوونی بنەرەتی وڵات وتەواوی رێ و شوێنەکانی نێونەتەوەیی تەبا بێت".

ئەگەر هەڵویستەیەک لەسەرئەو کورتە وەڵامەی ئاغای قاسمی بکەین و کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٨ساڵی رابردوو دا لەبەر چاو بگرین و ئەو نموونانەی لە سەرەوە باسمان کردن بەپێوانە دابنێین، دەبینین کە ئەو قسانە ناوبراو لە ئەساس دا درۆودەلەسەی بێ بنەمان وتەنیا ئەوەندەی راستەکە ئاغای قاسمی لەقەسەکانی خۆی دا ئیشارە بەو ئوسوول و بنەمایانە دەکا کە لە قانوونی بنەڕەتی ئێرانداهاتوون کە باسی هەناردەکردنی شۆرش دەکا و تەنیا ئەو کارانە بەدەستێوەردان لەکاروباری وڵاتان دادەنی لە لەگەڵ ئەو ئوسووڵانە یەک نەگرنەوە.

واتا لە روانگەی وتەبێژی حکومەتی کۆماری ئیسلامییەوە هەموو ئەو کارانەی لە ماوەی تەمەنی ئەم رێژیمەدا لە دەرەوی سنوورکانی ئێراندا ئەنجامی داوە بەدەستێوەردان نازانێ.

ئاکامی ئەو سیاسەتە ئەگەر هەتا ئێستا بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامی بەرهەم و سوودی هەبووبێ بە پێیڕەوتی رووداوەکان لەوە بە دواوە بەزیانی تەواو دەبێ چونکە لە لایەک دەست درێژی و دەست تێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە گەیشتۆتە سنووریەک کە رەنگە بۆ وڵاتانی ناوچەکە و دنیای دەرەوە چیدیکە قابیلی تەحموول بێ ولە لایەکی دیکەوە زیادبوونی حەشیمەتی ئێران و نیاز و پێداویستی جیلی نوێ و پەرەئەستاندنی رایڵەکەی پێوەندیە جیهانییەکان لەرێگای ئینترنێت و چۆنە سەری ویستی خەڵک بۆ دابینکردنی ژیانێکی باشتر کۆسپی گرینگ و رێگرن لەسەر رێگای ئیدامەدانی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش و خەونی بە "ام القرا"یی کردنی ئێران ئیسلامی. هەر بۆیە دەبینین دەسەڵاتدارانی ئێران لە کێشەی ناوەکی بێ ئەوەی دەسکەوتیان هەبێ بە ناوی (نرمش قهرمانانە) لەبەرنامەی ناوەکی دەستیان کێشاوە ولە سووریە، عیراق، لوبنان و یەمەندا لە فورسەتێک دەگەڕێن کەبەشێوەیە پاشەکشە بکەن کە هەم بیروڕای گشتیی ئێران رازی بکەن و هەم بیروڕای نێودەوڵەتی و بۆرزگار بوون لەو دۆخە رەنگە رێگای سەخت لە بەردەم دەسەڵاتدارانی ئێران بێ.

لە ژمارە ٧٠١ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٧

-------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## شورای نیگەهبان و هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامیدا

هەر چوار ساڵ جارێک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێ جا ئەو هەڵبژاردنە بۆ سەرکۆماریی کۆماری ئیسلامی بێت یا نوێنەرانی مەجلیس و...هتد.

هەر کاتێک باسی هەڵبژاردن لە ئێران گەرم دەبێ ناوی ئۆرگانێکی کۆماری ئیسلامی لە هەموو دامودەزگاکانی ئەو نیزامە زەقتر و بەرچاوتر دەبێ کە ئەویش شوورای نیگەهبانە، کە بە پێی قانوونی ئەساسی ئێران دەسەڵاتێکی رەهای هەیە لە دانان و لابردنی بەربژێرەکان بۆ هەر هەڵبژاردنێک کە لە ئێران بە ڕێوە بچی. لەو وتارەدا ئاوڕێک لە پرۆسەی هەڵبژاردن و شورای نیگەهبان و دەسەڵاتەکانی ئەو ئۆرگانە دەدەینەوە.

پرۆسەی هەڵبژاردن و هەڵبژاردن لە وڵاتانی دێموکراتێکدا هەل و فورسەتە، هەم بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان بەربژێر کردوە و هەم بۆ خەڵک کە دەتوانن ئازادانە دەنگ بدەن و نوێنەری دڵخوازی خۆیان لە نێو بەربژێرەکان هەڵبژێرن. کە دەگوترێ بۆ خەڵک و بەربژێرەکان فورسەتە بەو مانایە کە هەر کاندیدایەک لە ماوەی یاساییدا پرۆژە و بەرنامەکانی خۆی پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکا و لە کاتی دەنگ دانda خەڵک دەستی ئاواڵەیە کە بە کام کاندیدا و بەرنامە دەنگ دەدا. واتە لێرەدایە کە سەنگ و قورسایی بەربژێرەکان دەردەکەوێ و لە سیستمی ئاوادا ئەوە خەڵکە بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی وڵات دەدا نەک ئۆرگانێک یان دەزگایەک کە بەو شێوە کە لە کۆماری ئیسلامیدا هەیە، چونکە لە سیستمی دێموکراتیکدا نوێنەری هەڵبژێردراو چ سەر کۆمار بێت  یا نوینەری مەجلیس یا هەر ئۆرگانێکی کە بە هەڵبژاردن بێت دوای هەڵبژاردن لە بەرامبەر خەڵکدا بەرپرسیارە وچونکە خەڵک دەسەڵاتی پێداوە و هەر خەڵکیشە بە پێی قانوون دەتوانێ دەسەڵاتی لێ وەربگرێتەوە. هەر بۆیە لەو جۆرە سیستمەدا ئاڵوگۆڕی دەسەڵات زۆر سەهل و ئاسانە، بەڵام لە سیستمی کۆماری ئیسلامی و هاوشیوەی ئەو ئاڵوگۆڕەی دەسەڵات نەک زەحمەت و دژوارە بەڵکوو جاری وایە دەبێتە مەحاڵ. لە سیستمی دیموکراتیکدا کەسێک کە دوای هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە بوو بە سەرکۆمار یان ئەندام پارلەمان... و لە هەڵبژاردنی دواییدا یا مافی نەبوو خۆی بەربژێر بکا یا دەنگی متمانەی خەڵکی نەهیناوە فرێ نادرێ بەڵکوو هەوڵ دەدرێ لە شوێنێکی دیکە لە تەجروبە و وزە و توانای ئەو کەسە بە قازانجی وڵات کەڵکی لێ وەربگیرێ. بەڵام لە نیزامی کۆماری ئیسلامی و هاوشێوەکانی ئەو نیزامە هەر ئەوەندە بەسە کەسەکە پۆستەکە لە دەست بدا و بە چاو هەڵتەکاندنێکی ڕێبەر لە پەراوێز بخرێ. چونکە لە کاتی وەرگرتنی بەرپرسایەتیشدا هەر بە چاوهەڵتەکاندنی ڕێبەر ئەو پۆستە و بەرپرسایەتییەی وەرگرتووە وخەڵک لە دانانی و دیاری کردنی رۆڵ و نەخشیان نەبووە. لە نیزامی کۆماری ئیسلامی و ئەو مەرجانەی کە بۆ پالاوتنی سەرکۆمار و ئەندامانی مەجلیس و...  هتد لە نەزەر گیراون لە هیچ جێگایەکی دنیادا نموونەیان نیە و لە ئەساسدا رەچاوکردنیان بە ئاشکرا پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و مافی کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایینەکانە  لە وڵاتی فرەنەتەوەیی ئێران. لەو نووسینەدا

ڕەنگە مەجال نەبێ یەک بە یەک باسی ئەو مەرجانە بکەین کە لە قانوونی ئەساسی‌دا دەست نیشان کراون بۆ بەربژێربوون بۆیەکێک لە پۆستەکانی سەرەوەی دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامی و لەو باسەدا تەنیا بەسەندە بە یەک مەرج دەکەین کە پایە و بناخەی هەموو نەشیاوبوونی بەربژێرەکانە لە ڕوانگەی شووڕای نیگەهبانەوە.

ئەگەر بە مێژووی کۆماری ئیسلامی‌دا بچینەوە بە باشی و ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە شەڕ و ململانێیەک کە لە ڕۆژی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە نێوان بیر و بۆچوونە جیاوازەکان کە خۆیان بە میراتگری ئینقلاب دەزانی دەستی پی کردو لە ئاکامدا دیتمان ئەو ڕوانگەیە سەرکەوت کە پێداگربوو لەسەر پابەندی "تعهد" بەسەر ڕوانگەی لێزانی و کارزانی "تخصص"دا. هەر بۆیە دەستکرا بە پاکسازی و هێزێکی زۆری لێزان و شارەزا لە بەڕێوەبردن و ئیدارە کردنی وڵات لە هەموو بەشەکانی دەوڵەت، لە ژێر ناوی ئەوەی کە "تعهد"یان بە نیزام نییە لە کار لادران و بە جێگای خەڵکی مەکتەبی و باوەردار بە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌یان دانا کە هیچیان لە بەڕێوەبەری و ئیدارەدان نەدەزانی و ئەو فەرهەنگە بوو بە سیاسەتی هەمیشەیی و پێ بەپێی تەمەنی کۆماری ئیسلامی هات و بەشێوەی قانوونی خۆی لە دەزگایەکدا بە ناوی شووڕای نیگەهبان‌دا دیتەوە و بوو بە چاو و گوێی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی تەنانەت هەر بەوەندە بەسەندە نەکرا بەڵکوو لە ساڵی ١٣٧٤ بەولاوە بە پەسەندی قانوونێک لە مەجلیس شووڕای ئیسلامی چاوەدێری شووڕای نیگەهبان بوو بە چاوەدێریی "استصوابی" بەو مانایە هەر ڕوانگە و بۆچوونێک کە لە شووڕای نیگەهبان لەسەر هەڵبژاردنەکان دەربچێ حوکمی قانوونی هەیە و هیچ ئۆرگانێک بۆی نییە کە بتوانێ ئەو قانوونە هەڵبوەشێنێتەوە.

یەکێک لە مەرجە سەرەکی‌یەکانی سیستمی دێموکراتیک ئەویە کە دابەشکردنی دەسەڵاتی تێدا بێت. واتە بۆ هەرکام لە بەشەکانی "قانوون دانان، بەڕێوەبەری، دادوەری" بە پێی قانوون ئەرک و سەڵاحیەتیان دیاری کرابێ و بە شێوەی سەربەخۆ لە یەکتر کار بکەن و لە هەمان حاڵدا تەواوکەری یەکتر بن لە سیستمی ئیدارەدانی وڵاتدا کە ئەو شێوە بەڕێوەبەری‌یە دەبێتە هۆی سەقامگیری سیاسی لە وڵاتدا و دەسەڵاتی خەڵک بە باشی خۆی دەردەخا و پێش لە دروست بوونی تەک ڕەوی وسەرەڕۆیی کەسێک یا تاقمێک دەگرێ کە بیانهەوێ دەسەڵاتی وڵات قۆرغ بکەن.

لە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا لەگەڵ ئەوەدا بە زاهیریش بێت دەسەڵاتەکان لە یەکتر جیاوازن هەر سێ دەزگای "قانوون دانان، بەڕێوەبەری ودادوەری" هەیە، بەڵام بوونی دەزگایەکی دیکە بە ناوی شووڕای نیگەهبان بە دوو وەزیفەی جیاواز لە ڕاستی‌دا هەم سەلاحییەتی هەر سێ دەزگاکەی دیکەی هێناوەتە ژێر پرسیار وهەم بوەتە نوێنگەی فەرا قانوونی، واتە لە سەرەوەی هەموو قانوونەکان قەراری گرتووە، هەر وەک پێشتر گوترا لە بەرامبەر هیچ دەزگایەک بەرپرسیار نییە، تەنیا ڕێبەر نەبێ.

شووڕای نیگەهبان هەم قانووندانەرە و هەم قەزاوەت و چاوەدێری بەسەر بەڕێوەچوونی ئەسڵەکانی قانوونی ئەساسی و هەڵبژاردنەکان دا دەکا. بە پێی ئەسڵی ٩٤ی قانوونی ئەساسی شووڕای نیگەهبان ئەو مافەی پێی دەدرا کە پەسەند کراوەکانی مەجلیس شورای ئیسلامی پەسەند بکا یا ڕەدەیان بکاتەوە. واتا هەر قانوونێک لە مەجلیس دەربچێ بە پێی ئەو ئەسڵە دەبێ لە

پاڵاوتنی شوورای نیگەهبان دەربچێ ئەوکات دەبێتە قانوون و لەوەش بەولاوەتر، بە پێی ئەسڵی ٩٣ی قانوونی ئەساسی کاتێک مەجلیس شوورای ئیسلامی بە ئیستلاح هەڵبژاێردراوی خەڵک شەرعییەت پەیدا دەکا کە شوورای نیگەهبان بوونی هەبێ واتە دەنگی خەڵک و هەڵبژاردن ناتوانێ بەڵگە بیت بۆ قانوونیبوونی مەجلیس و ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەموو بەربژێرەکان بە نوێنەرایەتی مەجلیس و سەرکۆماری پێش ئەوەی پرۆژە و بەرنامەی خۆیان بۆ خەڵک رابگەیەنن و تەبلیغ بۆخۆیان بکەن دەبێ لە پاڵوێنەی شوورای نیگەهبان دەرچووبن.

هەروەک باسمان کرد شوورای نیگەهبان بێجگە لەوە وەک ئۆرگانی قانووندانەر کار دەکا ئەرکی قەزاوەت و چاوەدێری بەسەر قانوونی ئەساسیشی لە ئەستۆیەو، بە پێی ئەسڵی ٩٩ لە قانوونی ئەساسی، شوورای نیگەهبان چاوەدێری بەسەر هەموو هەڵبژاردەکاندا دەکا کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بەرێوە دەچن. ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەو ئۆرگانە خۆی هەڵبژێردراو نییە بەڵکوو هەر ١٢ ئەندامەکەی بە شێوەی راستەوخۆ لە لایەن رێبەرەوە دەست نیشان دەکرێن. بە پێی ئەسڵی ٩١ لە قانوونی ئەساسی لەو ١٢ کەسە ٦ کەسیان راستەوخۆ لە لایەن رێبەرەوە دست نیشان دەکرێن و ٦ کەسەکەی دیکەش لە لایەن سەرۆکی دەزگای داد کە خۆی دەست نیشاندەی رێبەرە، بە مەجلیسی شوورای ئیسلامی دەناسێندرێن بە مانایەکی دیکە ئەو ٦ کەسەش هەر بە تەئیدی رێبەر گەیشتوون.

لە کۆتایی دا دەتوانین بەو ئاکامە بگەین لە وەها نیزامێکدا پرۆسەی هەڵبژاردن بە داخەوە ناتوانێ ببێتە فورسەت بۆ خەڵک و بەربژێرەکان و هەر هەڵبژاردنێک هەرچەند خەلکیش تێیدا بەشدار بن بەلارێدا دەڕوا و دەنگی خەڵک دەفەوتێ.

لە ژمارە ٧٠٣ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٧

----------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## هەڵبژاردن و کۆماری ئیسلامیی ئێران

ماوەیەک لەو پێش لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دوو هەڵبژاردن هاوکات لە گەڵ یەکتر بەڕێوە چوون. (هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و هەڵبژاردنی شووڕای شار و گوندەکان ).

لە ماوەی پێش هەڵبژاردن لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە لایەن میدیا و ڕاگەیەنەکان و کەسانی خاوەن نەزەر و خەلکی ئاسایی بۆ ئەو هەڵبژاردنانە دەکرا، ئیستا بەدەر لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان و تێڕوانینی جۆراوجۆر واباشە هەڵسەنگاندنێک هەر چەند کورتیش بێ لە نیوان چەمکی هەڵبژاردن وەک پێوەرێکی بنەرەتیی دیموکراسی و شێوەی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا بکەین وبزانین لە ئەساسدا ئەو شێوە هەڵبژاردنەی لە کۆماری ئیسلامیدا بەریوە دەچێ چەندە لە گەڵ پێوەرەکانی دیموکراسی وئیرادەی خەڵک یەک دەگرێتەوە.

هەڵبژاردن بە کۆمەڵێک کردار دەگوترێ کە لەو ڕێگایەوە خەڵک بەڕێوەبەرانی سیاسی و دەسەڵاتی ئیداری بۆ ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو هەڵدەبژێرن. ئەگەر لە یەک لاوە خەڵک کەس یا کەسانێک لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بۆ بەڕێوەبەریی دەسەڵاتی سیاسیی وڵات دیاری دەکەن لە لایەکی دیکەوە هەر خەڵک لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە کۆنترۆڵ و چاوەدیریی دەسەڵات دەکەن.

لە سەردەمانی کۆندا لە نێو هێندێک لە کۆمەڵگاکاندا شێوەیەک لە هەڵبژاردن هەبووە، بەڵام بە گشتی دەتوانین بڵێین هەتا سەدەکانی ١٧ و ١٨ی زایینی هەڵبژاردن بەو شێوەیەی کە ئیستا باوە و لە کۆمەلگا پێشکەوتووەکاندا بەڕێوە دەچێ، نەبووە. لە سەدەکانی ١٧ و ١٨ی زایینی بەولاوە هەڵبژاردن وەک پێویستییەکی کۆمەلگا شکڵی قانوونی و سیاسیی بە خۆیەوە گرتووە و هێدی هێدی لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەلگای مرۆڤایەتی لە بواری پیشەسازییەوە چەمکی هەڵبژاردنیش پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیتووە و لەو ڕێگایەوە دەوڵەتەکان بوونە نوێنەری خەڵک، بەو مانایە ئەگەر لە ڕابردوودا دەوڵەتەکان دەست نیشاندەی خوداکان بوون لە سەر زەوی، پەرەگرتنی دیموکراسی وهاتنە کایەی خەڵک بۆ دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی خۆی وبە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن خەڵکەوە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە وای کرد کە دەوڵەتەکان ببنە نوێنەری خەڵک و ئەو پیرۆزییان نەمێنێ کە لە رابردوودا هەیانبوو، واتا نوینەرایەتی ئەو دەنگانە دەکەن کە پێیان دەراوە نەک نوێنەرایەتیی خوا لە سەر زەوی.

لە سەردەمی ئیستادا دەبینین گەورەترین وڵاتەکانی جیهان بەوشێوازە بەڕێوە دەچن و لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە بواری مافی مرۆڤ و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان، دیموکراسی و هەڵبژاردن بە جۆرێک ئاویتەی یەکتر بوون کە لێکدابڕانیان محاڵە.



سەرچاوە
Serchawe

لە سەردەمی ئیستادا دوو هەڵبژاردن گرینگیی خۆیان هەیە، بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە قانوونە ئەساسییەکەیان بە پێوەرەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی دارێژراوە. یەکەم هەڵبژاردنی سەرکۆماری لەو وڵاتانەی کە بە سیستمی کۆماری بەرێوە دەچن و دووهەم هەڵبژاردنی مەجلیس یا پارلمانە. هەرچەند لە زۆربەی وڵاتان هەڵبژاردن بۆ دەستنیشانکردنی دەسەڵاتە خۆجێیەکانی وەک شوورای شار و گوندەکان... بەرێوە دەچن، بەڵام لە راستیدا ئەوی دەتوانی کاریگەری لە سەر سیستمی بەرێوەبردنی وڵات هەبێ ئەو دوو هەڵبژاردنەیە؛ چونکە یەکەمیان جێبەجێکار و لەهەمان کاتدا چاوەدێری قانوونە و دووهەمیان دارێژەری قانوونە. دارێژەرانی قانوون بە حوکمی ئەوەی نوێنەری هەڵبژێردەراوی خەڵکن سروشتییە دەبێ ئەو قانوونانەی پەسندی دەکەن لە راستای بەرژەوەندی کۆمەڵگادا بێ و جێبەجێکاری قانوون کە هەمان دەوڵەتە و سەرۆکەکەی لە خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ لە سەریەتی قانوونەکان جێبەجێ بکا.

بیردۆزی تایبەت بە نوینەرسالاری لە راستیدا ریشەی لە مافی مەدەنی واتا مافی هاووڵاتی بوون دایە و لەو چوارچێوەدا دەتوانین بەو شێوەیە باسی بکەین: دەربرینی ڕاو و بۆچوون و هەڵسوکەوتی نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵک لە پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە ئیدارەی وڵات لە بواری سیاسی و ئابووری و... ئەوە هەمان ئیرادەی خەڵکە بەو مانایە بە هەمان ڕادە بایەخ و کاریگەریی قانوونیی هەیە کە ئەگەر خودی دەنگدەریش ئەو بابەتە دەرببڕێ هەر هەمان پێگەی قانوونیی دەبێ. ئەو بیردۆزە پێش لە سالی ١٧٨٩ لە مافی گشتیدا هەبووە بەڵام لە ڕاستیدا شۆرشی فەڕانسە ئەو فکرەی جێگیر کرد، بەومانایە نوێنەر بەو کەسە دەگوترێ کە نوێنەرایەتیی ویستی خەڵک بکا. ئەگەر بمانەوێ وردتر باسی ئەو بابەتە بکەین دەتوانین بڵێین ئەندامانی پارلمان یا سەرکۆمار... لە تەرفبوون لەگەڵ پرسەکاندا وەک تاک هەلسوکەوت ناکەن بەلکو وەک نوێنەری خەڵک بەدیار دەکەون، چونکی بەڵگەی ئیعتیباریی ئەوان دەنگی متمانەی خەڵکە.

پێش هەڵبژاردن هەموو بەربژێرێک وەک تاکی نێو کۆمەلگا خۆی بەرپرسیارە لە گوتار وکرداری خۆی ،بەڵام کە هەڵبژێردرا بۆ بەنوێنەری خەڵک لە بەرامبەر دەنگی متمانەی دەنگ دەرانی دا بەرپرسیارە. لە هەر وڵاتێک دا کرداری هەڵبژاردن بە قانوون رێک دەخری کە سەر چاوەی ئەسلی ئەو قانوونە، قانوونی ئەساسی ئەو وڵاتەیە هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم بە کورتیش بێت باسێک لە رۆل ونەخشی قانوونی ئەساسی بکەم وئەوکات بەوپێوەرانە هەڵسنگاندنێک بکەین بۆکرداری هەلبژاردن لە کۆماری ئیسلامی ئیران.

قانوونی ئەساسی هەر وڵاتیک دەرخەری سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتەیە کە بنەما و ساختاری ئۆرگانیزمی دەسەڵاتداری و بەڕێوەبەری ئەو وڵاتە رێک دەخا. ئەگەر قانوونی ئەساسی بە پێ ئوسوولەکانی دیموکراسی دارێژرابێ شتیکی سروشتییە رێگا خۆشکەر دەبێ بۆ دامەزراندنی حکومەتیکی خەڵکی کە لەودا خەڵک بتوانن کاریگەری راستەوخۆیان هەبێ لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسیی وڵات. قانوونی ئەساسیی هەر وڵاتیک چوارچێوەیەکی قانوونی دادەمەزرێنی کە لەودا دیموکراسی دەتوانی پەرە بستێنێ. لێرەدایە کە پرسیار دەکەین رۆل و نەخشی قانوونی ئەساسی بۆ تێپەربوون لە نیزامێکی دیکتاتۆر و نادیموکراتێک بۆ نیزامێکی دیموکرات و خەڵک میحوەر چییە؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەتوانین بڵێین کە دارشتنی قانوونی ئەساسی لە سەر بنەمای پێوەرەکانی دیموکراسی پێش بە



سەرچاوە
Serchawe

گەشەکردنی بیری تاکپەرستی و دیکتاتۆری دەگرێ و لە هەمان حاڵدا کە دەنگی زۆرینەی خەڵک دەبێتە پێوەر بۆ بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات، مافی کەمینەش بە قانوون دیاری دەکری و زۆرینە لە سەریەتی مافی کەمینە بپارێزێ، هەر وەک کەمینە لە سەریەتی حاکمیەتی زۆرینە قەبوول بکا.

قانوونی ئەساسی دیموکراتیک ئەو بەستێنە دەخوڵقێنی کە هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە بێ هیچ جیاوازێک لە مافی شارۆمەندی بەهرەمەند بن. هەر وەکی پێشتر ئیشارەی پێ کرا هەر قانوونی ئەساسی‌یەک کە لە سەر بنەمای پێوەرەکانی دیموکراسی دارێژرابێ ئەو توانایە دەدا بە خەڵک کە لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی وڵات دا ئازادانە بەشدار بن، و لە هەمان کاتدا چوارچێوەیەک دیاری دەکا بۆ سنووری دەسەڵاتی زۆرینە و حاکمیەت. دیاریکردنی ئەو سنوورە بۆ پاراستنی دیموکراسی‌یە. قانوونی ئەساسی یارمەتیی دیموکراسی دەدا هەتا بە تێپەربوونی زەمان زیاتر جێگیر بێ و ئەوە لە کاتێکدا دێتە گۆڕێ کە ئەو قانوونی ئەساسی‌یە توافقی بەربەرینی پێکهاتەکانی خەڵکی لە پشت بێ و بۆ گەیشتن بە توافقێکی ئاوا پیویستی بە ئیعتمادسازی لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا هەیە، سەرکەوتنی گەورەش ئەوکات دەستەبەر دەبێ کە ئەو توافقە لە ڕێگای وتوێژ و ڕاوێژی بەربەرین لە نیوان نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا بەرێوە چووبێ.

بە کورتی قانوونی ئەساسی کە لە سەر مەبنای دیموکراسی دارێژرابێ دەبێ ئەو چەند خالەی لە خۆ گرتبێ:

١- هەمە لایەنە بێ، واتا هەموو خاوەن هێزەکانی لە خۆ گرتبێ.
٢- بە مانای راستەقینە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی لە خۆ گرتبێ.
٣- پاراستنی مافی خەڵک ئەساسی ئەو قانوونە بێ، بەبێ گوێدان بە ئایین و مەزهەب و نژاد و ڕەگەز.
٤- سەربەخۆیی دادگاکان لە بریاراندا تێیدا جێگیر کرابێ.

بەو پێشەکی‌یە چاوخشاندن و هەڵسنگاندنێک دەکەین بە قانوونی ئەساسیی ئێران و شێوازی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی‌دا، بۆ ئەوەی بزانین قانوونی ئەساسیی ئێران چەندە ڕێگا خۆشکەرە لە بەر دەم هەلبژاردنی ئازاد و ئایا ئەوهەڵبژاردنانە لە گەڵ پێوەرەکانی دیموکراسی وکاریگەری دەنگی خەڵک بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەگونجی و یا کرداری هەڵبژاردن تەنیا بۆ دەرخستنی رواڵەتی جوان لە کۆماری؟

قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر بنەمای حکومەتی دینی پابەند بە «ولایت مطلقە فقیە» دامەزراوە و دوورە لە پێوەرەکانی دیموکراسی. بە پێ ئەسڵی ٤ی قانوونی ئەساسی «هەموو یاسا و ریساکانی مەدەنی و جزایی، ماڵی، ئابووری، ئیداری، فەرهنگی، نیزامی، سیاسی و هتد... دەبێ لەسەر ئەساسی رێوشوێنی ئیسلامی بن» و ئەو ئەڵە بەسەر هەموو ئەڵەکانی دیکەی قانوونی ئەساسی‌دا تەتبیق دەکرێ. لە ئەسلی ١٢دا دین و مەزهەبی ڕەسمی وڵاتیش دیاری دەکرێ و لە ئەسلی ٥دا حاکمیت دەدا بە

نوینەری ئیمامی زەمان لە شکلی ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی‌دا و لە ئەسلی ١١٥ کە باس لە سەرکۆمار دەکا بەروونی دەستنیشانی دەکا کە هەم دەبێ پیاو بێ و هەم دەبێ باوەڕدار بە مەزهەبێ رەسمیی وڵات بێ. ئەو چەند ئەسڵە لە قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی‌دا هیچ ڕێگایەک بۆ گەشەکردنی دیموکراسی و بەشداریی هەمەلایەنەی خەڵک لە پرسە چارەنووس سازەکاندا ناهێڵنەوە؛ هەر بۆیە هەر کاتێک باس لە هەڵبژاردن دێتە گۆڕێ بەشیکی بەرچاو لە کۆمەڵگای ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بە چاوی شک و گومانەوە دەڕواننە هەڵبژاردنەکان. چونکە بەشێکیان بە هۆی دین و بەشیکیان بەهۆی مەزهەب و بەشیکی دیکەیان بە هۆی رەگەز و تەنانەت نەتەوەوە لە گەیشتن بە پۆستەکانی دەسەڵات و بەڕێوەبەری ئێران بە قانوون بێبەش کراون لە هەڵبژێراندا وتەنیا مافی دەنگدانیان هەیە و ئەو مافەش تەنانەت شک و گومانی لەسەرە کە دەنگی دەنگدەران وەک خۆی لە سندووق دێتە درێ یان نا.

جا مادام قانوونی ئەساسی کە سەرچاوەی هەموو قانوونەکانی دیکەی وڵاتە بەو شێوەیە ڕێگر بێ لە بەشدارکردنی نوێنەرانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان و نوینەرانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان چۆن دەتوانرێ پرۆسەی هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکڕاتیک بێ.

پرۆسەی هەلبژاردن لە کۆماری ئیسلامی‌دا بە پێچەوانەی پێوەرە باوەکانی هەڵبژاردن کە لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراتیک ڕەچاو دەکرێ بەرێوە دەچێ وک ەسێک کە خۆی بۆ پۆستێک بەربژێر دەکا بێجگە لەو خالانەی وەک تەمەن و ڕادەی خوێندەواری و نەبوونی پێشینەی تاوانکاری... دەبێ بە پێ قانوونی ئەساسی ئەوکەسە پابەند بە ڕێووشوینی دینی ئیسلام و مەزهەبی رەسمی وڵات و وەفادار بە ویلایەتی فەقیە بێ. بۆ هەر بەربژێرێک ئەوە قوناغی یەکەمە و قۆناغی دووهەم دەبێ لە پاڵوێنەی شووڕای نیگابان دەربچێ و سەڵاحییەتی تەئیید بکرێ و قۆناغی سیهەم ئەو کاتەیە کە خەڵک دەچنە سەر سندووقی دەنگدان و لە نێو ئەو بەربژێرانە کە قۆناغەکانی یەکەم و دووهەمیان تێپەڕاندووە هەڵدەبژێرن.

ئەوە بەو مانایە دێ کە لەو شێوازە هەڵبژاردنەدا خەلک بە مانای ڕاستەقینە نوینەری خۆی هەڵنابژێرێ، بەڵکوو لە نێوان ئەوانەی شوڕای نیگابان تەئییدی کردوون هەڵدەبژێرێ و ئەو شیوازە زیاتر پەسند کردنە نەک هەڵبژاردن. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆمەڵگای ئێران بەوە رازین و دەنگیان لێوە نایە بەڵکوو دەبێنین ڕۆژ بە ڕۆژ سەقفی داواکاریی خەڵک دەچێتە سەرێ و ئەوە لە شێوەی ڕەفتاری خەڵک لە ئێراندا بەدی دەکرێ و کۆمالگای ئێران هەوڵ دەدا بە کەمترین هەزینە و تێچوو دژایەتیی دەسەڵات بکەن ئەگەر هەڵبژاردنەکەیان لە نێوان خراپ و خراپتر دابێ. دەسەڵاتیش هەستی بەوە کردووە هەر بۆیە بۆ مانەوەی خۆی لە تاکتیکی نوێ دەگەرێ کە بتوانی بۆ ماوەیەکیش بێ خەڵکی پێ ڕازی بکا، دیبەیتەکان یەک لەو تاکتیکانەیە کە ڕێگە دەدا بەربژێرەکانی سەرکۆماری لە چاوپێکەوتنی تەلەڤیزیونی رووبەڕۆی یەکتر ببنەوە و کار و تێکۆشان و تەنانەت ڕابردووی یەکتر بخەنە بەر رەخنە و لەو ڕێگایەوە فەزایەک دروست بکەن کە خەڵک پێێ هیوادار بێ و لە خەیاڵی خۆیاندا ساغ ببنەوە بۆ عیلاجی گیر و گرفتەکانیان دەنگ بە فلان بەربژێر دەدەن. ئەو شێوازە بۆ داهاتووی گەلانی ئێران مەترسیدارە خەڵک وابارببێن کە چاوەڕێ بن هەتا کاتی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە قسەی دڵی خۆیان بکەن.

لە کۆتاییدا پێوێستە ئەوە دووپات بکەینەوە کە خەڵک بە هەوڵ و تیکۆشانی خویان پێویستە ئەو تاکتیکەی ریژیم کە بە شوعارەکانی سەردەمی هەڵبژاردن خەڵک هیوادار دەکا بە چاکسازی پوچەڵ بکەنەوە و لەسەر داواکانیان سووربن بۆ وەدستخستنی ئازادیە سیاسی و فەرهنگی و ئابووریەکان وبە هەوڵ وتێکۆشان خویان سەرکوتکاریی قانوونمەندکراوی کۆماری ئیسلامی تووشی کێشە بکەن و دەسەڵاتداران لە بەرابەر داواکانیان ناچار بە پاشەکشە بکەن.

لە ژمارە ٧٠٤ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠١٧

-------------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## سیستمی «ولایت مطلقه» و دەسەڵاتداریی خەڵک لە ئێرانی ئێستادا

لە دوای ڕووخانی سیستمی پاشایەتی لە ئێران، نیزامێکی نوێ دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت کە هەم بۆ گەلانی ئێران وهەم بۆ گەلانی دنیا نامۆ بوو. ئەو سیستمە لە ژێر ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتە مەیدان ولە سەرەتادا وا بە خەڵک ناسێندرا کە لەودا خەلک خاوەنی دەسەلات دەبن چونکە گەلانی ئێران لە سیستمی پاشایەتیی ڕاپەڕیبوون و وچیدیکە نەیاندەویست کەسێکی دی لە ژێر ناوی پاشا وسێبەری خوا لە سەر زەوی حوکمیان بکا و یەکیک لەو هۆکارەکانەی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە ریفراندۆمی سالی ٥٨ دەنگی هێناوە، هەر ئەوە بوو.

دوای ئەوە کە قانوونی بنەڕەتی ئێران نووسرا، دەرکەوت کە پایەکانی ئەو نیزامە نوێیە لە سەر حکومەتێکی دینی باوەڕمەند بە مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامی و «ولایت فقیه» دامەزراوە ودوای تێپەربوونی دە ساڵ بە سەر تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لە پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتی لە ئەسلی ٥٧ دا وشەی (مطلقه)ش بە ولایەتەکە زیاد کرا وهەر لەو ئەسلەدا چاوەدێری بە سەر سێ دەزگای (قانوون دانان وبەڕێوەبەری و دادوەری) کرا بە ئەرکی رێبەر و ئەوە خۆی نیشاندەری ڕوخساری ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامییە کە سیستمێکی ئیدۆلۆژیکە و یەک کەس لە ژێرناوی (ولایت مطلقه فقیه) بە نوێنەرایەتی ئیمامی زمان حوکمی ئێران دەکا.

بە چاوخشاندنێکی خێراش دەردەکەوێ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم لە ڕووی ناو وهەم لە نێوەرۆکدا سیستمێکی چەندە لەگەڵ یەکتر ناتەبایە. کۆماری (جمهورییەت) جۆرێک لە دەسەڵاتە کە لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ واتا خەڵک ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتی خۆیان دەگوازنەوە بۆ کەسێک کە لەژێر ناوی سەرکۆماردا دەسەڵاتی بەڕێوەبەری وڵات وەئەستۆ دەگرێ و لەو سیستمە دیموکراتیکەدا سەرکۆمار بۆ ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو و بە دەنگی متمانەی زۆرینەی خەڵک ئەو پۆستە وەردەگرێ. سەرکۆمار هەم لە بەرامبەر خەڵک وهەم لە بەرامبەر نوینەرانیان لە پارلمان بەرپرسیارە. بەڵام لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا ئەگەرچی لە رواڵەتدا سەرکۆمار لە لایەن خەڵک و بە شێوەی راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێ، بەڵام لەنێوەرۆکدا ئەوەی سەرکۆمار ڕادەسپێری بۆ وەرگرتنی پۆستەکەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە و بە پێ ئەسڵەکانی ٥٧ و ١١٠ لە قانوونی ئەساسیدا سەرکۆمار لە بەرامبەر رێبەردا بەرپرسیارە نەک خەڵک یا نوینەرانی خەڵک.

کە باس لە وشەی ئیسلامیی پاشگری کۆماری لە سیستمی سیاسی ئێراندا دەکرێ دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو دووانە لە سیستمی بەرێوەبەریی وڵات و ویست وداخوازی کۆمەڵگا بۆ خۆ گونجاندن لە هەموو بوارەکانی ژیان لەگەل سیستمی جیهانیدا لەگەڵ یەکتر لە

ناتەبـایی دان. ئیسـلام و ئیسـلامییەت مەسـەلەیەکی دینیـیە کە لە چوارچێـوەی دەسـەڵاتی مـرۆڤ بەدەرە و قانوونەکـانی لەلایەن مرۆڤەکانەوە ناتوانرێ دەسکاری بکرێن. لە سیستمی دەسەڵاتداریی دیندا خەڵک تەنیا ئەرکیان لە سەرە و خاوەنی ماف نین، چونکە بنەمای دین لە سەر ئەرک وتەکلیف ڕاوەستاوە. واتـە ئیسلامییەت لە سیستمی حکومەتیی ئێرانـدا نـوێنگەی دەسـەڵاتدارەتیی دینییە، بەڵام کۆمـاری (جمهـوریەت) قەراردادێکـی کـۆمەڵایەتییە لە نێـوان مرۆڤەکانـدا و نـوێنگەی دەسـەڵاتدارەتیی خەڵـکە و قانوونەکـانی عورفین و مرۆڤەکان لە هەر کۆمەڵگایەک بە پێی تایبەتمەنـدی و نیـازی خۆیـان و لە پرۆسـەیەکی زەمەنیـدا لە سـەری ڕێک دەکەون. هەر کاتێکیش پێویستی کۆمەڵگا بخوازێ هەموو ئەو قانوونانە دەکرێ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ، بۆ نموونە ڕەنگە لە سەردەمی ئیستادا کردارێک بە قـانوون مەنـع کرابـێ بەڵام بە پێـی ویستی کۆمەڵگـا هەر ئەو کـردارە دەتـوانرێ ئـازاد بکـری ومەنعـی قـانوونی لەسـەر هەڵگیرێ، بەڵام قانوونەکانی دین نەگۆڕن لەبەر ئـەوی دستکردی مرۆڤ نین و مرۆڤیش نـاتوانێ دەستکارییان بکـا. هەر بەو بەڵـگە سادەیە دەتـوانین ئەوە بسـەلمێنین کە کۆمـاری لەگەڵ ئیسلامی دووچەمکی زۆر لێک دوورن وبە تەواوی لە گەڵ یەکتـر ناتـەبان و ئەو ناتەباییە لە درێژەی بابەتەکەدا زۆرتر دەردەکەوێ.

وەک باس کرا لە سیستمی کۆماریدا سەرکۆمار یا بە دەنگی ڕاستەوخۆ یـا ناڕاستەوخۆی خەڵـک هەڵـدەبژێردرێ و ئەگەر تەنـانەت ئەو سیستمە دیموکراتیکیش نەبێ و تەنیا ڕواڵەتیش بێ دیسان پرۆسەی هەڵبژاردنێک هەیە وخەڵـک دێنە سـەر سندووقی دەنگدان وئەو کەسـەی سـەر لە سندووقی هەڵبژاردن دێنیتە دەرێ وەک سـەرکۆمار و کەسـی یەکەمـی وڵات دەسـەڵاتی بەڕێـوەبردنی وڵاتـی دەکەویتە دەست.

بەڵام لە سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانـدا ئەو کەسـەی بە عینـوانی سـەرکۆمار دوای تێپەڕبـوون لە پـاڵێوێنەی شورای نیگەهبـان و لە پروسەیەکی هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە دەبێ بە سـەرکۆمار، نـابێتە کەسـی یەکەم لە بەڕێوەبەریـدا بەڵکوو بە پێـی ئەسـلی ١١٣ی قـانوونی بنەڕەتیـی ئێـران سـەرکۆمار دوای ڕێبەر دەبێتە نەفەری دووهەم لە بەڕێوەبەریی سیسـتم داو تەنـانەت هەر لەو ئەسلەدا کە باس لە دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار دەکا، هاتوە: سەرکۆمار «بەرپرسی جێبەجێکردنی قـانوونی ئەساسـی و سـەرۆکی دەزگـای بەڕێـوەبەری (دەوڵەت) یە» کە هەر وەک پێشتر باسمان کرد بە پێی ئەسڵی ٥٧ لە قانوونی ئەساسی چاوەدێری بە سەر ئەو دەزگـایە لە ئەسـتۆی ڕێبەرە و ئەوە جگە لەو بابەتـانە کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ڕێبەرەوە دەبێ؛ کەچی ئەوە لەحاڵێکدایە کە ڕێبەر هیچ نوێنەرایەتیی خەڵک ناکا و ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکیشەوە هەڵنەبژێردراوە، بەڵکوو بە پێـی ئەسڵی ٥ی قـانوونی ئەساسی ڕێبەر نوینەری ئیمـامی زەمانە و هەتا دەرکەوتنی ئیمامی زمان «مهدی موعود» وەلی ئەمری موسولمانەکانە. لەلایـەکی دیکەوە کاتێک لە قـانوونی بنەڕەتـی ئێراندا چاو بە مەرجەکانی بەربژێربوون بۆ پۆستە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەخشێنین دەبینین ئـەو مەرجانەی بـۆ سـەرکۆمار دەستنیشان کراون زۆر جیاوازن لەگەڵ ئەو مەرجانەی کە بۆ ڕێبەر دەستنیشان کراون بۆ نمونە لە ئەسڵی ١١٥ کە بـاس لە مەرجەکـانی سـەرکۆماربوون دەکـا دەڵـێ: سـەرکۆمار دەبـی بـە ڕەچەڵـەک ئێرانـی بـێ بەڵام لە ئەسڵی ١٠٩ دا کە بـاس لە مەرجەکـانی ڕێبەر دەکـا قانوونـدانەری ئیرانـی خـۆی لە ئاسـتی ئێرانیبـوون و هاونیشـتمانیبوونی ڕێـبەر پاراسـتوە وزۆرتـر سـەرنجی داوەتە لایەنـی دینـی و مەزهەبیی ئەو کە لە توانای دابێ ڕێبەریی دنیای ئیسلام بکا! بەو مانایە ڕێبەر دەتـوانێ غیـرە ئیـرانیش بـێ، لە حاڵێکدا سـەرکۆمار هەر بەپێی قانوونی بنەڕەتی ئێران لە ئەسڵی ١١٤ دا ڕاستەوخۆ بە دەنگی خەڵـک هەڵـدەبژێردرێ بەڵام بـەپێی ئەسڵی ١٠٧ ڕێبەر

لەلایەن مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری هەڵدەبژێردرێ کە لە زاهیردا ئەو مەجلیسەش لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ بەڵام لە ڕاستیدا ئەو هەڵبژاردنەی خەڵک بۆ دەستنیشانکردنی مەجلیسی خۆبرەگان هێچ شەرعییەتێکی خەڵکی بە دەسەڵاتدارەتی وەڵی فەقی نادا. بەو مانایە خەڵک کارناسانی مەزهەبی هەڵدەبژێرن هەتا وەلی فەقیهێکی ساڵح و زانا لە مەزهەبی ڕەسمی وڵات ببیننەوە و ئەو پلە دەسەڵاتەی کە نوێنەری ئیمامی زمان لەسەر زەوی هەیەتی پێی ببخشن، واتا شایەدیی ئەوان دەبێتە هۆکار بۆ باوەڕی کۆمەڵگا کە ئەو کەسە نوینەرایەتیی ئیمامی زمان دەکا و خەڵک دەبێ لە ژێر فەرمان و بریارەکانی دەر نەچن، چونکە دەرچوون لەو فەرمانانە دەرچوونە لە فەرمانی خوا.

بە لایەکی دیکەشدا مەجلیسی خوبرەگان کە بەرپرسیارە لە دانانی ڕێبەر خۆی دەبێ لە پاڵوێنەی شوڕای نیگابانەوە تێپەڕێ و شورای نیگابان خۆی چاووگوێی ڕێبەرە و لەهەمان کاتدا بەپێی ئەسڵی ١٠٨ ئەو مەجلیسەسەلاحییەتی ئەوەی هەیە کە خۆی ئاییننامەکان و قانوونەکانی تایبەت بە خۆی گەلاڵە بکا و هەر خۆیشی پەسندیان بکا، بی ئەوەی دەزگایەکی دیکە هەبێ بتوانی تانەی لێ بدا. بۆ هەڵبژاردنی ئەندامەکانیشی بە پێی قانوونی پەسندکراوی شورای نیگەهبان بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی خۆبرەگان لە مادەی سێی ئەو قانوونە کە باس لە مەرجەکان دەکا بۆ خۆ پالاوتنی بەربژێرەکان، لە کۆتایی مادەکەدا سێ (تبصره)ی هیناوەتەوە کە بە ئاشکرا دەریدەخەن کە خودی ڕێبەر بە تەواوی زاڵە بە سەر پرۆسەی دیاریکردنی یەک یەکی ئەندامەکانی مەجلیسی خوبرەگان.

**تبصرەکان**:

١- دەبێ لە پاڵوێنەی شووڕای نیگەهبان دەربچن.
٢- کەس یا کەسانێک بە هەر شێوەیەک ڕێبەر سەلاحییەتیان تەئید دەکا پێویست بەتەئییدی شووڕای نیگابان ناکا.
٣- پێویست ناکا کە بەربژێرەکان نیشتەجێ یا لە دایکبووی حەوزەی هەڵبژاردنی خۆیان بن.)

تیۆریی «ولایت مطلقه فقیه «سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مەزهەبی شیعە کە لە ئیستادا ئەساس وبنەمای کۆماری ئیسلامییە، هەر وەک گوترا لەو سیستمەدا وەلی فقیه جگە لە پێگەی مەزهەبی خاوەنی پێگەیەکی سیاسی بە هێزە و هەرئەوە وایکردووە ببێتە خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەها. هەموو کات مەترسیی ئەو تیۆرییە لەوەدا بووە کە دین بەتەواوی لەگەڵ سیاست تێکەڵاو بێ وەدەبینین کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا ئەو تێکەڵکردنە لە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتدا ڕەنگی داوەتەوە. چونکە باوەڕمەندبوون بە مەزهەبی ڕەسمی وڵات بۆتە پێوەر بۆ وەرگرتنی هەر پۆست و بەرپرسیارەتییەک لە حکومەت و دەوڵەتدا.
عەبدولکەریم سروش «ولایت مطلقه فقیه « بە ئیستبدادی دینی ناو دەبا و دەڵێ «بەبوونی ئەو نیزامی دیموکراتیک پێک نایە و کەس لە ژێر ئالای «ولایت مطلقه»دا چاوی بە دادپەروەری ناکەوێ و تیوریی «ولایت مطلقه فەقیه» هەر لە سەرەتاوە تیورییەکی دوور لە ئەخلاق بوو.»

**ئاماژە بە چەند خاڵ دەریدەخا کە جمهوریەت وئیسلامییەت چەندە لێک دوور و لە گەڵ یەکتر ناتەبان:**

- حکومەتی خەڵکی لە خوارەوەڕا بۆ سەری هەڵدەبژێردرێ، بەڵام لە حکومەتی «ولایت»دا لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە دیاری دەکرێ.
- لە حکومەتی خەڵکیدا کاربەدەستانی حکومەتی لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و لادەبردرێن بەڵام لە حکومەتی «ولایت»دا خەڵک لە دانان و لابردنی کاربەدستانی حکومەتدا هیچ رۆڵ ونەخشیان نییە.
- لە حکومەتی خەڵکیدا هەموو سیستمێکی سیاسی کاتییە و بە پێی هەلومەرج و پێویستی کۆمەلگا ئالوگۆری بەسەر دادێ، بەڵام لە حکۆمەتی»ولایت»دا سیستم بۆ هەتاهەتاییە.
- لە حکومەتی خەڵکیدا، حکومەت یا دەوڵەت لە بەرابەر نوینەرانی خەڵکدا بەرپرسیارن و لە ژێر چاوەدیری ئەوان دان، بەڵام لە حکومەتی «ولایت»دا وەلیی ئەمر یا حاکم تەنیا لە بەرابەر خوادا بەرپرسیارە و خۆی لە بەرابەر هیچ دەزگایەکی دیکەدا بە بەرپرسیار نازانی.
- لە حکومەتی خەڵکیدا دەسەڵات چوارچێوە و سنووریان هەیە و کەس دەسەڵاتی ڕەهای نییە بەڵام لە حکومەتی «ولایت»دا ڕێبەر دەسەڵاتی رەهای هەیە.
- لە حکومەتی خەڵکیدا کەس لە سەرەوەی قانوون نییە بەڵام لە حکومەتی «ولایت»دا ڕێبەر لە سەرەوەی قانوونە و تەنانەت دەتوانێ قانوونی ئەساسیش ڕابگری.

لە ژمارە ٧٠٦ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٧

-------------------------------------------------------

## پرسی کورد لە نێوان قانوونە نێوخۆییەکان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئیرادەی خۆیدا

یەکێک لە بنەڕەتیترین مافی نەتەوەکان، مافی دیاریکردنی چارەنووسە و ئەو ئەسڵە ئەو مافە دەدا بە نەتەوەکان کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بڕیار لەسەر چارەنوسی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییان بدەن.

لە ساڵی١٩٦٠ زایینیدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەیاننامەیەکی گرینگی لە پێناو پێدانی سەربەخۆیی بە وڵاتە داگیرکراوەکان»مستعمرات» پەسەند کرد. مادەی ٢٥ی ئەو بەیاننامەیە پێداگری لە سەر ئەو تێڕوانینە دەکا کە قەرارگرتن و مانەوە لە ژێر دەستی دەوڵەتی بێگانە بە جۆرێک لەژێرپێنانی مافی مرۆڤە و دژایەتیی هەیە لەگەڵ مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان. هەر بۆیە لەو بیاننامەیەدا باس لەوە کراوە کە هەموو نەتەوەکان خاوەنی ئەو مافەن کە لە بڕیاردان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا سەربەست بن، بەو مانایە مافی ئەوەیان هەیە ئازادانە لەسەر دۆخی سیاسیی خۆیان بڕیار بدەن و پەرە بە گەشەپێدان بە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی خۆیان بدەن.

ئاکامی گرینگیدانی کۆمەڵگای نیونەتەوەیی بە مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەوە بوو کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٥ هەتا ١٩٧٧ نزیک بە ٧٥ وڵات سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند و لەلایەن کۆمەڵگەی نێو نەتەوەییەوە بەڕەسمی ناسران. بەڵام هێشتا کۆمەڵە نەتەوەیەکی دیکەش ماون کە ئەو مافەیان بەخاوەن نەکردوە و نەتەوەی کورد یەک لەوانە.

بەپێی نێوەرۆکی ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ئەو مافە تەنیا بەو گەلانە ڕەوا بیندراوە کە خاکەکەیان لەلایەن دەوڵەتانی دیکەوە داگیر کرابێ، واتە «مستعمرە» بووبن. بەداخەوە یەکێک لەو نەتەوانە کە هەم خاک و هەم خەڵکی بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە و نەیتوانیوە لەو مافە کەڵک وەربگرێ نەتەوەی کوردە و هەر کاتێک ویستوویەتی پەنا بۆ یاسا نێودەوڵەتییەکان بەرێ، بەوە تۆمەتبار کراوە کە دەیەوێ خاکی وڵاتێک دابڕێ؛ لە حاڵێکدا کورد نایهەوێ خاکی هیچ وڵاتیک دابڕێ، بەڵکوو دەیەوێ خۆی خاوەنی خاک و نیشتمانی خۆی بێ.

دەگوترێ یەکێک لە کۆسپەکانی سەر ڕێگای مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەوەیە کە سنوورەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردادێ و لە هەمان حاڵدا یەکی دیکە لە گرفتە بنەڕەتییەکان لە جێبەجێکردنی ئەو ئەسڵەدا ئەوەیە کە هەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەم کۆمەڵگەی جیهانی بە پاساوی ئەوە کە نابی دەست لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان وەربدرێ لە جێبەجێکردنی ئەسڵی مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی گەلانی ژێردەست خۆ دەبوێرن.

ئەنگیزە و هۆکاری جۆراوجۆر هەن بۆ ئەوەی تاکەکانی نەتەوەیەک کە لە کەمایەتی دان لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی کە زیاتر بە جیابوونەوە لەو دەوڵەتە دادەندرێ کە حکوومەتیان بەسەردا دەکا. هۆکارەکانیش بە پێی هەلومەرجی سیاسی لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازن.

لێرەدا سێ هۆکاری سەرەکی باس دەکەین کە ڕەنگە گرینگترین هۆکارەکان بن بۆ ئەوەی کەمایەتییەکان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان پەنا بۆ کەلکوەرگرتن لە مافی بریاردان لەسەر دیاریکردنی چارەنووس دەبن.

١) ڕزگاربوون لە چەوسانەوە. بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم و زۆریی دەسەڵاتدار کە بە هەموو شێوازێک دەیەوێ پاکتاوی ڕەگەزییان بکا، یا لە بواری فەرهەنگی و ئابوورییەوە دەچەوسێنێدرێتەوە ودەسەڵاتدار لەو ڕێگایەوە دەیەوێ تاکەکانی ئەو کەمایەتییە هەژار و بێکار و بێدەرەتان بکا بۆ ئەوەی هێژموونی خۆی بەسەردا ڕابگرێ.

٢) بێبەشکردنی لە دەسەڵات. دەسەڵاتدار بەردەوام کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە بەشداری پێکردن لە بەرێوەبەریی وڵاتدا بێبەش دەکا و هەموو کات وەک هاووڵاتیی پلە ٢ و ٣ چاو لە تاکەکانی ئەو کەمینەیە دەکا و هیچ زەمینەیەکی لەبار ناخوڵقێنێ کە تاکەکانی کەمینە لە بەرپرسایەتیی سەرەکی و بڕیاردەری بەڕێوەبەریی وڵاتدا بەشدار بن.

٣) هەستی نەتەوەیەتی. کاتێک تاکەکانی نەتەوەیەک کە لە کەمایەتی دان و لە بواری سیاسی و ئابووریی و فەرهەنگی و تەنانەت لە بواری مافەکانی مرۆڤیشەوە دەچەوسێندرێنەوە، سروشتییە هەستی نەتەوایەتی و هاوخوێنی لە دەوری یەکتریان کۆ بکاتەوە و هەوڵ بدەن لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە تێ بکۆشن بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی مافی بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆیان و بۆ دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ هەنگاو بنێن و ئەو ئیرادە لە خۆیان نیشان دەدەن کە هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ بە پاساوی ئەمنی و مەسەڵەی نێوخۆیی مافەکانیان پێشێل بکا.

سروشتییە لە هەر وڵاتێکدا کەمینەیەکی نەتەوەیی، مەزهەبی و زمانی ئەگەر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و نادیار لە مەیدانی سیاسەت و بەڕێوەبەریی وڵاتدا بەشداریی پێ نەکرێ و و بەڕادەی خۆی لە بەرهەم و قازانجی وڵاتی پێ نەبرێ دەبێتە ئۆپۆزیسیون و هەموو ڕێگەچارەکان تاقی دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەو بارودۆخە ڕزگاری بێ. لووتکەی ئەو هەڵوێستە پەنا بردنە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و جیا لەو وڵات و دەوڵەتەی کە هەتا ئێستا تێیدا ژیاوە. هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێدان لەگەڵ بارودۆخی نەتەوەی کورد لە ئێستادا یەک دەگرێتەوە. بەداخەوە بە هۆی دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەت (ئێران، عێراق، سوریە و تورکیە)دا و مانەوەی لە ژێر هەژموونیی دەوڵەت نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەب وایکردووە کورد لە نێو ئەو دەوڵەتانەدا ببێتە کەمینە و لە هەمان حاڵدا لە مافە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکانی بێبەری بکرێ و لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لە لایەن سپا و دەزگا

ئەمنیەتییەكانی ئەو دەوڵەتانەوە كۆمەڵكوژ بكرێ و خاكەكەی لێ داگیر بكرێ. ئەوەش وایكردوە كە كورد لە سەد ساڵی ڕابردوودا ئۆپۆزیسیونی بەهێز و مەیدانی بێ. خەبات و تێكۆشانی بێ پسانەوەی كورد وایكردووە كە چەوسانەوەی نەتەوەیەكی زیاتر لە چل ملیۆنی تەنیا لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەدا قەتیس نەمێنێتەوە و سەردەمی ئیستادا ببێتە پرسێكی ناوچەیی و جیهانی كە ئەگەر چارەسەری بنەڕەتی نەكرێ ئارامی وئ اسایشی ناوچەكە كە بۆ جیهان گرینگە لەو ناوچەیەدا نایەتەدی.

لەلایەكی دی كۆمەڵگەی جیهانی و بە تایبەتی ڕێكخراوە نەتەوە یەكگرتووەكان بەشێكی گرینگن لە درێژەكێشانی ئەو چەوسانەوە و پشتگوێخرانی مافەكانی كورد وەك نەتەوەیەك كە خاوەنی خاك و گەل و مێژوو و كلتوور و زمانی خۆیەتی. گرینگیدانی ڕێكخراوەی نەتەوە یەكگرتووەكان و كۆمەڵگەی جیهانی بە مەسەلەی كورد لەسەر ئەو بنەمایە نییە كە كێشەی كورد مەرجەكانی مەشرووعیەتی قانوونی تێدا نییە، بەڵكوو ڕێكخراوەی نەتەوە یەكگرتووەكان پێی وایە ئەوە پرسێكی نێوخۆیی وڵاتانە كە ئەوە لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی كورد و كێشە ڕەواكەیدا لە جێی خۆیدا نییە. چونكە ئەگەر هەر بە مێژووی ٥٠٠ ساڵی ڕابردودا بڕوانینەوە دەبینین كە كوردستان و ئەو خاكەی كە كورد لەسەری نیشتەجێیە یەك پارچە بووە و سنوور بە نێو خاكەكەیدا نەكێشراوە، بەڵام دوای شەڕی یەكەمی جیهانی و دابەشكردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی بێ ئەوەی كورد خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسیی خۆی بدا، دەوڵەتانی سەركەوتوو لە شەڕ چارەنووسێكیان بۆ دەستنیشان كرد كە تا ئێستاش بەدەستییەوە دەناڵێنێ. هێزەكانی خەباتكاری كورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردووشدا خەباتیان كردووە بۆ ئەوەی ئەم غەدرە لە كۆڵ كورد كەنەوە. لە لایەكی دیكەوە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ڕێكخراوی

نەتەوە یەكگرتوەكان خۆی لە چەندین مەسەلەی هاوشێوەی مەسەلەی كورد بە خاوەن كردەوە و ئەو خاوەندارییەتیە وایكردوە مەسەلەی ئەو نەتەوە ژێردەستانە مەشرۆعیەتی جیهانی وەدەست بێنێ بۆ نموونە فەلستین كە پشتگیری ڕێكخراوە نەتەوە یەكگرتووەكان بوو بە هۆی ئەوەی فەڵەستین ستاتوی خۆی هەبێ لەو ڕێكخراوەیەدا.

شك لەوەدا نییە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان بە داخەوە تا ئێستا هیچ ڕۆڵێكی لە چارەسەری كێشەی كورددا نەبووە و لەو نێوەدا هێندێك هۆكار ڕەنگە كاریگەرییان بووبێ لەسەر ئەوە كە ئەو ڕێكخراوەیە خۆی لە ئاستی چارەسەری پرسی كورددا بێدەنگ كردوە. وەك ئاڵۆزیی پرسی كورد كە نەتەوەیەكە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش كراوە و ئەوە چوار دەوڵەتەش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵكەوتوون كە هەستیارترین ناوچەی جیهانە، یا ڕەنگە ئەوەش هۆكارێك بێ كە تا ئێستا هیچ دەوڵەتێك پشتیوانیی لە پرسی كورد نەكردووە و بەڕەسمی ئەو بابەتەی نەبردۆتە بەر دەمی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان. چوونكە بە پێی سازوكاری ئەو ڕێكخراوە جیهانییە هەر كاتێك پرسی نەتەوەیەك لە كۆڕی گشتیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكاندا بێتە بەر باس پێویستە لەلایەن دەوڵەتێكی ئەندام لەو ڕێكخراوەیە پێشنیار و پشتگیری بكرێ. لە ساڵی ١٩٦٣ دەوڵەتی «موغولستان» لە ژێر كاریگەریی یەكیەتیی سۆڤییەتدا هەنگاوێكی گرینگی بۆ ئەو بابەتە هاویشت و مەسەلەی كوردی بردە بەر دەم كۆڕی گشتی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان، بەڵام هەر زوو پاشگەز بۆوە.



سەرچاوە
Serchawe

لێرەدا جێی خۆیەتی ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای جیهانی بکەینەوە چۆنە لەو سەردەمەدا کە سەردەمی بە جیهانیبوونە و ڕۆژ بە ڕۆژ بە هۆی پێشکەوتنی زانست مەوداکان کورتتر دەبنەوە و سنوورەکان مانای ڕاستەقینەی خۆیان لە دەست دەدەن، نەتەوەیەکی زیاتر لە چل میلیونی بە پانتایەکی جوغرافیایی بەربەرین لە مافی بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆی بێبەشە؟ چۆنە پێی ڕەوا نابینن کە خۆی بڕیار لەسەر مافی چارەنووسی خۆی بدا و تەنانت پێی ڕەوا نابینن کە لە سەرەتایترین مافی هاووڵاتیبوون لە نیو ئەو دەوڵەتانەی کە بەسەریاندا دابەش کراوە بەهرەمەند بێ، ئەوە لە حالێک دایە کە هەر ئەو چوار دەوڵەتە کە دژایەتیان هەیە لەگەڵ مافەکانی کورد لە دەرەوەی سنوورەکانیان بە پێی بەرژەوندییەکانی خۆیان بەردی ئازادیی گەلان لە سینگیان دەدەن و پشتگیری مادی و مەعنەوی جیابوونەوەی نەتەوەیەک دەکەن لەو دەوڵەتەی تێیدا دەژین. هەر ئەوە خۆی پێچەوانەی ئەو ئوسووڵەیە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتی پێ دەبەستێ بۆ ئەوە پشتگیری پرسی کورد و خەباتە ڕەواکەی نەکا و بە پێ قانوونی نێودەوڵەتی هەڵسوکەوتی ئەو چوار دەوڵەتە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان «تعارض» قانوون درووست دەکا؛ بەڵام کۆمەڵگای جیهانی لێی بێدەنگ بووە و ئەوی لەو نێوەدا زیانی پێ گەیشتووە نەتەوەی کورد بووە.

لە سەردەمی ئیستادا کە هەم ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا بەش کراوە ئینکاری مافی چارەنووس کورد دەکەن و هەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پاساوی مەسەلەی نێوخۆیی وڵاتان خۆ لە چارەسەری پرسی کورد دەبوێرێ، پێویستە کورد لە هەر پارچەیەک لە کوردستان کە هەل و دەرفەتێک بە هۆی خەبات و تێکۆشان یا ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە هاتە پێش بیقۆزێتەوە و بە باشی کەڵکی لێ وەربگرێ. ئەو دەرفەتە لە حاڵی حازردا بۆ باشووری کوردستان ڕەخساوە چونکە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە گەلی کورد لەو پارچە لە کوردستان بۆتە خاوەنی دامودەزگای دەوڵەتی و لە ناوچەیەکی نائارامی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە نێو عێراقیکی شێواودا سەرەڕای هەموو کۆسپەکان توانیویەتی ئارامی و سەقامگیری و ئەمنیەت لە نێوخۆیدا دروست بکا؛ بۆیە لەسەر هەر تاکێکی کوردە لە پێشدا لە باشووری کوردستان و پاشان لە پانتایی کوردستانی گەورەدا پشتیوانیی بکا لە بەشداری کردن لە گشتپرسی بۆ ئەوە ئیرادەی نەتەوەیەک زاڵ بێ بە سەر قانوونە نێوخۆیی ونێودەوڵەتیەکان کە لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەدا دارێژراون کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە.

لە ژمارە ٧٠٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

-----------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## تێرۆری سیاسی و کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی

تیرۆر کردارێک یا دیاردەیەکە کە مێژووەکەی لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتی دێ، بە لام قەت بە ڕادەی ئیستا لەلایەن دەوڵەتانەوە بە ڕێکخستن نەکراوە و بۆ ئامانجی سیاسی کەڵکی لێ وەرنەگیراوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو حکومەتانەیە کە هەر لە سەرتای بە دەسەڵات گەیشتنی بە شێوەیەکی بەربەرین لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی لە تیرۆریزم وەک کەرەسەیەکی کاریگەر بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانی کەلکی وەرگرتووە. بە واتایەکی دی تیرۆر و تیرۆریزم لە فەلسەفەی وجوودی کۆماری ئیسلامی دایە و ئەو ڕێژیمە تێرۆر بە یەکێک لە ڕێگاکانی مانەوەی خۆی دەزانێ.
تێرۆرە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی بە تێرۆری شهریار شەفیق، کوڕی ئەشرەفی پەهلەوی لە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٥٨ لە پاریس دەستی پێکرد و بە تێرۆری میکونوس لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ کۆتایی هات. لە ماوەی ئەو سێزدە ساڵەدا ٨٩ کەسایەتیی سیاسی و ڕێبەرانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بە دەستی نێردراوانی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کران.

تێرۆری میکونوس لە ٢٦ی خەرمانان - کە لەودا دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، فەتاح عەبدوڵی و هومایون ئەردەلان دوو ئەندامی بەرێوەبەریی ئەم حیزبە و نوردی دێهکوری، کەسایەتیی سیاسیی دۆستی حیزب و دژبەری نیزام تێرۆر کران - قەرار نەبوو دواتێرۆری کۆماری ئیسلامی بێ، بەلام ئەمجارەیان کۆماری ئیسلامی نەیتوانی وەک پێشوو بە ساتوسەودا خۆی لێ دەرباز بکا. دەزگای قەزایی ئاڵمان لێبڕاوانە ئەو پەروەندەیەی بە ئەنجام گەیاند و بە مەحکومکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرزترین ئاستدا، دوابڕیاری خۆی لەسەر تاوانباران دا و دەستە شاراوەکانی پشتی پەردەی تێرۆرەکانی ئاشکرا کرد.

### ئامانجی تایبەتیی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری د.شەرفكندی

شەڕی ئیران وعێراق تەواو بوو، بەلام کوردستان هەروا سەنگەری خۆڕاگری و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو. ڕێژیم دەیویست شکانی خۆی لەشەڕ لەگەڵ عێراق بە هەندێ پرۆژەی ئابووری و هەروەها کپکردنی دەنگی نارەزایەتیی خەڵکی کوردستان قەرەبوو بکاتەوە. لێدان لە سەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ڕێبەرانی ڕێژیم پێویستییەکی ژیانەکی بوو کە پلان و پیلانیان بۆ دانا.

کۆماری ئیسلامی بە پێی خوێندنەوەیەک کە لە مێژووی کورد هەیبوو، پێی وابوو ئەگەر لەسەری ڕێبەر یا سەرۆکی جووڵانەوەی کورد بدرێ، جووڵانەوەکە تێدا دەچێ، بەڵام دوای تێرۆرکردنی د.قاسملوو دیتیان د.شەرەفکندی زۆر خێرا و بە لێوەشاوەیی توانیی جێگەی بەتاڵی ئەو پڕ بکاتەوە، بۆیە بۆ ڕێژیم زەروورەیەکە لەجێی خۆی مابۆوە و ئەوش پیلان بۆ تێرۆری مێکۆنووسی بەدوادا هات.
هۆکارێکی دیکەی بڕیاردان لەسەر تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی ئەوە بوو کە ڕەوتی ڕووداوەکان لە ناوچەکە لەو سەردەمدا بە قازانجی دۆزی کورد بوو. دوای ڕاپەڕین حکومەتی عێراق لە باشووری کوردستان کشابۆوە و کورد لە عێراق خەریکی بەرەو بنیاتنانی کیانی سیاسیی خۆی دەچوو، ئەوەش بە دڵی تاران نەبوو. بە تایبەت کە جووڵە و چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک گەورەترین هێزی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیە و پێگە و کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی لە ئێران و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ببووە چقڵی چاوی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و زراوی ئەوانی بردبوو.

تیرۆری میکوونوس بۆ حیزبی دیموکرات وجووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان خەسارێکی گەورە بوو، بە تایبەت د.شەرفکندی لە حاڵێکدا بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو کە هێشتا لە دەستدانی د.قاسملوو هەروا گەرمە برین بوو بە جەستە و دڵی حیزبی دیموکرات وخەڵکی کوردستانەوە.

دوای وەگەڕکەوتنی پەروەندی تێرۆری میکونوس لە برلین، دەزگای دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامیش وەخۆ کەوت و بە هەموو توانای خۆی هەوڵی دا پێش بە ڕەوتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکان بگرێ. عەلی فەلاحیان، وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئێران چەند جار سەردانی ئاڵمانی کرد. داواکانی ئێران ئەوە بوون کە ئەو پەروەندەیە نەدرێتە دادگا و ئەگەر بجێتە دادگاش ناوی ئێران نەیەتە نێو ناوانەوە. هەروەها تەنیا ئەوانەی گیراون و ڕاستەوخۆ لە تێرۆرەکەدا بەشداربوون دادگایی بکرێن و کەسی دیکەی تێوە نەگلێنن، هاوکات وا پیشان بدرێ کە ئێران دەستی لەو تیرۆرانەدا نەبووە و تێرۆرەکە بە سیناریۆی پاکانەحسێبی نێوان ئۆپۆزیسیۆن دابندرێ. لە بەرامبەردا ئیران هەوڵی ئازادکردنی بارمتە ئیسرائیلییەکانی لای حیزبوڵڵا بکا، بەڵام هەوڵەکانیان بەهۆی سەربەخۆبوونی دەزگای قەزایی لە ئاڵمان پایەپووچ مایەوە.

حەوت مانگ دوای تیرۆرەکە دادستان داوانامەکەی بەڕەسمی دا بە دادگای بەرزی بێرلین و هەر لەودا بەڕوونی باس لەوە کرابوو کە تێرۆری میکۆنۆس کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوییەتی و کاربەدەستانی هەرەسەرووی ئەو ڕێژیمە، وەک سەرکۆمار و وەزارەتی ئیتلاعات و شەخی عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعات لە پشتی تێرۆرەکەن.

دادگای بەرزی بیرلین دوای سێ حەوتوو باس و لێکدانەوە ئیدیعانامەی دادستانی قەبووڵ کرد و ٢٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣ی وەک یەکەم ڕۆژی دانیشتنی دادگا دیاری کرد، بەمجۆرە دادگا دەستی بە کار لەسەر پەروەندەکە کرد و لە ماوەی سێ ساڵ و نیو و لە ٢٤٧ دانیشتندا بە بڕیارنامەی کۆتایی، کۆتایی بە کارەکانی هینا.

کار و بۆ دواداچوونەکانی دادگا لەسەر ئەو پەروەندەیە دژوار و ئاڵۆز بوو. بۆ نموونە: ڕواڵەتی بابەتەکە ئەوە بوو کە لە ڕووداوی تیرۆری میکوونوسدا چوار کەس کوژراون سێ کورد و فارسێک؛ پێنج کەسیش وەک بکوژ لەلایەن پۆلیسی ئاڵمانەوە گیراون کە ئێرانی و لوبنانین و هیچ کام لە بکۆژەکان دوژمنایەتیی پێشوویان لەگەڵ کوژراوەکان نەبووە و یەکتریان نەناسیوە. لە دانیشتنەکانی دادگادا زیاتر لە ١٧٠ کەس وەک شاهید لە هەر دوو لای دەعوا بانگ کرانە دادگا و هیندێک لە شاهیدەکان لە ئالمان کاربەدەستی میری بوون و نەدەکرا بە ئاسانی بانگ بکرینە دادگا؛ چونکە بە پێی قانوون دەبووایە قوناغی دوورودرێژ ببرن. هەروەها هیندیک لە شاهیدەکان لە دەرەوی ئالمان بوون بۆ هاتنیان پێویستیان بە ویزا هەبوو کە ئەویش کاتبەر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەبووایە پەروەندەکان و تەواوی قوناغەکانی دادرەسی بە سێ زمانی ئالمانی، عەرەبی و فارسی ئامادەکرابان کە ئەوەش کاتی زۆری دەگرت. هەروەها پێویست بوو هەموو بەڵگەکان و قسەی شایەتحاڵ و ڕاپۆرتی دەزگاکانی زانیاری و هەواڵگریی ئاڵمان وبریتانیا وهیندیک دەوڵەتی دیکە لە تەنیشت یەکتر دابندرین هەتا ڕاستی و دروستیان دەربکەوێ بۆ ئەوەی دادگا بگاتە ئەنجامێکی دادپەروەرانە. هەر بۆیە شاهیدێک بە چەند جار لەسەر خاڵێک بانگ کراوە وپرسیاری لێ کراوەتەوە.

دوای ئەو ماوە دور و درێژە دادگا لە ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧(٢١ی خاکەلیوەی ١٣٧٦)حوکمی کۆتایی خۆی لە ٤٠٠ لاپەرەدا بەو شێوەیە پەسند کرد:

- سیستمی سیاسی و دەسەڵاتدارەتیی ئێرانی لە سەر یەک بە سیستمی جینایەتکار ناو برا.
- لەو بڕیارەدا ڕاگەیەندرا کە کوشتاری ڕیستورانی میکوونوس تیرۆری سیاسی بووە و ئێران لە پشت ئەو تیرۆرەیە.
- کازم دارابی و عەبباس راحیل کە تەقەکەری سەرەکی بوون، بە زیندانی هەتاهەتایی حوکم دران.
- یوسف ئەمین بە ١١ ساڵ زیندان و محمد ئەتریس بە ٥ ساڵ زیندانی حوکم دران.
- حوکمی گرتنی عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی درا.

**بۆ چی ئالمان ئاوا سوور بوو لە سەر بەڕێوەچوونی دادگا و وون بوونەوەی ڕاستییەکان؟**

ئالمان وڵاتیکی دێموکراتیک و گەورەی ئابووری لە نێو دڵی ئورووپا دایە و هەموو کات ویستوویەتی سەروەرەی خۆی بپارێزی و تەنانەت فەرزی بکا بە سەر وڵاتانی دیکەشدا، هەروەها تاوانی چوار قەتل لە یەک کات و یەک شوین ئەویش لە پێتەختی ئالمان شتێک نەبوو بتوانی لە خواردی بیروڕای گشتیی ئەو وڵاتەی بدەی. لەلایەکی دیکەوە تاوانی ئەو چوار قەتلە ئەگەر هۆکاری سیاسی لە پشت بێ، ئەوکات دەوڵەت یا ڕێکخراویکی سیاسی دەبێ کردبێتی و ئەوەش بە ئاشکرا پێشێلکردنی قانوونەکانی ئالمان و چوونە ژێر پرسیاری سەروەریی سیاسی ئالمانە لە ڕێگای بەوە داوە. ئەو بابەتەش بە جیددی باس دەکرا کە ئەگەر تاوانبارانی میکونوس نەدرێنە دادگا وتاوانەکە ئاشکرا نەکرێ، بوار بۆ دووبارە بوونەوەی کرداری لەو بابەتە خۆش دەبێ و ئەوە کاریگەری دەبێ لەسەر ئەمنییەتی نێوخۆی ئالمانیش. ئەوەش لە جێی خۆی کە سێ کەس لە تیرۆکراوەکان بە ڕەسمی میوانی حیزبی سوسیالیستی ئالمان بوون

کە بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی سوسیال ئینترناسیونال بانگهێشت کرابوون و ئەوەش شتێک نەبوو کە بتوانرێ بە ئاسانی پشتگوێی بخەی.

گرینگی حوکمی دادگای دادگای میکوونوس و کاریگەری و کاردانەوەکان:

- یەکەم جار بوو لە مێژوودا کە ژمارەیەک لە ڕێبەرانی وڵاتێک کە هێشتا لە سەر کورسی دەسەڵات بوون بە تیرۆر و کوشتنی جیابیرانی خۆیان تاوانبار دەکران.
- بۆ یەکەم جار بوو لە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و دوای ئەو هەموو تیرۆرانە بە ڕەسمی لە دادگایەکدا بەوە ناسێندرا کە «دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیزامێکی جینایەتکارە»
- لە دادگای بیرلین ڕوون کرایەوە کە کۆماری ئیسلامی بۆ پێکانی ئامانجە سیاسییەکانی تیرۆر وەک کەرەستەی لە نێوبردنی دژبەرانی بەکار دێنێ.

چەند سەعات دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای میکوونوس دەوڵەتی ئاڵمان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە دەخالەتی ڕێبەرانی حکومەتی ئێران لە تیرۆری میکوونوس پێشێلکردنی ئاشکرای یاسا نێوخۆییەکانی ئاڵمان و هەروەها یاسا نێونەتەوەییەکانە و هەر بۆیە دەوڵەتی ئاڵمان ناتوانی کردەوەی لەوبابەتە قەبووڵ بکا.

دوای ئەو ڕاگەیەندەراوە باڵوێزی ئالمان لە ئێران بە پەلە بانگ کرایەوە، چوار دیپلۆماتی ئێرانی لە ئالمان دەرکران و کۆتاییان بە سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بە ئێران هێنا.
دوابەدوای هەڵویستی ئالمان، یەکیەتیی ئورووپا لە ٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٧ لە کۆبوونەوەی شوڕای وەزیران هەڵوێستی دەوڵەتی ئالمانیان پەسند کرد و ئەوانیش پێوەندیی دیپلۆماتیکی خۆیان لە گەڵ ئێران پچڕاند و لە دەرەوەی ئورووپا حکومەتی ئوستڕالیا و نیوزلەندیش باڵوێزەکانی خۆیان لە ئێران کێشایەوە. دیارە ئەگەرچی دوای ماوەیەک پێوەندییەکان گەڕانەوە دۆخی خویان، بەڵام ئەوە بۆ ئێران تێچوویەکی قورسی هەڵگرتبوو.

وڵاتانی ئورووپایی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران بەو مەرجە ئاسایی کردەوە کە ئێران چیدی لە نێو خاکی ئورووپادا کردەوەی تیرۆریستی نەکا ولە دوای بڕیاری دادگای میکوونوسیش دەبینین کە ئێران هیچ تیرۆرێکی دیکەی لە نێو خاکی ئورووپادا نەکردوە. هەروەها پۆلیسی وڵاتانی ئورووپایی و دام ودەزگا ئەمنیەتییەکانی ئەو وڵاتانە وردتر لە جاران و زیاتر لە پێشوو کار و کردەوەکانی باڵوێزخانە و دەفتەری نوینەرایەتییەکانی کۆماری ئیسلامییان خستۆتە ژێر چاوەدیری.

لە ژمارە ٧١٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## ئێرانییەکان و پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووس

دوابەدوای گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان بۆ جیابوونەوە لە عێراق زۆر دەنگی ناڕەزایەتی نەک هەر نێو حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بەڵکوو لە نیو خەڵکانی دیکەش لە ئێران سەری هەڵدا کە هەتا ئاستی هەڕەشە و چاو سوورکردنەوە لە دەسەڵاتی هەرێم و خەڵکی کوردستان چوون. لە نێوەدا هێندێک بەناو ڕووناکبیر و شارەزای قانوونیش بە ناحەق کەوتوونەتە نێو بازنەی دژایەتیی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بێ ئەوەی بۆ چرکەیەک لەگەڵ ویژدانی خۆیان خەڵوەت بکەن و پرسیار لە خۆیان بکەن ئەوی ئەوان بە ناوی پاساوی قانوونی بۆ ڕەدکردنەوەی گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان دیهێننەوە لە جێی خۆی دایە؟ یان بۆ هەر کاتێک نەتەوەی کورد لە هەر کام لە پارچەکان داوای وەدەستخستنەوەی مافەکانی خۆی کرد بە زمانی هەڕەشە و پاکتاوی ڕەگەزی و سیاسەتی سەرکوت بەرەنگاری دەبن؟ یا لە هەلومەرجی هەرێمی کوردستاندا کە توانی لە فەزایەکی تەواو دیموکراتیکدا و لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگەوە بەبێ جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی بڕیار لە سەرچارەنووسی خۆی بدا، پەنا دەبەنە بەر خوێندنەوەی جیاواز لە یاسا و ڕێسای نیودەوڵەتی بۆ ئەوەی بڵێن ئەو گشتپرسییە لەگەڵ پێوەرە جیهانیەکان ناتەبایە.

لەو نووسینەدا فۆکوس دەکەمە سەر بەیاننامەی ٢٦٠ پارێزەرەکەی دادگوستەری و نووسینێکی عیمادەدین باقی - لە ڕوخسارە دیارەکانی ئیسلاح تەڵەبەکان - کە هەوڵیان داوە بە هێناوەی بەڵگەی زۆر، بەڵام دوور لە زانستی دادپەروەی، بە دەمارگرژی ئیستدلالی ئەوە بکەن کە گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان پێچەوانەی قانوونە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکانە و ناشەرعییە.

ئاغای عیمادەدین باقی جارێ هەر لە پێشەکیی نوسراوە دورودرێژەکەیدا چاو لە ئاستی مافی کورد وەک نەتەوەیەک دەنووقێنێ و بە پەلە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ دەکا و دەڵێ: «لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٨ هەتا ساڵی ١٣٦٠ چەند ڕێکخراوێکی توندئاژووی ناسیونالیستی بە هەڵگیرساندنی شەڕ بە تەما بوون ئێران لەت لەت بکەن، بەڵام بە هەوڵ وهیمەتی هەمووﻻیەک کوردانی میانەڕۆ بە سەر ئەو توندڕەوانەدا زاڵ بوون و ئیزن نەدرا پارچەیەک لە خاکی ئێران جیا بێتەوە.» لە بەیاننامەی پارێزەرانیشدا بەو شێوەیە باس لەو بابەتە دەکرێ: «ئاشتی و ئەمنیەت لە گرینگترین بنەماکانی مافی مرۆڤن و لە ڕێگای حورمەتدانان بۆ ئوسوولی لەمێژینەی قانوونە نێونەتەوەییەکان وەک مافی حاکمییەتی میللی، سەربەخۆیی و تەواویەتیی ئەرزیی وڵاتەکان دابین دەکا...»

بەڕاستی ئەو دەستە لە پارێزەران و کەسانی وەک عیمادەدین باقی ئاشنا بە مێژووی کورد نین، یا خۆیان لە ئاستی ڕاستییەکان گێل دەکەن و زیاتر لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان و دەسەڵات پێ لە ویژدانی خۆیان دەنین کە ئاوا دەڵێن. لانیکەم مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو لە هەر چوار پارچەی کوردستان شاهیدی بۆ ئەوە دەدا کە هیچ کام لە جووڵانەوەکان دروشم و بەرنامەیان جیابوونەوە لەو وڵاتانە نەبووە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا هێناگۆڕێی ئەو باسە و جیابوونەوە لەو وڵاتانە و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی مافی بێ ئەملاولای کوردە. بۆ نموونە ئەوەی ئاغای عیمادەدین باقی لە سەر جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی دەکا ئەسل و ئەساسی نییە، چونکی کورد لە ئێران پێش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بۆ وەدستخستنی مافەکانی بە گژ دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیدا چۆتەوە و پاشان بۆ سەرخستنی شۆڕشی دژی ڕێژیمی پاشایەتی و دامەزراندنی ڕێژیمیکی دیموکراتێک شانبەشانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران چالاک بووە و خوێنی داوە. داوی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی گەلی کورد چاوەڕوانی ئەوە بوو مافەکانی بە ڕەسمی بناسرێ و لە بەڕیوەبردنی وڵاتدا بەشدار بێ، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتدارانی تازە پێگەیشتووی کۆماری ئیسلامی وەڵامی نیازپاکی و ئاشتیخوازیی کوردیان بە ئاگر و ئاسن دایەوە و هەر بەو ڕێگایەدا ڕۆیشتن کە ڕێژیمی پەهلەوی بڕیبووی. حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ڕێبەریی جووڵانەوەی میللی دیموکراتیکی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کەوتبوو سەر شانی، شوعارەکەی دیموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستان بوو، هەروەها هەمیشەش لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە ڕێگای چارەسەری کێشەی نێوان دەسەڵات و گەلی کورد تەنیا دانیشتن لە سەر میزی وتوێژ و لێک تێگەیشتنە. بەڵام ئایا ئاغای عیمادەدین باقی نازانێ کە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێبەری هەڵکەوتووی کورد، دوکتور قاسملوویان لە سەر میزی وتوویژ شەهیدکرد، ئەویش وتوویژ لە سەر بنەمای پەیامی ئاشتی و چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا.

لە لایەکی دیکەوە پاراستنی ئاشتی و ئەمنیەت لە ناوچەکەدا هەر وەک گوترا هەمیشە ویستی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بووە و لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا خەبات و بەرگریی کورد بۆ وەدیهێنانی ئاشتی و مافی ڕەوای ئینسانی بووە، بەڵام ئەوە هەمیشە دەسەڵاتدارانی حاکم بە سەر کوردستان بوون کە شەڕیان بە سەر کوردستاندا سەپاندووە، و لە جینایەتی جەنگی ڕا بگرە هەتا دەگاتە ژینۆساید، دەستیان لە کورد نەپاراستوە.

واباشە ئیمزاکەرانی بەیاننامەی پارێزەران و عیمادەدین باقی و هاوبیرەکانیان بە جێی ئەوە کورد و جووڵانەوەکانی بە شەڕئەنگێزی تاوانبار بکەن، یەکەم کاریان ئەوە بێ کە چاو بە نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتی ئێراندا بخشێنن کە لە (الف)ی سەرەتاوە هەتا (ی) کۆتایی پڕە لە پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان، مەزهەب و ئایین و مافەکانی مرۆڤ؛ چونکە قانوونی ئەساسیی ئێران وا دارێژراوە کە تەنیا لە بەرژەوەندیی نەتەوە و مەزهەبێکدایە. ئەو بەڕێزانە کاتێک باس لە پاراستنی حاکمییەتی میللی دەکەن چاوەڕوانیی شتێکی زۆر سەیریان لە تاکەکانی نەتەوەیەک هەیە کە هیچ هەستێکیان بۆ ئەو حاکمییەتە نییە. ئەو بەڕێزانە کە ئاشنا بە قانوونن دەبێ مانای ئەو دەستەواژەیە باش بزانن کە بە چی دەگوترێ حاکمییەتی میللی و چۆنیش دەبێتە جێگای ڕێز. کاتێک حاکمییەت دەبێتە میللی کە سەرچاوەکەی هەڵقووڵاو لە خەلک بێ و تەعبیر لە ئیرادەی خەلک بکا یان لە وڵاتێکی وەک ئێران کە فرە نەتەوەیە، سیستمی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵات وا دابڕێژرێ کە لە ڕووی قانوونی و کردارییەوە هەموو لایەک بەبێ جیاوازی خۆی تێدا ببیننەوە

و لەو خۆ دیتنەوەدا تاکی هەر نەتەوەیەک شانازی بە هاووڵاتیبوونی خۆی بکا. بەڵام چ لە ڕابردوودا وچ لە ئێستادا تاکی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەو هەستەی لا دروست نەبووە کە خۆی بە هاووڵاتیی ئەو وڵاتە بزانی کە تێیدا دەژی، لەبەر ئەوەی لە ڕووی قانوونییەوە مافی بەشداریی لە جومگەکانی بەڕێوەبەری وڵاتدا نییە و ناتوانی کاریگەریی هەبێ لە سەر دیاریکردنی چارەنووسی خۆی لە بواری سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیدا تەنیا لە سەریەتی کە گوێڕایەڵی دەسەڵات بێ. هەر بۆیە تاکی کورد بە گشتی مادام خۆی لە چوارچێوەی حاکمییەتی ئەو دەوڵەتانەدا نابینێتەوە بە دوای ڕێگا چارەیکدا دەگەڕێ کە بتوانێ پێناسەی نەتەوەیی و شوناسی خۆی پێ بکا. ئەگەر وایە داوای کورد چ لە باشووری کوردستان لە ڕێگای گشتپرسی و چ لە پارچەکانی دیکە لە ڕێگای خەباتی فرە ڕەهەندەوە لە چوارچێوەی هەموو ئەو قانوونانەدا جێ دەگرن کە لە بواری پاراستنی مافی نەتەوە ژێر دەستەکان و مافی مرۆڤەوە دەرچوون. هەروەها دەبێ بەو بەڕێزانە بڵێم ئەوە قانوونی ئەساسی ئێران و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە لەگەڵ نێوەرۆکی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ و مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیماننامەی حقوقی سیاسی - مەدەنی ناتەبان، نەک داوای کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی لە ڕێگای گشتپرسییەوە.

بە پێی ماددەی (١)ی پەیماننامەی مافە سیاسی - مەدەنییەکان؛ «هەموو نەتەوەکان مافی ئەوەیان هەیە خودمختار بن و بە پێی ئەو مافە نەتەوەکان ئازادەن هەلومەرجی سیاسیی خۆیان دەستنیشان بکەن و هەلومەرجی پەرەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی خۆیان ئازادانە دابین بکەن.» بەڵام ئاغای عیمادەدین باقی دەیەوێ بە پشتبەستن بەو مادەیە لە پەیماننامەی مافە مەدەنی - سیاسییەکان، گشتپرسیی هەریمی کوردستان بە پێچەوانەی قانوونە نێودەوڵەتییەکان دابنێ و دەڵێ: «ئەو ماددەیە تایبەت بووە بە ئەو وڵات و نەتەوانەی لەژێر چاوەدێری(تحت قیمومیت)دا بوون و دوای شەری جیهانی دەبوایە چارەنووسیان ڕوون کرابایەوە.» لێرەدا دەبێ ئەو ڕاستییە وەبێر ئەو بەڕێزانە بێنمەوە کە ئەوەی کوردی لە مافی بە دەوڵەتبوون بێبەش کردوە ئەوە نییە کە کوردستان وڵاتێکی «مستعمره» نەبووە بەڵکوو لەو سەردەمەدا کە نەتەوەکانی ژێردەست ئازاد دەبوون و دەوڵەتی خۆیان پێکدێنا، بە هۆی بەرژەوەندیی دەوڵەتانی سەرکەوتووی شەڕی جیهانی بێ ئەوە پرس بە گەلان بکرێ نەخشەی دەوڵەت - نەتەوە نوێیەکان دادەڕێژران و لەو نێوەشدا کوردستان و نەتەوەی کورد لە هەمووان زیاتر زیانی بەرکەوت و بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەش کرا. لە هەمان کاتدا دەبینین کە بەرژەوەندیی زلهێزەکان چەندین دەوڵەتی دیکەیان هێنا سەر ڕووبەری نەخشەی سیاسیی جیهان کە نە «مستعمره» بوون و نە لە پێشدا بەو شێوەی ئێستا بوونیان هەبووە . هەر وەک لە سەرەوە باسمان کرد مادەی (١)ی پەیماننامەی مافە مەدەنی - سیاسییەکان باس لەوە دەکا کە هەموو نەتەوەیەک دەتوانێ خودموختار بێ ولێرەدا خوێندنەوە بۆ وشەی خودمختار ئەوە نییە کە ئاغای عیمادەدین باقی باسی دەکا، بەڵکوو لەو مادەیەدا خودموختار بەو مانایە هاتووە کە هەموو نەتەوەیەک ئازادە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی چونکە هەر لەومادەیەدا هاتووە کە:»نەتەوەکان هەلومەرجی سیاسیی خۆیان ئازادانە دیاری دەکەن...»

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەی پارێزەراندا هاتووە «کە پێکهێنانی دەوڵەتێکی (قومی) لە دەراوسێیەتی ئێران ئەویش بە ناوی یەکیک لە پارێزگاکانی ئێران بە ئاشکرا پێشێلکردنی قانوونە نێونەتەوەیەکانە و هەم دەبێتە هۆی دنەدانی جیاییخوازیی و پێشێلکردنی

سەربەخۆیی و حاکمییەتی میللی و تەواویەتیی ئەرزی وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستانی عیراق و لە هەمان کاتدا هەڕەشەیەکی گەورەی ئەمنیەتییە لە سەر جیهان بە تایبەتی لەسەر نیشتمانی خۆشەویستمان ئێران...»

کاتێک ئەو خاڵە دەخوێنمەوە باشتر بۆم دەردەکەوێ کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی چەندە ویرانە. کاتێک پارێزەری قانوون و مافی ئینسانەکان چەندە ناشارەزایانە و ناقانوونیانە ئیستدلال دەکەن کە نابێ دەوڵەتێک بە ناوی کوردستان پێک بێ، چونکە ناوی یەکیک لە پارێزگاکانی ئێرانە (پارێزگای کوردستان). یانی ئەوان نازانن یان چونکە باسی کوردە خۆیان لە گێلی داوە کە لە دراوسێیەتیی ئێران وڵاتی ئازربایجان هەیە، ئەویش لە کاتێدا دوو پارێزگای ئێران هەر ئیستا بەو ناوە لە سەر ئەرزی واقع هەن و لانیکەم هەتا ئیستا نەزانراوە چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی لەو بارەوە نارەزایەتییەک بووبێ لەسەر ئەوە. لە لایەکی دیکەوە وادیارە ئەو بەڕێزانە ئاشنا بە جوغرافیای کوردستان نین، سەدان ساڵە ئەو ناوچەیە کوردستانە و هەر بە کوردستانیش دەمێنێتەوە. لەلایەکی دیکەوە لانیکەم لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و نووسینەوەی قانوونی بنەڕەتیی نوێ بۆ عێراق، باشووری کوردستان وەک پێکهاتەیەکی سیاسی - ئیداری بە ناوی هەرێمی کوردستانەوە هەم لە نێوخوی عێراق و هەم لە کۆمەڵگای جیهانی بە حکومەتی ئێرانیشەوە بە ڕەسمی هەلسوکەوتی لەگەڵ کراوە.

لێرەدا پێویستە وەبیر نوسەرانی ئەو بەیاننامەیە بێنمەوە کە ناولێنانی پارێزگای سنە (ئەردەلان) بە ناوی «کوردستان» لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی هۆکاری سیاسیی لە پشت بووە و مەبەستی ئەوە بووە کە بە کۆمەڵگای ئێران و جیهان بڵێن کورد لە ئێراندا هەیە و دەوڵەتی ئێرانیش مافی دەپارێزێ و تەنانەت ناوی ژێنگەگەشی پاراستوون و بەناوی پارێزگای کوردستان لە سەر ڕووبەری نەخشەی سیاسیی ئێراندا جێ گرتووە؛ کۆماری ئیسلامیش ئەو سیاستەی درێژە پێ داوە لە حاڵێکدا کوردستانی بەشی ئێران چوار پارێزگای (ورمی، سنە، کرماشان و ئیلام) لەخۆ دەگرێ.

هەم بەیاننامەکەی «وکلای دادگستری» هەم وتارەکەی ئاغای عیمادەدین باقی باس لە بەسەرچوونی ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێم دەکەن، بە داخەوە وادیارە ئەو تیورییە ڕاستە کە هەر نەتەوەیەک باڵادەست بوو لە جیاتی نەتەوەکانی دیکەش بیر دەکاتەوە. ئەو بەڕێزانە وادیارە مەسەلەی نێوخۆیی و دەرەکیان لێ تێک چووە و خۆیان لە پێگەی خەڵکی هەرێمی کوردستانی باشور داناوە و لە جیاتی ئەوان بیر دەکەنەوە و لەجیاتی ئەوان بریار دەدەن. بێ ئەوە هەڵوێستەیەک بکەن و بیر بکەنەوە کە ئەو شێوە باسکردن لە مەسەلەکان دەستتێوەردانە لە کاروباری وڵاتێکی دیکەدا کە لە یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکاندا ڕێگەی پێ نەدراوە. ئەم ڕەخنەیەی ئەو بەڕێزانە لە کاتێک دایە کە نیزیک بە ٩٣لەسەدی ئەو کەسانەی بەشدارییان لەو ڕاپرسییەدا کردوە، بەدەم بانگەوازی سەرۆکی هەرێمەوە چوون و دەنگی «بەڵێ»یان داوەتێ. لە پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانیش لە ئاستی ناوچە و جیهانیشدا بە ئێرانیشەوە هەم لەو پرسە و هەم لە پرسەکانی دیکەدا کە پێوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێ، لەگەڵ سەرۆکی هەریم و دامودەزگای ئیداری و حکومیی ئەو هەرێمە هەڵسوکەوتیان کردووە.

لێرەدا پێویستە هەم پارێزەرانی نووسەری ئەو بەیاننامەیە و هەم کەسانی وەک عیمادەدین باقی بۆ چرکەیەکیش بێ لە فەزای پاراستنی ئەرزیی ئیران و پارێزگاری لە مافی مرۆڤ! بێنە دەرێ و چاوێک بە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتەکەی خۆیاندا بخشێنن کە خۆشیان بەشیکن لەو سیستمە و بزانن لە ماوەی نیزیک بە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا چەندە مافی کەمینە نەتەوەیی و دینی و مەزهەبییەکان لەو وڵاتەدا پارێزراوە؟ یان بە جۆرێکی دیکە تێ بفکرن و پرسیار لە خۆیان بکەن کە قانوونی ئەساسیی ئێران بەو هەموو کەموکورییەی کە هەیەتی سەدا چەندی جێبەجێ کراوە و لە خۆیان بپرسن ئایا لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا دەنگی خەڵک سەنگ و قورسایی هەیە کە وا بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستانی باشوور بەردی پاراستنی دەنگی خەڵک لە سینگتان دەدەن؟ پرسیار لە خۆیان بکەن چ لە بواری قانوونییەوە و چ لە بواری عورفییەوە سەرکۆمار و مەجلیس کە بە ڕواڵەت هەڵبژێردراوی خەڵکن بەبێ شووڕای نیگابان و پەسندی ڕێبەری کە هیچ کامیان خەڵک هەڵینەبژاردوون؛ سەنگ و قورساییان لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی ئێراندا چەندە؟ ئەو بەڕێزانە کاتێک دەتوانن باس لە کاریگەریی دەنگی خەڵک بکەن کە خۆیان و سیستمە سیاسیەکەیان باوەڕیان بە دەنگی خەڵک هەبێ.

بەیاننامەکەی «وکلای دادگستری» و نووسینەکەی عیمادەدین باقی و هەموو ئەو کەسانەی لەو ماوەیەدا لە ڕاستای ئەو دوو بۆ چوونەدا نەزەر و ڕوانگەی خۆیان لە سەر گشتپرسیی هەرێمی کوردستان نووسیوە، بە دوای یەک ئامانجدا دەگەڕێن، ئەویش ترسیان لە بە دەوڵەتبوونی باشووری کوردستانە کە ببێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ گەلی کورد لە پارچەکانی دیکە. لە ڕاستیدا ئەو هات و هاوار و لە خۆدانەیان بۆ پارچەبوونی عێراق نییە بەڵکوو ترسی دواڕۆژی خۆیان هەیە و بۆیە بۆ ڕێگری لە سەرکەوتنی کورد لە هەر پارچەیەک لە کوردستان هەموو ڕێگایک دەگرنەبەر.

لە کۆتاییدا پێم باشە ڕوو بە کەسانە بڵێم:

١) ئەو سنوورانەی کە لای ئەوان پیرۆزە، بە هیچ جۆر لای کورد و هەموو ئەو نەتەوانەی بە زۆر بە وڵاتێکی دیکەوە لکێندراوەن پیرۆز نییە، ئەوەش خەتای کورد نییە بەڵکوو دەسەڵاتداران و سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتانە خەتابارەن؛ چونکە هەتا ئێستاش حاشا لە مافەکانی کورد دەکەن و ئیزنیان نەداوە وەک هاووڵاتییەک بەشداربن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و ئەو هەستەی لا دروست بێ کە ئەویش شەریکە لە دروستکردن وگەشە پێدانی وڵات. بە داخەوە ئەو ڕاستییە تاڵە بە قانوون کراوە و لە قانوونی بنەڕەتی ئەو چوار وڵاتەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە هیچ مافێک بۆ کورد دەست نیشان نەکراوە، لە بەرامبەردا ئەرکدار کراوەن کە دەبێ پێبەندی ئەو قانوونەش بن!

٢) بەپێی هەموو پێوەرە جیهانییەکان و تەنانەت ئایینە ئاسمانییەکانیش هەموو نەتەوەیەک و هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە بڕیار لە سەرچارەنووسی خۆی بدا، هەر بۆیە نەتەوەی کوردیش لەو بنەمایە بەدەر نییە و دەتوانی هەر کاتێک هەلی بۆ ڕەخسا بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدا.

٣) ئەگەر دەتانەوێ ئێران یا هەر کام لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە تووشی ئەو حاڵەتە نەبن کە لێی دەترسن پێویستە بەیاننامە و نووسینەکانتان ڕووی لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بێ و باس لەوە بکەن کە چارەسەری مەسەلەی کورد وەک دەرفەت ببینن نەک هەڕەشە.

٤) کورد هیچ کات هۆکاری شەڕ و نائەمنی نەبووە، بەڵکوو هەموو کات فاکتەری بەهێز بووە بۆ دابینکردنی ئاشتی و ئارامی و بە جێگای ئەوەی دژایەتیی کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستان لە حالی ئیستادا بە تایبەتی بکەن، هەوڵ بدەن لە دەردی کورد وەک نەتەوەیەکی لە ماف بێبەش کراو تێبگەن و هاوکاری بن بۆ چارەسەری ئاشتییانەی ئەو پرسە، نەک بە دژایەتیکردنی هاندەری بن بۆ شەڕ و نائارامیی زیاتر لە ناوچەکەدا. چونکە تا ئیستا دەبێ بۆتان دەرکەوتبێ نەتەوەی کورد کە لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا بەو هەموو نەهامەتییانەی بە سەرتان هێناوە، چۆکی دانەداوە، ئێستا کە هەلومەرجەکەش گۆڕاوە ملکەچ نابێ. ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە کە هەتا تێڕوانینی ئیوە ئەوە بێ کە لە گوتار و ڕەفتارتان دژ بە کورد دەری دەخەن و بە چاوی ئەمنیەتیەوە بروانە مەسەلەی کورد، بە خاترجەمی ئەو خەبات و مافخوازییە نەک کپ نابێ، بگرە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ.

لە ژمارە ٧١٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

-----------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ئینکاری کورد بە ڕێگەی قانوونەوە

لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی دابەشبوونی میراتی ئیمپراتووری عوسمانی لە نێوان دەوڵەتە سەرکەوتووکانی شەڕدا دەستی پێکرد و ئەوەش دروستبوونی دەوڵەت نەتەوەکان و دابەشبوونی کوردستانی لێ کەوتەوە و لەو کاتەوە هەتا ئێستا کوردستان بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەش بووە. هەر کام لەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بە سەر دابەش کراوە لە ڕاستیدا لە سەر بنچینەی حاکمییەتی نەتەوەیەک بە سەر نەتەوەکانی دیکەدا دامەزراون و زمان و کلتوور و ئایین و مەزهەبی ئەو نەتەوە باڵادەستە بە پێی قانوونی وڵات فەرز کراوەتە سەر هەموو نەتەوەکانی دیکە کە لەو وڵاتەدا دەژین.

لە سەت ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر هەر چوار پارچەی کوردستان هەموو کات هەوڵ و پلان و پیلانیان بۆ ئەوە بووە حاشا لە بوونی کورد وەک نەتەوە بکەن، بەو مانایە کە حاشا لە بوونی کورد وەک نەتەوەیەک کە خاوەنی خاک و زمان و کلتوور و مێژووی خۆیەتی و لە هەموو بوارێکدا لە گەڵ فارس و تورک و عەرەب جیاوازە. ئینکاری کورد و نەتەوەکانی دیکەی هەڵکەوتوو لەو چوار وڵاتە (ئیران ،عیراق ،سوریەو تورکیە) هەر لە چوارچێوەی قسە و ڕەفتارێکی دووچاوەکیدا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکوو لە هەر چوار دەوڵەتدا بە قانوون کراوە و تەنانەت بە گۆڕانی سیستەمە سیاسیەکانیش ئەو ئینکارکردنە تەواو نابێ و لەگەڵ نووسینەوەی قانوونی بنەڕەتیی نوێ دیسان ئەو خۆداسپاندنی نەتەوە زۆرینەکان لە هەموو بوارێکدا دێتەوە نێو قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتانە و هەر کات دەسەڵاتداران بە قازانجیان زانی پەنا بۆ ئەو قانوونە دەبەن. هۆکارەکەش ئەوەیە کە قانوونی بنەڕەتیی هەر وڵاتێک دایک و چاوگی قانوونەکانی دیکەی وڵاتە و لە ڕاستیدا ئاوێنەی باڵانوێنی سیمای سیاسی و ئابووری و قانوونیی ئەو سیستمە سیاسییەیە کە دەسەڵاتدارە و بەڕێوەبردنی وڵاتی لە ئەستۆیە. مادام قانوونی بنەرەتی ئەو چوار وڵاتە وا داڕێژراوە کە نەتەوەیەک بە هەموو پێناسەکانیەوە باڵادەست بێ، ئاکامەکەی ئەوەیە کە کورد لە هەر کام لەو پارچانەی کە تێیدا دەژی بە قانوون دەچەوسێندرێتەوە و هەر ئەوە وای کردوە دەسەڵاتدارانی ئەو چوار دەوڵەتە بە دەست ئاوەڵایی و سیستماتیک مافەکانی کورد پێشێل بکەن. دیارە ئەوە خۆی مەترسییەکی گەورەیە هەم لە نێوخۆی ئەو وڵاتانە و هەم کاریگەریی هەیە لە سەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرحەق بە پرسی کورد، چونکە لە سەردەمێکدا دەژین کە بێجگە لە کۆمەڵێک وڵات ئەگەر ڕواڵەتیش بێ قانوون لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بۆتە چەمکێک کە هەموو بنج و بناوانی ژیانی مرۆڤەکانی گرتۆتەوە و تەنانەت هەتا ئەو جێگەیە چوونەتە پێشێ کە دەڵێن بە

پێی قانوون هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ گوێدان بە پلەوپایە لە بەرامبەر قانووندا یەکسانن. کەواتە لە ڕوانگەی دەوڵەتانی پێشکەوتوو لە بواری دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ قانوون جێگای ڕێزە و بۆ هیچ کەس نییە لێی لابدا. بەڵام بە داخەوە لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە ڕاست بە پێچەوانەیە، نەک یەکسانی لە بەرامبەر قانووندا نییە بەڵکوو تاک و کۆی کورد بە قانوون دەچەوسێندرێنەوە و مافیان لە هەموو بوارێک دا پێشێل دەکرێ و ئەویش لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە قانوونەکان بە پێی ویست و داخواز و بەرژەوندیی دەسەڵاتداران دارێژراون.
لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە قانوونی بنەڕەتیی ئەو چوار وڵاتە (ئیران، عێراق، سوریە و تورکیە) دەکەین بۆوەی بزانین تێڕوانینیان بۆ مەسەلەی مافی کەمینەکان و بەگشتی مافە مەدەنی، سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کورد چۆنە.

### قانوونی بنەڕەتیی ئێران و پرسی نەتەوەکان

لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران و لە ئەسلی یەکەمدا، هەموو گەلانی ئیران بە یەک نەتەوە (ملت) ناسراون. ئەو ئەسڵە دەڵێ میللەتی ئێران لە سەر بنەمای باوەڕی لەمێژینەی بە دینی ئیسلام  دەنگیان داوە بە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و لە ئەسڵی بیستەمدا باس لەوە دەکا کە هەمووی میللەت پێکهاتوو لە ژن و پیاو لەژێر پارێزگاریی قانوون دان و هەموو مافەکانی مرۆڤ، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی میللەت بە لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنی ئیسلام دابین دەکرێ.

دەسپێکی قانوونی بنەڕەتیی ئێران بەو ئەسڵە لە حاڵێکدایە کە ئێران وەک یەکەیەکی جوغرافیایی چەند نەتەوەی تێدا دەژی کە زمان و فەرهەنگ و تەنانەت دین و مەزهەبیان لە یەکتر جیاوازە، بەڵام بەپێی قانوونی بنەڕەتی هەر وەکوو لەو دوو ئەسلەدا دەیبینین هەموو ئەو نەتەوانە بە یەک نەتەوە داندراوە و بە هیچ جۆر ئاماژە بە پێکهاتەکانی ئێران لە بواری نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی ناکرێ و  ئەو فرە پێکهاتەییە هیچ جێگە وپ ێگەیەکی لەو قانوونەدا بۆ دەستنیشان نەکراوە.

### تورکیە و پرسی کورد لە قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتەدا

لە مارسی ١٩٢٤ دوای دامەزراندنی دەوڵەتی کۆماری تورکیە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە فەرهەنگ و زمانی کوردی و تەنانەت ناوە کوردییەکان قەدەغە کران وکەلکوەرگرتن لە وشەکانی کورد و کوردستان بوونە شتێکی بڤە و تاوان. ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ئینکاری یەکجاریی کورد لە تورکیە و ئەو ئینکارە خۆی لە نێو مادده و برگەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتەدا دیتەوە. مادەکانی ٢٦، ٢٨ و ٨٩ی پەسندکراوی ساڵی ١٩٨٢دا بە ڕوونی باس لەو مەسەلە دەکا و لەو سی ماددەیەدا باس لە زمانێک دەکا کە قەدەغە کراوە کە ئەویش زمانی کوردییە و دەڵێ: زمانیک کە قانوون مەنعی کردوە نابێ و قسەی پێ بکرێ و لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا کەڵکی لێ وەربگیردرێ و هیچ حیزبێکی سیاسی ناتوانی بێجگە لە زمان و فەرهەنگی تورکی بەرگری و داکۆکی لە زمان و فەرهەنگێکی دیکە بکا و ناتوانی ویستیاری پێکهێنانی کەمینەکان لەنێو سنوورەکانی ئێمەدا بێ و یا یەکگرتوویی میللیی ئێمە تێک بدا.

هەموومان باش دەزانین تورکیە زیاتر لە ٨٠ ساڵ سیاسەتی حاشاکردن لە نەتەوەی کوردی گرتەبەر، بەڵام نەیتوانی هەتا سەر لەسەر ئەو سیاسەتە بەردەوام بێ و ناچار بوو دان بەوەدا بنێ کە بەشێک لە نەتەوەی کورد لە تورکیە هەن، ئەگەرچی ئەو دانپێدانانە هەتا ئێستا نەچۆتە نێو قانوونی بنەڕەتی و زیاتر لەسەر زار و زمانی بەرپرساندا دەکرێ و دێتە گۆڕێ.

## کورد لە قانوونی بنەڕەتیی سووریەدا

لە کاتی دروستبوونی سووریەوە هەتا سەردەمی ئێستا هیچ کام لە دەسەڵات و دەوڵەتەکان دانیان بە بوونی نەتەوەی کورد لە وڵاتە دانەناوە و هەموو کات هەوڵیان داوە کورد بە میوان و کۆچەری و هەڵاتوو پێناسە بکەن. بە تایبەت لەوکاتەوە کە حیزبی بەعس دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتوە فشاری زۆرتر خراوەتە سەر کورد. کورد لە سووریە زمانەکەی قەدەغە کراوەو حاشاکردن لە کورد لەو وڵاتە ئەو کاتە گەیشتە لوتکەی خۆی کە لە رۆژاوای کوردستان نەوت دۆزرایەوە. لەساڵی ١٩٦٢ دەوڵەتی سوریە لە کوردستان دەستی کرد بە سەرژمێریێ بەو مەبەستە کە لە رێگەی قانوونەوە کورد لە مافی هاووڵاتیبوون بێبەش بکا، چونکە کوردەکان دەبوایە بیسەلمێنن کە لە ساڵی ١٩٥٣وە لەو ناوچەیە دەژین کە سەلماندنی ئەوە پێویستیی بە دێکۆمێنت هەبوو کە زۆربەی کوردەکان لێی بێبەش بوون، هەر بۆیە بە هەزاران کورد لەو وڵاتە لەسەر خاکی خۆیان بێ ڕەگەزنامە مانەوە و لە مافە سەرەتاییەکانی ژیانیش وەک خوێندن و هەلی کار و مافی کرین و فرۆشتنی زەوی و زار بێبەش کران. ئەوان تەنانەت ئیزنیان نەبوو بە شێوەی ڕەسمی ژیانی هاوبەشیش پێک بێنن کە ئەوەش هەر لە پێناو بێبەشکردنی منداڵانی ئەو بنەماڵە کوردانە لە مافی هاووڵاتیبوون دەکرا. بە پێی مادەی ٣، فەقەرەی ج لە قانوونی مەدەنیی سوریە؛ «ئەو منداڵانەی لە دایک و باوکێکی بێ ناسنامە یا ناڕوون لە دایک دەبن دەتوانن ببنە خاوەنی ڕەگەزنامەی سووریە، بەڵام ئەو قانوونە کوردەکانی نەدەگرتەوە هەر بۆیە بە هەزاران کورد لەو وڵاتە بێ ناسنامە مانەوە و بەو شێوەیە لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی مرۆیی و هاووڵاتیبوون بێبەش بوون.

## مافەکانی کورد لە عێراقدا

لە قانوونی بنەڕەتیی عیراقدا لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتی حیزبی بەعس دانیان بە بوونی کورد وەک نەتەوە دانابوو، بەڵام هەر لە ماددەی یەکەمدا دەڵێ عێراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی کە ماناکەی ئەوە بوو شوێنێک بە ناوی کوردستان لەو وڵاتەدا نییە و ئەو خاکەی کوردی لە سەر دەژی، خاک و نیشتمانی عەرەبییە. ئێستا لە دوای نەمانی دەسەڵاتدارەتیی حیزبی بەعس و دامەزراندنی دەوڵەتی فیدرالی لە قانوونی بنەڕەتی ئەو سیستەمەی ئێستادا بە ڕوونی باس لەوە کراوە کە عێراق پێک هاتووە لە نەتەوە و دین و مەزهەبی جیاواز و عێراق بەشێکە لە دنیای ئیسلام و نەتەوەی عێراق بەشێکە لە ئۆممەتی عەرەبی. لە بەشی دووهەمی ماددەکەدا بەئاشکرا کورد و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق دەکا بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قانوونی بنەڕەتیی ئێستای عیراق کۆمەڵێک مافی داوە بە کورد وەک یەکیک لە دوو پێکهاتەی سەرەکیی عێراق. هەڵبەت لە ماوەی ١٤ ساڵی ڕابردوودا ئەوەی

کاری پێ نەکراوە قانوونی بنەڕەتی بووە لەو وڵاتەدا و پێکهاتەی شیعە کە زۆرینەی عێراق پێکدێنن، لە ڕێگەی پارلمانەوە وەک نوێنگەی قانوون زۆرتر کاریان ئەوە بووە دەسەڵاتی خۆیان بەربڵاوتر بکەن و بیر و ئەندێشەی خۆیان بێننە نێو قانوونەکانی عێراق، بە واتایەکی دی و لە ئاکامدا ئەوەی دەیبینین ئەمەیە کە لەبارەی کورد و مافەکانی هەر هەمان تێڕوانینیان هەیە کە حیزبی بەعس هەیبوو.

بەو خوێندنەوە کورتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە سیاسەتی دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستان هەر چەند لە شکل و ڕوخساردا وەک یەک ناچن، بەڵام ئامانجی هەمووان لەسەر مەسەلەی کورد ومافەکانی یەکە و تەنیا مەبەستیان ئەوەیە کە لە هەر ڕێگایەکی مومکین کە بۆیان دەست بدا، کورد لە نێو خۆیاندا بتوێننەوە هەر بۆیە ئینکاری کورد و مافەکانی بە قانوون دەکرێ بۆ ئەوەی لە نێو خۆی وڵاتەکاندا هەر کردەوەیەکی مافخوازانە بە پاساوی قانوون سەرکوت بکەن و بە بیروڕای گشتیی خۆشیان بڵێن ئەوانە دژی قانوون جوڵاونەوە و لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا دەست لە سەر ئەو خاڵە دابنین کە خەڵکی ئەو وڵاتە بە هەموو پێکهاتەی یەک میللەتە و هەر بۆیە ئەو مەسەلانەی کە ڕوو دەدەن پرسی نێو ماڵی خۆمانە و بە ڕێگەی قانووندا چارەسەریان دەکەین، بابەتێک کە هیچ وانییە و جەبری مێژوو بەسەر کوردیدا سەپاندوە.

(لە ژمارەی ٧١٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

---



سەرچاوە
Serchawe

## پاشخانی ئاڵا و پێشمەرگەلە میراتی کۆماری کوردستاندا

ڕووداوەکانی خەزەڵوەری ١٣٢٠ لە ئێران بووە هۆی دروستبوونی بەتاڵایی دەسەڵات لە بەشێکی زۆرلە ئێران بە تایبەتی لە کوردستان کە بەشێکی لەلایەن هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت وبەشێکی لە لایەن بریتانیاوە داگیر کرابوو. لەو بارودۆخەدا دەسەڵاتی ناوەندی هیچ حوکمێکی ئەوتۆی لەو ناوچانەدا نەبوو وزەرورەت وای دەخواست کە ئەو هەلە بقۆزرێتەوە و خەڵک بۆ خۆی دەسەڵاتی خۆی بگرێتە دەست. لەو هەلومەرجەدا کۆمەڵەی ژی - کاف کە ڕێکخراوێکی چالاک و نهێنی بوو و بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی کورد خەباتی دەکرد، خۆی هەڵوەشاند و لە قالبی ڕێکخراوێکی سەردەمیانەتر و لە شێوەی چالاکیی ئاشکرادا و لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خۆی ڕێک خستەوە.

حیزبی دێموکرات لەو هەلومەرجەدا کە هەلێک بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی کورد هەڵکەوتبوو، دەبوو دوو کاری پێویستی کردبان، یەکەم هێزێکی چەکداری تۆکمە و ڕێکخراو پێکبێنێ و دووهەم ڕەمز و سیمبولێک دروست بکا کە نەتەوەی کورد بە گشتی وگەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە دەوری کۆ ببنەوە وببێتە شوناس وپێناسێک بۆ ناسینەوەی کورد لە هەر شوێنێکی ئەو دنیا پان وبەرینەدا.

لەو سەردەمەدا بە هۆی تێکچوونی ڕێکخستنی سپای ئێران چەک وتەقەمەنییەکی زۆر کەوتبووە دەست خەڵک. پادگانەکان چەک کرابوون، بەشێکی زۆر لە خەڵک چەکیان لە سەربازە هەڵاتووەکان کڕیبوو، یان سەربازە کوردەکان بە چەکی خۆیانەوە گەڕابوونەوە ماڵێ و؛ لەو بارودۆخەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان وەخۆ کەوت وداوای لە هەموو تاکێکی کوردوهەموو هۆز وعەشیرەکان کردتا خۆیان لە بنکەکانی حیزبی دیموکراتدا ناونووس بکەن. بەم شێوەیە بەردی بناغەی هێزی پێشمەرگە بە شیوەی هێزێکی ڕێکخراو لە سەر دەستی حیزبی دیموکراتی کوردستان داندرا کە دواتر لە مێژوی هاوچەرخدا بوو بە ڕەمزی خۆڕاگری وجێگای شانازیی نەتەوەی کورد.



سەرچاوە Serchawe

دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و لە کۆبوونەوەیەکی ئەفسەرانی کۆماردا(١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) نازناوی پێشمەرگە لە سەر هێزی سەربازیی کورد داندرا و بەم شێوەیە کوردستان بوو بە خاوەنی هێزی پێشمەرگەکە هەمووومان دەزانین لەماوەی حەوت دەیەی ڕابردوودا هێزی پێشمەرگە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورددا لە هیچ فیداکارییەک درێغی نەکردووە و هەر ئەو فیداکارییانە بوونەتە هۆکارێکی گرینگ کە نازناوی «پێشمەرگە» سنوورەکانی کوردستان ببرێ و لە قامووسی جیهانی وشە دا خۆی ببینێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٣دا بۆ ڕێزلێنان لە خەبات وقوربانیدانی هێزی پێشمەرگە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی - کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەردەستی حیزبی دیموکراتی کوردستانە - بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کرد.

«ئاڵا» وەک سیمبولێکی نەتەوەیی هاوچەرخ پێویستییەکی دیکەی بوو کە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان دەبوا هەڵیان دابا. دیارە کورد تا ئەوکات چەند ئاڵای دیکەی بوو کە لە شۆڕشە جیاوازەکاندا وەک پێناسەی ئەو شۆڕشە و بە ناوی ئاڵای کوردەوە هەڵدرابوون؛ وەک: ئاڵای ڕاپەڕینی بدلیس لە ساڵی ١٩١٤کە پارچەیەکی زێڕینی نەخشێندراو بە ئایەتێکی قورئان بوو؛ ئاڵای ڕاپەڕینی شیخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩ کە پارچەیەکی تەختسەوز بوو و مانگێکی سووری لە نێوەڕاستی دابوو؛ ئاڵای ڕاپەڕینی سمکۆی شکاک لە ساڵی ١٩٢٢ کە لەسەری نوسرابوو کوردستانی ئازاد؛ ئاڵای شۆرشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ کە پارچەیەکی تەواو سەوز بوو و خۆرێکی لە نێوەڕاستدا بوو؛ ئاڵای حیزبی ئازادیی کوردستان لە ١٩٣٨ کە بە وێنەی دوو خەنجەر وسێ ئەستیرە نەخشێندرابوو.

لە حکومەتی کۆماری کوردستاندا لە ساڵی ١٩٤٥ ئاڵایەک هەڵدرا کە لە سێڕەنگی سوور وسپی وسەوزپێکدەهات و ئارم ونیشانەی حیزبی دیموکرات لە نێوەڕاستی ئاڵاکەدا نەخشێندرابوو. دوای پێنج دەیە لە باشووری کوردستان، پاڕلمانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ بڕیاری دا کە هەمان ئاڵای کۆماری کوردستان هەڵبدری بەو جیاوازییەکە لە نێوەڕاستی ئەو ئاڵایەداخۆرێک بە٢١تێشکەوە بدرەوشێتەوە، دواجار لە سالی ١٩٩٩دا پارلمانی هەرێمی کوردستانبریاری دا کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕەسمی بکرێتە ڕۆژی ئاڵا.

هەڵبەت لە ساڵی١٩٢٠دا جەمعیەتی تەعالی وتەرەقی ئاڵایەک دروست دەکەن کە ئەو سێ ڕەنگەی ئیستای ئالای کوردستانی تێدا بەکار هاتووە و خۆرێک لە نێوەڕاستی ئاڵاکەدا بووە و زەمینەی کارتی پێناسی ئەندامەکانیان بەو ئاڵایە نەخشێندراوە. هەر ئەو ئاڵایە لە شۆڕشی ئاراراتدا لە تەنێشت ئاڵای شۆرشەکە هەڵدراوە.

مێژووی هەڵکردنی ئاڵا لە کوردستان لەوەش بەولاوەتر دەچێ. زۆربەی دەسەڵاتدارەتی و میرنشینەکان لە مێژووی کورددا خاوەنی ئاڵا و تەنانەت سکە و دراوی خۆیان بوون، بەڵام ئەو هێما و سیمبولانە تەنیا لە چوارچێوەی میرایەتی و میرنشینیی خۆیاندا ماوەتەوە وئاڵاکەیان نەبۆتە ئاڵای نەتەوە تا لە پانتایی هەموو کوردستاندا بشەکێتەوە. هەر بۆیە هەڵکردنی ئاڵا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٩٤٥ کە مانگێک دواتر کۆماری کوردستانیش ڕاگەیەندرا، گرینگیی مێژوویی هەیە.

لە گۆڤاری «کوردستان، ژمارە ٢»دا هاتووە: لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤(١٩٤٥)بە بەشداریی ١٠هەزار کەس و لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ئاڵای کوردستان لەسەر سەربانی دەفتەری ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵدرا وهەڵکردنی ئەوجارەی ئاڵای کوردستان جیاوازی زۆری هەبووە لە گەل جارەکانی دیکە کە ئاڵایان تێدا هەڵکراوە.

ئەو کاتەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی دا، حیزبێک بوو لە نێوخۆی خەڵکدا و لە شار و گوندەکانی کوردستاندا بە ئازادی تێکۆشانی هەبوو و بەرەو پێکهێنانی حکومەتیک دەچوو کە نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستانی دەکرد، بەو مانایە لە حاڵی شۆڕشێکی چەکداری ولە شاخ نەبوو؛ بەڵکوو ماوەی چوار ساڵ بوو ڕێبەرانی پێکهێنەری حیزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد کۆمەڵگەیان بەڕێوە دەبرد. پاشان هەڵکردنی ئاڵا دەستپێکی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بوو.

ئاڵا نوینەرایەتیی ڕێبازی سیاسی، ئابووری،کۆمەڵایەتی و کلتووری نەتەوەی کورد وهەموو پێکهاتەکانی کوردستان دەکا. هەر لە پێوەندی لەگەڵ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کۆماری کوردستاندا چەند خاڵی دیکە گرینگن کە باسیان بکەین:

هەڵکردنی ئاڵا بە جۆرێک پەیامێکی ڕاستەوخۆی نەتەوەیی بوو هەم بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران و هەم بۆ هێزەکانی ڕووس وئینگلیس کە لە ناوچەکەدا بوون کە کوردیش نەتەوەیە و خاوەنی خاک و زمان و کلتوور و مێژووی خۆیەتی، هەربۆیە مافی خۆیەتی کە چارەنووسی خۆی بۆ خۆی دیاری بکا. لەلایەکی دیکەوە لە تەورێز فیرقەی ئازەربایجان ئاڵای خۆیان هەڵدابوو وهەڵدانی ئاڵای کوردستانیش نیشانەی ئەوە بوو کە کۆماری کوردستان و جمهوریی ئازەربایجان  دوو سیستمی سیاسی - نەتەوەیی لێک جیاوازن. ئەوەش دەبێ بگوترێ کە هێنانەخواریی ئاڵای ئێران وهەڵکردنی ئاڵای کوردستان کارێک و بڕیارێکی هەروا سادە و کتوپڕ نەبوو، بەڵکوو ڕیشەی لە خەباتێکی دوورودرێژ دابوو، هەربۆیە ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو ئاڵایە هەمان ڕۆڵ دەبینی کە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان کاریان بۆ دەکرد و لەو پێناوەشدا گیانی خۆیان بەخشی.

(لە ژمارەی ٧١٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧

-------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٨

-----------------------------------------------

### پێگەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و کێشەی قانوونی

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە کۆبوونەوەی هەڵبژاردنی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە جێی خومەینی کە لەودا خامنەیی وەک ڕێبەر هەڵدەبژێردرێ، مناقشە و قسە و باسی زۆری لێ کەوتۆتەوە.

خۆ ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەو کورتە فیلمە نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبەرانی ئەو دەسەڵاتە کۆمارییەمان! بە باشی بۆ دەر دەکەوێ کە بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵات و پاراستنی ئەو نیزامە چییان بەسەر خەڵکدا سەپاندوە و چۆن تەنانەت قانوونەکانی خۆیان دەور لێ داوە و کڵاویان لەسەر خەڵک ناوە، چونکە هەڵبژاردنی خامنەیی هەر لە ئەساسدا لە بواری قانوونییەوە نادروست بووە. واتا بە پێچەوانەی بنەماکانی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیش بووە و لە هەمان کاتدا بە پێچەوانەی بنەماکانی مەزهەبی شیعەش بووە.

لە ڕێکەوتی ١٤ی گەلاوێژی ١٣٦٨ی هەتاویدا و دوای مەرگی خومەینی لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەریدا، عەلی خامنەیی کە ئەوکات سەرکۆمار بوو، وەک ڕێبەری کاتی هەتا بەڕێوە چوونی گشتپرسیی قانوونی ئەساسی هەڵدەبژێرن. لە حاڵێکدا ئەوکات ئاغای خامنەیی بە پێی قانوونی بنەڕەتی نەیدەتوانی ئەو پۆستە وەربگرێ، چونکی ناوبراو بە پێی مەزهەبی شیعە و پلەبندیەکانی مەزهەبی زوور دوور بوو لە وەرگرتنی ئەو پۆستە.



سەرچاوە Serchawe

مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری دوای مردنی خومەینی دەبوایە کەسێک وەک ڕێبەر دەستنیشان بکەن تا بتوانێ کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو ئەساسەی دامەزراوە بەڕێوە ببا. هەر بۆیە بێ گوێدان بە قانوونی ئەساسی و بە پێچەوانەی ئوسوولەکانی مەزهەبی شیعە خامنەییان بە ڕێبەر هەڵبژارد و ئەگەر بمانهەوێ خاڵەکانی پێچەوانەی قانوونیان تێدا دەست نیشان بکەین، دەتوانین بەو شێوەیە باسیان بکەین:

یەکەم لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی و لە ئەسلی ٥دا دوو بژاردە بۆ دیاریکردنی ڕێبەر دەستنیشان کراوە:

**یەکەم**، ڕێبەر بە زۆرینەی دەنگی خەڵک و پەسندی ئەوان هەڵبژێردرابێ. دووهەم، ئەگەر هاتوو هیچ کەسێک ئەو زۆرینەیەی بە دەست نەهێنا لە ئەستۆی مەجلیسی خۆبرەگانی ڕێبەرییە کە لە نێوان مەلا و ڕوحانییەکانی خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە کەسیک بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان بکەن کە لە ئەسڵی ١٠٧ یشدا لە سەر نێوەرۆکی ئەسلی ٥بۆ دیاریکردنی ڕێبەر تەئکید کراوەتەوە.

کاتیک خامنەیی بۆ ئەو پۆستە دیاری دەکرێ قانوونی ئەساسی پێداچوونەوەی بۆ نەکراوە و بەپێی قانوون هەر ئەسڵ و برگە و مادەیەک لە قانوون هەتا بەپێی ڕێوشوێنی ئەو ماددەیە هەر حوکمی قانوونی هەیە و لەسەر بەڕێوەبەرانی قانوونە کە وەک خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن؛ بەڵام دەبینین بەڕێوەبەرانی سێ ئۆرگانی گرینگی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی (سەرکۆمار، سەرۆکی مەجلیسی شورای ئیسلامی و مەجلیسی خوبرەگان) پێشێلی ئەو قانوونە دەکەن کە خۆیان داڕێژەری بوون و کۆمەڵگەی ئیرانیان پێ بەڕێوە بردووە. واتا هەڵبژاردنی ڕێبەریان بە پێی قانوون نەهێناوەتە نێو خەڵک کە زۆرینەی دەنگی خەڵکی بۆ وەربگرن و بەبێ گوێدانە قانوون لە ژووری داخراوی مەجلیسی خوبرەگاندا بە جێگای خەڵک بڕیاریان داوە و هەر بەوەندەش نەوستاوەن، بەڵکوو قانوونیان دەور لێ داوەتەوە وخامنەیی وەک ڕێبەری کاتی هەتا گشتپرسی بۆ ئاڵوگۆڕەکانی قانوونی ئەساسی دیاری دەکەن لە حاڵێکدا قانوونی ئەساسی پێش پێداچوونەوەی سالی ٦٨ و دوای پێداچوونەوەش عینوانی ڕێبەری کاتیی تێدا دەستنیشان نەکراوە کە ئەوە خۆی خەتایەکی قانوونییە ولەو خەتایە گەورەتر ئەوەیە کە ئەو شێوە هەڵبژاردنەیان ئاشکرا نەکردوە و بە خەڵکیان ڕانەگەیاندوە.

ڕێبەرانی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تووشی گرفتی لەو بابەتە نەبن لەپێداچوونەوەی قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا دەستکاری ٤٦ ئەسلی ئەو قانوونەیان کرد کە لەو نێوەدا ئەسڵەکانی ٥ و ١٠٧ مەبەستی سەرەکی بوون و نیزیک بە تەواوی نێوەرۆکیان گۆڕدرا. لە پێداچوونەوەی سالی ١٣٦٨دا ئەو بەشەی کە لە ئەسلی ٥ دا باسی خەڵک دەکا لەو ئەسڵە لابردرا و لە ئەسلی ١٠٧یش دیاریکردنی ڕێبەر بوو بە ئەرکی ڕاستەوخۆی مەجلیسی خوبرەگان و، لەو کاتەوە گەلانی ئیران بە پێی قانوون هیچ ڕۆڵ و نەخشیان لە دیاریکردنی کەسێک بە عینوانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دا نەبووە.

هەڵبژرادنی خامنەیی وەکوو ڕێبەر هەر وەکی گوترا بە پێچەوانەی ئەسلی ٥ و ١٠٧ی قانوونی ئەساسی بووە وئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییە کە پاراستنی قانوون لە کۆماری ئیسلامیدا تەنیا لە ئەستۆی خەلکی فەقیر و هەژارە و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی چۆن شۆرشی گەلانی ئێرانیان بە لارێدا برد، هەر بەو شێوەش بەپێی بەرژەوەندیەکانیان قانوونەکانی خۆشیان لە ژێر پێ دەنێن.

لەلایەکی دیکەوە هەم خامنەیی و هەم ڕەفسنجانی بێجگە لە ژێرپێنانی ئەسلی ٥ و ١٠٧ی قانوونی ئەساسی، نێوەرۆکی ئەو سوێندەیان کە لەکاتی وەرگرتنی پۆستەکانیان (سەرکۆماری و سەرۆکی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی) خواردبوویان کە پارێزگاری لە ئوسووڵەکانی قانوونی ئەساسی دەکەن لە ژێر پێ ناوە وبە سوێندەکەیان پابەند نەبوون، کە ئەوەش بەپێی قانوونی وڵاتانی پێشکەوتوو تاوانێکی گەورەیە. کاتێک سەرکۆمار یا سەرۆکی مەجلیس پابەند نابی بەو سوێندەی خواردوویەتی و بە پێچەوانەی سوێندەکەی عەمەل دەکا یەکەم کار ئەوەیە لە پۆستەکەی دوور دەخرێتەوە، چونکە پێوانەکە وایە کەسێک لە پۆستی سەرکۆماریدا پابەند نەبێ بەو سوێندەی خواردوویەتی کۆمەڵگە متمانەی پی ناکا تا وڵات بەڕێوە بەرێ.

لە ئەساسدا نیزامی کۆماری ئیسلامی لە دامەزرانیەوە لە سەر بناخەی تەزاد و پێکدژی دامەزراوە، چونکە سیستمی کۆماری لەگەڵ سیستمی ئیسلامی بە تەواوی لەگەڵ یەکتر لە ناتەبایی دایە. کاتێک نیزامی وڵات بە سیستمی کۆماری و دڕموکراتیک ئیدارە بکرێ مانای وایە کە دەنگی خەڵک کاریگەریی هەیە لە سەر شیوەی بەڕێوەبردنی وڵات بەڵام لە سیستمی ئیسلامیی ئێراندا دەسەڵاتدار نوینەری خوایە لە سەر زەوی و خەڵک تەنیا لە سەریانە گوێڕایەڵی بن کە دەبینین نیزامی کۆماری ئیسلامی نزیک بە ٤٠ ساڵە بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێ و قانوونمەند کراوە. لە قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەی لە لوتکەی دەسەڵات دایە ڕێبەرە کە بە هەموو پێشێلکارییەکی قانوونی کە کراوە شێوەی هەڵبژاردنی ڕێبەر لەو قانوونەدا دەستنیشان کراوە، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو هەڵبژاردنێک ماوەی دەسەڵاتداریی ڕێبەر دەستنیشان نەکراوە نە بۆ دائیمی و نە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە ئەوەش کەموکورتییەکی بنەڕەتییە لەو قانوونەدا. بە واتایەکی دی ئەو کاتەی بازی هەڵبژاردنی ڕێبەر لەسەر کێ نیشت هەتا دەمری لەو پۆستەدا دەمێنێتەوە و ئەگەر کەسەکە زۆرێش لە خواترس وبێ شیلەوپێلە بێ، بە تێپەڕبوونی زەمان ئاڵوگۆری بەسەر دادێ و هێدی هێدی باوەڕ دەکا کە نوێنەری خوایە لەسەر زەوی و دەبێتە ئەو کەسە کە گوی بە قسەی کەس نادا و هەموو قسەکانی دەبنە قانوون و لەسەر خەڵک و دامودەزگەی دەوڵەتی واجبە کە وەک قانوون بەڕێوەیان بەرن. خاڵی جێگەی سەرنج لێرەدا ئەوەیە کەسێک کە بەپێشێلکردنی قانوون بۆتە ڕێبەر ئێستا کردار و گوتاری بوونەتە قانوون و کۆمەڵگەی ئێران لە سەری واجبە کاریان پێ بکا.

(لە ژمارەی ٧١٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٨

-----------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## مێژووی کۆماری کوردستان و چەند تایبەتمەندییەکی مێژوویی

دوای ئەوەی لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی خەڵکی کوردستان لە شاری مەهاباد کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا، دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی ناوچەکە کەوتە بەر دەستی بەڕێوەبەرانی کۆمار. لە هەلومەرجی ئەو کاتدا کە حکومەتی تاران بە کردەوە ناوچەکەی چۆڵ کردبوو، هەموو ئەرکێکی بەڕێوەبەریی ئەم ناوچەیە لە کاروباری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هەڵسوڕاندنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک کەوتبووە سەر شانی دامەزرێنەرانی کۆمار و بۆ ئەو مەبەستە دەبوایە دامودەزگای ئیداری پێک بێنن.

کۆماری کوردستان لە سەدەی بیستەمدا و لە دوای حکومەتی شێخ مەحموود دووهەمین ئەزموونی حوکمرانیی کوردە و لە مێژووی کورددا یەکەم حکومەتی کۆمارییە و لەو سەردەمدا ڕەمز و نوێنگەی یەکیەتی و یەکپارچەیی نەتەوەی کورد بووە. لەهەمان حاڵدا دەتوانین بڵێین ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار، کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کورد بوو بەگشتی؛ چونکە نوینەرانی هەر چوار پارچەی کوردستانی تیدا بەشدار بوون و تەنانەت هیندێکیان هەتا ڕووخانی کۆمار لە نێو دامودەزگای کۆماری کوردستاندا مانەوە و جێپەنجەی خۆیان لە بەڕێوەبردنی کۆماردا بە جێ هێشت. بێگومان هەتا ئیستا لە سەر کۆماری کوردستان زۆر وتار و کتێب لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە نوسراون، بەڵام ئەو بابەتە هەڵدەگرێ کە لێکۆڵێنەوەی زیاتری لەسەر بکرێ و لە سەر تایبەتمەندییەکانی کۆماری کوردستان بنووسرێ.

ئەوەی لەو نوسینەدا بە کورتی دەخرێتە بەرچاو، چەند تایبەتمەندییەکی کۆماری کوردستانە کە هەرکام لەوانە دەکرێ بە جیا هەڵسەنگاندن ولێکۆڵینەوەیان بۆ بکرێ.

### تایبەتمەندییەکانی کۆماری کوردستان:

کۆمار لە هەنگاوی یەکەمدا لە سەر بنچینەی کوردستانی بوون دامەزرا و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی باوەڕی بە دیموکراسی هەبوو. لە هەمان کاتدا لە نێو خۆیدا هەوڵی یەکرێزیی نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی خۆی دەدا و لە دەرەوی سنوورەکانی بەشوێن برایەتیی

گەلان بە تایبەت گەلانی دراوسی لەگەڵ خۆی بوو. کۆماری کوردستان پێشکەوتنخوازبوو و هەموو هەوڵ و تەقەلای بۆ ئەوە بوو کوردستان لە قافڵەی پێشکەوتن دوا نەکەوێ و لە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی خۆی و تەنانەت دوژمنانی خاوەنی گیانی لێبوردەیی هەبوو.

### کوردستانیبوونی کۆمار

بۆ کوردستانیبوونی کۆمار دەتوانین بە کورتی تیشک بخەینە سەر چەند خاڵ:

ا. وتاری پێشەوا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کە تیدا باسی مێژووی کورد دەکا و هیوای ئەوە دەدا بە خەڵکی ئامادەبوو کە ئیدی سەردەمی شکان تەواو بووە و کورد ئێستا ئازادە و خاوەنی خاک ونیشتمانی خۆیەتی.

ب. لە دیواردان و هەڵاواسینی نەخشەی کوردستانی گەورە لە ژووری کاری پێشەوا.

ج. بە کردەوە بەشدارکردنی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ئیدارەدانی کۆماری کوردستان.

د. پەرەستاندن و گەشەکردنی بیر و هۆشی تاکی کورد لە خۆناسینەوەی وەک نەتەوەیەک.

ه. هێنانەخوارێی ئاڵای ئێران و هەڵدان و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان.

و. پێشەوا و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەچوونە ژێر ئەو فشار و زۆرییانەی تەورێز و باکوو کە کۆماری کوردستان بەشێک بێت لە کۆماری دێموکراتیکی ئازربایجان.

ز. ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا بەو شێوەیە باس لە هەڵویستی کوردستانیبوونی پێشەوا دەکا: «وادەردەکەوێ هەتا ئەو دەمەی کە بارودۆخ لە ئیران قائیم دەبێ دژ بە ئالۆزی و هەرای ئەو دیو سنوورە، بەڵام بە لاینگرانی خۆی گوتوە لە دوارۆژدا دەبێ پشتگیری لە مەلا مستەفا بکرێ و دەگوترێ لە تورکیە و سووریە پێوەندی بە ڕێبەرانی خویبوونەوە هەیە.»

### باوەڕهەبوون بە دێموکراسی و مافی شارۆمەندی:

ا. بە قسەی دۆست و دوژمن پاراستنی دێموکراسی وای لە کۆماری کوردستان کردبوو کە لە ناوچەکەدا تاقانە خۆ بنوێنێ.

ب. پاراستنی مافی تاکەکان یەک لە بەهاکانی کۆمار بوو. بۆ نموونە هەموو کەس لە خۆی ڕادیوە کە لە هەموو ئۆرگان و دامودەزگای حکومەتی بەدوای مافی خۆیدا بڕوا و تەنانەت ئەگەر پێویست بووبێ توانیویەتی چاوت بە خودی پێشەوا بکەوێ.

ج. ڕەچاوکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان چ نەتەوەیی و چ ئایینی، بۆ نموونە خویندن بە زمانی زگماکیی خۆیان، بەشداربوون لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵات و پەرەپێدانی کولتوور و فەرهەنگی خۆیان. بۆ نمونە: «ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٥، گەلاوێژی ١٣٢٥ باس لە کردنەوەی قوتابخانە بۆ هاونیشتیمانانی کەلیمی دەکا کە دەبێ بە زمانی کوردی و عیبری وانەی تیدا بگوترێتەوە و لە هەمان حاڵدا خوێندن بۆ کچ وکوریان ئیجباری بووە.»

د. بڕیارەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار بە ڕاوێژ بووە؛ بۆ نمونە پێشەوا لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» لەبارەی بڕیاردان بەم شێوەیە دەدوێ: «ئەمن بەبێ تەسویبی کومیتەی مەرکەزی هیچ کارێک ناکەم، چونکە دێموکرات ئەوەیە کە



سەرچاوە Serchawe

شخص نەتوانێ مەسڵەحەتی میللی بێ موشاویرە بگرێتە دەستی خۆی.» ئەو بۆچوونەی پێشەوا سەرچاوەگرتوو لە باوەڕی قوول بە دیموکراسییە.

## یەکیەتیخوازی و باوەڕمەندبوون بە برایەتیی گەلانی ئازادیخواز و ئازاد

ا. کۆماری کوردستان ئەو یەکیەتییەی بە کردەوە لە نێوخۆیدا دروست کردووە. بۆ نموونە: لابردنی دووبەرەکی لە نێوان خێڵ و عەشیرەتەکان، هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە نێوان شار و دی و هەموو بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبێ جیاوازی، لە هەمان کاتدا دامەزراندنی هاوپێوەندیی نەتەوەیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا.

ب. هاوپێوەندی و هاوکاری لە نێوان کۆماری کوردستان و جمهوری دێموکراتیکی ئازەربایجان.

ج. پێوەندی لەگەڵ جمهوریی باکۆ و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتە.

د. پێکهێنانی ئەو هاوپێوەندییە لە ڕاپۆرتی بێگانەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە لە ڕاپۆرتی کونسولی بریتانیا لە تەورێزدا هاتووە: «...لە یەکەم ڕۆژەکانی ڕزگاربوون لە زۆرداریی ڕەزاشادا پیاوانی وەک قازی محەممەد هەوڵیان داوە کوردەکان یەکگرتوو بکەن...»

ه. پێشوازیکردن لە بارزانییەکان و تەنانەت بەشدارکردنیان لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی کۆمار خۆی باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو هەوڵەی پێشەوا و بەڕێوەبەرانی کۆمارە بۆ یەکیەتی و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان لە هەر چوارپارچەی کوردستان داویانە.

## پێشکەوتنخوازی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا

ا. هەولدان بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو.

ب. بایخدان بە بواری فەرهەنگی و لەشساغی.

ج. دەستەبەرکردنی بەستێنی ئەوە کە ژنان و لاوان بێنە نێو گۆڕەپانی سیاسی و لەو پێناوەشدا دامەزراندنی ڕێکخراوی لاوان و حیزبی یایان کە لە دوایەدا بوو بە یەکیەتیی ژنان.

د. بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵی و فسادی ئیداری.

ه. هاوڕەنگکردنی جلوبەرگی منداڵانەی قوتابخانەکان لە بەر ئەوەی هیچ منداڵێک هەست بە جیاوازیی چینایەتی نەکا.

و. کردنەوەی نەخۆشخانە بەناوی گوڵی سوور.

ز. هەڵمەتی کوتانی منداڵان بۆ پاراستنیان لە نەخۆشی.

ح. خوێندنەوەی خوتبەی نوێژی جومعە بەکوردی و کەلکوەرگرتن لە خوتبە بۆ بەئاگاکردنەوەی خەڵک و دورکەوتنەوە لە خورافات و لە هەمان حاڵدا پەرەپێدانی هەستی نیشتمانپەروەری لە نێو خەڵکدا.

ط. دامەزراندنی ڕادیۆ و سینەمای گەڕۆک.

ی. دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامەی «کوردستان» و بڵاوکراوەی دی.

### بایخدان بە پەروەردە و بواری خویندن

ا. بەڕەسمی کردنی زمانی کوردی.
ب. بە ئیجبارکردنی خویندن بۆ منداڵان بەبێ فەرق و جیاوازیدانانی ڕەگەزی.
ج. کردنەوەی قوتابخانەی شەوانە بۆ گەورەساڵان.
د. کردنەوەی قوتابخانەی زمانە بێگانەکان.

### بایخدان بە قانوون و قانوون پارێزی

ا. دەرکردنی قانوون بۆ هەموو ئەو بابەتانەی کە کاروباری کۆمەڵگەیان پێ ڕێک دەخرێ .
ب. دەرکردنی قانوونی سزادانی گشتی.
ج. دانانی وەزارەت یا ئیدارەیەک بە ناوی وەزارەتی داد.

### گیانی لێبوردەیی و پێکەوە سازان

کۆماری کوردستان لەوسەردەمدا نموونەیەکی شازە لە پێکەوە ژیان. ئاماژە بە چەند خاڵ لەو پێوەندییەدا جێی خۆیەتی:

ا. کردنەوەی قوتابخانە بە زمانەکانی بێگانە (ڕووسی، فەرەنسی و ئینگلسی)
ب. ئازادبوونی ئایینە ئاسمانییەکان لە بەڕێوەبردنی هەموو بۆنەکانی خۆیاندا.
ج. ئەو پێکەوەسازان وگیانی لێبووردەیە بەڕادەیەک کاریگەری هەبووە کە کونسوولخانەی بریتانیا لە تەورێز لە ڕاپۆرتێکدا بەو شێوەیە باسی ئەو بابەتە دەکا: «ڕاپۆرتی زۆر سەبارەت بەکاری بەڕێ و جێ و دادپەروەرانەی کوردان دەگاتە دستمان... ئەو مەسەلەیە بە ڕادەیەک بۆ خەڵکی ورمێ گرینگە کە تەنانەت گوتراوە بازرگانە عەجەمەکانی نێوشار حکومەتی کوردییان دەوێ، هەروەها خاوە موڵکەکانی ورمێش وا خۆ نیشان دەدەن کە لاینگری کوردانن...»
د. هەلسوکەوتی باش لەگەڵ دیلەکانی شەر. (تیمارکردنی بریندارەکان، پێدانی خواردنی باش، پێدانی ڕۆژانە ١٠ قران.)
ە. پێکهینانی ئەمنیەتێکی بەهێز بۆ پاراستنی سەروماڵی خەڵک. بۆ نموونە: لە حاڵێکدا هەموو یا زۆربەی خەڵک چەکدار بوون، بەڵام کەس هەڕەشەی لێ نەکرا. لە حاڵێکدا لە ئیران تیرۆر و ڕەشەکوژی هەرای نابۆوە و نائەمنی لە ئیراندا دروست کردبوو، خەڵک لە کۆماری کوردستاندا بە ئازادانە بیروڕای خۆیان دەردەبری و ئازادانە هاتووچۆیان دەکرد. خەلک ئازادانە گوییان لە ڕادیو ئەستامبول و لەندەن دەگرت، لە حاڵێکدا هەر لە تەورێزی دراوسێ خەڵک تەنیا مافی ئەوەیان هەبوو گویی لە ڕادیۆ مسکۆ بگرن.

(لە ژمارەی ٧١٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٨

---

## پرسی ڕێفراندۆم لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا

لە چەند مانگی ڕابردوودا خۆپیشاندانی نارەزایەتیدەربڕینی خەڵکی ئێران لە سیستمی کۆماری ئیسلامی پانتاییەکی بەربەرینی لە شار و شارۆچکەکانی ئێران گرتەوە و بوو بەهۆی ئەوەی بۆ یەکەمجار دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ترسیان لێ بنیشێ و تووشی جۆرێک لە سەرلێشێواوی ببن و هەتا چەند ڕۆژان نەتوانن خۆ کۆ بکەنەوە و بکەونە سەرکوتی خەڵکی وەزاڵە هاتوو لە سیستمی سیاسیی زاڵ بەسەر ئێراندا.

لە نێودەیان شوعاری جۆراوجۆری تابۆشکێنندا کە دران، دروشمی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی لە هەمووان زیاتر لەنێو دەسەڵاتداران و خەڵک و ئۆپۆزیسیوندا بوّتە جیگای موناقشە، هەر بۆیە هەموو هەوڵی دەسەڵات ئەوەیە لە چوارچێوەی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیدا پێناسەی بۆ بکا بەڵام ئۆپۆزیسیون و خەڵک بە پێچەوانەی دەسەڵاتداران مەبەستیان لە ڕێفراندۆم لە دەرەوەی بازنەی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامییە.

یەکێک لەو دەستەواژانەی کە لە بواری سیاسیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ ڕێفراندۆم یا بە واتایەکی دیکە گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵکە . بەو مانایە کە بۆ چارەسەری مەسەلەیەکی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی و یا کاراکردن و لەکارخستنی قانوونێک کە پێوەندی هەبێ بە هەموو کۆمەڵگەوە و پێویست بێ دەنگی خەڵکی بۆ وەربگیری؛ دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتە ئامادەکاریی دەکا بۆ بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم. لەڕاستیدا ڕێفراندۆم یەکێک لەو ڕێکارانەیە کە خەڵک ڕاستەوخۆ بە ئامادە بوون لە سەر سندووقەکانی دەنگدان دەسەڵاتی خۆی لە پرسێکی چارەنووسسازدا بە کار دێنێ.

لە ماوەی ٣٩ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا پرسی ڕێفراندۆم وەک مۆتەکەیەک ماوەتەوە و ماوەبەماوە بە مەبەستی جیاواز لەلایەن خەڵکەوە یا بەشێک لە دەسەڵات سەری هەڵداوە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی مەزهەبی ئیزنی بەڕێوەچوونی پێ نەداوە.



سەرچاوە Serchawe

هەر چەند لە قانوونی بنەڕەتیی ئیراندا لە چەند ئەسڵێکدا باس لە ڕێفراندۆم کراوە بەڵام لە هەر ئەسڵێکدا قانووندانەر بە دوای ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بوو هەتا بەشداریی خەڵک بۆ چارەسەری گرفتەکان.. هەروەک لە خۆپێشاندانەکانی ئەو دواییانەدا خەڵکی ناڕازی باسی ڕێفراندۆم دەکەن بۆ گۆڕینی هەموو پێکهاتەی نیزام بەڵام دەسەڵاتداران کە باس لە ڕێفراندۆم دەکەن، دەیگوازنەوە بۆ نێو بازنەی قانوونی بنەڕەتی ئێران.

ئێستا و جارێکی دی سەرۆک کۆماری ئێران لە وتاری ۲۲ی ڕێبەندانی ۳۹ ساڵەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی داوا دەکا بۆ چارەسەری کێشەکانی وڵات بە پێی ئەسلی ٥٩ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران پرس بە خەڵک بکەین و ڕێگاچارە لەوان بخوازین. ئەو لێداونەی ئاغای ڕووحانی لە یەکەم ڕوانگەدا باش دێتە بەر چاو و دەتوانین بڵێین ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییە کە دەسەڵاتدارانی ئێران دەنگی خەڵکیان بیستووە، بۆیە پەنا بۆ بەڕێوەچوونی ئەسڵی ٥٩ی قانوونی بنەڕەتی ئێران دەبەن؛ بەڵام کاتێک بە ناخی سیستمی کۆماری ئیسلامی و قانوونەکانیدا دەچینە خوارێ بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەو گوتارەی ئاغای ڕووحانی واتا گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک هیچ زەمانەتێکی ئیجرایی لە پشت نیە. لەبەر ئەوەی لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا ئەگەر ئەسڵێک باس لە گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک لە شێوەی ڕێفراندۆم بۆ چارەسەری گرفتەکان دەکا، چەند ئەسلی دیکەش هەن کە دەبنە لەمپەر لەبەرامبەر جێبەجێکردنیدا.

ئەسلی ٥٩ کە ڕووحانی پشتی پێ دەبەستێ تا لە ڕێگای جێبەجیکردنی ئەوەوە بتوانن خەڵک لەگەڵ سیاستەکانی خۆیان هاوڕا بکەن یا لە ڕێگای دەنگی خەڵکەوە پاشەکشە بە کۆمەڵێک قانوون بکەن کە لەمپەریان لەسەر ڕێگەی دەوڵەتی ڕووحانی دروست کردووە، تایبەتە بەو ڕێکارانەی وەک قانوون لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە مەجلیس دەردەچن و لە چوارچێوەی ساختاری قانوونی بنەڕەتیی ئێران دان و ئەوە خودی نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی ئێرانە کە سەرچاوەی هەموو کێشە و گرفتەکانە. ئەگەر ڕوونتر باسی بکەین ئەسڵی ٥٩ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران کە باس لە ڕێفراندۆم دەکا تەنیا لە چوارچیوەی پەسند کراوەکانی مەجڵیس لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی دایە. ئەوە ڕاستە کە قانوونەکانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، بەڵام کێشەکە لەوە دایە کە هەر بە پێی قانوونی بنەڕەتیی ئیران دەسەڵاتی بەرزتر هەیە کە فەرمانەکانی سەرووترن لە پەسندکراوەکانی مەجلیس و لە هەمان کاتدا بۆ جێبەجێکردنی ئەسلی ٥٩ پێویستە دوو لەسەر سێ هەموو ئەندامانی مەجلیس دەنگ بدەن بە جێبەجیکردنی ڕێفراندۆم و لە کۆتاییدا دەبێ ئەو بڕیارە بەلای ڕێبەریی نیزامەوە پەسند بێ. جیا لەوە لە شەش ئەسڵی دیکەی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا باسی ڕێفراندۆم کراوە. بە پێی ئەسڵی ٦ «دەبێ ئیدارەی وڵات بە پشتبەستن بە دەنگی خەڵک لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە بەڕێوە بچی، وەک هەڵبژاردنی سەرکۆمار و نوێنەرانی مەجلیس و... یا لە ڕێگای گشتپرسییەوە ئەو بابەتانەی کە لە ئەسڵەکانی دیکەی ئەو قانوونەدا دەستنیشان کراوەن چارەسەر بکرێن». بەڵام ئەسڵی ٩٩ی قانوونی بنەڕەتی ئێران باس لەوە دەکا کە شوڕای نیگەهبان چاوەدێری بەسەر هەموو هەڵبژاردنەکاندا دەکا و لە هەموو لایەک ڕوونە چاوەدێریی شوڕای نیگەهبان بە پێی پێکهاتەکەی ناتوانێ بێلایەن بێ؛ چونکە ئەندامانی ئەو شورایە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێن و لە بەرابەر هیچ دەزگایەکدا وەڵامدەر نین بێجگە لە ڕێبەر نەبێ و؛ لە حاڵەتێکی وادا ئەگەر ئەسڵی ٥٩ ش وەک خۆی جێبەجێ بکرێ دیسان ویستی خەڵک لە ڕێفراندۆم نایەتە دی و ڕەنگە لە حاڵەتی وادا ئاکامی ڕێفراندۆم بە

قازانجی ڕێژیمیش بشکێتەوە. بێجگە لەو حاڵەتە هەر بەپێی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئەسڵی ١١٠ دا بڕیاردان لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم لە دەسەڵاتی ڕێبەر دایە.

ئەگەر باشتر و وردتر بە ناخی قانوونی بنەڕەتی ئێراندا بڕۆینە خوارێ دەبینین لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا ناکرێ و ناتوانرێ بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری پشت بە ڕێفراندۆم لە چوارچێوەی نیزامدا ببەستین، چونکە ئەسڵی ١٧٧ بەڕوونی ئەو خاڵانەی دەستنیشان کردوون کە بۆ هەتاهەتایە - واتا هەتا کۆماری ئیسلامی بمێنێ - قابیلی گۆڕان و دەستکاری نین و ئەو خاڵانە لە ڕاستیدا سەلمێنەری جەوهەری نادێموکراتبوونی کۆماری ئیسلامین. ئەسڵی ١٧٧ باس لەوە دەکا کە پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتی یا پرسێکی سیاسیی گرینگ پێویستی بە ڕەزامەندیی ڕێبەر هەیە، هەروەها ئەو ئەسڵە پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە ئەسڵی ٥٩ هیچ پێوەندیی بە پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتییەوە نیە. هەر ئەو ئەسڵە لە کۆتاییدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە «ئیسلامیبوونی نیزام و هەموو ئەو قانوون و ڕێکارانەی کە لەسەر بنەمای ڕێوشوێنی ئیسلامی و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران و کۆماریبوونی حکومەت ویلایەتی ئەمر و ئیمامەتیی ئۆممەت... و دین و مەزهەبی ڕەسمی ئیران ئاڵوگۆڕیان بەسەردا نایە و دەستیان لێ نادرێ.» ئەو پێداگرییەی ئەسڵی ١٧٧ لە سەر ئەوانەی باسیان کرا نیشانەی ئەوەیە کە بەبوونی قانوونی بنەڕەتییەکی لەو بابەتە هیچ ڕێفراندۆمێک ناتوانی مەبەستی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئیران بێنێتە دی و ئاڵوگۆر لە سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتدا پێک بێ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئەگەر ڕێفراندۆم کە داوا و مەبەستی خەڵک و چالاکانی سیاسی و مەدەنییە لە چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا ناگونجێ، ئەدی سەرکۆمار بە چ مەبەستێک باسی دەکا ؟ لێرە دایە کە دەتوانین ئەو ئاکامە وەرگرین ڕێفراندۆمێک کە مەبەستی ئاغای ڕووحانییە بە هیچ جور ناچێتە خانەی داواکانی خەڵک، چونکە ئەگەر ئەوەی ڕووحانی بە پشتبەستن بە ئەسڵی ٥٩ باسی دەکا هەر وەک پێشتر گوترا بێتەدیش، ناتوانێ لە سەر ئەو قانوونانە بێ کە ماوەی ٣٩ ساڵە ژیانیان لە خەڵکی ئیران هەڵگرتووە. بۆ نموونە ناتوانرێ مەسەلەی دین لە دەوڵەت جیا بێ، یا ئازادیی ژنان بخرێتە بەردەم ڕێفراندۆم و دەنگی خەڵک، یا چاپەمەنی و حیزبە سیاسییەکان تێکۆشانی ئازادیان هەبێ...

ئەگەر بمانەوێ کۆماری ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی دێموکراتیک لە بواری بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمدا بەراورد بکەین، دەبینین خەڵکی ئیران بیرەوەریی ئەوەندە خۆشیان لە ڕێفراندۆم نیە؛ چونکی وەک باسمان کرد ڕێفراندۆم لە بنەڕەتدا ڕێکارێکی پێشکەوتووانەیە بۆ چارەسەری ئەو کێشە و گرفتانەی کە لایەنی دەسەڵاتدار ناتوانن چارەسەری بکەین و بۆ بڕیاری کۆتایی ڕوو لە دەنگی خەڵک دەکەن و پرۆسەکە بە شێوەیەکی دێموکراتیک و ئازادانە بەڕێوەدەچێ و ئەنجامی ڕێفراندۆم بۆ دەسەڵات و کۆمەڵگە حوکمی قانوونی هەیە و لەلایەن دەسەڵاتەوە جێبەجێ دەکرێ. بەڵام لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی ئێران و بە تایبەتی ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ڕێفراندۆم نەک نەیتوانیوە چارەسەر بەڵکوو هۆکارێکی بەهێز بووە بۆ چەسپاندنی دیکتاتۆریی دەسەڵات. هەربۆیە بە سەرنجدان بە سیستمی ئاڵۆزی دەسەڵات و چوارچێوەی قانوونییەکانی کۆماری ئیسلامی، بەڕێوەچوونی هەر ڕێفراندۆمێک بێ پەسند و



سەرچاوە
Serchawe

ملدانی ڕێبەر یا دوو لەسەر سێی ئەندامانی مەجلیس ئیمکانی بەڕێوە چوونی نیە و لەو حاڵەدا سەرۆک کۆمار و سەرۆکی دەزگاکانی دیکەی نیزام و دەستە و حیزبی سیاسی ناتوانن بۆ هیچ پرسێک کە داواکارییەکانی خەڵک وەدی بێنێ، ڕێفراندۆم بکەن.

(لە ژمارەی ٧٢٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠١٨

-------------------------------------------------------

## کۆماری ئیسلامی تێرۆر و ئاسنی ساردکوتان

تیرۆر یا کوشتنی سیاسی، جۆرێک کوشتنی بە ئانقەستی کەسێکی جیابیری سیاسی و دژبەری دەسەڵاتە و لەو کاتەوە کە کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەر کار و دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، بە دایمە تیرۆری وەک کەرەسەیەکی گرینگ، دانەبڕاو و وەلانەندراو لە خۆی بە دژی جیابیران و دژبەرانی بەکار هێناوە.

ئەگەر لە نێو لاپەڕەکانی قامووسەکاندا لە مانای تیرۆر بگەڕێین، لە هەمووواندا بە مانای خوڵقاندنی ترس و دڵەڕاوکێیە لە نێو کۆمەڵگەدا و زیاتر دەسەڵات دەیکا بۆ ئەوەی ژاری چاوی لە دژبەرانی گرتبێ. لە هەر کردەوەیەکی تیرۆریستی و بە گشتی لەکارکردنی تێرۆردا دەسەڵات هەموو هەولی ئەوەیە شوێنپێیەک لە دوای خۆی بەجێ نەهێڵێ وکوشتنەکە لە حالەتی شک و گۆماندا بمێنیتەوە؛ تەنانەت زۆر جاران هەر دەسەڵات خۆی هەول دەدا بە دانی زانیاریی هەڵە ڕێچکەی لێکۆلینەوەکان بە لاڕێدا بەرێ.

لە سەردەمی ئیستاشدا کەم نین ئەو دەوڵەتانەی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ جووڵانەوە ئازادیخوازییەکان پەنا بۆ تێرۆر و کردەوەی تێرۆریستی دەبەن و بۆ خۆیشیان ئیدیعای ئەوە دەکەن کە لە بەرەی خەبات دژی تێرۆردا جێ دەگرن. بەڵام کە چاوی بە کارنامەیاندا دەخشێنی، دەبینی لە پێناو بەرژەوەندییە سیاسییەکانیاندا دنیایەک جینایەت و کوشتاریان کردوە؛ کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک لەوانە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو دەوڵەتانەیە کە ڕێبەرانی تەنانەت پێش دامەزرانی ڕێژیمەکەیان تیرۆریان بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان بەکار هێناوە و دوای گەیشتن بە دەسەڵاتیش لە پێناو ڕاگرتنی ڕێژیمەکەیاندا بە بڵاوی کردوویانە؛ ئەوەش بۆ بنەما فیکرییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم دەگەڕێتەوە و لە پێکهاتەی دەسەڵاتیشدا نهادینە کراوە و جێ خراوە.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمەکەیان ڕا هەتا ئیستا لە سەر سێ بنەمای «هەناردەکردنی شۆرش»، «خولقاندنی قەیران لە نێوخۆی وڵات و ناسەقامگیرکردنی وڵاتانی ناوچە» و «بەکارهێنانی تیرۆر وەک کەرەسەیەکی کارا بۆ لە نێوبردنی جیابیرانی سیاسی و مەزهەبی لە نێو خۆی ئێران و دەرەوی وڵات» هەوڵی ڕاگرتن و درێژکردنەوەی ڕێژیمەکەیان داوە. لە پێشەکیی قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا کاتێک باس لە باسکی نیزامیی ئێران دەکا وەک «ئەرتەشی مەکتەبی» ناوی دەبا و لە باسی ئەرک و وەزیفەکانیدا دەڵێ: «لە پێکهێنان و ئامادەکاریی هێزەکانی بەرگریی وڵاتدا سەرنج لە سەر ئەوەیە کە ئیمان و مەکتەب بنەما و قانوون بێ، بەو پێیە ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئامانجە پێک دێن، نەک هەر بۆ پاراستنی سنوورەکان بەڵکوو ئەرکی مەکتەبی واتە جیهاد لە ڕێگەی خودا و خەبات لە ڕێگەی پەرەپێدانی حاکمییەتی قانوونی خودا لە جیهان دەکەویتە سەر شانیان». هەروەها لە ئەسلی ١١ی قانوونی بنەڕەتیدا هاتووە: «هەموو موسوڵمانەکان یەک ئۆممەتن و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی وەزیفە و ئەرکیەتی سیاسەتی خۆی لەسەر بنەمای هاوکاری و یەکیەتیی نەتەوەکانی موسوڵمان دابرێژێ و هەوڵ بدا یەکیەتیی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیی دنیای ئیسلام بێتە دی».

بەو خویندنەوەیەی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵات و دەسەڵاتداری لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی سنووره سیاسییەکانی هەیەتی و بەو ئەرک و بەرپرسایەتییەی بۆ ئەرتەش و سوپای وڵاتەکەی پێناسەی کردوە، سروشتییە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم تیرۆر وەک چەکێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بە کار بێنن. بەڵام دەبینین بە تێپەڕبوونی کات ئەو ڕاستییە زیاتر خۆ دەر دەخا کە هەر ئەو باوەڕانەی کۆماری ئیسلامی هێدی هێدی بۆی بوونەتە کێشە و، ئەم خۆرکەیە خەریکە لەشی کۆماری ئیسلامی دادەفەتێنێ. لەلایەکی دیکەوە تێرۆری دەوڵەتی لە ماوەیەکی زەمەنیی دورودرێژدا کە بە دژی جیابیران و دژبەرانی دەوڵەت و نیزام بە کار دێ ناتوانی ئاماژە و بەڵگە بێ بۆ بەهێز بوونی ئەو دەوڵەت و سیستمە سیاسییە؛ بەڵکوو بە ئاشکرا دەتوانێ نیشانەی لاوازی و ناسەقامگیریی ئەو دەوڵەت و سیستمە بێ. دەوڵەت و نیزامێکی سیاسی کە لە ماوەی چوار دەیە لە تەمەنی خۆیدا هەر ناچار بە تیرۆری جیابیران و دژبەرانی بووبێ، ئەوپەری لاوازی و ناسەقامگیریی خۆی دەردەخا. ڕوون و ئاشکرایە ئەم ڕێژیمە هەموو کاتێ لەوە دەترسێ کە بیر و ئەندیشەیەک جیا لە ئەندیشەکانی خۆی لە کۆمەڵگەدا پەرە بستێنێ و جێ پێی لەق بکا.

کوردستان لە ئێران هەموو کاتێ چەقی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بووە. تێرۆری دژبەرانی سیاسی و تێکۆشەرانی کورد و هەروەها لە مەیدان دەرکردنی جیابیرانی سیاسی و ئایینی بەڕێگەی تێرۆر هەمیشە ئەولەوییەت و لە سەرووی کار و بەرنامەکانی ڕێژیم لە کوردستان بووە. لە ئێستاشدا دەبینین ماوەیەکە ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی کە قەت لە گەڕ نەکەوتووە خێراییەکی دیکەی پێ دراوە. تەقینەوەکەی شەوی یەلدای ساڵی رابردوو لە بەردەم بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە شەهیدبوونی ٧ تێکۆشەری لێ کەوتەوە، هەروەها لکاندنی بۆمبی مێغناتیسی بە ماشێنی سەلاح ڕەحمانی، ئەندامی حدکا کە شەهیدبوونی سەباح ڕەحمانی، کوڕی ناوبراوی لێ کەوتەوە و؛ تێرۆری بەرنامە بۆداڕێژراوی قادر قادری، فەرماندەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوەڕاستی مانگی ڕەشەممەدا بەشێک لەو پیلان و کردەوە تێرۆریستییانەن کە بەداخەوە سەرکەوتوو بوون، لە



سەرچاوە
Serchawe

حاڵێکدا زۆر پیلان و هەوڵی تێرۆریستیی دیکەش لەلایەن ڕێژیمەوە لە گۆڕیدا بووە کە دەزگا ئەمنیەتییەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پووچەڵیان کردوونەتەوە.

ئێستا ڕەنگە بۆ زۆر کەس و لایەن پرسیار بێ کە بۆچی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکراتی کردووەتەوە بە ئامانج؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لای خەڵکی ئاگا بە مەسائیلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵۆز و گران نیە، بەڵام هەبوون و هەن کەس یا کەسانێک کە ڕەنگە ئەو ئاگایی و زانیارییەیان لە سەر پێگە و جێگای حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەبێ یان نەیانهەوێ کە ببیینن.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٧٢ساڵی رابردوودا سەرەڕای ئەو هەموو کەند و کۆسپەی کە هاتوونە سەر ڕێگەی بۆ ساتێک لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەوەستاوە و لەو ڕێگایەدا بە هەزاران ئەندام و کادر و پێشمەرگەی شەهید بوون و هەر ئەوە وای کردووە کە پێگەیەکی بەهێزی لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەبێ و لە ڕاستیدا ئەوی کۆماری ئیسلامی لێی دەترسێ ئەو پێگە جەماوەرییەی حیزبی دێموکراتە. هەروەها دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی باش بەو ڕاستییە دەزانن کە هەر کات بارودۆخ بۆ بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک لە کوردستان لەبار بێ و حاکمییەتی ئەوان لە ئێران درزی تێ کەوێ، کوردستان بە بوونی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردی لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران ئامادەترە بۆ بەربەرەکانی و قۆستنەوەی هەل و بە دەستەوەگرتنی بارودۆخەکە.

بەڵام ئاخۆ تێرۆر دەتوانێ پێش بەو ڕەوتە بگرێ؟ ئەوە ئاسنی ساردکوتانە کە کۆماری ئیسلامی چوار دەیەیە لەسەر ئەو قەوانە کۆنە دەڕوا. چوار دەیە تێرۆر و جینایەت و کوشتار لە کوردستان ئاکامەکەی بۆ ڕێژیم ئەوە بووە کە هەستی نەتەوەیی و شعووری شۆڕشگێری و مافخوازی لە کوردستان بەردەوام ڕوو لە گەشە بووە و، حیزبی دێموکرات سەرباری هەموو ئەو زەبر و خەسارانەی لە سۆنگەی سیاسەتی تێرۆری کۆماری ئیسلامی هەڵی گرتووە، بەڵام هەروا لە مەیدانە و هەروا خۆشەویست و جێی متمانەی هەراوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

(لە ژمارەی ٧٢٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٨

-----------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## دادگای میکونووس و سیاسەتی تیرۆری کۆماری ئیسلامی

(لە ساڵیادی بڕیارە مێژووییەکەی دادگای مێکونووسدا)

٢١ی خاکەلێوەی (١٠ی ئاوریل) بیرخەرەوەی بڕیاری ئازایانە و لە هەمان کاتدا دادپەروەرانەی قازی و دادوەرەکانی دادگای بێرلینە کە بە دادگای میکونووس ناوی دەرکردووە.

هاوینی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەسەر بانگهێشتی حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمان بۆ بەشداریی لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی سۆسیال ئینترناسیونال دەچنە ئاڵمان. دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی سۆسیال ئینترناسیونال د. سادق شەرەفکەندی بە هاوڕێیەتی کاک فەتاح عەبدولی و کاک هومایوون ئەردەڵان بە پێی بەرنامەی لەپێشدا داڕێژراو شەوی ١٧ی سێپتامبر بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەچنە ڕیستۆرانی میکونووس لە شاری بێرلین و دوای تێپەڕبوونی کاتێکی کەم لە کۆبوونەوەکە بە هۆی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەونە بەر دەستڕێژی بێبەزەییانەی گوللە، کە بەداخەوە هەر لەوێ د. سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و کاک فەتاح عەبدولی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و؛ کاک هومایوونی ئەردەڵان، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئاڵمان و نووری دێهکوردی دۆستی حیزب شەهید بوون.

دوای ڕووداوی میکونووس پۆلیسی ئاڵمان کەوتە خۆ و دوای ماوەیەکی کەم توانیی چەند کەسێک کە پێوەندیان بە تیرۆرەکەوە بوو دستبەسەر بکەن. دوای گیران و دەستبەسەرکردنی ئەو تاوانبارانە دادستانی ئاڵمان ٧ مانگ دوای ڕووداوی میکونووس، ئیدیعانامەی خۆی بە فەرمی پێشکەش بە دادگای بەرزی بێرلین کرد و دادگا دوای سێ حەوتوو تاوتوێکردنی ئیدیعانامەی دادستان لە ٢٨ی

ئۆکتۆبری ١٩٩٣ دەستی بە یەکەمین دانیشتنی خۆی کرد و پرۆسەکە سێ ساڵ و نیو درێژەی کێشا و لە ئاکامدا دادگا گەیشتە ئەو بڕیارە کە بکەر و بڕیاردەری ئەو تیرۆرە دەسەڵاتدارانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامین.

کردەوەی تیرۆریستیی مەئموورینی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە دەرەوەی وڵات تەنیا دوو مانگ دوای بە دەسەڵاتگەیشتنی ئەو نیزامە لە پاریس ڕووی دا و لەوێ بە دواوە شەقامەکانی پاریس، لەندەن، ویەن، بێرلین، ژێنێف و شارە گەورەکانی دیکەی ئورووپا بۆ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بوو بە جێگای ترس و دڵەڕاوکێ.

ئەو کردەوە تیرۆریستییانەی کۆماری ئیسلامی هەتا تیرۆری ڕێستۆرانی میکونووس کە بوو بە هۆی شەهیدبوونی د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی هەر ئیدامەی هەبوو، بەڵام بڕیاری دادگای میکونووس لەسەر ئەو پەروەندەیە و ناساندنی کاربەدەستانی ڕەدە باڵای کۆماری ئیسلامی بە بڕیاردەری سەرەکیی ئەو تیرۆرە، بوو بە هۆکارێک کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا دەست لە تیرۆری جەستەیی دژبەرانی خۆی بپارێزێ و بە واتایەکی دی تیرۆری د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کۆتا تیرۆر بوو کە تیمە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا کردیان.

لێرەدا پێویستە بە کورتیش بێ باس لە چەند تایبەتمەندیی حوکمی دادگای میکونووس بکەین کە بوونە هۆکارێک بۆ پاشەکشەپێکردن بە ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ئورووپایی.

١) حوکمی دادگای میکونووس تایبەتمەندییەکی مێژوویی هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە، دادگایەکی بەرز لە ئاڵمان دەسەڵاتدارانی پلەیەکی حکوومەتێک کە هێشتا لە دەسەڵات دان، و بەتایبەت کە لەگەڵ ئاڵمان پێوەندییەکی سیاسی - ئابووریی تایبەتی هەبوو، وەک بڕیاردەر و ڕێکخەری ئەو تیرۆرەی بە جیهان ناساند و بە تیرۆری دەوڵەتی ناوی برد.

٢) بڕیاری دادگای میکونووس بوو بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی پێوەندی سیاسیی خۆیان بۆ ماوەی ٧ مانگ لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی ڕابگرن و لە ئاکامدا لەگەڵ ئەو نیزامە گەیشتنە ڕێککەوتن کە چیدیکە لە ئورووپا کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام نەدا.

٣) حوکمی دادگای میکونووس پەیامێکی ڕوون بوو دەوڵەتە زلهێزەکان و کۆمەڵگەی جیهانی کە بە گوشار و شێلگیری و لیبڕاوییان دەتوانرێ لە زۆر بابەت و مەسەلەدا پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی بکەن.

٤) حوکمی دادگای میکونووس ئەوە ڕاستییەی دەرخست کە ئەو هێزە دەرەکیانە لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا لە ژێر فەرمان و بڕیاری ڕێبەری ئێران دان، ئێران تەنیا و تەنیا وەک کەرەسە و کاربەڕێکەر چاویان لێ دەکا و لە کاتی گیران و دەستبەسەرکردنیان کۆماری

ئیسلامی خۆیان لێ بێبەری دەکا و هەوڵ دەدا هەموو ئاسەوارەکانی پێوەندییان لەگەڵ تیمی تیرۆر یا دستە و تاقمی تیرۆریست پاک بکاتەوە و خۆی لێ بێبەری بکا.

٥) حوکمی دادگای میکونووس دەستی ئێرانی ڕوو کرد. چونکە داوای دەرچوونی ئەو حوکمە ئیدی کۆماری ئیسلامی وەک جاران نەیتوانی بە بیر و ڕای گشتیی ئێران و جیهانی بڵێ کە ئەو تیرۆرە کاری دووبەرەکی و یەکتر قەبووڵنەکردنی ئۆپۆزسیوونە واتە نەیتوانی کردەوە تیرۆریستییەکانی بە سەر ئۆپۆزسیوون و لایەنی دیکەدا بێنێ و خۆی لێ بێبەری بکا.

٦) حوکمی دادگای میکونووس لە نێوخۆی ئێرانیشدا لە لایەن خەڵکەوە کاردانەوەی لێ کەوتەوە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بوو هەتا ڕادەیەک فەزای سیاسی لە ئێراندا بکاتەوە و ئیسلاحتەڵەبەکان کە خاتەمی نوێنەرایەتیی دەکردن، بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دەڵێن کە بڕیاری دادگای میکونووس ١٠ هەتا ٢٠ لەسەد کاریگەریی بووە لە سەر کردنەوەی فەزای سیاسی و ئازاد لەو سەردەمدا؛ بەڵام بە خاترجەمی دەتوانین بڵێین کاریگەریی بڕیاری دادگای میکونووس لەسەر کرانەوەی فەزای سیاسی لە نێوخۆی ئێران زۆر لەو ڕێژەیە زیاتر بووە کە ئیسلاحتەڵەبەکان باسی دەکەن. بەڵام ئەوە کە لەوە زیاتر خەڵک و چالاکانی سیاسی نەیانتوانیوە بە شێوەی پێویست کەڵک لەو کرانەوەیە وەربگرن باسێکی دیکەیە.

لێرەدا پێویستە وەبیربێنینەوە لەگەڵ ئەوەدا دادگای بێرلین زۆر ئازایانە و چالاکانە و دادپەروەرانە بەڕێوەچوو، بەڵام هەتا ئێستا ئەو پەروەندەیە دانەخراوە و نەگەیشتۆتە دواقۆناغی خۆی، چونکە هێندێک لایەنی نارِوونی ماونەوە و بۆ وێنە هەتا ئێستا ڕوون نەکراوەتەوە کە چ کەسێک زانیاریی ئاوا ڕوونی هەبوو لەسەر کۆبوونەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی؟ یان ئەوەی مەسەلەی شێواوی لە کاتی بانگێشتن بۆ کۆبوونەوەکە بە مەبەست بووە یا بە ڕێکەوت وای بەسەر هاتووە؟ ئەوانە هێشتا ڕوون نەبوونەتەوە. هەروەها بڕیاردەر یان بڕیاردەرانی ئەو تیرۆرە هەتا ئێستا لەبەر دەم دادگادا ئامادە نەبوون و سزا نەدراون.

لەو پێوەندییەدا ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر شانی تێکۆشەرانی دێموکرات و هەموو ئازادیخوازان ئەوەیە کە نابێ ئێزن بدەین تیرۆری میکونووس و هەموو کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بچنە خانەی لەبیرچوونەوە و پێویستە بە دائیم کار بۆ ئەوە بکەین کە لە بیر و زەینی گەلانی ئێران و خەڵکی کوردستان و بیر و ڕای جیهاندا بە زیندوویی بمێنێتەوە و سیاسەتی تیرۆریزمپەروەرەی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە قاو بدرێ چونکە هەتا ئێستای لەگەڵ بێ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەستیان لە تیرۆری جیابیران و دژبەرابەرانی خۆیان هەڵنەگرتووە و لە پەروەردە و هەناردەکردنی تیرۆریست بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران خۆی نەپاراستووە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەگەر تیرۆری میکوونووس بۆ حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستان و سەراسەری ئێران خەسارێکی گەورە بوو، بەڵام بەڕێوەچوونی دادگای بێرلین (میکوونووس) و حوکمی ئەو دادگایە توانی هەتا ڕادەیەک قەرەبووی ئەو بێ

عەداڵەتی و نادادپەروەرییە بکاتەوە کە لە تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە ویەن دەرحەق بەو شەهیدانە و حیزبی دێموکرات و گەلی کورد کرا.

(لە ژمارەی ٧٢٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریل ٢٠١٨

--------------------------------------------------------

## قازی محەممەد، قۆناغەکانی دروستبوونی ڕێبەرێکی کاریزما

(بەشی یەکەم)

یازدەی بانەمەڕی هەر ساڵێک بۆ کورد بیرخەرەوەی ڕۆژی لە دایک بوونی پێشەوا قازی محەممەدە، بیرمەندێک و ڕێبەرێک کە بە سەرۆکایەتیی جووڵانەوەیەکی سیاسی، نوقتە گۆڕانێکی ئەوتۆی لە مێژووی هاوچەرخی کورددا پێک هێنا کە دوای تێپەڕ بوونی ٧٢ساڵ، نەمانی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی زاڵ بە سەر کوردستاندا و، تەنانەت ئاڵوگۆڕ لە سیستمی دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانەدا، ئیستاش بیر و فکر و ئەندێشەی پێشەوا بە ڕوخساری جووڵانەوەی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا دەبینرێ و لە ئاڵا و سروودی نیشتمانی و ناوی پێشمەرگە و... دا خۆی دەردەخا.

قازی محەممەد کوری قازی عەلی کوڕی میرزا قاسمی قازییە. قازی محەممەد بە پێی هەموو سەرچاوە بەردەستەکان خوێندنی سەرەتایی لای قازی عەلیی باوکی خوێندووە و ماوەیەکیش بۆ خوێندن چۆتە خانەقای شەرەفکەند(خانەقای شێخی بورهان) و، ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و سەرف و نەحوی عەرەبیی لای باوکی و زاناکانی دیکەی ناوچە خوێندووە. قازی محەممەد لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای فێربوون بووە، هەر بۆیە لەهەر جێگایە و لای هەر کەسێک هەستی کردبێ کە دەتوانی شتێک فێر بێ و بە زانستی زیاد بکا، لە چوون بۆ ئەو شوێنە یا لای ئەو کەسە درێغی نەکردووە؛ بۆیەش بێجگە لە زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی کە لە ناوچەکەدا باو بوون، ئاشنا بە زمانەکانی عەرەبی، ڕووسی، ئینگلیسی و فەرانسەویش بووە.

باسکردن ولێکدانەوە لە سەر کەسایەتیی پێشەوا کارێکی دژوارە وسەختە، چونکە پێویستە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی پێشەوا بکرێتە بابەتی توێژینەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی توێژەر و کەسانی ئاکادمیک، بەڵام لە بەرەبەری ١١ی بانەمەڕ، ڕۆژی لە

دایکبوونی پێشەوا بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆژە؛ لە زنجیرە نووسینێکدا، لە ڕوانگەی کۆمەڵێک نوسەر وکەسایەتیی سیاسی کە لە سەر کەسایەتی پێشەوا وتار و بابەتیان نووسیووە، لێرەدا بەکورتی باسیان دەکەین. ڕەنگە ئەو کورتە باسە بە هیچ جور لە ئاستی کەسایەتیی بەرزی پێشەوادا نەبێ، بەڵام دەتوانی ڕێز و وەفایەک بێ بۆ ڕێبەر وپێشەوای هەردەم زیندوو.

ـ خەلیل فەتاحی قازی لە کتێبی (تاریخچەی خانوادەی قاضی در مهاباد) لهبارهی هۆگریی پێشەوا بە فیر وون و خوێندنەوە ئاوا دەنووسی: «... لەکەمترین هەل کەلکی وەردەگرت بۆ فێر بوونی زانست و زانین، هەموو کات کتیب یا گۆڤارێک یا ڕۆژنامەیەکی بە دەستەوە بوو، زۆربەی کاتەکان کە بە شەقام یا کۆڵانێکدا بە پیادە تێپەر دەبوو، خەریکی خویندنەوەی ڕۆژنامە یا گۆڤارێک دەبوو؛ واتا بە دەم ڕۆیشتنەوە بابەتەکانی دەخوێندەوە.»

هەر ئەو هۆگرییە بە عیلم و زانست ئەو باوەڕەی لای پێشەوا دروست کردبوو کە نەتەوەکان تەنیا لە ڕێگای عیلم و زانستەوە دەتوانن پێش بکەون و بە سەر کۆسپەکاندا زاڵ بن. بۆیە پیشەوا زۆری پشتیوانی لەو خوێندکارانە دەکرد کە خەریکی خویندنی زانستەکانی ئەو سەردەم بوون و هەر ئەوە وای کردبوو لەلای خوێندکارانی دینی کە ئەو سەردەم خوێندنی دینی باو بوو، پێشەوا زۆر خۆشەویست و جێگای حورمەت بێ و وەک سەرپەرستی خۆیان هەڵیبژێرن.

ماموستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە وتارێکدا لەژێر سەردێری «لە سەر ژیانی پێشەوا» لە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٥، خاکەلێوەی ١٣٥١دا باس لە هۆگریی پێشەوا بە فێربوونی زانست و عیلمی سەردەم دەکا: «... هێشتا مێر منداڵ بوو کە لە زانستی زەمانی خۆیدا بە ماموستا دەناسرا. پاش ئیجازە وەرگرتن بەرگی مەلایانەی لە بەر نەکرد، لە گۆشەی حوجرە دانەنێشت و چالاکانە خەریکی کاری کۆمەڵایەتی بوو . بێ ئەوەی مووچە وەربگرێ، نوێنەرایەتیی فەرهەنگی مەهابادی وەئەستۆ گرت. یەکەمین قوتابخانەی نوێی ئەم شارە لە سایەی هەڵسووڕان و تێکۆشانی ئەودا دروست کرا کە خۆی بە سەری ڕادەگەیشت و دەرسیشی دەگوتەوە. بناغەی یەکەمی نەخۆشخانەی مەهابادیش بە دەستی ئەو داڕێژرا و لە ژێر چاوەدێریی ئەودا کەوتە کار...»

ماموستا حەسەنزادە لە درێژەی بابەتەکەیدا دەنووسێ: «... ڕەنگە هەوەڵ زانای ئایینی مەهاباد، بەڵکوو کوردستان بێ کە بێ ئەوەی گوێ بداتە سەرکۆنە و تەوس و پلاری کۆنە پەرستان لە گەل فەرەنگیان و غەیرەدینان هەستاوە و دانیشتووە و هاتوچۆی کردوون و فێری زمان و ڕێوشوێنی ڕۆژئاوایی بووە... زۆر بە موتالا وخوێندنەوە خەریک بوو، لە کتێبخانەکەی کونترین و تازەترین کتێب بەزمانەکانی جۆربەجۆر وەگیر دەکەوت. لە تەواوی ژیانیدا جگە لە کتێب هیچ دیارییەکی لە کەس نەگێڕاوەتەوە.»

ـ سەعید هومایوون لە کتێبی بیرەوەرییەکانی لەژێر ناوی «پێشەوای ڕابوون»دا لهبارهی هۆگریی پێشەوا بە فێربوون و ئاگاداری لە ڕووداوەکانی ناوچە و جیهان ئاوا باس دەکا: «قازی محەممەد بۆ ئاگاداری و تێگەیشتن لە وەزعی ڕۆژانەی جیهان و نێوخۆی وڵات زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی وەک: ڕۆژنامەکانی «شفق سرخ»، «اطلاعات» و گۆڤاری «پیمان»ی ئەحمەد کەسرەوی و

گۆڤاری کوردیی «گەلاوێژ» کە ماموستا عەلائەددین سەججادی لە بەغدا دەری دەکرد ، پەیدای دەکرد و دەیخوێندنەوە.» لە سەرەتای سیستمی نوێی خوێندن و دامەزرانی قوتابخانەکاندا سەرپەرەستیی ئیدارەی فەرهەنگ لە ئەستۆی ئەبولحەسەن سەیفولقوزات بوو، بەڵام دوای ماوەیەک بەرپرسایەتییەکەی درا بە قازی محەممەد. لەو ماوەی کە بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ بوو کاری زۆری بۆ کرد و لە کاتی بەرپرسایەتیی ئەودا یەکەم قوتابخانەی کچان لە مەهاباد کراوەتەوە. بەڵام دوای ماوەیەک بە هۆی کاری قەزاوت و پێڕاگەیشتن بە کاری خەڵک و عەشیرەتەکان و... وازی لە کاری ئیداری هێنا کە ئەوە هاوکاتە لەگەڵ سەپاندنی قانوونی «متحدالشکل کردن لیباس» بە دەستووری ڕەزا شا. خەلیل فەتاحی قازی دەنووسێ: «دەبێ ئیشارە بەوە بکەم چونکە ئەو سەردەم بوون لە کاری دەوڵەتی پێویستی بە پۆشینی جلوبەرگی هاوڕەنگ هەبوو و قازی محەممەدیش کە ئامادە نەبوو واز لە پۆشینی جلوبەرگی مەلایەتی و کاری قەزاوەت بێنێ، دەستی لە کاری دەوڵەتێ کێشایەوە.»

ـ لە کتێبی پێشەوای ڕابوون، «بیرەوەریەکانی سەعید هومایوون»، وەرگێرانی ڕەسولی سوڵتانیدا بەوشێوەیە باس لە دژایەتیی پێشەوا لەگەڵ هاوشکڵکردنی جلوبەرگ دەکا: «بویریی قازی محەممەد وێردی سەر زمانی خەڵک بوو . قەت سەری بۆ ملهوڕان و نێردراوانی دەوڵەت دانەدەنواند. لەکاتی حکوومەتی ڕەزاشادا ئەو دەمەی سەید مەهدی فەڕوخ، ئوستانداری ئازربایجان بۆ سەراسوێی و تاوتوێکردنی بارودۆخی ناوچەکە هاتە مەهاباد؛ گەورە پیاوان و سەرۆکی ئیدارەکان پێشوازییان لێ کرد. ئەویش بۆ خۆنواندن و چاوترسێنکردنی خەڵک و مەئموورەکانی، ڕوو دەکاتە قازی محەممەد و دەڵێ: بۆچی جلوبەرگی یونیفۆرمت لە بەر نەکردووە؟ قازی بەو پەری بوێرییەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: ئەمن قازی شار و ناوچەم و حەقی دادوەریی شەرعیم هەیە و ئازادم لە پۆشینی جلوبەرگی مەلایەتی. دوای ئەو قسەیە قازی هەڵدەستی و بەجێیان دەهێڵێ و دەچێتەوە ماڵێ. هەر چی فەرماندار و بەرپرسی ئیدارەکان تکای لێ دەکەن حازر نابێ بچێتەوە لای پارێزگار.»

ـ دوکتور قاسملوو لە چل ساڵ خەباتدا لهبارەی پێشەوا ئاوا دەنووسێ: «ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا پلە و مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازە پێگەیشتوو لە گەلی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن. هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو بەڵام پێشەوا قازی محەممەد ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بووکە لەو ڕۆژگارەدا وێنەی لەنێو نەتەوەی کورددا زۆر کەم بەدی دەکرا... لەگەڵ ئەوە کە ڕووناکبیرێکی پایەبەرز بوو لە نێو خەڵکێکی ساویلکە و بەداخەوە بەشی زۆری نەخوێندەواردا دەژیا، بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نیزیک بوو، لە دەرد وئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆر باش تێ گەیشتبوو و لە هێنانە گۆڕێ و دەرخستنی ئەو دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بە خۆڕایی نەبوو کە لای خەڵکی کوردستان ئەوەندە خۆشەویست بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا خەڵک نازناوی پێشەوای پێدابوو... پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕووا بوو.»

ـ ئارچیباڵد ڕۆزوێڵت لە کتێبی «شوق آموختن» (وەرگێرانی قادر وریا)، لەو بەشەی باسی کوردستانی ئێران دەکا، بەو شێوەیە باسی پێشەوا دەکا: «... بە گشتی خەڵک لە قازی ڕازی بوون و دەیانگوت کە پێکهاتنی دەوڵەتەکەی ئەو لە دوای قوناغی ڕەزاشا، سەرکەوتنێکی گەورە بووە و تەنیا نیگەرانی ئەوە بوون کە دەوڵەتەکە نەمێنێ... ئەوان مەمنوونی شووڕەوی بوون کە ئیمکانی

سەربەخۆیی بۆپێک هێناون، بەڵام لە سەر دەخاڵەت نەکردنی شوورەوی لە کاروباری وڵاتەکەیاندا و هاتوچۆنەکردنی مەئموورانی شوورەوی بۆ سەر شارەکەیان پێیان دادەگرت...»

وەک باس کرا پێشەوا هۆگرییەکی زۆری بۆ خوێندن و زانست هەبوو و هەمووکات پێی وابوو کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری بەهۆی خوێندنی عیلم و زانستە و ئەو بۆچوونەی خۆی لە وتوویژ لە گەڵ ئارچیبالد ڕۆزوێلت لەبارەی سیاسەتی ئەمریکادا بەمجۆرە دێنێتە بەرباس: «... ئەگەر ئەمریکا لە جیاتی ناردنی سێ هەزار سەرباز بۆ ئێران، تەنیا سەد مامۆستا (معلم)ی ناردبایە لەو وڵاتە چ دەقەوما؟ بەڵام ئەمریکاییەکان لە جیاتی یارمەتیدانی ئیمە، یارمەتیی دوژمنانی ئیمە، بۆ وێنە توورکەکانیان دا و ئەویش لە ڕێگەی ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ سەرکوتکردنی ئیمە.»

ـ ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە وتارێکی دیکەدا کە لە ڕۆژنامەی کوردستان لەژێر ناوی «با لە قازی محەممەدەوە فێر بین» بڵاو بۆتەوە؛ ئاوا دەنووسێ: «... پێشەوا سیاسەتمەدارێکی واقیعبین بوو. هیچ کات ئاوات و ئارەزووی لە جێی ڕاستی دانەدەنا و لە بارەی توانا و ئیمکاناتی خەباتگێریی خەڵک بە هەڵەدا نەدەچوو. ئەو دروشم و سیاسەتانەی بۆ کۆماری کوردستان هەڵی بژاردبوون کە دروشمی ستراتیژیکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوانەوە سەرچاوە دەگرێ نیشانەی ئەو واقیعبینیەن...»

(لە ژمارەی ٧٢٥ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٨

--------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## قازی محەممەد، قۆناغەکانی دروستبوونی ڕێبەرێکی کاریزما

(بەشی دووهەم)

ئەوانەی قازی محەممەدیان لە نزیکەوە دیوە چ کوردستانی و چ غیرە کورد هەموویان لە سەر ئەوە کۆکن کە پێشەوا وتاربێژێکی بە توانا بووە و وتارەکانی لە ڕستەی کورت کورتدا دەکرد و بە هەڵوێستەیەکی کورت ئیدامەی دەدا. لەو بارەوە هەموو کات پێشەوا لە دوای وتاردانیدا لە نیزیکانی خۆی دەپرسی کە وتارەکەی چۆن بووە. لەو بارەوە خەلیل فتاحی قازی لە کتێبی «مێژووی بنەماڵەی قازی»دا بیرەوەرییەک دەگێڕێتەوە و دەڵێ: «قازی محەممەد نیازی هەبوو بۆ چەند ڕۆژێک شار بەجێ بهێڵێ بە مەبەستی بەشداریکردن لە زماوەندی ڕەحیم ئاغا، کوڕی سەیفولقوزات لە ئاوایی گوێگجەلی. بۆیە بۆ ئارامیی شار لە دوای خۆی لە بەردەرگای شارەوانی قسەی بۆ خەڵک کرد و خەڵکی هان دا بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایشی شار و، تەشویقی کردن بە یەکیەتی و برایەتی. دوای قسەکانی پێشەوا خەڵک بە چەپڵەلیدان و «بژی قازی محەممەد» کۆتاییان بە کۆبوونەوەکە هێنا و دوای ئەوە پێشەوا بە هاوڕێیەتیی میرزا مەناف کەریمی و میرزا عەلی ڕەیحانی و چەند کەسی دیکە بەرەو گوندی گوێگجەلی مەهابادیان جێ هیشت. لە ڕێگادا قازی محەممەد لە میرزا مەناف کریمی کە لە نزیکی بوو، پرسی: نەزەرت لە سەر وتارەکە چ بوو؟ میرزا مەناف دەستی کرد بە پێداهەڵگووتن بە قازی محەممەد کە کەس ناتوانی وەک ئەو ڕەوانبێژ بێ. لە دواییدا ڕووی لە من کرد کە لە پشتی ماشینەکە دانیشتبووم گوتی فلانی ئەدی لە سەر ئەو بابەتە نەزەری ئیوە چیە؟ گوتم ئەگەر ئیزنم بدەی بێ پێداهەڵگوتن نەزەری خۆم دەردەبرم. فەرمووی بیلێ. گوتم جەنابی پێشەوا وشەکان زۆر دووپات دەکەیەوە و بێ پەردە و زۆر بە زمانی عامیانە قسە دەکەی. پێشەوا فەرمووی سەبارەت بە ئیرادی یەکەم هەوڵ دەدەم لە قسەکردندا دووپاتکردنەوەم زۆر کەم بکەمەوە و بەڵام سەبارەت بە ئیرادی دووهەمت، من لە قسەکردن بۆ خەڵک مەبەستم ئەوەیە کە هەموو چین و توێژەکانی بەشدار لە کۆبوونەوە لە قسەکانم تێبگەن. بەڵام هەوڵ دەدەم لە قسەکردنەکانی دواییدا نەزەراتەکەت وەبەر چاو بگرم.»



سەرچاوە
Serchawe

ـ ڕەحمان قازی لە کتێبی «ڕۆژگاری ونبوو»دا دەڵێ: «قازی محەممەد لە لای مامۆستا عبدولڕەحمان گیو و میسدال خانم فێری زمانی ئینگلیزی و، لای کەسێکی دی بە ناوی میرزا سمایل فێری زمانی ڕووسی بووە. هەر کات زانیبای کەسێک وشەیەک ڕووسی یا ئینگلیزی یا ئەلمانی دەزانێ هیچ سڵی نەدەکرد و یەکسەر دەچوو بۆ لای و داوای دەکرد فێری بکا. کتێبی وشەناسیی هەر سێ زمانی پەیدا کردبوو و بەردەوام دەیخوێندنەوە. هەر وەها ئەوکات کە ڕووسەکان لە ساڵی ١٩١٥ تا ساڵی ١٩١٧ دەسەڵاتیان بەسەر مەهابادا هەبوو، قازی محەممەد هەوڵی دا زمانی ڕووسی فێر ببێ و بەم شێوەیە قازی لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا توانی جیا لە زمانی زگماکیی خۆی، زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی و ڕووسی و تورکی فێر ببێ.

پێشەوا بێجگە لەو تایبەتمەندییانە کە لە سەرەوە باسمان کردن کەسێکی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاو بە خەڵک بووە و هەموو کات ویستوویەتی کۆمەڵگەی کوردەواری لە قافڵەی پێشکەوتن بە جێ نەمێنێ و بە کردار و بە گوفتار ئەو هەوڵەی داوە. لە کتێبی «پێشەوای ڕابوون»، بیرەوەرییەکانی سەعید هومایووندا هاتووە: «هەر پێشهاتێک لە ساڵەکانی ١٣٠٠ - ١٣٢٠ی هەتاویدا لە مەهاباد و موکریاندا ڕووی دابا، قازی محەممەد و ئەبوولقاسم سەدر قازیی برای، دەبوونە دەمڕاستی خەڵک و تەواوی کاروباری کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و ئیداری بە ڕێنوێنی و ئاگاداریی ئەوان جێبەجێ دەکرا. ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی کە بۆ یەکەم جار کۆمەڵەی شێروخورشیدی سوور لە مەهاباد دامەزرا قازی محەممەد پارچە زەوییەکی پێشکەش کردن کە دواتر نەخۆشخانەیەکی لێ سازکرا... قازی محەممەد بە ویستی خۆی لە سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵەی شێروخۆرشیدی سوورەوە هەتا سالی ١٣٢١ی هەتاوی سەرۆکایەتیی ئەو کۆمەڵەیەی وەئەستۆ گرت و وێڕای کاروبارەکانی دیکەی ئەو خزمەتە ئینسانییەی بە جێ دەگەیاند.»

ـ نەجەفقولی پسیان، هەواڵنێری ئەو کاتی ڕۆژنامەی «ئیتلاعات» کە لەو کاتدا لە نیزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی کوردستان بووە، لە کتێبی «لە مەهابادی خوێناوییەوە هەتا لێوارەکانی ئەرەس» لەبارەی پێشەوا ئاوا دەنووسێ: «قازی محەممەد لە کاتی دەسەڵاتدارەتیی خۆی لە مەهاباد بە شێوەیەکی تایبەت هەڵسوکەوتی دەکرد. بەوجۆرە ئیزنی نەدا لە شار قەتل و تاڵان و برۆ ڕوو بدا و ماڵی خەڵک بە تاڵان بچێ. لە دەورەی دوو ساڵ کە قازی محەممەد فەرمانڕەوا بوو تەنیا یەک کەس لە خەڵکی شار کوژرا، هەر بۆیە خەڵک هۆگرییەکی تایبەتیان بە قازی محەممەد پەیدا کردبوو.»

ـ حەمیدڕەزا جەلالیپور لە کتێبی «قازی محەممەد لە نیوان ساڵەکانی ١٣٢٠ - ١٣٢٤» دا لەبارەی پێشەوا ئاوا دەنووسێ: «... لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە قازی محەممەد بە عینوانی ماموستایەکی ئایینی کە باوکی قازی شار بوو، قۆڵی هیمەتی بۆ بەڕێوەبەری و چارەسەری کێشەکانی خەڵکی شار هەڵماڵی. ئەو لەو کاتەدا هێندێک لە خەڵکی شاری ئامادە کرد و بە داردەست و چەکی جۆراوجۆر چەکداری کردن هەتا لە بەرامبەر دزی و تاڵان و برۆ و دەستدرێژیدا پارێزگاری لە شار بکەن. ناوبراو هەروەها مەسەلەی خواردەمەنیی خەڵکی لەگەڵ کارمەندانی خۆجێی چارەسەر دەکرد و بە کردنەوەی مەحکەمەیەک و بەڕێوەبردنی ئەو مەحکەمەیە لەلایەن

خۆیەوە چارەسەری کێشەکانی خەڵک دەکرد. هەر بەو کار و کردەوانە بوو کە قازی محەممەد جێیّ خۆی لە دڵی خەڵکدا کردبۆوە و لەلایەن ئەو خەڵکەوە نازناوی «پێشەوا»ی پێ بەخشرا.»

ـ سەبارەت بە دڵسۆزیی پێشەوا بۆ خوێندنی منداڵانی مەهاباد و هەبوونی خوێندنگا لەو شارەدا مەناف کەریمی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەڵێ: «لە بیرمە لە دوای ڕووخانی حکوومەتی دیکتاتۆریی ڕەزاشا و داخرانی قوتابخانەکان، بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان قازی محەممەد زۆری زەحمەت کیشا. لەگەڵ چەند مامۆستایەک سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانەکان قسەی کرد و فەرمووی ئێوە دەرگای قوتابخانەکان بکەنەوە و بە منداڵانی ئەو نەتەوە بێبەشە وانە بڵێن، ئەگەر بە فرۆشتنی ئەم بەڕەیە (دەستی لە سەر ئەو بەڕە دانا کە لە سەری دانیشتبوو) بێت ناهێڵم ئێوە بێ مووچە بن.»

زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە کاری دادوەری و قەزاوەت بۆ بنەماڵەی قازی محەممەد سەرچاوەی داهات نەبووە، بەڵکوو کاری دادوەرییان تەنیا بۆ ڕاپەراندنی کاری خەڵک و پاداشی ئاخرەت کردووە و بژیوی ژیانیان لە ڕێگای داهاتی ئەو گوندانەوە کە لە ناوچەی بۆکان هەیانبوو، دابین دەکرد.

ـ ویلیام ئیگلتون جونیر لە کتێبی «جمهوریی کوردستان» لەبارەی کەسایەتیی پێشەوا و سووربوونی لە سەر بڕیار بەو جۆرە دەدەوێ: «بە پێچەوانەی هێندێک قازی، هەر کاتێک قازی محەممەد لە سەر مەسەلەیەک دوای لێکۆڵینەوەی ورد و پێویست بڕیاری دەدا، ئەو بڕیارە کۆتایی بوو و ئیمکانی نەبوو ئاڵوگۆڕی تێدا پێک بێ.» ناوبراو لە درێژەی بابەتەکەیدا دەنووسی: «ڕوخساری بەشێوەیەک بوو هەر کەس ئەوی دیتبایە مەجبوور دەبوو لە بەرامبەریدا ڕێز بنوێنێ... قازی وتاربێژ وسوخەنڕانیکی بەتوانا بوو، لە قسەکردندا عادەت و خووی وابوو ڕستەی کورت بە کار بێنێ و ئەو ڕستە کورتانە هێزێکی سەیریان تێدا بوو کە کاریان لە بیسەر دەکرد، لە نێوان هەر سێ چوار وشەدا هەڵوێستەیەکی دەکرد...»

ـ حوسێن فردوست کە دۆستی نزیکی شا بوو و لە منداڵییەوە هاوڕێ و هاوپۆلیی بوو، لە کتێبی بیرەوەریی خۆیدا بە ناوی (ظهور و سقوط پهلوی) بەو شێوەیە باس لە خۆشەویستیی پێشەوا و پێگەی دێموکرات دەکا لە نێو خەڵکی کوردستاندا: «... دوای ئەوە کە تەورێز و مەهاباد لەلایەن ئەرتەشی پاشایەتی گیرانەوە و هەر دوو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان ڕووخان، بە شا گوترابوو کە بە هۆی ئێعدامی قازی محەممەد خەڵکی مەهاباد پێشوازیت لێ ناکەن. هەر بۆیە محەممەدڕەزا ڕۆژێک بە منی گوت سواری ماشێن بە و بێ ئیسکۆرت و پارێزەر بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوتین و بە چەندین کیلومیترمان بڕی هەتا گەیشتینە مەهاباد. هەر دووکمان جلی نیزامیمان لەبەر بوو، لە نێو شار لە ماشێنەکە دابەزین و بە پێی پیادە شەقام و کۆڵانەکانی شارمان پێوا. هیچ کەس بە دەرەوە نەبوو، کەس پێشوازیی لێ نەکردین و تەنانەت فەرمانداریش نەهات بۆ پێشوازیمان. بەڵام خەڵک لە پشتی پەنجەرەوە تەماشایان دەکردین. خۆمان گەیاندە پادگان، هەموو سەربازەکان لە حاڵی پشوودانا بوون و بێجگە لە ئەفسەرێک هیچ کەس ئیمەی نەناسییەوە، بەڵام ئەو ئەفسەرە محەممەدڕەزای ناسییەوە و ئیحترامی نیزامیی دانا و دەستووری دا ئەفراد بۆ سان دیتن ئامادە بن؛

بەڵام محەممەدڕەزا ئیزنی نەدا و گوتی پێویست نیە.... کاتێک دەمانەویست بگەڕێینەوە لە مەیدانێکی بچووک و چۆڵدا دیتمان دارێک چەقێندراوە. محەممەدڕەزا بەمنی گوت ئەگەر هاتین ئێرە هیچ دارێکی لێ نەبوو و ئەو دارە لە ماوە کورتەدا چەقێندەراوە. ئێرە ئەو شوێنەیە کە قازی محەممەدی لێ ئیعدام کراوە. دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون دەرکەوت لەو ماوە کورتەدا چەند مەهابادی ئەو کارەیان کردووە. ئەوە وەزعی پێشوازیی خەڵکی مەهاباد بوو لە شا و جیاوازیی هەبوو لەگەڵ پێشوازیی خەڵکی تەورێز کە لە شایان کرد.»

ـ ئارچی ڕوزڤێلت لە میدل ئیست جورنال ١٩٤٧ ئاوا لە سەر کەسایەتیی قازی محەممەد دەنووسێ: «قازی محەممەد پیاوێکی زۆر بە دین و سادە و بێ فیز و دەعی بوو، نە جگەرەی دەکێشا و نە مەشرووبی دەخواردەوە. وێنەکەی خۆی کە لە پشت میزی کارکردنەکەی و بە دیوارەکەوە لە سەرووی نەخشەی جوغرافیایی دنیا هەڵواسرابوو، ڕەنگدانەوەی دەقاودەقی خۆی بوو، لەم وێنەیەدا پیاوێکی لاوازی ڕەنگ زەردی سیمای زاهیدانەی قژ کورتی ڕیش کۆرپە دەبینرێ کە شتێکی تێدایە کە کار زۆر لە بینەر دەکا، ئەویش پڕشنگی نیگایەتی. بەڵام لە پاڵ ئەم تایبەتمەندییانەوە، پیاوێکی ئاقڵ و بە فیکر و میانەڕەو بوو.»

(لە ژمارەی ٧٢٦ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٨

------------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## قازی محەممەد، قۆناغەکانی دروستبوونی ڕێبەرێکی کاریزما

### (بەشی کۆتایی)

ـ عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری لە کتێبی «یادادشتەکانم لە کۆماری کوردستان»دا لەسەر پیشەوا ئاوا دەڵێ: « قازی محەممەد» پلەی خوێندەواریی زۆر باش بوو. لە قوتابخانەی ئایینی و شەرع خوێندبووی و جگە لەوەش زۆر خۆی بە خوێندنەوەی کتێبە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە خەریک کردبوو. زمانی فەرەنسیی دەزانی و تا ڕادەیەکیش دەیتوانی بە زمانی ڕووسی قسە بکا. زمانی تورکی و فارسیی لە کوردی باشتر دەزانی و بە زمانی عەرەبیش جوان قسەی دەکرد. مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بوو. ڕزگاری کوردستانی بەلاوە گەورەترین ئاوات بوو. زۆر خۆبەکەمگر و خاکەڕایی بوو. ئەو کاتەی بە سەرۆککۆماریی کوردستان هەڵبژێرا هیچ گۆڕانێکی بە سەردا نەهات و هەمیشە خۆی بە خزمەتکاری میللەت ناو دەبرد و دژی «کەشخە و فەخ فەخە» بوو. زۆر هێواش و هێمن بوو. نەیدەزانی تووڕەیی چیە و زۆر جار سەری لە فەقیر و هەژاران دەدا و دەردی لێقەوماوان و هەژارانی تیمار دەکرد. زۆر جار لە کیسەی خۆی پارەی دەبەخشی. لە خوێندنەوەی وتاردا زۆر بلیمەت بوو، دڵی گوێگرانی بە تەواوی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. زۆر دژی زوڵم و زۆرداری بوو. هەمیشە ئامۆژگاریی سەرۆک عەشیرەتەکانی دەکرد کە واز لە چەوساندنەوەی جوتیارەکان بهێنن تاکوو ئەوانیش ئازاد و سەربەست بۆ خۆیان لە کوردستاندا بژین.»

ـ کریس کۆچێرا لە کتێبی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا لە زمانی ڕەحیم قازییەوە لەبارەی بواری فیکریی پێشەوادا ئاوا دەنووسێ: «لە بواری فیکرییەوە قازی محەممەد نە مارکسی بوو، نە سۆسیالیست و نە لیبرالی بوو. قازی محەممەد ڕێبەری وشیاری بزاڤێکی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی و ڕێبەری نەتەوەیی بە هۆش و گۆش بوو.» کریس کوچێرا هەر لەو کتێبەیدا دەڵێ:

«...کتێبخانەیەکی هەبوو کە پڕ بوو لە کتێبی مێژوویی و ئەدەبی بە زمانە جۆراوجۆرەکان. هەر وەها مێژووی سەلاحەدینی بە شانۆ نوسیبوو و شانۆی دایکی نیشتمان کە باس لە بەسەرهاتی نەتەوەی کورد دوای بەستنی پەیماننامەی سەعدئاباد - لەنێوان ئێران و عێراق و تورکیە لە سالی ١٩٣٧ - دا دەکا و ئەو شانۆیانە لە مەهاباد پیشان دران.

ـ ژەنەراڵ حەسەن ئەرفەع لە کتێبی کوردەکاندا بە ئاماژە بە کۆبوونەوەیەکی خۆی لەگەڵ قازی محەممەد بەو شێوەیە باس لە کەسایەتی و چاونەترسیی پێشەوا دەکا: «... هەر چەند سەدر و سەیفی قازی حزووریان لەو دانیشتنەدا هەبوو، بەڵام وەک قازی محەممەد بەڕاشکاوانە و بێ پێچوپەنا مەسەلەکانیان باس نەدەکرد. قازی محەممەد کە ڕاشکاوانەتر لەم دووانە قسەی دەکرد، لە سەرەتادا گلەیی لە گیروگرفتەکانی پێشوو کرد و پاشان لە گەندەڵی و ناکارامەیی دەزگاکانی دەوڵەت لە ناوچە کوردنشینەکان دوا و لەم بارەیەوە ڕەخنەی لەوە گرت کە حوکمەت بۆچی لە کوردەکان بۆ کاری دەزگاکانی بەڕێوەبەریی ئەو ناوچانە کەڵک وەرناگرێ...» حەسەن ئەرفەع دەڵێ ئەمن لە وەڵامدا باسی لوتفی شا و یەکیەتیی ئێرانییەکانم بۆ قازی محەممەد باس کرد کە دەبێتە پاڵپشتی ئەوە کە ئێران بۆ هەمووان بێ؛ بەڵام هەستم کرد کە قازی محەممەد کەسێک نیە بەو بایانە بلەرزێ و بێگومان لە داهاتوودا گیروگرفتمان بۆ پێکدێنێ. حەسەن ئەرفەع درێژەی دەدا و دەڵێ: «بە دوای ئەوەدا ئەمن پشتی ژەنەراڵ هوشمەند ئەفشارم گرت و هێرشی توندم کردە سەر سەربزێوییەکانی کورد. قازی محەممەد تووره بوو و بە منی گوت: ئەتۆ کۆنەپەرەستی.»

ـ درک کینان لە کتێبی «کردها وکردستان»دا ئاوا لە کەسایەتیی پێشەوا دەدوێ: «ئەو کەسانەی کە هەلیان بۆ هەڵکەوتبوو لەگەڵ قازی محەممەد دیداریان هەبێ، بێ ئیختیار کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کەسایەتیی پێشەوا و زۆر بە ئاسانی بۆیان دەرکەوتووە کە بۆچی بۆ میلیۆنان کەس بۆتە ڕەمز. قازی محەممەد پیاوێکی کورتە باڵا بوو - لەڕاستیدا مام ناوەند بووە - پاڵتۆیەکی نیزامیی لەبەردا بوو، نە سیگاری دەکێشا و نە ئارەقی دەخواردەوە، زۆر کەم خۆراک بوو. دەنگی نەرم و خۆشئاهەنگ بوو، حەرەکات و جووڵەی ئارام و لەسەرەخۆ بوو. جۆرێک ئینترناسیوناڵ بوو، ڕێز و حورمەتی بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان هەبوو و خۆشی دەویستن. چەند زمانی بیانیی دەزانی وەک ڕوسی، کەمێک ئینگلیسی و ئیسپرانتۆ. میزی کارەکەی پڕ بوون لە کتێبی ڕێزمانی زمانە بیانییەکان و ئەدەبیاتی بێگانە.››

ـ جەعفەر عەلی لە کتێبی «ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی» دا دەنووسێ: «قازی محەممەد بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان کەسایەتییەکی سیاسی - کۆمەڵایەتی، دینی، ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەری بەهێزی کورد بوو... بە بڕوای من دەرکەوتنی قازی لە رووی سیاسی و بەشداریی چالاکانەی لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی کورددا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی و بەتایبەت دوای بوونە ئەندام لە کۆمەڵەی «ژێکاف»دا. وەک بۆرزویی باس دەکا؛ ڕۆڵی قازی محەممەد لە بەدیهێنانی ئەو گۆڕانکارییانەی کە سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی سیاسی لێ کەوتەوە، زۆر لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی «ژێکاف» زیاترە؛ بۆ نموونە: قازی محەممەد هەوڵی داوە بۆ بە دەستهێنانی پشتیوانیی یەکێک لە دوو هێزە گەورەکانی سۆڤیەت و ئینگلیس. هەروەها هەوڵدان بۆ یەکخستنی هێزەکانی عەشیرەتی و تیرە و تایەفە جیاوازەکان و، هەروەها بە سیاسی لەقەڵەمدانی هێندێک بێزاری و ناڕەزایەتیی خەڵک لە دەوڵەتی ناوەندیی ئێران.»

ـ گۆڤاری هەڵاڵە ژمارە ٢، ساڵی ١٣٢٥ لە وتارێکدا بەم شێوەیە باسی پێشەوا دەکا: «هەر لە منداڵییەوە خاوەنی گیانێکی بەرز و و دڵێکی بەهێز بووە و نیشانەی گەورەیی و ئازا و ڕەشیدی و لەخۆبوردوویی تێدا دیاری داوە. ئاکارێکی جوانی هەیە و دەگەڵ هەموو تەبەقەیەک تێکەڵی دەکا و بە تایبەتی نیشتمانپەروەری لەگەڵ ڕەگ و خوێنی تێکەڵە. زۆری عەلاقە بە تەڕەقی و عیلم و زانست هەیە، لە بەر ئەوە لە تافی جەوانیدا چەند ساڵ بۆخۆی ڕیاسەتی فەرهەنگی ساباڵاغی وەعۆدە گرت و دەرسی نیشتمانپەروەری و میللەتی بە تەواوی فێری نەسڵی تازە کرد...»

ـ کەسایەتیی پێشەوا و پێگەی کۆماری کوردستان وای لە دەسەڵاتدارانی ئێران کردبوو کە کاتێک پێشەوا لە سەر بانگهێشتنی سەرۆکوەزیران، قەواموسەڵتەنە دەچێتە تاران، وەک سەرۆکی وڵاتێک لە فرۆکەخانەی تاران پێشوازیی لێ دەکرێ. حەوتوونامەی «کوهستان» لە ژمارە ٦٢ی خۆیدا ئاوای بڵاو کردووەتەوە: «تەیارەی ئاغای قازی محەممەد لە نێوان پێشوازیی گەرمی خەڵکێکی زۆری تاران کە لە فرۆکەخانەی میهرئاباد کۆ ببوونەوە، لە مەیدانی تەیارەخانە لە سەر زەوی نیشت. پێشوازیی ڕێبەرانی کوردی دانیشتووی تاران لەگەڵ دەربڕینی هەستی شادمانیی خەڵک هەنگاو بە هەنگاو ئەو میوانە خۆشەویستەیان بەڕێ دەکرد. ئاغای قازی محەممەد هەتا ئەوکاتە لە تارانن میوانی دەوڵەتن و لە ویلای ژمارە پێنجی میوانخانەی دەربەند نیشتەجێن. یەکەم دیداریان لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەت لە فەزایەکی دۆستانەدا بەڕێوەچوو. وتووێژی ئەساسی و بنەڕەتی لەم حەوتوویەدا دەست پێدەکا و ئومێد هەیە بەو نیازپاکییە کە لایەنەکان هەیانە مەسەلەی کوردستان بە شێوەیەکی باش و گونجاو چارەسەر بکرێ.» نموونەیەکی دیکە لە دانان بە کەسایەتیی بەرزی پێشەوا لەلایەن کاربەدەستانی تارانەوە لە حەوتوونامەی کوهستان ژمارە ٧٢ ساڵی ١٣٢٥دا بەرچاو دەکەوێ کە باس لە تلگرافێک دەکا قەواموسەڵتەنە بۆ پێشەوای ناردووە.

دەقی تێلێگرافەکە بەمجۆرەیە: «ئاغای قازی محەممەد! بە لەبەرچاوگرتنی بڕیاری من کە دەبێ هەڵبژاردن بە ئامادەبوونی هێزی ئەمنی کە لە ناوەندەوە دەنێردرێ بەڕێوە بچێ و پێویستە ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان بە هاوکاریی دۆستانە و ڕەزامەندی تەواوی ئێوە بەڕێوە بچێ؛ هەر بۆیە لە خۆی، شاپوور، ڕەزائیە و مەهاباد کە ناوچەی کوردنشینن، پێویستە دیاری بکرێ کە بە چ شێوەیەک ئێوە هاوکاریی هێزە ئەمنیەتییەکان دەکەن. هەتا لەو پێوەندییەدا فەرمانی دیار و ڕوون دەربچێ. .بە هاوکاریی دۆستانە و هۆگرییەکی تایبەت کە لەو ماوەیەدا لە شەخسی تۆم دیوە و هەستم پێ کردووە، لەو بەشەدا کە بابەتی کوردانی تێدایە چاوەڕوانیم هەیە ڕەزامەندیی تەواوی خۆت بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکان بە کردەوە پیشان بدی.»

ـ حوسێن مەدەنی لە کتێبی «کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان»دا لە سەر چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە هەلومەرجی ئەوکاتدا باس لە هەڵوێستی پێشەوا دەکا و دەنووسێ: «پێشەوا بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی کۆمار لە نێو چوارچێوەی ئێراندا ڕێگای ئاشتییانەی وتووێژی هەڵبژاردبوو. شیرازەی هەڵوێست و بۆچوونەکانی پێشەوا تەنیا لە ڕێبازی پەرەگرتووانەی دێموکراسیی سەرانسەری لە ئێراندا دەیتوانی بەرهەم و سەمەری خۆی بدا. پێشەوا بە حەق گاندیی کوردستان بوو و لە شەڕ و خوێنڕشتن نەفرەتی

هەبوو. بە نیازێکی پاکەوە وەدوا چارەسەری عادڵانەی مافی نەتەوەیی کورد کەوتبوو و لە گفتەکانی قەواموئسەڵتەنەدا ئاسۆیەکی ڕوونی دەبینی.»

هەر لەو پێوەندییەدا عەبدوڵڵا ڕەسوڵ پشدەری لە کتێبی «یاددداشتەکانم»دا ئاوا دەنووسێ: «قازی محەممەد هەر تەئکیدی لەسەر ئەوە دەکرد کە هیچ شەڕ و ئاژاوەیەک لە ناوچەکانی کوردستاندا دروست نەبێ لە مابەینی هێزی چەکداری کۆمار و سوپای ئێراندا، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی بیانوو بە دەستی حکومەتی ئێرانەوە بۆ تێکدانی وتووێژ.»

ـ عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (ماموستا هەژار) لەسەر چۆنیەتیی پێویستبوونی قازی محەممەد بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی «ژێکاف» لە کتێبی چێشتی مجێوردا ئاوا دەنووسێ: «بە نەمانی توانای حکومەتی پەهلەوی لە موکریان، قازی محەممەد بۆ بەرگری لە شار لە بەرامبەر هێرشی هۆزەکانی دەوروبەر، خەڵکی هان دا بە کڕینی چەک هەتا شەوانە کێشک بدەن. ڕۆژانە ئەوانی لە جێگایەک کۆ دەکردەوە و ئامۆژگاریی دەکردن. شار بە تەواوی لە دەست ئەودا بوو. پێمان خۆش بوو قازی ببێتە هاوکارمان، بەڵام ئەو ئێمەی بە هیچ نەدەزانی و بەلایەوە کەمایەسی بوو لەگەڵ چەند ڕەش و ڕووتێکی بێ ناوونیشان زرمەزلیتانی بکا. ئێمەش هەستمان دەکرد کە عشایر و خەڵکی سەرناس چەتوونە هەتا نەزانن سەرۆکمان پیاوێکی زل و شیاوی حورمەتگرتنە بێنە گەڵمان. بەڵام قازی چۆن چارە بکەین؟ ڕاماندەسپاردە ئەندامان و لایەنگرانمان کە لە کۆبوونەوە بۆ وتاری قازی بتەکنەوە. تا وای لێهات کە قازی خۆی هەستی بەوە کرد حیزب بەهێزە و گاڵتەی پێ ناکرێ، ئەوسا داوامان لێ کرد کە بێتە نێو حیزبەوە. قەبوولی کرد و زۆر زوو بڕیار درا قازی سەرۆکی کۆمەڵە بێ. ئیتر زۆر لە ئاغا و پیاوماقوڵان کە بچووکیی «قازی»یان پێ شەرم نەبوو هاتنە نێو حیزبەوە. قازی ماڵەکەی قۆناغی میوانانی ڕووس بوو و توانی نێوان حیزب و ڕووسان خۆش بکا.»

ـ غەنی بلوریان لە کتێبی «ئاڵەکۆک»دا لەسەر ئەم سەروبەندە کە هەژار باسی دەکا، ئاوا دەنووسێ: «دوای چەککردنی شارەبانی و هەڵاتنی فەرماندار، خەڵکی و پیاوماقوولانی شار گەیشتنە ئەو ئاکامە کە بۆ پاراستنی ئەمنیەتی شاری مەهاباد و چاوەدێریی بازاڕ و کوچەوکۆڵانەکانی شار، کەسێکی جێگای باوەڕ بۆ سەرپەرستیی شار دیاری بکەن، هەتا ئەویش چەند کەسێکی دیکە دەستنیشان بکا و بەرپرسیارەتیی شار وەئەستۆ بگرن. بۆ ئەو مەبەستە پیاوماقوولانی شار کە قازی محەممەدیش لە نێویاندا بوو لە شارەداریی شار کۆ بوونەوە. دوای باسێکی چەندسەعاتە گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە قازی محەممەد بە عینوانی بەرپرسیاری شار دەستنیشان بکەن و سەید خدر نیزامی بە عینوانی بەرپرسی ئەمنیەتی شار هەڵبژێرن. قازی محەممەد یەکەم کەسایەتیی شار بوو کە شایستەی بەڕێوەبردنی شاری هەبوو و خەڵکی مەهابادیش ئەوەیان بەباشی دەزانی.»

ـ حەمەدەمین شێخولئیسلامی (مامۆستا هێمن) لە پێشەکیی «تاریک و ڕوون»دا ئاوا لە سەر کەسایەتیی پێشەوا دەدوێ: «من لەمێژ بوو پێشەوام دەناسی و لە ڕۆژی تەنگانەدا دیبووم. بە دەست و تفەنگی خۆی پیاوێکی زۆر ئازا بوو. پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان چەند جار عەشایر هاتنە سەر مەهاباد و پێشەوا بۆخۆی لە یەکەم سەنگەردا بۆ دیفاع ئامادە بوو. ئەدی چۆن بوو ئەوجار تەسلیم

بوو؟ بۆخۆم لێم بیست گوتی لە سەرمانەوە ناچن و دەمانکوژن، بەڵام پێم خۆش نیە گەلەکەم بەجێ بێڵم و دەمەوی لە نێو ئەواندا بمرم.» ماموستا هێمن لە درێژەی ئەو بابەتەدا لەدەستدانی پێشەوا بە خەسارێکی گەورە دەزانی بۆ جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد و لە هەمان کاتدا بە زیانێکی گەورەی دادەنی بۆ جووڵانەوەی ئازادیخوازیی سەرانسەری ئێران: «ئەمن پێشەوام لە دڵەوە خۆش دەویست، بە ڕابەرێکی دڵسۆز و ژیرم دەزانی، بە کوردێکی پاک و چاکم دەناسی و بە موسلیحێکی یەکجار گەورە و مەزنم دەزانی. دەمزانی نەتەوەکەی خۆی چەند خۆش دەوێ و چەندەی پێخۆشە خزمەتی بکا، چەندە بە ئاواتەوە بوو کورد بگاتە ڕیزی نەتەوە بەختەوەرەکان. زۆرم هیوا پێی بوو گەلەکەمان بەپەلە بەرێتە پێش و وڵاتەکەمان زوو ئاوەدان بکاتەوە. لەو ماوە کورتەشدا دەزانین چەندی خزمەتی بەکەڵک کردن. بەڕاستی مەرگی پێشەوا نەک هەر بۆ نەتەوەی کورد بەڵکوو بۆ جووڵانەوەی ئازادیخوازی و دژی ئیمپریالیستیی سەرانسەری ئێران زیانێکی گەورە بووە. دەریایەک زانست و ئەدەب، دەریایەک فیکر و بیر بە دەستی زۆردارێکی سەرەڕۆ و نەزان وشک کرا و لەنێو چوو.»

ـ لە کتێبی «کۆماری کوردستان ١٩٤٦»دا ویلیام ئیگلتن باسی وتوێژی قازی محەممەد و باقرۆف دەکا کە چۆن پێشەوا لە سەر مافی نەتەوایەتیی کورد سوور بووە: «قازی محەممەد لەگەڵ دەستەیەک لە ڕێبەرانی کۆمەڵەی (ژێکاف) لە سەرەتای مانگی حەوتی ساڵی ١٣٢٤ بە سەردانێکی ڕەسمی چوونە باکۆ و لە دانیشتن لەگەڵ باقرۆڤ، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیست و سەرۆککۆماری ئازەربایجاندا باسیان لە پشتگیریی یەکیەتیی سۆڤیەت کرد بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران. لە وەڵامدا باقرۆڤ دوای باسێکی دورودرێژ باسی لەوە کرد کە تورکی ئازەربایجان یەکەم ئالاهەڵگرن بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، لە بەر ئەوە پێویست نیە کوردەکان زۆر پەلە بکەن. باقرۆڤ دەڵێ: دڵنیاتان دەکەم هەر کاتێک ئازەربایجان خودموختار بوو، ئازادی و ڕزگاریی ئێوەشی تێدا دەستەبەر دەکرێ. قازی محەممەد یەکەمجار نەبوو دەیدی کە ڕووسەکان مەبەستیانە کێشەی کورد لەگەڵ خودموختاریی ئازەربایجان تێکەڵ بکەن، هەر بۆیە لە وەڵامی باقرۆڤدا دەڵێ: «خەڵکی کوردیش وەک خەڵکی ئازەربایجان بۆ وەدەستهێنانی مافی سروشتیی خۆی هەوڵ دەدا.»

ـ حوسێن مەدەنی لە کتێبی «کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان»دا بەو جۆرە باس لە کەسایەتی وکاریگەریی پێشەوا دەکا لە سەر ئاشنابوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو دیاردە نوێیانە کە لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هاتبوونە کایەوە: «پێشەوا بۆ کورد ژیا و لە خزمەت ئامانجەکانی نەتەوەییدا هەرچی لە توانایدا بوو، کردی. پێکهێنەر و ڕێکخەر و پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو. تەنیا لە سایەی کەسایەتی و بلیمەتیی پێشەوا قازیدا بوو کە کوردستان بۆ یەکەمجار بەو دیاردە نوێیانە دەڕازێندراوە و ڕێبازی ناسیونالیزمی کوردیی پڕ ڕێبوار دەکرد و کۆمەڵی ناتەبای کوردی تەبا دەکرد و لەژێر ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستاندا کۆی دەکردنەوە.»

لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم نەخشی ئەو ڕێبەرە مەزنە لە بەرەوپێشچوونی خەباتی نەتەوایەتی و وەدیهێنانی ئامانجی لەمێژینەی

کوردان کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو، قەت لە بیر ناچێتەوە و بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی نەتەوەی کورددا تۆمار کراوە و سەربەرز و درەوشاوە دەمێنێتەوە و کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان شانازیی پێوە دەکەن.

(لە ژمارەی ٧٢٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٨

---

## ئەشکی تیمساح و ناشتنی خۆر

(لە پەراوێزی وتاری خامنەیی لەسەر پرسی ڕیفراندۆم بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین)

لە نوێژی هەینیی ئەمجارەی تاراندا کە هاوکات بوو لەگەڵ جێژنی ڕەمەزان، عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشنوێژ و وتارخوێن بوو. ئەو لە بەشێک لە قسەکانیدا جارێکی دی کۆمەڵێک کێشە و پرسی خستە پێش کە هیچ گرینگییەکیان بۆ خەڵکی ئێران نیە و وەک هەموو جاران هاتە سەر کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین. خامنەیی لە قسەکانیدا بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل باسەکەی هێنایە سەر ئەوە کە ڕاپرسییەک لە فەلەستین و هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسرائیلدا بکرێ و ئەنجامەکەی ببێتە سەنگی مەحەک و بەوە کێشەی دەیان ساڵەی نێوانیان ببڕدرێتەوە.

لە ڕاستیدا و لە یەکەم سەرنجدا ئەو قسەیە دووپاتە و چەند پاتەی باسێکە کە خامنەیی سەرەتا ١٦ ساڵ پێش ئێستا و لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەسیجییەکاندا کردی و لەو کاتەوە هەتا ئێستا لەگەڵ هەموو هەوڵێکی دەسەڵاتدارانی تاران هیچ کەس و لایەنێک ئەو پێشنیارەی وەک ڕێکار بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل وەرنەگرتووە. هۆکارەکەش ڕوونە، چونکی ئەو شێوە ڕیفراندۆمەی کە ئاغای خامنەیی مەبەستیەتی، ئەگەر بکرێ ئاکامەکەی نەمان و لەنێوچوونی دەوڵەتی ئیسرائیلە و هەموو لایەک و ئاغای خامنەیی و دارودەستەکەشی باش دەزانن کە شتی وا مەحاڵە؛ لە بەر ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل ٧٠ ساڵ پێش ئێستا (لە ساڵی ١٩٤٨) دوای ڕاگەیاندنی وەک دەوڵەت لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە بە ڕەسمی ناسراوە و دانی پێدا نراوە. ئیستا ئەوە حەق یا

ناحەق بووەتە ئەمری واقع و نەک زەحمەت، بگرە مەحاڵە کۆمەڵگەی جیهانی قەبوولی ئەوە بکا جارێکی دیکە لە هەموو ئەو ناوچەیەدا کە ئێستاکە بە فەلەستین و ئیسرائیل ناسراون ڕێفراندۆم بکرێ.

خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج ئەوەیە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی یا نازانی یا خۆی لە گێلی دەدا و یان بە ئانقەست دەیهەوێ بە هێنانەبەرباسی پرسی ڕێفراندۆم بۆ چارەسەری کیشەی ئیسرائیل و فەلەستین خۆی لە ئاستی بەرپرسایەتیی لە قەیران و کێشەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێستای وڵاتەکەی بدزێتەوە کە ئەو کۆمەڵە قەیرانەی بەهۆی سیاسەتی هەڵە و چەوتی ئەو لە ناوچە و جیهاندا بەرۆکی گەلانی ئیرانی گرتووە. خامنەیی بەو قسانەی ویستی وا نیشان بدا کە ئەو لە بەر خەمخواردن لە کێشەکانی دنیای ئیسلام ناپرژێتە سەر بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆی ئێران - کە لە ڕوانگەی جەنابیانەوە وادیارە هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی نیە - و چارەسەری قەیرانەکانی نێوخۆی وڵات تەنیا ئەوکاتە دێتە دی کە دەوڵەتی فەڵەستین بەو جۆرەی کە ئەو دیهەوێ پێک بێ و بەو بیرۆکەیە بێرورای گشتیی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بۆ لای ئەو قەیرانانە ڕابکێشێ کە خۆیان - کۆماری ئیسلامی - لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران یان خولقاندوویانە، یان دەنا ڕێگریان کردوە لە چارەسەرکردنیان. بەڵام ئەوەی خامنەیی ناتوانێ خۆی لێ لابدا ئەو حەقیقەتەیە کە لە ئێستادا خەڵکی ئێران کەمتر گوێ دەدەنە ئەو جۆرە قسانە و وەها باسگەلێک لای ئەوان نە بایەخی هەیە و نە لە بنەڕەتدا بۆیان گرینگە. خەڵکی ئێران لە ئێستادا خەمی گەورەیان ئەوەیە کە چۆن درمانی دەردی خۆیان بکەن و چۆن دەکرێ کە سەرەتا ڕێگاچارەیەک بۆ قەیرانەکانی نێوخۆی وڵات بدۆزرێتەوە و دوایە بەپێی پێویست بەدوای پرسە سیاسییەکانی ناوچە و جیهاندا بچن.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلدا، ئاغای خامنەیی باش دەزانی و بە ئاگایە کە مێژووی دروستبوونی ئەو کێشەیە بۆ کەی دەگەڕێتەوە و، چارەسەی ئەو مەسەلەیەش بێجگە لە شەڕی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل و ڕاپەڕینی فەڵەستینیەکان، کۆمەڵگەی جیهانیش چەندەی هەوڵ داوە بۆ چارەسەرکردنی. بەڵام بە داخەوە هەتا ئیستا نەتوانراوە ڕێگایەکی گونجاو کە هەردوو لایەن پێی رازی بن، بدۆزرێتەوە. ئەوەی گرینگ و جێی باسە ئەوەیە کە لە ماوەی ٤٠ سالی ڕابردوودا سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و خودی ئاغای خامنەیی یەک لە هۆکارە سەرەکی و هەرە بەهێزەکان بوون کە ڕێگریان کردووە لە وەدیهاتنی ئاشتی و ئارامی لە نێوان فەڵەستینیەکان ودەوڵەتی ئیسرائیلدا.

نیزامی کۆماری ئیسلامی چ لە سەردەمی خومەینی و چ لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی خامنەییدا سوور بوون لە سەر هەناردەکردنی شۆرش و قەیرانخوڵقێنی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان و لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی ئیسرائیل و فەلەستینیشدا ستراتیژییان ئەوە بووە کە هاندەری بەناو بەربەرەکانیی ئیسلامی بن کە ئامانجی لەنێوبردنی دەوڵەتی ئیسرائیلە. کارکردی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو مەبەستە هەر گوتارێکی سیاسیی ڕووت نەبووە، بەڵکوو بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە بە میلیاردها دۆلار لە سامانی گەلانی ئێرانیان خەرجی پێکهێنان و دروستکردنی ڕێکخراوی بناژۆخوازی ئیسلامی کردووە و هەمووکات لایەنێکی بنەڕەتی بووە لە تێکدانی ئاشتی و ئارامیی ناوچە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە خۆدی فەلەستینییەکان بە دوای چارەسەرێکی ئاشتیانەدا دەگەڕێن کە بتوانن لە سەر خاکی خۆیان

چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. لە هەمان کاتدا کۆمەڵگەی جیهانیش لە ویست و داخوازی فەلەستینیەکان تێ گەیشتووە و هەوڵ دەدا ڕێکاری پێکهێنانی دوو دەوڵەتی فەڵەستین_ ئیسرائیل لە تەنیشت یەکتری بێنێتە دی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکیەتیی ئورووپا و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و دنیای ئیسلامیش پشتگیری لەو چارەسەرە دەکەن و هەوڵی بۆ دەدەن. بۆ ئەو مەبەستەشە کە حکومەتی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین لە مێژساڵە وەک ئەندامی چاوەدێر لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگیراوە و ئاڵای دەوڵەتی فەلەستین لە بەر دەرگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕیزی ئاڵای وڵاتانی سەربەخۆدا دەشەکێتەوە.

لێرەدا جێی خۆیەتی و پێویستە ئەو پرسیارە لە ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکرێ کە ئاخۆ وەک دەڵێ باوەڕی بە ڕێفراندۆم و گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک هەیە بە مەبەستی چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکان؟ ئەگەر جەنابیان باوەڕیان بە ڕێفراندۆم بە مانای ڕاستیی وشە هەیە کە خەڵک لە ڕێگای دەنگی خۆیانەوە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، ئەی چۆنە دژی هەرچەشنە ڕاپرسییەکە لە نێوخۆی ئێراندا بکرێ، ئەویش لە کاتێکدا کە دەیان قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پرسی جیددیی جێی مشتومڕ بەرۆکی ئەم وڵاتەی گرتووە. نموونەش ئەو کاردانەوە توندە بوو کە لە بەرامبەر حەسەن ڕووحانی، سەرکۆماری ڕێژیمەکەیدا نواندی؛ کاتێک ناوبراو لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردوودا و لە وتاری ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی ڕووخانی دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیدا باسی لەوە کرد کە «ئەگەر لە جێیەک کێشەیەکمان لەگەڵ یەکتر هەیە با بگەڕێینەوە بۆ ئەسلی ٥٩ لە قانوونی بنەڕەتی و لە ڕێگای گشتپرسی و گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک چارەسەری کێشەکان بکەین.»

بێجگە لەو بابەتە کە وای دابنێین بابەتێکی نێوخۆییە، بۆچی کاتێک بەشێک لە نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان بۆ چارەسەری کێشەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق پەنا بۆ گشتپرسی وەک ئامرازێکی سەردەمیانە وپێشکەوتوو دەبا، جەنابیان نەک هەر هەڕەشە و دژایەتیی دەکا؛ بەڵکوو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی دیکە بە داخستنی سنوورە وێشکایی و ئاسمانییەکانی ئابلۆقەیەکی توندی ئابووری و سیاسیان خستە سەر هەرێمی کوردستان و تەنانەت هەڕەشەی دەستێوەردانی نیزامیشیان کرد؟ ئەو سیاسەتە دووفاقەیە بەرهەمی کام دنیابینی و خوێندنەوەیە کە ئاغای خامنەیی ڕەچاوی دەکا؟

ئاغای خامنەیی و دەسەڵاتدارانی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئەوە باش دەزانن کە لە سەدەی ٢١ دا نەتەوەیەکی زیاتر لە ٤٠ میلیونی بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە و هەمان ئەو زلهێزانە دابەشیان کردووە کە دەوڵەتی ئیسرائیلیان دروست کردووە. ئەگەر دروستکردنی ئیسرائیل هەڵەیە و غەدرە لە فەلەستینییەکان، دابەشکردنی کوردستانیش هەڵەیەکی مێژوویی و غەدرێکی گەورەیە لە نەتەوەی کورد کراوە؛ ئەدی چۆنە ئاغای خامنەیی ئەو مافە بە فەلەستینیەکان ڕەوا دەبینێ بەڵام بە کوردی ڕەوا نابینێ؛ تەنانەت ئەگەر ئەو ڕێفراندۆمە لە دەرەوی سنوورەکانی ئێرانیش بکرێ و هیچ زیانێک بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەگەیەنێ؟

لە ساڵی ڕابردوودا کە پرسی ڕێفراندۆم لە هەرێمی کوردستان وەک مافی بێ ئەملاوئەولای خەڵکی کوردستان لە ئارادا بوو، هەڵوێستی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی و ڕاگەیەنەکانی ڕێژیم لە نێوخۆی ئێران مان لە بیرە کە بە هەموو توانایانەوە ویستیان



سەرچاوە
Serchawe

وێنەیەکی تۆقێنەر لەو گشتپرسییە نیشانی خەڵکی ئێران بدەن و بە دەستکردی وڵاتانی ڕۆژئاوای دابنێن و ئاکامەکەی بکەنە مەترسی لە سەر ئەمنییەتی نیشتمانی. لە حاڵێکدا ڕاست بە پێچەوانەوە ئەگەر ئاشتیی فەلەستین و ئیسرائیل ئارامیی بۆ ئەو ناوچەیە دەگێڕێتەوە ،چارەسەری مەسەلەی کوردیش دەتوانی ئاشتی و ئارامی لەو بەشەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا مسۆگەر بکا.

دوا قسە ئەمەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی فەلەستین و خەبات و مافەکانیان ڕاستگۆ نین، هەروەک لەگەڵ خەڵکی خۆیان و نەتەوەی کورد و باقی گەلانی دیکەی ناوچەکەش ڕاستگۆ نەبوون و نین. ئەوان تەنیا بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان و مانەوەیان لە دەسەڵاتدا دەگەڕێن و لە کاتی تەنگانەدا ئامادەن گەلی فەلەستین و هەموو گەلانی دیکەش بکەنە قوربانیی مانەوەی خۆیان، بۆیە لە بەرابەر هەموو ئەو نیازپیسییەدا، وشیاری و کاردانەوە پێویستە.

لە ژمارەی ٧٢٨ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٨

## هۆکارەکانی پەلکێشکرانی د.قاسملوو بەرەو بۆسەی مەرگ

ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە: میللەتی کورد وەجاغی کوێر نییە، بەڵام هەتا ئیستاشی لەگەڵدا بێ کورد کوڕێکی دیکەی نەبووە بڵێ قاسملووم...

ـ ڕۆئیا حەکاکیان، نووسەری کتێبی پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە: ئەمن لەو لێکۆڵینەوەی کردوومە بۆم دەرکەوتووە کە لەنێو هەموو ئەوانەی بە دەستی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کراون و کوژراون، کەسێک کە دەیتوانی بێگومان ڕێبەرێکی نیشتمانی بۆ هەموو ئێران بێ، مسۆگەر عەبدوڕەحمان قاسملوو بوو...

***

کەسایەتی، زانایی و ئاستی بەرزی سیاسیی د. قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێگەیەکی قورسی دابوو بە حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی کوردستان و ئێران و دنیای دەرەوەش. هەر ئەوەش بوو کە دوژمن بە هەستکردن بەو پێگەیە هەوڵی دا ئەو دژبەرە سەرسەخت و کاریزمایە لەسەر ڕێگەی لاببا و بە پیلانێکی تێرۆریستیش توانی بەو ئامانجەی بگا.

٢٩ ساڵ لەمەوبەر، ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٣ی ژوئییەی ١٩٨٨) لە شاری ڤییەن، پێتەختی وڵاتی ئوتریش دەستی ڕەشی تێرۆر لە بەرگی دیپلۆمات و لەسەر مێزی وتووێژ بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێراندا گەیشتە د. قاسملوو، ڕێبەری

کاریزمای کورد و حیزبی دیموکرات. کۆماری ئیسلامی هیچ تێچوویەکی ئەوتۆی بۆ تیرۆری ڤیەن کە کوژرانی عەبدوڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا قادریئازەر لە ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات و فازیل ڕەسووڵ لە دۆستانی حیزبی لێ کەوتەوە، نەدا. لەگەڵ ئەوەی بەڵگەی ڕوون و تەواو بە دەست پۆلیسەوە هەبوو کە دەری دەخست بکوژەکان کێن و لە کوێن، تیرۆریستەکان لەژێر چاوەدیریی هێزە ئەمنیەتییەکانی دەوڵەتی ئوتریش بەڕێی ئێران کرانەوە و خوێنی بە ناحەقڕژاوی قاسملووی نەمر و هاوڕێیانی کرا بە بەهای خێروبێری ساتوسەودای بازرگانیی ئێران لەگەڵ ئوتریش.

پەروەندەی تیرۆری ڤیەن سەرەڕای دەنگدانەوەی زۆری لەو وڵاتە و دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری مێکونووس و هەوڵەکان بۆ هاتنەوە بەرباسی ئەم ڕووداوە لە کۆبوونەوەیەکی پارلمانی ئوتریشدا، هەتا ئێستاش بەستراوە و بێ ئەنجامە، هەڵبەت بۆ کورد و حیزبی دیموکرات ئەو پەروەندەیە هەمیشە بەکراوەیی دەمێنی هەتا ئەو کاتەی لە دادگایەکی دادپەروەردا فەرماندەر و بکەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە بڕیاری شیاوی خۆیان لەسەر دەدرێ.

## د.قاسملوو بۆچی بە پێی خۆی بەرەو پیری مەرگ چوو؟

بە پێی هەموو ئەو نووسینانەی لەبەردەست دان و ئەو زانیارییانەی لەسەر کەسایەتیی د. قاسملوو هەن، قاسملوو کەسێکی کەمتەرخەم نەبووە کە بەئاسانی بکەوێتە داوی دوژمن. بەتایبەت کە باش دەیزانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی فتوای کوشتنی داوە؛ بەڵام بە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئەو کاتی ناوچە و ئەم گۆڕانکارییانەی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و کوردستاندا هاتبوونە پێش، دەتوانین لێکی بدەینەوە کە د. قاسملوو لەبەرچی پەلکێشی ئەو دانوستانە تراژیدیکە کراوە.

ـ شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق لە بەرەکانی شەڕدا ڕاگیرابوون و دوو لایەن بە نێوبژیوانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتبوونە دانوستان بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە. ئێران و عێراق بەتەمابوون دوای گەیشتن بە قۆناغی ئاشتی (ڕێکەوتننامەی الجزایر ١٩٧٥)ی نێوانیان جێبەجێ بکەن. ئەو ڕێککەوتنە باس لەوە دەکا لەسەر سنووری فەرمیی هەر دوو لا بە قووڵایی ٢٠ کیلۆمیتر دەبێ چۆڵ بکرێ و ئاسەواری ژیانی لێ نەمێنێ و ببێتە ناوچەیەکی قەدەخەکراو و کەس بۆی نەبێ تێیدا بژی. ڕژێمی سەدام و لایەنی عێراق یەکلایەنە ماوەی چەند ساڵێک دەبوو کەوتبووە جێبەجێکردنی ئەو ئۆپەراسیونە و بە تایبەت لە ساڵانی ١٣٦٧ - ١٣٦٨دا بە تەواوەتی نێوەرۆکی ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایری لە باشوری کوردستان پیادە کرد و سیاسەتی زەویی سووتاویان خستە بواری جێبەجێکردنەوە. د.قاسملوو لە نیزیکەوە دەیدی حوکمەتی عێراق چی دەکا و لەوەش نیگەران بوو کە حوکمەتی کۆماری ئیسلامیش لە دوای شەر هەناسەیەکی بێتەوە بەر و ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمان سیاسەت بگرێتە بەر.

ـ د. قاسملوو دەیهەویست پێش ئەوەی بەغدا و تاران لێک نیزیک ببنەوە و ڕێکبکەون، کوردی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی گەیشتبێتە سازانێک، چونکە پێی وابوو دوای ئەو ئەمە کورد هیچی دەست ناکەوێ و چیی پێ نابڕێ.

ـ ئێران لە شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ عێراقدا شەکەت ببوو و قەیرانە نێوخۆییەکانیش برستیان لێ بریبوو. لەو هەلومەرجەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بەرنامەی تێپەڕین لەو قۆناغەیان هەیە. ڕەفسەنجانی وای دەنواند کە بەرنامەی سازان و ڕێککەوتن لەگەڵ دژبەرانیشی هەیە. وابوو کە پێشنیاری دانوستان و ڕێککەوتن لە نێوان حوکمەت و حیزبی دێموکرات (د. قاسملوو) هاتە گۆڕێ و بەرنامەی بۆ داندرا.

ـ لەو سەروبەندەدا خومەینی نەخۆشە و ململانێی نێوان قۆڵە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لەسەر دەسەڵات بەرەو ئاقاری توندوتیژی دەچوو. ئایەتوڵڵا سەید حەسەن تەباتەبایی کە یەکێک لە مەرجەعە تەقلیدەکانی شیعە بوو، ڕەخنەی توندی لە سیاسەتەکانی حوکمەت هەبوو و درێژەدانی شەر لە دژی عێراق و سیاسەتی سەرکوتی خەڵکانی نارازیی ئێرانی مەحکووم کردبوو. نارەزایەتییەکان لە نێوخۆ زیاتر دەبوون و ئەمەش ڕێبەرانی ڕێژیمی نیگەران کردبوو و دەیانەویست ئیبتکاری عەمەل لە هێزە کاریگەرەکان بستێنن. چەند مانگێک بوو حکومەت مێهدی هاشمی، یەکێک لە فەرماندە باڵاکانی سپای پاسداران و خزمی نیزیکی ئایەتوڵڵا مونتەزیریی بە تاوانی وەرێخستنی شەر دژی ئیسلام ئیعدام کردبوو، ئەوەش زیاتر ئاوری دووبەرەکیی نێو دەسەڵات لە تارانی خۆش کردبوو.

ـ ئەو ڕووداوانەی نێو دەزگای حاکمییەتی ئێران ئەو تێگەیشتن و بیرکردنەوەیەی لای وڵاتانی ڕۆژئاوایی دروست کردبوو کە لەنێو دەسەڵاتی ئێراندا دوو گرووپ هەن، گرووپێکی لیبراڵ و گرووپێکی توندئاژۆ. هەر بۆیە هەوڵیان دەدا پشتی ڕەفسنجانی بگرن کە وای دەنواند لایەنگری کرانەوە و سازان لەگەڵ دنیای دەرەوە و تەنانەت دژبەرانێتی. بەتایبەت کە ئێرانی وێرانی دوای شەڕ پێویستیی بە سەدان میلیارد دۆلار سەرمایە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە شەڕلێدراوەکان و بووژاندنەوەی ئابووریی تێک تەپیوی وڵات هەبوو، و هەموو ئەوانە زەروورەتی ئاشتەوایی هەمەلایەنەی دەهێنایە پێش چاو.

ـ لە مارسی ١٩٨٨ (ڕەشەممەی ١٣٦٦ی هەتاوی) شاری هەڵەبجە بە بۆمبی شیمیایی هێرشی کرایەسەر. د. قاسملوو ئەو بۆمبارانەی مەحکوم کرد، ئەوە ساردیی خستە نێو پێوەندییەکانی حیزبی دیموکرات و حوکمەتی عیراق و حیزبی دیموکرات لەوە نیگەران بوو کە بکەوێتە نێو بەرداشی دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق.

ـ دۆخی داسەپاوی نوێ بەسەر شوێنی مانەوە و شێوەی چالاکیی هێزی پێشمەرگە و داهاتووی پڕ ئەگەر و ئەمای ئەم هەلومەرجە دوکتور قاسملووی هێنابووە سەر ئەو قەناعەتە کە هەم ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لەو دۆخە ببینێتەوە و هەم وزەی خەباتگێڕیی حیزبی دێموکرات لەسەر پێ ڕابگرێ.



سەرچاوە Serchawe

ـ لە دەوری دووهەمی وتووێژەکـان لە سـاڵی ١٩٨٩ (جۆزردانی ١٣٦٨) خـومەینی مرد و بەپێـی هەمـوو پێـوانەیەک مـەنتیقی دەهـاتە بەرچاو کە ڕەفسنجانی لە پۆستی سەرکۆماریدا ( و لە حاڵێکدا کە نازناوی «سەرداری سازندەگیی» درابوویـە) ئـامادەیی پتـری هـەبێ بۆ چارەسەری کێشە نێوخۆییەکان بە تایبەتی پرسی کورد لەم وڵاتە.

ئەمانە و ڕەنگە زۆر هۆکاری دیکەی ئاشکراو شاراوە بووبن بۆ ئەوەی د. قاسملوویان بەرەو ئەو وتووێژەی پـاڵ پێـوە نـابێ و لە هەمـوو ئەوانە گرینگتر بـاوەری بنەمایی د.قاسملوو بە چارەسـەری ئاشتییانەی پرسـی کورد فاکتـەرێکی دیکەیـە کە وەک دیمـان لـە پێنـاو ئەو بـاوەرەدا گیـانی خۆی دانـا. لە یەک رستەدا دەتـوانین بڵێین مـەنتیق و چەکـی سـەرەکی و دڵخوازی د.قـاسملوو لە ڕاستیدا وتـووێژ و دانوستان لەگەڵ نەیارانی و پابەندبوون بە ئوسووڵەکانی دێموکراسی بوو.

## پیلانی کۆماری ئیسلامی بۆ لە داوخستنی د.قاسملوو

کۆماری ئیسلامی ماوەی ١٠ساڵ بوو هەناسەی ئاسوودەیی لە کوردستان نەدابوو. پێگە و هێزی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کوردستان و تـەنانەت ئێراندا کۆماری ئیسلامیی هەراسان کردبوو، بەتایبەت کە زەبری قورسی گیـانی و ماڵیشی لـە سۆنگەی شـەڕی کوردسـتان و خەبـات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتەوە وێ کەوتبوو و دەیویست دوای تەواوبوونی شەڕ لەگەڵ ئێـران عێـراق خـۆی لەگـەڵ کێشـەی دژە شۆرشیش! یەک لا بکاتەوە. ڕێژیم لە مەیـدانی شـەری نیزامیـدا بـۆی دەرکەوتبـوو کە نـاتوانن بـەرەنگاری هێـزی پێشـمەرگە - کە خـۆی لەگەڵ هەلومەرجەکە گونجانـدووە و پێکهاتـەی تەواو پـارتیزانی بە خـۆیەوە گرتـووە - ببنـەوە و لە کوردسـتانی وەدەرنـێن؛ هەر بـۆیە دەبوا بەدوای چارەسەرێکی دیکەدا بن کە ئەویش وتووێژ لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان و شەخسی د.قـاسملوو بوو. لەو وتووێژانە یان حیزبی دێموکراتیان ناچار بە سازان دەکرد، یان دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەرەخسا لە سەری حیزبی دێموکرات بدەن.

ڕفسنجانی بـە هێنـانی دوکتـور قـاسملوو بـۆ سـەر مێـزی وتـووێژ - بـەدوای دوو ئامـانجەوە بـوو کە هەر دووکیـان لاوازکردنـی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی لـێ دەکەوتنـەوە. یەکـەمیان ڕاکێشـانی حیزبـی دێمـوکرات بـۆ گـۆڕەپـانی سیاسیی نێوخـۆی وڵات وەک حیزبێکـی سیاسیی ڕێگەپێدراو بەپێی قانوونی بنەڕەتیی وڵات کە چەکداماڵین لە هێزی پێشمەرگە بەدوودا دەهات؛ لە قۆناغی دووهەمدا ئەگەر د.قـاسملوو ملی بۆ ئەو داوا و پێشنیارە نەدابا، لە هەلی مومکیندا بیکوژن و حیزبی دێموکرات بێ سەر بکەن.

بۆ جێبەجێبوونی ئەو پیلانە لە پێشدا دەبوا متمانەی د.قـاسملوو وەدەست بێنن و هەتـا ئەو جیگـایە بچنە پێش کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پێشنیاریان بە د.قـاسملوو کرد کە پێویستە هەر بە تەنیا تۆ ببینین، د.قـاسملوو بـاوەریان پێ بکا و بەپێی خۆی بچێتە قەتڵگە و بەداخەوە پیلانەکەشیان سەری گرت.

لە ژمارەی ٧٢٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٨

---------------------------------------------------------

## لە تاوانی ڤییەن هەتا بڕیاری مێکونووس

لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا کە لە ژمارەی پێشووی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا و لە ژێرناوی «هۆکارەکانی پەلکێشکرانی د. قاسملوو بەرەو بۆسەی مەرگ» چاپ و بڵاو بۆوە، باسمان لەوە کرد کە چۆن کۆماری ئیسلامی لە نیازپاکیی د. قاسملوو بۆ چارەسەری پرسی کورد کەلکی خراپی وەرگرت و پیلانیان لە دژی گێڕا، بەڵام ئەوەی گرینگ بوو ئەمە بوو کە چۆن بتوانن متمانەی دوکتور قاسملوو وەدەست بێنن و بیخەنە بۆسەی مەرگەوە.

لە قۆناغی یەکەمدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە نییەتی ئاشتیخوازانەی خوالێخۆشبوو جەلال تاڵەبانی کەڵکیان وەرگرت. بەوەش دوو ئامانجیان دەپێکا: یەکەم کوشتنی د.قاسملوو و دووهەم چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور. بەڵام لەگەڵ ئەوەی چەند گەڕ و دانیشتن لەنێوان دوکتور قاسملوو و تیمە تێرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامی بە بەشداریی مام جەلال (وەک لایەنی سێهەم) دەکرێ، کەچی لەبەر کارڤایمیی مام جەلال و چەند هۆیەکی تر پیلانەکەیان بۆ ناچێتە سەر و ئەمجارەیان بەبیانووی درکاندنی نهێنیی وتووێژەکانەوە هەوڵی لادانی مام جەلال و یەکیەتیی نیشتمانی لە ڕەوتی دانوستانەکاندا دەدەن.



سەرچاوە Serchawe

له فازێ نوێی پیلانەکەدا کە لەدوای مردنی خۆمەینی دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ د. فازیل ڕەسووڵ، نووسەر و کەسایەتیی ڕووناکبیری کوردی باشووری کوردستان کۆدەبنەوە و وەک نێوبژیوان بۆ درێژەدانی گەڕی نوێی دانوستانەکان ئەرکداری دەکەن. دوکتور فازیل ڕەسووڵ دوای سەردانی دوکتور قاسملوو لە پاریس و گەیاندنی پەیامی لایەنی ئێرانی لەسەر کاتی دانوستانەکان ڕێک دەکەون و بەمجۆرە دوکتور قاسملوو بە پێی خۆی دەچێتە نێو بۆسەی مەرگەوە.

دانیشتنەکەی یەکەم کە ڕۆژی ١٢ی مانگی جولای دەبێ، لایەنی ئێرانی زیاتر بۆ کات کوشتن و شناسایی وردتری شوێنی کۆبوونەوەکە دایدەنین و سبەینێی ئەو ڕۆژە پیلانەکەیان جێبەجێ دەکەن. دوای تیرۆرەکە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس هەموو وردەکارییەکانی جینایەتەکەی ئاشکرا، دەکا بەڵام سیاسەتی دەرەوەی ئوتریش شتێکی دیکەی دەویست. ئەوان لە پێناو بەرژەوەندیی ئابووریی و سەودای خۆش و پڕ خێروبێر لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دادپەروەری و سەروەریی میللیی وڵاتی خۆیشیان وەلا نا.

له کۆبوونەوەیەکی پارلمانی ئوتریشدا کە بۆ تاوتوێی پەروەندەی تیرۆری ڤییەن پێکهاتبوو، پارلمانتارێکی فراکسیۆنی لیبرالەکان دەڵێ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان لەهەمبەر ئێراندا نەک لەسەر بنەمای سەروەریی نیشتمانی، بەڵکوو بەرژەوەندیی ئابووریی مەوداکورت بووە و لەو بارەیەوە بەتوندی ڕەخنەی لێدەگرێ. ئەو دەڵێ ساڵی ١٣٦٣ لانس، وەزیری دەرەوەی ئوتریش یەکەم سیاسەتمەداری ڕۆژئاوایی بوو کە پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ سەردانی ئێرانی کرد. هەروەها ساڵی ١٣٦٦ ئوتریش یەکەم وڵاتی ڕۆژئاوایی بوو کە «ویلایەتی»، وەزیری دەرەوەی ئێرانی بانگهێشت کرد. کاتێکیش لە ساڵی ١٣٦٨دا فتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدی لەلایەن ڕێبەری ئێرانەوە درا، هەموو وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا باڵوێزەکانیان لە تاران کشاندەوە، تەنیا ئوتریش نەبێ کە پێشتر بەبیانووی پشوو گەڕابوونەوە و دەوڵەت نەیویست نێوانی لەگەڵ ئێران تێک بدا.

دیارە بەدەر لە چۆنیەتیی پیلانی وردی کۆماری ئیسلامی بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی ئەم تیرۆرە، کەمتەرخەمییەکانی لایەنی حیزبی دێموکراتیش ڕەخنەی جیددیی لەسەرە، بۆ نموونە نەدەبوا قایل بەوە بن کە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و شەخسی مام جەلال لە دانوستانەکە دەراوێژرێن، یان کاتێک کە کۆماری ئیسلامی پێشنیاری ئەحمەد بێنبەلا، سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلجەزایر وەک لایەنی سێهەم لە وتووێژدا ڕەت دەکاتەوە و د. فازیل ڕەسووڵ پێشنیار دەکا، سەیرە دوکتور قاسملوو ناکەوێتە گومان و ئاسان بەوە مل دەدا. یان کاتێک لایەنی ئێرانی لە پڕدا کەسێکیان پێ ئیزافە دەبێ لایەنی حیزبی دیموکرات بۆ ڕازی بوون یا بۆ ئەوانیش کەسێکیان بە هەیئەتە ئیزافە نەکردووە؟ ڕەنگبێ زۆر لێکۆڵینەوەی ورد و هەمەلایەنە، یان ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دەسکەوتنی زانیاری لە ناوەندە ئەمنیەتییەکان ڕۆژێک ڕووناکایی بخاتە سەر ئەو تاریکییە کە چی وایکرد دوکتور قاسملوو ئەو متمانەیەی لا دروست بێ تا ئەرخەیان لەگەڵ تیرۆریستەکان دابنیشێ.

سێ ساڵ دواتر و دوای تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جێگرەوەی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی دیکەی لە ڕیستورانتی میکونووس و؛ پاشان لە بڕیارە مێژووییەکەی دادگای بێرلین (مێکونووس)دا بوو، کە زۆر لایەنی

شاراوەی ئەم تیرۆرە دەرکەوت. لێرەدا بە کورتی تیشک دەخەینە چەند وێکچوویی و خاڵی جیاوازی ئەم دوو کردەوە تیرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی.

## خاڵە وێکچووەکان:

- بڕیاری هەردوو تیرۆرەکە لەلایەن کومیتەی تایبەت لە شووڕای ئەمنیەتی باڵای کۆماری ئیسلامی درابوو کە لەژێر سەرپەرستیی شەخسی ڕێبەری نیزامدا کار دەکا.
- هەردووک تیرۆرەکە ئامانجیان لێدان لە سەری جووڵانەوەی کورد و بە ڕوونی کەسی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.
- هەردووک تیرۆرەکە لە دەرەوی سنوورەکانی ئێران و لەسەر خاکی وڵاتانی ئورووپایی کران و لە هەردووک تیرۆرەکەدا کاربەدەستانی پلەبەرزی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ڕۆڵی سەرەکیان گێراوە بۆ بە سەرخستنی تیرۆرەکان.
- لە هەردووک تیرۆرەکاندا تیرۆریستەکان بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیک هاتوچۆی وڵاتانی ئورووپاییان کردووە و لە هەر دوو تێرۆرەکەدا ئەو چەکانەی کەڵکیان لێ وەرگیراوە و دوایە دۆزراونەتەوە؛ لە لێکۆڵینەوەکاندا ڕوون بۆتەوە ئی جبەخانەی ئەرتەشی ئێرانن.
- لەکاتی تیرۆرەکاندا هەر دوو وڵاتی ئوتریش و ئاڵمان دوو شەریکە بازرگانیی گەورەی ئێران بوون، بە تایبەت لەباری فرۆشتنی چەکوچۆڵ و کەرەستەی نیزامیدا.

## جیاوازییەکانی تێرۆری ڤییەن و مێکونووس

- لە دوو وڵاتی جیاوازی ئورووپایی بەڵام هاوسنووری یەکتر کران.
- لە تیرۆری ڤییەندا تیرۆریستەکان، شەهیدەکانیان (قوربانییانی کردەوە تێرۆریستییەکەیان) لە نیزیکەوە ناسیوە و چەندین جار لە نیزیکەوە لەگەڵ یەکتر دانیشتنیان بووە و بکوژەکان لە ماوەیەکی زەمەنیدا هەوڵیان داوە متمانەی قوربانییەکان وەدەست بێنن. بەڵام بە پێچەوانەوە لە تیرۆری میکونووسدا تێرۆریستەکان شەهیدەکان ناناسن و هیچ پێوەندییەکی پێشتریان پێکەوە نەبووە و ئەو کاتە قوربانییەکانیان لە نیزیکەوە دیتووە کە تەقەیان لێکردوون.
- لە تێرۆری میکۆنوسدا کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کردەوە تێرۆریستییەکە لە کەسانی غیرەئێرانی و ئێرانی کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام لە تیرۆری ڤییەندا هەموو تێرۆریستەکان ئێرانی و سەر بە دامودەزگای سپای پاسدارانی ئێران بوون و بە پاسپورتی ساختە و ناوی خوازراو لەژێرناوی دیپلۆماتدا لەسەر میزی کوشتارەکە دانیشتوون.

## هەڵویستی ئوتریش و ئاڵمان و دەزگای قەزایی ئەو دوو وڵاتە

- دەزگای قەزایی ئوتریش دوای ئاشکرابوونی کردەوە تێرۆریستییەکە نەیتوانی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و لە ڕاستیدا وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە توانیی زاڵ بێ بەسەر دەزگای قەزاییدا؛ بەڵام دەزگای قەزایی ئاڵمان لە ڕەوتی تیرۆری میکونوسدا توانیی سەربەخۆیی خۆی بپارێزی و هەتا ئەو جێگایە چووە پێش کە توانی لە حوکمی کۆتاییدا کاربەدەستانی پلەیەک و هەرە سەرووی



سەرچاوە Serchawe

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فەرماندەر و بکەری ئەسلیی ئەو تیرۆرە بە جیهان بناسێنێ. ئەوەش لە مێژووی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا شتێکی دەگمەن بوو کە دادگای جینایی وڵاتێک حوکمی گرتنی دەسەڵاتدارانی وڵاتێکی دیکە بکا کە هێشتا لەسەر تەختی دەسەڵاتن.

ـ دەزگایی قەزایی ئوتریش کەوتە ژێرکاریگەریی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و ملی دا بە دیزەبەدەرخۆنەکردنی کردەوە تیرۆریستییەکە، بەڵام دەزگایی قەزایی ئاڵمان نەچووە ژێرباری هیچ هەڕەشەیەک یان بەرتیل وەرگرتنێک؛ بەڵکوو ئەو هەڕەشە و بەرتیلدانەی وەک بەڵگە بەکار هێنا بۆ سەلماندنی ئەوە کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تاوانباری سەرەکین لەو کردەوە تیرۆریستییەدا.

ـ لە شوێنی تیرۆرکردنی د.قاسملوو و هاوڕێیانیدا بە قسەی سەرۆکی دەزگای دژەتیرۆری ئوتریش هەموو بەڵگەکان شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن کە تێرۆرەکە کاری دیپلۆماتە ئێرانییەکانە، چونکە دوای کەمتر لە سەعاتێک پۆلیس لە شوێنی ڕووداوەکەیە و سەحراڕودی بە برینداری کەوتۆتە دەستی پۆلیس و، بوزورگیان بە پاکەتێکی پۆستی کە خوێناوییە و بەستەیەک دۆلاری ئەمریکی لە شوێنی ڕووداوەکە پۆلیس گرتوویەتی و لە یەکەم لێکۆڵینەوەدا پۆلیس بۆی دەرکەوتووە کە قسەی سەحراڕودی و بوزرگیان لە بابەت چۆنیەتیی ڕووداوەکە لەگەڵ یەکتر ناتەبان. هەروەها کەرەسەی تیرۆرەکە لە ماوەیەکی کورتدا لە لایەن پۆلیسەوە دۆزرانەوە، وەک دەمانچە کە نیشانەی پەنجەی سەحرارودی لەسەر بوو و، دۆزینەوەی دوو سویچی ماتۆرسیکلیت مۆدیل سوزەکی کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کابرای فروشیار لەگەڵ سەحراڕودیدا، کابرای فروشیار تەردەست سەحراڕودی دەناسێتەوە و، ئەوانە هەموو بەلگە بوون لە بەردەستی دەزگای قەزایی ئوتریش.

لە حاڵێکدا بۆ دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی بکەرانی تێرۆری میکۆنوس پۆلیسی ئالمان دەبوایە کاری زۆر ورد و دەقیق و درێژماوە بکا هەتا بتوانی سەرەداوێک لە جینایەتەکە وەدەست بێنێ، چونکە لە شوێنی ڕووداوەکە تەنیا ئاسەواری بەجێماو، تەرمی شەهیدەکان و چەند بریندارێک بوو، بکەرەکان بۆی دەرچووبوون و شوێنپێیان لەدوای خۆیان بەجێ نەهێشتبوو.

ـ ڕەوتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و بڕیاردان لەسەر پەروەندەی مێکونووس زیاتر لە پێنج ساڵی خایاند، بەڵام بە پێچەوانەوە دەزگایی قەزایی و دەوڵەتی ئوتریش پەلەیان هەبوو هەرچی زووتر دوو تیرۆریستەکە، واتا سەحراڕودی و بوزرگیان بەڕێی ئێران بکرێنەوە. بۆ نمونە ڕۆژی ١٣ی مانگ جینایەتەکە ڕوو دەدا و هەر ئەو ڕۆژە ئەو دوو کەسە دەستبەسەر دەکرین، بەڵام ٢٢ی مانگ واتا تەنیا١٠ ڕۆژ دواتر سەحرارودی لە نەخۆشخانەوە لەژێر چاوەدێریی پۆلیسی دژەتیرۆری ئوتریش دەبردرێتە فرۆکەخانە و بەرەو تاران بەری دەکرێ.

**سەرچاوەکان:**


ـ ئیسکۆرت بەرەوە تاران، پیتر پلیچ وەرگێرانی حەسەن کتیبی ئەیوب زادە

ـ خولیا و مەرگی قاسملووی کورد، کارۆڵ پروونهووبێر، وەرگێرانی فەتاح کاویان

ـ پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە، ڕوئیا حەکاکیان، وەرگێرانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە

. ترور بەنام خدا، پرویزدستمالچێ

. نرخی نەوت و خوێن لە ڤییەن، (باسێکی پارلمانی ئوتریش لەسەر تیرۆری د.قاسملوو، وەرگێرانی تاهیر حیکمەت

. قاسملوو لە ڕێبازدا زیندووە، قادر وریا

. دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێرێکی دێموکرات، ئا: کاوە بەهرامی

. ئوروپاییەک لە وڵاتی کورداندا، نەسرین قاسملوو، وەرگێرانی ناهید حوسێنی

لە ژمارەی ٧٣٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوولای ٢٠١٨

-------------------------------------------------------

## سیلەلێگردنی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، هۆ و هۆکارەکان!

ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی١٣٩٧ی هەتاوی (بەرامبەر بە ٨ی سێپتامبر٢٠١٨) قەڵای دیموکرات کەوتە بەر هێرشی مووشەکیی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی. لەو هێرشەدا بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان لە مووشەکی زیرەک لە جوری دروستکراوی ڕووسی کەلک وەرگیراوە و کەلکوەرگرتن لەو جۆرە مووشەکانە زۆرتر لە شەری نێوان دەوڵەتەکاندا باوە و لە کەمتر جێگای ئەو دنیایەدا بەرچاو دەکەوێ کە دەوڵەتەکان لەو جۆرە چەکانە بە دژی ئۆپوزیسیونی خۆیان کەلکیان وەرگرتبێ.

لەو هێرشەدا بە داخی گرانەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان ١٤ شەهید و نزیک بە ٤٠ بریندراری سووک و قورسی هەبوو کە لەنێو شەهیدەکاندا ٦ کەسیان ئەندامی ڕێبەری حیزب بوون. ئیستا پرسیار ئەوەیە کە بۆچی لەو هەلومەرجەدا کۆماری ئیسلامی ئەو هێرشەی کردە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کاتێکدا لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بە شێوازی جۆراوجۆر کەوتۆتە ژێر فشارێکی زۆر کە ئەو فشارانە بە تەواوی لە سەر ژیانی خەڵک کاریگەرییان داناوە تا ئەو ڕادەیەی کە نارەزایەتیی خەڵک لە چەند مانگی ڕابردوودا و هاتنە سەر شەقامیان بە تەواوی دامودەزگای دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیی تووشی سەر لێشێواوی کرد بە جۆرێک کە هەر کام لە باڵەکانی دەسەڵات لایەنەکەی دیکەی بە خەتابار دەزانی و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش ڕەوتی ڕووداوەکان بە

قـازنجی دەسـەڵاتدارانی کۆمـاری ئیسـلامی نەبـووە و تەنـانەت لە نـاوچە شیعەنشـینەکانی عێـراقیش کە مـاوەی نزیـک بە ٤٠ سـاڵە سەرمایەگوزارییان لە سەر دەکا، کونسولخانەی لێ دەسوتێندرێ و خۆپێشاندان لە دژی دەکرێ؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە لایەنی جۆراجۆری مەسەلەکە تـاوتووی بکەیـن هەتـا بگەیـن بە وەڵامێکـی دروست. بـۆ ئەو مەبەسـتە پێویستە ئاورێک لە ڕابـردووی کۆمـاری ئیسلامی و حیزبـی دێموکراتی کوردستان بـدەینەوە. لەوکـاتەوە سیستمی کۆمـاری ئیسلامی بە ڕێبەری خۆمەینی دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی و ئابووریی ئێرانی گرتە دەست، کەوتە دژایەتیی خەڵکی کوردستان و حیزبـی دێموکراتی کوردستـان. چونکە خەڵکی کوردسـتان لەڕێگەی حیزبـی دێموکراتەوە داوای مافەکـانی خـۆی دەکـرد و هەر لە سـەرەتاوە خـومەینی و دەستوپێوەندییەکانی دژایەتیی ئەو داواکارییـانە بـوون. حیزبـی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیانـد لە ڕێفرانـدۆمی دیـاریکردنی سیستمی سیاسیی ئێراندا بەشداری ناکـا بە هۆکـاری ئەوە کە دیـاربوو ئەو سیستمەی لە بەرانـبەر سیستمی پاشایەتیدا پێشنیار کرابـوو نەی دەتوانی هیچ کام لە داخوازییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستەبەر بکا چونکە قانوونی ئەساسی وڵات پەسند نەکرابوو و دیار بوو کە قـانوونی ئەساسی بە پێـی سیستمی کۆمـاری ئیسلامی دادەڕێـژرێ و لەو جۆرە قـانوونەدا مـاف بە هیـچ کـام لە گەلانـی ئێران نادرێ.

لەگەڵ ئەوەدا حیزبـی دێمـوکرات و خەڵکی کوردستان بەشداریی ڕێفرانـدۆمیان نەکـرد، بەڵام حیزبـی دێموکراتی کوردسـتان ڕێـزی لە دەنگی خەڵکی ئێران گرت و ڕایگەیـاند کە ئامادەیە لە ڕێگای ئاشتیانەوە لە سەر میزی دانوستان کێشەی مافەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند چارەسەر بکا. بەڵام دیتمان لە بالاترین ڕەدەی ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی واتـا خۆمەینی فەرمانی جیهـاد بە دژی خەلکی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان درا کە بە دوای ئەو فەرمانە هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانای خۆیانەوە کەوتنە سەرکوتی خەڵکی کوردستان و هێرشکردن بۆ سەر پێشمەرگەی کوردستان.

لە ماوەی نزیک بە ٤٠ساڵی ڕابردوودا ئەو شەڕە بە دژی حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییەکانی کوردی ئۆپوزیسیونی کۆماری ئیسلامی و خەڵکی کوردستان بە هەمـوو شێوازێک بەردەوامە و هێـزە ئەمنـی و نیزامییەکـانی کۆمـاری ئیسلامی لە هیـچ جینایەتێـک دەرحەق بە خەڵکی کوردستان دەستیان نەپاراستووە؛ وەک هێرشی بەربڵاو وکەڵکوەرگرتن لە هەموو چەکێک، گرتن و زینـدانیکردن، ئیعدام کـردن، تیرۆر، سووتـاندن وکوشتن و کاولکاری، گەمارۆی ئابووری، پەرەپێدانی نەخۆشیە کۆمەڵایەتییەکان، هەژارکردنی کۆمەڵگەی کـوردەواری ... و دەیان کردەوەی دژە ئینسانیی دیکەی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکرات ئەنجام داوە بەڵام نەیتوانیـووە خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بە چۆکدا بێنێ.

ئەگەر چاو بە مێژووی ٧٣ ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بخشێنین دەبینین چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆمـاری ئیسلامیدا ئەو دوو دەوڵەتەوە بە هەموو توانایانەوە هەوڵیـان داوە زەربەی قـورس و کـاریگەر لە پەیکەری حیزبـی دێمـوکرات بـدەن و هەوڵی لە نێوبردنیان داوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. چونکە حیزبی دێموکرات هەڵقوڵاوی ویست و داخوازەکـانی خەڵکی کوردستـانە و سروشتییە هەر حیزبێک یا هەر دەوڵەتێک خەڵکی لە پشت بێت وا بە ئاسانی لە نێو نـاچێ. ڕێژیمی پاشایەتی پێـی وابـوو ئەگەر کۆماری کوردستان هەرەس پێ بێنێ و سەرکۆمارەکەی شەهید بکا، مەسەلەکە تەواو دەبێ، بەڵام دیتمـان تەشکیلاتی حیزبـی دیمـوکرات

لەگەڵ ئە زەربە گەورەی کە خواردبووی هەر زوو خۆی گرتەوە و دەستی کردەوە بە چالاکی و جموجۆڵی سیاسی و تەشکیلاتی و ئەو چالاکییە لە ساڵاکانی ٤٦-٤٧ی هەتاوی گەیشتنە لوتکەی خەبات و، دورگەی ئارامی حمەڕەزاشایان شڵەقاند. دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و ڕاگەیاندنی چالاکیی ئاشکرای حیزب دەبینین لە ماوەیەکی کورتی زەمەنیدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە حیزبی جێگای متمانەی خەڵک و جێگە و پێگەی لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری دەرکەوت و وەک گەورەترین و بەهێزترین حیزب لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و ئێراندا ڕۆڵی بینی.

هەربۆیە کۆماری ئیسلامی چاوی دیتنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی نەبوو کە ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی دەکرد و بە ئاور و ئاسن وەڵامی داواکارییەکانی خەڵکی کوردستانییان دایەوە. هەر وەکی پێشتر ئیشارەی پێ کرا خومەینی فەرمانی جیهادی بە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی تووشی شەڕێکی داسەپاو کرد کە دەبوایە بە ناچار هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەونە حاڵەتی دیفاعی و بەرگری لە مان و موجوودیەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. دوای دە ساڵ بەربەرەکانی لە بەرامبەر شەری داسەپاودا کۆماری ئیسلامی هەستی بە زەبوونی و لاوازیی هێزەکانی خۆی لە بەرامبەر ئیرادەی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەداکردبوو، هەر بۆیە هەوڵیان دا لە تاکتیکێکی دیکە کەڵک وەربگرن بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆیان حیزبی دیموکراتی کوردستان لاواز و لە مەیدان بەدەری دەکەن، ئەویش تیرۆری د.قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بوو کە لە ژێر ناوی وتووێژ بۆ چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد ئەو کردەوە تیرۆریستییەیان لە سەر خاکی وڵاتیکی دیکەدا کرد. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەوە غافل بوون کە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات وا پایەڕێژی کراوە کە بەرگەی هەموو زەربەیەکی قورس دەگرێ و لە هەموو هەلومەرجێکدا هەڵدەستیتەوە و بە پشتقایمیی خەڵکی کوردستان درێژە بە خەبات دەدا.

دوای سێ ساڵ دیسان دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە بەرامبەر کار و تیکۆشانی کادر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتدا دەستەوەستان بوون، کەوتنەوە پیلانگێری ئەمجارەیان بۆ تیرۆری د.سادق شەرفکندی، سکرتێری حیزب و بەداخەوە لەو پیلانەشدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام دیسان خەیاڵیان خاو بوو؛ چونکە ئەو جاریش حیزبی دیموکرات نەک لە پێ نەکەوت بەڵکوو شێلگیرتر لە جاران لە مەیدانی خەباتدا مایەوە و لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە دەیان پیلان و کردەوەی ناحەز و ناجوامێرانە وەک ناردنی ژاری سالیۆم، تەقاندنەوەی بۆمب، تیرۆرکردنی کادر و پێشمەرگەیان... بە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوە بردووە و تازەترین پیلانی مووشکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە و وەک هەموو پیلانەکانی دیکە بە خەیاڵی خۆی ویستوویەتی لە سەری حیزبی دیموکرات بدا وکۆتایی بە جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێنێ، بەڵام ئەو جاریش وەک هەموو جارەکانی دیکە نەک حیزبی دێموکرات لە پێ نەکەوت بەڵکوو ەک دەبینین هەر وا قورس و قایم لە مەیدانی خەباتدا ڕاوەستاوە وسوورە لە سەر درێژەدانی خەبات هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
لە ڕوانگەیکی دیکەوە دەتوانین ڕۆڵی گرینگی حیزبی دیموکرات بینینە بەر باس کە کۆماری ئیسلامی زەندەقی لێ چووە و لەو ڕاستایەدا دەتوانین ئیشارە بەو بابەتە بکەین. لە ماوەی ساڵانی رابردوو دا حیزبی دیموکراتی کوردستان تیکۆشاوە لە هەموو

ڕەهەندەکانی خەبات بۆ بەرەوپێشچوونی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەلک وەربگرێ و لەو ڕاستایەدا گوتاری حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ئاشناکردنی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستانە بە ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوایەتییەکان و لە هەمان حاڵدا نارەزایەتی دەربرین و هاتنە سەر شەقام و مانگرتنی گشتی بە پێشیلکردنی مافەکانیان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە.

هەر بۆیە گوتاری حیزبی دیموکرات کوردستان وەک چەکێکی کاریگەر کەوتۆتە گیانی دامودەزگای کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەمان کاتدا بۆتە هۆکاری یەکیەتیی نەتەوەیی و جوڵاندنی شەقامی کوردستان و ئەوە هەمان چەکیکە کە دەسەڵاتدارانی تاران لێ دەترسێن و زەندقیان لێی چووە . بیجگە لەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەوڵی زۆری داوە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە ولە ڕێگایەدا ئامادەبوو لە زۆر قازانجی حیزبی خۆی چاوپۆشی بکا و ئەگەر چاو بە ئارشیوی کۆبوونەوەکانی نێوان حیزبەکاندا بکەین دەبینین بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە شانازییەوە بەشی شێری خانەخوێی ئەو کۆبوونەوانەیان پێ براوە و ئەوەش دەتوانی هۆکارێکی دیکە بێت بۆ ترس و دڵەخورپەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## نیزامی کۆماری ئیسلامی و ناهاوسەنگیی لەگەڵ نەزمی جیهانی

سەعاتی ٩:٤٥ خولەکی بەیانیی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان_عیراق کەوتە بەر مووشەکی دوورهاوێژی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، بە بیانووی ئەوەی کە لە بەرامبەر چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دیفاع لە خۆیان دەکەن و لە هەمان حاڵدا تۆڵەی کوژراوەکانیان لە ناوچەی مەریوان دەکەنەوە. ئەو مووشەکبارانە بووە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ١٤ کادر و پێشمەرگەی بەوەجی خۆی لە دەست بدا و دەیان کەسیش لەو هێرشەدا بریندار بن.

لەو ماوەیەدا گەلێک وتار و لێکدانەوە لە سەر ئەو ڕووداوە جینایەتکارانەیە نووسراون و کراون، هەر بۆیە نامانەوێ بچینەوە سەر ئەو بابەتە کە بۆچی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕادە لە دوژمنایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژە پێ دەدا. ئەوی مەبەستی ئەو نووسینەیە ئەمەیە کە بزانین لە ڕوانگەی یاسا و ڕێسای نێونەتەوەییەوە ئەو کردەوە دەستدرێژیکەرانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خاکی هەرێمی کوردستاندا لە کوێدا جێ دەگرێ؟ ئەگەرچی کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا پڕە لە بەزاندن و پێشێلکردنی قانوونە نێودەوڵەتییەکان.

لە مێژە گوتراوە شەڕ، کردارێکی قێزەونە چونکە بێجگە لەوەی زیان و خەسارێکی زۆری گیان و ماڵی بە لایەنەکانی شەڕ دەگەیەنێ، لە هەمان کاتدا دەتوانێ ئارامی و سەقامگیریی وڵاتان و ناوچە و جیهانیش بخاتە مەترسییەوە.

سپای پاسداران هەر دوا بە دوای هێرشە مووشەکییەکەی سەر قەڵای دێموکرات لە چەندین ڕاگەیەندراودا و تەنانەت بە بڵاوکردنەوەی فیلمێکی دێکۆمێنتاری باس لەوە دەکا کە ئامانجی لەو مووشەکبارانە، بنکەی ناوەندی سیاسی و ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەویش بە دوو مەبەست بووە:

**یەکەم**: مافی بەرگریی ڕەوا و،

**دووهەم**: تۆڵەکردنەوە. ئەو باس لەوە دەکا ئەو مووشەکبارانەی قەڵای دێموکراتی لە سەر ویستی بنەماڵەی کوژراوانی بەناو سنوورپارێزەرانی ناوچەی مەریوان بەڕێوە بردووە کە هەتا ئێستاش ڕوون نەبۆوە ئەوانە چۆن کوژران و بە پێی تەجروبە و پێشینەی سپای پاسدارانیش کوژرانی ئەو بەناو سنوورپارێزانە دەتوانێ سیناریۆی سپا خۆی بێت، بۆ ئەوەی خۆی گوتەنی بیانووی هێرشێکی لەو بابەتەی بۆ سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان دەست کەوێ.

ئێستا بزانین قانوونە نێودەوڵەتییەکاندا کە کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و بەشێکی بەرچاوی پەیماننامە و ڕێکەوتننامە و بڕیارنامەکانی ئەو ڕێکخراوەیەی ئیمزا کردووە لەو پێوەندییەدا چۆنن و چ بەرچاوڕوونییەک دەدەن. بە پێی ئوسووڵ نابێ قانوونە نێوخۆییەکانی هیچکام لە ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دژایەتیی لەگەڵ مەنشوور و جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتننامەکانی ئەو ڕێکخراوەیەی کە تێیدا ئەندامن هەبێ و لە هەمان حاڵدا قانوونی مەدەنی کۆماری ئیسلامی لە ماددەی ٩ دا ئەوەی تێ دایە کە "ڕێوشوێنی ڕێکەوتننامەکان کە بە پێی قانوونی بنەڕەتی لە نێوان دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتەکانی دیکە ئیمزاکراون حوکمی قانوونیان هەیە. لە هەمان حاڵدا وڵاتی ئێران کە ئێستا کۆماری ئیسلامی نوێنەرایەتیی دەکا، بێجگە لە ئیمزاکردنی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووکان لە ٢٧ - ١ - ١٣٠٨ی هەتاوی هەتا ٢٠ - ٧ - ١٣٨٧نزیک بە ٩٠ ڕێککەوتننامە و پەیماننامەی نێودەوڵەتیی ئیمزا کردووە و بەڵێنیی داوە کە پابەند بێ بەو یاسا و ڕێسایانە کە لەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانەدا هاتووە. ئەو پەیماننامانە بابەتی جۆراوجۆری وەک (دیفاعی و نیزامی، دادوەری، وزە، بازرگانیی قاچاغ، مافی مرۆڤ، دادوەری و چارەسەری ناکۆکییەکان، دریایی و پاپۆڕەوانی، پێوەندیی دیپلۆماتیک، فەرهەنگی، کار، مادە هۆشبەرەکان، فڕۆکەوانی، بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم، بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵی... لە خۆ دەگرێ. کەچی کاتێک نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ جەوهەری ئەو پەیماننامانە بەراورد دەکەین دەبینین جیاوازییەکان لە نێوان عەرز و ئاسمان دان و بێجگە لەوە لە کرداریشدا دەبینین کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تەنیا کاتێک لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دەرەوەی ئێراندا بەشدار دەبن لە قسەدا پێبەندیی خۆیان بەو پەیماننامانە دەردەبڕن بەڵام لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا نێوەرۆکی ئەو پەیماننامانە بە تایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە نەک کاریان پێ نەکراوە بەڵکوو خستوویانەتە خانەی فەرامۆشی.

قانوونی نێونەتەوەیی وەک هەر سیستمێکی قانوونیی دیکە پێشگیری دەکا لە بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان. بەپێی قانوونە نێونەتەوەییەکان ڕێگری لە بەکارهێنانی هێز لە سەردەمی ئێستادا گرینگترین ئەرکی دەوڵەتەکانە، بەڵام دەبینین دەوڵەتەکان لەگەڵ هەموو ئەو قانوونانە کە خۆیان ڕێککەوتنیان لەسەر کردوە زۆر جاران بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان پەنا بۆ هێزی چەکداری دەبەن؛ جا چ ئەو کێشەیە لەنێوان دوو دەوڵەتدا بێ یا لە نێوان دەوڵەتێک و گەلێکی ماف پێشێلکراوی وەک گەلی کورد بێ کە داوای مافی خۆی دەکا.

بەپێی بەندی ٢ی ماددەی ٤ی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان "تەواوی ئەندامەکانی لە پێوەندیی نێونەتەوەیی خۆیاندا لە هەڕەشە یا کەلکوەرگرتن لە هێز بە دژی سەروەریی وڵاتێک یا سەربەخۆیی سیاسیی دەوڵەتەکانی دیکە یا بە هەر شێوەیەک لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ناتەبا بێت، خۆ دەپارێزن".

ئەگەر تەنیا لێرەدا لە سەر ئەو بەندە لە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵوێستە بکەین و کار و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ نێوەڕۆکی ئەو بەندە هەڵسەنگێنین، دەبینین کۆماری ئیسلامی بە تەواوی پێچەوانەی نێوەرۆکی ئەو بەندە جووڵاوەتەوە و بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و سەرچاوەی هەموو ناتەباییەکانیش قانوونی بنەڕەتیی ئێرانە کە هەناردەی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە ئەرکی دەوڵەت و دەسەڵات و دەزگای حاکمە دەزانێ.

هەر وەک پێشتر ئیشارەی پێ کرا شەڕ کردارێکی قێزەونە و دەتوانێ هەموو ئارامی و سەقامگیرییەک هەڵگرێ و بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەستپێکردنی شەڕێکی دەستدرێژیکارانە بۆ سەر خاک و ئاسمان و ئاوی وڵاتێکی دیکە نەک هەر تاوانی نێودەوڵەتییە، بەڵکوو هەموو لایەنە خراپەکانی شەڕیش لە خۆ دەگرێ.

ماددەی ٨ی پێڕەوی دیوانی سزادانی نێودەوڵەتیدا بەو شێوەیە باس لە تاوانی دەستدرێژیی نیزامی دەکا: تاوانی دەستدرێژیی نیزامی بریتییە لە ئامادەکردنی گەڵاڵە بۆ هێرش و ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردنی و فەرمانی جێبەجێکردنی ئەو گەڵاڵەیە لەلایەن کەس یان کەسانێکەوە کە سەروەریی سیاسی و نیزامیی دەوڵەتیان بەدەستەوەیە بە جۆرێک کە جێبەجێکردنی ئەو گەڵاڵەیە ببێتە هۆی پێشێلکردنی ئاشکرای مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

کرداری دەستدرێژیی نیزامی بەو شێوەیە پێناسە دەکرێ کە دەوڵەتێک هێزی نیزامیی خۆی بەکار بێنێ بە دژی سەروەریی دەوڵەتێکی دیکە، یا بەهەر شێوەیەکی دیکە دژایەتیی هەبێ لە گەڵ مەنشوری نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەو کردارانە لە خۆ دەگرێ: هێرش، داگیرکردنی خاکی وڵاتێک، وەسەرخستنی بەشێکی کەم لە خاکی وڵاتیک یا هەمووی خاکەکە بە کەلکوەرگرتن لە هێزی نیزامی، بۆمباران لە شێوازی جۆراوجۆر و ئابلۆقەی نیزامیی ڕێگاکانی ویشکایی و دەریایی.

ئێستا بە خوێندنەوەیەکی کورت بزانین مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات دەتوانێ بەرگریی ڕەوا یا کردەوەی تۆڵەئەستاندنەوە بێ.
لەگەڵ ئەوەدا مافی بەرگریی ڕەوا لە قانوون و عورفی نێونەتەوەییدا هەیە و بە قانوون زاتی و سروشتی دادەنرێ، بەڵام ئەو مافە سروشتییە کاتێک مانا دەدا کە لە گەڵ یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان دژایەتیی نەبێ. بۆ بەرگریی ڕەوا لە قانوونی نێونەتەوەییدا چوارئەسڵ دەستنیشان کراوە:

١) پێویستی
٢) نیاز بە خێرایی
٣) نەبوونی ڕێگای دیکە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ مەترسی
٤) هاوسەنگی (بەرگری پێویستە لەگەڵ هەڕەشە و مەترسی هاوسەنگ بێ.)

هەروەها بەندی٢ خاڵی ب مادەی ٨ پێڕەوی دیوانی سزادانی نێودەوڵەتی و بۆمبارانی خاکی دەوڵەتێک بەهۆی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتێکی دیکە یا کەلکوەرگرتن لە هەر جۆرە چەکێک بە هۆی دەوڵەتێک بە دژی خاکی دەوڵەتێکی دیکە بەتاوانی دەستدرێژی دادەنێ.
وەک پێشتریش باسمان کرد پاساوی سپای پاسداران بۆ مووشەکبارانی ناوەندی سیاسیی حیزبی دیموکرات بە قسەی خۆیان بۆ پاراستن و بەرگری لە ئەمنییەتی خۆی بووە، بەڵام ڕاستیی ڕووداوەکان پێچەوانەیە و ئەوەی لە ماوەی٤٠ ساڵی ڕابردوودا ئەمنیەتی نێوخۆیی ئێران و ناوچە و تەنانەت جیهانیشی تێک داوە هەر سیستەمی کۆماری ئیسلامییە بە هەموو دامودەزگاکانیەوە؛ ئەگینا ئەوە چ پێویستییەک و نیازێکی خێرا بوو کە سپای پاسداران بە بڕیاری ڕاستەوخۆی ڕێبەر لە چەکێک بەدژی حیزبی دێموکرات کەڵک وەربگرێ کە نیزامی جیهانی و بە تایبەت دنیای ڕۆژئاوا لەگەڵ بوونی ئەو جۆرە چەکە بەدەست سپای پاسدارانی ئێرانەوە کێشەیان هەیە و تەنانەت تێکچوونی ڕێکەوتننامەی برجام بەشێکی لە سەر دەستڕاگەیشتنی ئێران بەو جۆرە چەکانەیە. لە لایەکی دیکەوە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد جیا لە شەر و بۆمباران و مووشەکباران ڕێگاچارەی دیکەی لە پێشدا بووە کە بەهۆی خسڵەتی شەرئەنگێزیی خۆی قەت بەدوای ئەو ڕێگا چارەیەدا نەڕۆیشتووە. جگە لەوە ئەو هێرشە مووشەکەییە هیچ هاوسەنگییەکی نەبووە لەگەڵ ئەو هۆکارەی کە سپا بە بەرگری لە خۆی دادەنێ.

تۆڵە ئەستاندنەوە خۆی شێوازێکە لە "قصاص" کە خودی ئەو کردارە غەیرە قانوونییە. بەڵام بەهۆی پاڵپشتیی بەکردارێکی ناقانوونیی دیکە، بەڕێوەبردنی بۆتە کردارێکی باو.

ئەگەر لەو ڕوانگەشەوە بڕوانین کرداری تۆڵە ئەستاندنەوە پێویستە لەگەڵ تاوان هاوسەنگ بێ و ئامانجی ئەو تۆڵەکردنەوەیک بێ کە پێشگیری لە کرداری ناقانوونی بکا و کاتێک مەبەست هاتە دی، دەبێ کرداری تۆڵەکردنەوە ڕابگیرێ. لە قانوونی نێونەتەوەییدا



سەرچاوە
Serchawe

بەکارهێنانی کرداری تۆڵەئەستاندنەوە بە دژی تاکەکان، کەرەسە و شوێنی نیشتەجێبوون ڕێگای پێ نەدراوە و قەدەغەیە. لێرەدا ئەگەر ئەو پرسیارە بەرەوڕووی خەڵکی کوردستان بکەینەوە کە هەڵسوکەوتی حیزبەکانی کوردستان لە ڕوانگەی ئەوانەوە ناقانوونییە یا ڕەفتاری سپای پاسداران بە دڵنیایەوە وەڵامەکەی ئەوە دەبێ کە ڕەفتاری سپای پاسداران و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەلکی کوردستان ناقانوونی، ڕێگەپێنەدراو و دوور لە هەموو پێوانەکانی مافی مرۆڤە و ئەگەر قەرار بێ کێشە سیاسییەکان بە ڕێگای تۆڵەکردنەوە و بە پێی فەرهەنگی کۆماری ئیسلامی چارەسەر بکرێن؛ لە دوارۆژدا دەسەڵاتدارانی ئەو سیستمە چۆن لە تۆڵەی خەڵک دەربازیان دەبێ؟

(لە ژمارەی ٧٣٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

--------------------------------------------------------

## نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی و ناتەبایی لەگەڵ ئامانجەکانی FATF

ماوەیەک لەوە پێش مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لایحەی پەیوەستبوونی بە دامەزراوەی اف ای تی اف کە کارەکەی بەربەرەکانییە لەگەڵ ئەو شوێنانەی سەرچاوەی دارایی تێرۆریزم دابین دەکەن، دوای هەرا و بەزمێکی زۆر پەسند کرد و بۆ یەکلاکردنەوەی ناردی بۆ شووڕای نیگابان. پەسندکردنی ئەو بەڵگەنامەیە هەرچەند لەگەڵ نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی ئێران ناتەبایە بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگە و ڕەنگە ئەوەش وای کردبێ کە کاربەدەستانی ڕێژیم سەرەڕای ئەو ناتەباییە وەک ڕێگاچارەیەک بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە ئابوورییەی ئێستای وڵات بیبینن و بچنە ناوی.

دەستەی تایبەتیی کرداری مالیی (FATF) دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتییە کە پێوانەکانی نێونەتەوەیی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ سپیکردنەوەی پووڵ و پارە بۆ پاڵپشتیی تێرۆریزم (CFT/AML) دیاری دەکا. ئەم دامەزراوەیە بنکەی لە پاریسە و بۆ پارێزگاری لە سیستمی مالیی نێونەتەوەیی و بۆ باشتربوونی بارودۆخی نیزامی بانکی و دراو تێ دەکۆشێ و ڕێنوێنی دەدا بە دەوڵەتەکان. ئەم دامەزراوەیە بڕیارنامەیەکی هەیە کە 40 مادە لە خۆدەگرێ و وا دارێژراوە کە هەموو دەوڵەتانی ئەندام بتوانن بەڕێوەی بەرن. ئەم دامەزراوەیە هەر لەو کاتەدا کە ڕێگری دەکا لە سپیکردنەوەی پووڵ، لە هەمان کاتیشدا نابێتە کۆسپ لەبەردەم ئاڵوێری دراو لە نێو

ئەندامەکانیدا و کاریگەریی نێگەتیڤ ناکاتە سەر گەشەکردنی ئابووریی ئەو وڵاتانە. بەڵام کاتێک لەلایەن ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییەوە وڵاتێک دەکەوێتە لیستی ڕەشەوە، هەر چەند ئابڵۆقەی ڕەسمی بەدوواوە نابێ، بەڵام بانکەکان و کۆمپانیاکانی وڵاتانی ئەندام ئەوپەڕی خۆپارێزی دەکەن لە سەودا و بازرگانییان لەگەڵ ئەو وڵاتە.

کاتێک باس لە دابینکردنی سەرچاوەی ماڵی بۆ تێرۆریزم دەکرێ وا دێتەبەرچاو کە مەبەست تەنیا پووڵ و پارەیە، بەڵام کۆنڤانسیۆنی (FATF) بەم جۆرە ئەم سەرچاوانەی پێناسە کردووە کە: «تەنیا چەکی بانکی و پووڵ، بەشە شیرکەت و بانک و... لە خۆ ناگرێ، بەڵکوو هەر هەموو سامانی گواستراوە و نەگواستراو، سامانی دیاروناودیار وەک بیمەی تەمەن، بەڵگە و کەرەسەی قانوونی بە هەر شێوەیەک نووسراو یا ئەلکترۆنیک یا دیجیتال بێ، لە خۆ دەگرێ.»

«سی اف تی» لە پێناسەیەکی کورتدا بەو جۆرە باسی تێرۆریزم دەکا: «کردارێک کە ئامانجی کوشتن یا نقوستانکردنی غیرە نیزامی یا هەر کەسێک کە لە تێکهەڵچوونی سەربازیدا بەشدار نەبووبێ، بەڵام گەڵاڵەی بۆ دارێژرابێ بەو مەبەستانەی سەرەوە و ئامانجی ئەو کردارە لە نێوەرۆکی خۆی کاریگەریی لە سەر دەستەیەک لە خەڵک، دەوڵەتێک یا ڕێکخراوەیەکی نێونەتەوەیی هەبێ.»

ئێران پێش ڕێککەوتنی بەرجام لە لیستی ڕەشی ڕێکخراوی (FATF) دابوو، بەڵام دوای ڕێککەوتن لەگەڵ شەش زلهێزە ئابوورییەکەی جیهان، تاران گەیشتە ئەو ئاکامە کە بۆ سەردەمی دوای لاچوون گەمارۆ ئابوورییەکان و بۆ ئاساییبوونەوەی پێوەندیی ماڵی لەگەڵ دنیای دەرەوە پێویستی بەوە هەیە کە چاکسازی لە کۆمەڵە قانوونێکدا بکا کە دەبنە ڕێگر لە سەر هاتنە دیی ئامانجەکانی بەرجام. کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوە لە لیستی ڕەشی ئەو ڕێکخراوەیە دەربێ پێویست بوو چەندین داواکاریی ئەو ڕێکخراوەیە جێبەجێ بکا. بۆ نموونە:

١- ئێران دەبێ دابینکردنی سەرچاوەی ماڵی بۆ تێرۆریزم بەبێ هەڵاواردنی ئەو دەستە و تاقمەی لەژێر ناوی کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی خاریجی، ئیستعماری و نیژادپەرەستیدا تێ دەکۆشن، وەک تاوان دەستنیشان بکا؛ بەڵام مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە پەسندکراوی ١٥ی جۆزەردانیدا پێداگری دەکا لەسەر سیاسەتی هەمیشەیی خۆی و ئەو کردارانەی سەرەوە بە کردارێکی تێرۆریستی نازانێ.

٢- دیتنەوە و دەستبەسەرداگرتنی سامان و ئەموالی گرووپ و لایەنە تێرۆریستییەکان لە ڕاستای پەسندکراوی شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان.

بۆ هەڵسەنگاندنی تەنیا ئەو دوو خاڵە لە کۆی نزیک بە ١٠ خاڵ لەگەڵ قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی پێویستە ئاوڕێک لە نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی ئێران بدەینەوە و بزانین ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پێوانەکانی (FATF) یەکتر دەگرێتەوە؟

لێرەدا دەبێ سەرەتا لەسەر ئەوە بوەستین کە کێ تێرۆر دەکا و کێ تێرۆریستە؟ ئەگەر چاو لە پێناسەی گشتیی تێرۆریزم بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوی کە تێرۆر «جۆرێک کوشتنی بەئانقەستە کە بە ئامانجی سزادان یا ئامانجی سیاسی لەلایەن دەوڵەتێک یا ڕێکخراویەکەوە بەڕێوەدەچێ، کەس یا کەسانی کوژراو یا خاوەنی هەڵوێست بەناوبانگن و یا خاوەنی ئەندێشەی سیاسین کە جیاواز لە دەسەڵات بیر دەکەنەوە، یا بە هۆکاری ئەوەی بێحورمەتیی بە بیروباوەڕی لایەنێک بە تایبەتی دینیی کردبێ، حوکمی کوشتنی بەشێوەی تێرۆر لەلایەن بریاردرەوە دەردەچێ. بە مانایەکی دیکە دەتوانین بڵێین بەڕێوەبردنی ئەو کوشتنە بە دوو ئامانج لەلایەن بەڕێوەبەرانەوە بەڕێوە دەچێ؛ یەکەم کوشتنی کەس یا کەسانێکە کە بەدژبەری خۆیانیان دەزانن و دووهەم خوڵقاندنی کەشی ترس و دڵەخورپەیە لە نێو کۆمەڵگەدا کە هەر کەس دژی ئەو ئەندێشە سیاسی یا دینییە و یا سیستمی ئیدارەی دەوڵەت بێ؛ سزاکەی کوشتنە.»

لە پێشەکیی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا کە باس لە شێوە حکومەتی ئیسلامی دەکا، هاتووە: «قانوونی بنەڕەتی ئێران بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی شۆڕشی ئێران کە حەرەکەتێک بوو بۆ سەرکەوتنی تەواوی زوڵملێکراون (مستضعفین) بە سەر زاڵماندا (مستکبرین)؛ بەستێنی پەرەپێدان و گەشەکردنی ئەو شۆڕشە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئامادە دەکا و بە تایبەتی بۆ پەرەپێدانی پێوەندیی نێونەتەوەیی لەگەڵ جووڵانەوەی ئیسلامی و خەڵکییەکان تێ دەکۆشێ هەتا ڕێگای پێکهاتنی ئۆممەتی تاک جیهانی خۆش بکا و بەردەوامیی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکانی بێبەشکراو و ژێردەستەی زوڵم لە تەواوی جیهاندا پەرە پێدەدا.»
ئەگەر ئەو بەشە لە پێشەکیی قانوونی بنەڕەتیی ئێران کە لە ڕاستیدا نێوەرۆکی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامییە و لە هەمان کاتدا سەلمێنەری ئەوەیە کە دەستی دەوڵەتی ئاوەڵا کردووە بۆ هەناردەکردنی شۆڕش و؛ دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە بە پێوانەی ناسینی کۆماری ئیسلامی بگرین و بەراوردی بکەین لەگەڵ ئامانجەکانی FATF، دەبینین ئەو دووانە ئەوەندە لێک دوورن کە ناکرێ خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا ببینینەوە.

FATF هەروەکی پێشتر باس کرا ڕێکخراوڕکی نێودەوڵەتییە کە چاوەدێری دەکا بە سەر مامەڵەی ماڵی، بانکی و تیجاریی دەوڵەتەکان بۆ بەرگرتن لە یارمەتیگەیاندن بە دەستە و ڕێکخراوی تێرۆریستی و، ئەو دامەزراوەیە لەو ڕێگایەوە هەوڵ دەدا ئەمنیەتی جیهانی بپارێزێ. بەڵام لەملا دەبینین کۆماری ئیسلامی قانوونە ئەساسییەکەی بە هەناردەکردنی شۆڕش، خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی خوڵقاندنی دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەیە و ڕێگاخۆشکەرە بۆ نائەمنکردنی ناوچەکە و تەنانەت جیهان و لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا ئەوەمان بە کردار لە کۆماری ئیسلامی دیتووە کە سەرچاوەی داهاتی هەموو ئەو تاقم و دەستە و ڕێکخراوە بناژۆخوازانە بووە کە بوونە هۆی تێکدانی سەقامگیری و ئارامیی ناوچەکە. بۆ نموونە دەستەی تایبەتی کارکردن لەسەر ئێران لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردووەتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ٢٠١٢دا پتر لە ١٦میلیارد دۆلاری بۆ پاراستنی بەشار ئەسەد لە سووریە و ئەو دەستە و ڕێکخراوانەی لە یەمەن و عێراقدا هەنی خرجی کردووە. لە لایەکی دیکەوە هەواڵنیری بلومبێرگ لە ساڵی ٢٠١٥ بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەیەک ڕایگەیاند کە تاران ساڵانە شەش میلیارد دۆلار بۆ پارێزگاری

لە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد هەزینە دەکا و هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە ئەو ڕادەیە گەلێک جاران هەتا ١٥میلیارد دۆلاریش چووەتە سەرێ.

لە کۆتاییدا دەتوانین ئاوا ئاکامگیری بکەین بەپێی نێوەرۆک و کردار و کارنامەی٤٠ ساڵی رابردووی کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕێژیمە تەنیا ئەو کاتانە وانیشان دەدا بەرپرسە لە بەرانبەر بەڵێنە نێودەوڵەتییەکاندا کە بەتەواوی تینی بۆ هاتبێ و هەر کاتێک فشارەکانی لە سەر کەم بۆتەوە هەمدیسان چووەتەوە قالبی خۆی و گوێی نەداوە بە هیچ کام لەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانە کە ژێرەکەی ئیمزا کردوون. وە بە دڵنیایەوە ئەم جارەش هەروەک جارەکانی دیکە دەسەڵاتدارانی تاران پابەندیی خۆیان بەو ڕێککەوتنە ناپارێزن، چونکە نە کۆماری ئیسلامی دەتوانێ دەستبەرداری ئەو تاقم و دەستە و ڕێکخراوە تێرۆریستییانە بێ کە بۆ ئامانجی خۆی پێکی هێناون و نە کۆمەڵگەی جیهانیش دەتوانێ بە پەیماننامە و بڕیارنامە کۆماری ئیسلامی ببەستێتەوە و بەداخەوە لەونێوەدا ئەوی هەموو خەسارەکانی بەسەردا دەشکێتەوە هەر خەڵکی ئێرانن.

(لە ژمارەی ٧٣٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## بەرگریی ڕەوا وەک ماف لە بەرامبەر سەرکوت و توانەوەدا

(لە پەراوێزی وتووێژەکەی باڵوێزی ئێران لە عێراق لە تەلەڤیزیۆنی "ڕووداو" دا)

چەند شەو لەوە پێش لە بەرنامەی "ڕووداوی ئەمڕۆ" لە تەلەڤیزیۆنی "ڕووداو" دا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق کرا کە باس لە پێوەندیی جۆری هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بوو. ئاغای مەسجدی، باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە عێراق لە تەواوی وتوێژەکەدا هەوڵی دا کۆماری ئیسلامی وەک دۆستی حکومەت و خەڵکی عیراق و هەرێمی کوردستان نیشان بدا و هەموو دەستێوەردانێک لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتەی ڕەت کردەوە و وای لێک دایەوە کە ئەوەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کردوویانە لە پێناو خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە بووە.

ئەوەی کە نەخشی ئێران لە عێراق و هەرێمی کوردستان و بەرنامە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی چەندە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستاندا بووە و چەندە هۆی ناسەقامگیریی ئەم وڵاتە، با وەڵامەکەی بۆ خەڵک و



سەرچاوە
Serchawe

دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەجێ بێڵین؛ بەڵام هەندێ قسەی جەنابی باڵوێز لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها سیاسەتی حیزبە کوردییەکانی ئێران جێگای تێڕامان و وەڵامدانەوەن.

ناوبراو کە دێتە سەر باسی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا وتەنانەت بە "لاتاو" باسی لە دۆستایەتیی نزیکیان لەگەڵ کەسایەتییەکان و حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان دەکا و سەروبنی قسەی لەو پێوەندییەدا ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی چ پێش ڕوووخانی دەسەڵاتی سەدام حوسین و چ دوای ڕووخانی ئەم دەوڵەتە، یار و پشتیوانی ئەم حیزبانە بوون و لە بواری ئاوەدانی و ئابووری و پێشکەوتنەوە هاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە و وەها بە تەئکیدەوە باسی ئەو پیاوچاکییەی! خۆیانی دەکرد کە ئەننەهوو ئەوە کۆماری ئیسلامی نەبووە و نییە کە ماوەی نزیک بە بیست ساڵە هەموو سنوورەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی بە دانانی پایەگای گەورە و بچووک تەنیوە و بە جۆرێک هەرێمی کوردستانی ئابلۆقە داوە کە هەر دەڵێی سەردەمی شەری ئێران - عێڕاقە. یان وەک بڵێی خەڵکی کوردستان هەڵوێستی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی نێوخۆیی ڕا بگرە هەتا پرسی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی لە باشووریان بیر چوویێتەوە! یان ئەو کاتەی ڕێژیمەکەی جەنابیان بە تەڕاتێن لە باشووری کوردستان ئەو بەشە لە نیشتمانی کوردانیان کردبووە قەتڵگەی خەباتگێرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نەوەدەکاندا (دەیەی ٧٠ی هەتاوی) سەدان چالاکیی سیاسیی کوردیان تێرۆر کرد و بەو کردەوە تێرۆریستییانە بە تەواوی ئەمنییەتی هەرێمی کوردستانیان خستبووە مەترسییەوە. هەروەها هەمووان و خەڵکی باشووری کوردستانیش پێچەوانەی ئیدیعاکانی جەنابی باڵوێز باش دەزانن کە هەر ئەو دەوڵەتە قانوونمەندەی جەنابیان چەندین جار سنووری نێودەوڵەتیی خۆیان لەگەڵ ئەم وڵات و هەرێمە بەزاندووە و لە ڕێگەی ئاسمان و وشکاییەوە بە بۆمباران و مووشەکباران و هێنانی هێزی چەکدار بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات سەروەرییەکانی هەرێمی کوردستانیان پێشێل کردووە و زیانیان بە بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات و خەڵکی ئەم هەرێمە گەیاندووە.

جەنابی باڵوێزی کۆماری ئیسلامی کە وا ڕووهەڵماڵاوانە باس لە دۆستایەتیی دەوڵەتەکەی لەگەڵ حیزبەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکا، لە بیرخۆی بردووەتەوە کە چۆن دوای گشتپرسیی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان تەواوی سنووورە ئاسمانی و ویشکاییەکانی بە سەر هەریمی کوردستاندا داخست و بە تەواوی ئابلۆقەی ئابووری و سیاسیی خستە سەر ئەم هەریمە و، تەنانەت ئامادەکاریی بۆ هێرشی نیزامی و بەزاندنی سنوورەکان و داگیرکردنی خاکی هەرێمی کوردستانیش کردبوو... ئەوانە و دەیان فەکتی دیکە بەڵگەن بۆ سەلماندنی ناڕاستیی قسەکانی جەنابی باڵوێز لەم دیمانەیە و لەم پێوەندییەدا.

بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئەو نوسینەیە، زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتەیە کە جەنابی باڵوێز لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی ئۆپۆزیسیونی ڕێژیمەکەی، بەتایبەت حیزبی دێموکرات و مووشەکبارانی ئەم دواییانەی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان خستیە بەرباس. لە پێشدا جەنابی باڵوێز خۆی لە وەڵامی ئەسڵی پرسیارەکە لادا کە لە مووشەکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە لە باشووری کوردستان فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە کەرکووکەوە هیدایەت کراوە بۆ کارئاسانی ئەم مووشەکبارانە؛ بەڵام باڵوێز لە وەڵامدا لە ڕوانگەی ڕێژیمەکەیەوە پێناسەی ئۆپۆزیسون دەکا و دەڵێ ئەو لایەنانەی

دەست بۆ چەک دەبن و بە دژی دەوڵەت ڕادەوستن ناتوانن ئۆپۆزیسون بن، بەڵکوو ئەوانە دەچنە خانەی حیزبەکانی ڕووخێنەر و ئەو بە کۆماری ئیسلامی قەبوول ناکرێ. لە حاڵێکدا ئەو باش دەزانێ کە هۆکاری ئەو هێرشانە تەنیا چەکهەڵگرتن و خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نییە و ئەوان بە گرتن و ئێعدامی بەردەوامی چالاکانی مەدەنی کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کاری فەرهەنگی، هونەری، ژینگەپارێزیهەوڵی پاراستنی ڕەسەنایەتی کوردستان دەدەن، دڵڕەشی خۆیان لەگەڵ هەرکەس کە بۆ کورد کارێک بکا دەرخستوە. جگە لەوەش لێرەدا پێویست بوو ئەم پرسیارە لە جەنابی باڵوێز کرابا کە دەستبردنی حیزبی دێموکرات بۆ چەک لە بەرامبەر چیدا بووە؟ خۆ لە جێدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزران و تێکۆشانەکەی وەک حیزبێکی سیاسیی خەڵکی و مەدەنی بوو، بەڵام ئەوە ڕەوتی ڕووداوەکان بوو وایکرد بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی لە بەرامبەر دوژمنکارییەکانی دەوڵەتی ناوەندیدا دەست بۆ چەک بەرێ. دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیش گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان چاوەڕوانی ڕۆژانی گەشیان دەکرد و ئومیدیان وابوو کە سەردەمی ئینکاری کورد تەواو بووە و کوردیش دەتوانی وەک هەموو گەلانی بەختەوەری سەر گۆی زەوی لە مافە سروشتی و سیاسییەکانی خۆی بەهرەمەند بێ، بەڵام جەنابی باڵوێز باش دەزانی و خۆی لە گێلی دەدا کە هۆی ئەوەی حیزبی دیموکرات و حیزبەکانی دیکەی کوردستان دەست بۆ چەک ببەن کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا بوو و، لە نێو دامودەزگای کۆماری ئیسلامیشدا کەسانی وەک ئەم جەنابە کە ئیستا وەک دیپلۆماتکار خۆی دەر دەخا کاریگەری ڕاستەوخۆیان بووە لە سەر ئەوەی کە حیزبەکانی کوردستان بۆ بەرگری لە خۆیان و خەڵکەکەیان تاو بدەنە چەک. فەرمانی جیهاد خومەینی لە ٢٨گەلاوێژیساڵی ١٣٥٨ باشترین بەڵگەیە بۆ دژایەتیی و دوژمنایەتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ سەرجەم داوا ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دەبوا باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە خۆی پرسیبا کە ئاخۆ ئێستاش دوای چل ساڵ لە سەرکوتی گەلی کوردستان و شەڕفرۆشتن بە حیزبی دیموکرات و حیزبەکانی دیکەی کوردستان دەسکەوتی کۆماری ئیسلامی چ بووە و توانیویەتی پێگەی خۆی لە کوردستان قایم بکا و پێگەی حیزبەکان و جووڵانەوەی کوردستان کە بۆ وەدستهێنانی مافەکانی خەبات دەکەن لاواز بکا؟ و ئایا بە مووشەکباران کردنی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی وەری خەباتگیرانی دێموکرات لاواز بکا؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویست بە خۆ ماندووکردن ناکا تەنیا ئەوەند بەس بوو لە جەنابی باڵوێز پرسیار بکری ئەی چۆن دەروانێتە مانگرتنی سەرانسەریی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانان کە وەک کاردانەوە بە مووشەکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە سێدارەدانی سێ چالاکی مەدەنی لە کوردستان وەڕێ خرا؟ ئەگەر لەگەڵ خۆمان بە ئینساف بین دەبینین دوای چل ساڵ داسپاندنی شەڕ و سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵک و ئیعدامی لاوانی کوردستان، ئەو مانگرتنە وەک ڕێفراندۆمێک بوو لە نیوان پێگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێگەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و؛ ئەوەی لێی ڕووسوور هاتە دەرێ حیزبەکانی گۆڕەپانی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی بوون و دۆڕاوەکەش ڕێژیمەکەی جەنابیان بوو.

خاڵێکی دیکە کە لەو وتوێژەدا پێویستە سیرنجی پێ بدرێ خۆشحاڵیی جەنابی باڵوێزە لەوە کە دوای هەڵبژاردنی ئەو دواییانەی هەرێمی کوردستان پارلمانی ئەو هەریمە هەمە ڕەنگ و هەمە دەنگە و هەموو حیزبەکانی کوردستانی عێڕاق و پێکهاتەکانی ئەو هەرێمە نوێنەریان هەیە و ئەوە دەتوانی یارمەتیدەر بێ بۆ پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان لە بواری سیاسیی وئابووریدا. بەڵام ئاغای باڵوێز کە ئەوەندە ڕازی و خوشحاڵە لەو شێوە هەڵبژاردنەی پارلمانی هەریمی کوردستان، ئەدی بۆ ماوەی چل ساڵە ئیزن نادەن

هەڵبژاردنێکی ئازاد لە ئێرانەکەی خۆیاندا بکرێ تا ئەم پێشکەوتنەش بە نەسیب وڵاتەکەی خۆیشیان بێ؟ لێ جەنابی باڵوێز ئەو ڕاستییە دەزانی کە هۆکاری ئەمەی تەرکیبی پارلمانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە ڕێک خراوە سیستمی دیموکراسییە کە بە هەموو کەموکورتییەکەی لە ماوەی دامەزرانی هەرێمی کوردستانەوە لەو هەرێمە پێڕەو کراوە، بەڵام ئەمە لە ئێرانی سەرتاپا نادێموکراتیک بە قانوونی بنەڕەتیی ئەم ڕێژیمە نایەتە دی؛ هەر بۆیە ئەم قسانەی جەنابی باڵوێز تەنیا ڕووکەشێکە و دەرخەری ڕووی ڕاستەقینەی ناوبراو و نیازی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نین دەرحەق بە دەسەڵاتی هەریم و خەڵکی کوردستان.

لە کۆتاییدا پێویستە پێ لەسەر ئەوە دابگرینەوە ئەوی بوو بە هۆکاری ئەوەی کە حیزبەکانی کوردستان بەگشتی و حیزبی دیموکرات بەتایبەتی دەست بۆ چەک بەرن، نیزامی سیاسی، قانوون و سیاسەتە دوژمنکارانی کۆماری ئیسلامی بووە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و ئەو حیزبانە، و ئەوەی نەیهێشتووە نانێکی ئاسوودە لە گەرووی خەلکی کوردستان بڕواتە خوارێ هەر کۆماری ئیسلامی بووە؛ بەڵام بە خاترجەمی دەتوانین بڵێین کە دواڕۆژی گەش و سەرکەوتوانە ئی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە وشکان و نەمانیش ئی کۆماری ئیسلامییە.

(لە ژمارەی ٧٣٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

## کۆماری ئیسلامیی ئێران و گەندەڵیی ڕێکخراو

گەندەڵی (فساد) بە لادانی مەعنەوی یا ئەخلاقی لە پرەنسیپە باوەکانی کۆمەڵگە دەگوترێ. گەندەڵی بە کرداری جۆراوجۆری وەک بەرتیلدان و بەرتیلوەرگرتن، دەستبردن بۆ ئەموالّ و سامانی دەوڵەتی و گشتی بە قازانجی تاکەکەسی، دەگوترێ بە واتایەکی دیکە گەندەڵی جۆرێک لە سەرپێچی و تاوانکارییە، کە بە هۆی کەسێک کە بەرپرسایەتی و هێزی هەیە بۆ وەدەستهێنانی قازانجی تاکەکەسیی خۆی لە ئەموالّی گشتی، دەیکا؛ بەو مانایە کەلکوەرگرتنی ئیزن پێنەدراو لە وزە و سامانی گشتیی کۆمەڵگە بۆ قازانجی تایبەت و تاکەکەسی.

کاتێک گەندەڵی لە وڵاتێکدا دەبێتە فەرهەنگ و دەسوێ، ئیدی هیچ کەس وا بیر ناکاتەوە کە کارەکەی هەڵەیە و تەنانەت گەلێک جاران تاوانە، چونکە لە لایەک دەبینێ کە هەموو کەس بەو شێوەیە ڕەفتار دەکا و لە لایەکی دیکەوە ئەگەر ئەویش وا ڕەفتار نەکا کاری بۆ ناچێتە پێش و لە کاروان بەجێ دەمێنێ و، ئەو فەرهەنگە ساختار و بنچینەی کۆمەڵگەی تێک دەڕووخێنێ.

کاتێک دیاردەی گەندەڵی لە وڵاتێکدا بوو بە فەرهەنگ و تان و پۆی خۆی لە تەواوی لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بڵاو کردەوە ئەو وڵاتە هەرچەند لە بواری سامانی مادییەوە دەوڵەمەند بێ، خەڵکەکەی هەر هەژار و بێدەرەتانە. ئێرانی ژێر دەستی کۆماری ئیسلامی بەپێی هەموو پێوانەکانی جیهانی یەکێک لەو وڵاتانەیە کە گەندەڵی تێیدا بووەتە فەرهەنگ.

لە ڕوانگەی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێونەتەوەییەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕادەی گەندەڵترین وڵاتانی جیهان دایە. ئەو ڕێکخراوەیە هەموو ساڵێ دوای لێکۆڵینەوە بە شێوەی خۆی لە بەڕێوەچوونی گەندەڵی لە نێو وڵاتەکاندا ڕاپۆرتێک دەداتە دەرێ و زۆربەی کات لەو ڕاپۆرتانەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران پلەی نیزیک بە کۆتایی جەدوەلەکەی لە نێو وڵاتاندا پێ دەبڕێ، بەو مانایە هەروەکی گوترا ئێران لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی گەندەڵکارە لە جیهاندا.

لەنێوان ساڵەکانی ١٣٥٦ و ١٣٥٧ی هەتاوی خەڵکی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی ڕژانە سەر شەقام و بەپێی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی نووسەران و توێژەران یەکێک لە هۆکارە هەرە گرینگەکان کە خەڵکی هێنابووە سەر شەقام، دەربڕینی نارەزایەتی لە گەندەڵی بوو کە لە دامودەزگای سیستمی پاشایەتیدا ڕەگی داکوتابوو و خەڵکی ئێران بە هومێدی ژیانێکی باشتر و بنەبڕکردنی گەندەڵی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبەری وڵاتدا بە کردەوە هاتنە مەیدان. خەڵک دوای ڕووخاندنی سیستمی پاشایەتی چاویان بڕیبووە سیستمی نوێی دەسەڵاتداری کە خۆی بە ناوی کۆماری ئیسلامی پێناسە دەکرد و، شوعارەکانی لە بازنەی دادپەروەریی ئیسلامیدا دەخولانەوە. بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی خەڵک لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، نەک گەندەڵی بنەبڕ نەکرا، بەڵکوو نیزامی ئیداری گەندەڵتر بوو و، ئەخلاق و بایەخەکانی کۆمەڵگە بە پانەوە زیانی پێ گەیشت و بوو بە هۆکاری سەرەکی کە هەژاری و نادادپەروەری لە کۆمەڵگەدا پەرە بستێنێ. لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا ئەو گەندەڵییە سیستماتیکە؛ درۆ و بوختان و ملهوڕیی ئیداریی کردۆتە فەرهەنگ و، زیانی قەرەبوو نەکراوی بە بەرژەوەندیی گشتی گەیاندووە. بە واتایەکی دیکە لە سیستمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامیدا بەرژەوەندی خەڵک بەپێی چوونەسەریی تەمەنی ئەو ڕێژیمە زیاتر و زیاتر بۆتە قوربانیی چاوچنۆکی تاقمی دەسەڵاتدار.

گەندەڵیی هەزار میلیاردی لە ڕێکخراوی خانەنشینکراوان، ڕانتخۆریی ٦٥٠ میلیۆن یۆرۆیی کۆمپانیای «سپید استوار» لە بانکی ناوەندی، وەرگرتنی بەرتیلی ٣٠ تا ٩٠ میلیۆن تمەنیی ١٧٠ نوێنەری خولی هەشتەمی مەجلیس لە محەممەدڕەزا ڕەحیمی، جێگری مەحموود ئەحمەدینژاد؛ گەندەڵیی ٨ هەزار میلیارد تمەنی لە سندووقی پاشەکەوتی فەرهەنگییان، گەندەڵیی ٩٤ هەزار میلیارد تمەنیی «پدیدە شاندیز»، گەندەڵیی ٣ هەزار میلیارد تمەنیی بانکی سادرات و ونبوونی ١٧ پەروەندەی پێوەندیدار بە گەندەڵی و لادان لە دەوڵەتی ئەحمەدینژاد تەنیا دڵۆپێکن لە دەریای گەندەڵییە سیستماتیکەکان لە کۆماری ئیسلامیدا.

خۆش ئەوەیە دەزگای قەزاییش کە دەبێ لە گەندەڵییەکان بپرسێتەوە خۆی چ وەک دەزگایەکی سەرەکیی بەڕێوەبەری وڵات و چ وەک بەرپرسانی سەرووی، بەشێکی لێکدانەبڕاو لە گەندەڵیی سیستماتیکی نێو نیزامن.

یان بۆ نموونە هیچ ناوەندێکی دەسەڵاتدار ئیزنی ئەوەی نییە کە لەسەر داهات و سامانی ڕێبەری حکوومەت و کەسانی سەر بە بەیتی جەنابیان بپرسێتەوە و بزانێ چەندە سروەت و سامانیان هەیە و لە کوێ هاتووە؟

زۆرینەی بیرمەندانی ئەو بوارە لە سەر ئەو باوەڕەن کە گەندەڵی، کردارێکی سیاسییە و بۆ بنەبڕکردنی، پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسی هەیە. هەربۆیە لە ئێراندا گەندەڵی بەو شێوە بەربەرینە پەرەی ئەستاندووە چونکە ئیرادەی سیاسی نییە و دەسەڵات خۆی لە پەرەپێدانی گەندەڵی لەنێو دامودەزگای ئیداریدا، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە و هەیە. لە سەردەمی ئێستادا گەندەڵیی ئیداری تەنیا لە (ژێرمێزی و سەرمێزی)دا کورت نابێتەوە بەڵکوو گەندەڵی وا لە تان و پۆی هێندێک لە دامودەزگای ئیداری کۆماری ئیسلامی هاڵاوە کە بۆتە بەشێک لە شوناس و پێناسەی ئەو ئیدارەیە. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە هیچ پێویست ناکا بە دوای ئامار و داتادا بگەڕێین، بەڵکوو بە چاو لێکردنێک و یا بە گوێگرتنێک لە لێدوانەکان و نووسینەکانی بەرپرسانی پلە باڵای ئەو سیستمە، بەئاسانی ڕاستی و درووستی ئەو بابەتەمان بۆ دەردەکەوێ. بۆ نموونە «ئەحمەد تەوەکولی»، نوێنەری پێشووی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و یەک لە کاندیداکانی ڕکەبەری ئەحمەدینژاد و رووحانی بۆ سەرۆککۆماری، لە لێداونێکدا دەڵێ: «حکوومەتی کۆماری ئیسلامی گەیشتۆتە قۆناغی گەندەڵیی سیستماتیک». هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ساڵی ١٣٩٦ هەر چوار بەربژێرەکە، کەوا سەڵاحییەتیان لە لایەن شووڕای نیگەهبانەوە پەسند کرابوو (حەسەن ڕوحانی، ئیسحاق جەهانگیری، محەممەد قالیباف و ئیبراهیم رەئیسی)، بەڕوونی یەکتریان بە گەندەڵکاری تاوانبار دەکرد و، ئەو ڕەوتە هەر درێژەی هەبووە چونکە لە پێشووشدا دوای هەڵبژاردنی هەر دەورەیەکی سەرکۆماری نەک گەندەڵی کەم نەبۆتەوە، بەڵکوو ڕێژەکەی چۆتە سەرێ و دوای تەواوبوونی هەر دەورەیەکی سەرکۆماری کۆمەڵێک لە کەسە نیزیکەکانی سەرکۆمار بە تاوانی گەندەڵکاری خراونەتە زیندان، کە دیارە ئەمە بەمانای هەوڵ و خەباتی سیستم بەدژی گەندەڵی نییە و زیاتر لە پاکانە حسێبی جیناحیدا ئەو کەسانە وەک مۆرەی سووتاو دەکرێنە قوربانی. کە ئەحمەد تەوەکولی دەڵێ گەندەڵی لە ئێران سیستماتیکە، ئەوە بەم مانایەیە کە لە دوای هاتنە سەر کاری سیستمی کۆماری ئیسلامی گەندەڵی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، لە نێو دامودەزگای حکوومەتداریدا بەڕێکخراو کراوە و بە هیچ جۆر ناتوانرێ گەندەڵی لە نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی جیا بکرێتەوە، چونکە بە ڕۆژانە لە ڕاییکردنی کارەکاندا دەبییندرێ کە بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک، کەسی بەرپرس یا بە تەماحی ماڵی دنیا و یا بە تەماحی چوونە سەری پلەوپایە ڕێگەی گەندەڵکاری دەگرێتە پێش و لەو نێوەدا کەم وا هەیە حەق بە حەقدار بگا و، زیاتر مەیدان بۆ کەسانی هەلپەرست و قازانج ویست دەرەخسێ. لەم نێوەدا خەڵکی کەم داهات و بێدەسەڵات هەم لە بواری مەعنەوی و هەم لە بواری ماددییەوە تێکشکاوتر و هەژارتر دەبن و یا ناچار دەبن؛ بۆ ڕاییکردنی کارەکانیان مل ڕاکێشن بۆ زۆر کار کە لە ئاستی کەسایەتیی مرۆڤەکاندا نەبێ کە ئەوەش دەبێتە هۆی پەرەپێدانی گەندەڵی زیاتر و تەسلیم بوونی کۆمەڵگە لە بەرامبەر ویست و داواکانی دەسەڵاتداران.

هەروەکی گوترا لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا گەندەڵی بە چەشنێک بۆتە فەرهەنگ کە لە هەموو بوارەکانی وەک: گەندەڵیی سیاسی، گەندەڵی لە ساختاری دینی، گەندەڵی و قەیرانی جینسی، گەندەڵی لە ساختاری پیشەسازیی نەوت، گەندەڵی لە شووڕای شار و

گوندەکان، گەندەڵی لە شارەوانییەکان و... هتد دەبیندرێ، کە هەموو ئەو بابەتانە و دەیانی دیکەی لەو چەشنە وەک ئاڵقەی زنجیر پێکەوە بەستراوەن و، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییان گەیاندۆتە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی گەندەڵکار لە دنیادا.

بڵاوبوونەوە و پەرەئەستاندنی گەندەڵی ڕێکخراوەیی لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا وای کردووە کە سیاسەتەکانی دەوڵەت لە دژایەتی دابن لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیی گەلانی ئێران، بە جۆرێک کە زۆر جاران دەوڵەت عاجزە لە بەرەو پێشبردنی گەلاڵەیەک ئەگەر بەرواڵەتیش بووبێ کارێک بێ بۆ کەم کردنەوەی گەندەڵی لە دامودەزگای ئیداریی دەوڵەتدا. بۆیە لە ئاکامدا دەبینین کە خەڵک باوەڕی بە دامودەزگای دەوڵەتی لە دەست داوە و، دڵسۆزی و سووربوون لە سەر بەڕێوەبردنی ئەرک و فەرمان جێگەی خۆی داوە بە بێتەفاوەتی و تەمبەڵی و گەندەڵکاری، چونکە لە کۆماری ئیسلامیدا شتێک بە ناوی قانوون و قانوون پارێزی بۆ دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی نیزامدا مانای نییە. یەکێک لە لایەنەکانی حاکمییەتی قانوون ئەوەیە کە تاک و دامودەزگای دەسەڵاتدار لە بەرامبەر قانووندا یەکسان و وەڵامدەر بن.

لە وڵاتانی دێموکراتیکدا دوو ناوەندی ئەسڵی لە وڵاتدا حاکمییەتی قانوون دەستەبەر دەکەن و دەتوانن دامودەزگای دیکەی دەوڵەت بکێشنە نێو بازنەی لێپرسینەوە. یەکیان دەزگای قانووندانانی ئەو وڵاتە واتا پارلمانە و ئەوی دیکەیان دەزگای دادوەریی ئەم وڵاتەیە. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنییەوە هەتا ئێستا، ئەگەر چاو لە پێرستی گەندەڵکاران بکەین دەبینین زیاتر لە پەنجا لە سەدی گەندەڵکاران یا ئەندامی مەجلیس بوون و یان کاربەدەست بوون و سەریان بە دامودەزگای دادوەرییەوە بەند بووە. هەر بۆیە ڕێکخراوی گەلاڵەی جیهانی بۆ دادپەروەری لە ڕاپۆرتی خۆیدا ئێرانی لە نێوان ١١٨ وڵاتی جیهان لە پلەی ٨٠دا داناوە.

بۆیە باسی گەندەڵی ئیداری_ئابووری لە کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ پرۆپاگەندەی لایەنەکانی بەشداری دەسەڵاتە قەت خەڵکی ئێران لەو باوەڕەدا نین و نابن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بتوانێ و بیەوێ ئەو دیاردەیە چارەسەر بکا بە تایبەت ئەوەیکە مافیایەکی گەورەی ئابووری و ڕانت خۆری لە ناو دەسەڵات پێک هاتووە کە مانەوەی خۆی گرێ داوە بە دیاردەی گەندەڵی کە هەڵبەت لە سەرووی هەموویانەوە بەیتی ڕێبەری و خودی خامنەیی ڕێبەرایەتی ئەو مافیایە دەکا.

لە کۆتاییدا وڵاتێک کە هێز و دەسەڵات لە تاکە کەسێکدا خولاسە ببێتەوە و ئەو کەسە لە سەرەوەی قانوون بێ، زۆر سروشتییە ئەو وڵاتە بە جێگەی سەروەری قانوون، گەندەڵی تێیدا دەبێتە فەرهەنگ و دەسەڵاتداران دەوڵەمەندتر دەبن و بێدەسەڵاتان و بێدەرەتانەکانیش هەژارتر.

(لە ژمارەی ٧٣٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

-----------------------------------------------

## مافی زیندانی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا و پێوەرە جیهانییەکان

پێش ئەوە باس لە مافی زیندانی بکەین وا باشە بزانین کە مەبەست لە سزای بەندکران چییە و زیندان بە مانای چییە؟ زیندان ئەو شوێنەیە کە کەسی تاوانبار بە حوکمی دادگا لە ئازادیی ژیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و یا هەتا مردن بێبەش دەبێ و یەکێک لە ئامانجەکانی سزادان بە زیندانیکردن ئەوەیە کە بۆ زیندانیی تاوانکار ببێتە هۆکارێک بۆ چاکسازی و بە شێوەیەک کە بەندکراو دوای ئازادبوونی لە زیندان بتوانێ وەک کەسێکی ئاسایی بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگە و بۆ ژیانێکی نوێ، بەڵام نیزامی دادی کۆماری ئیسلامی جۆرێکی ترە. لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا شاهیدی ئەوە بووین کە لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی و قانوونەکانیدا نەک تاوان و تاوانکاری کەمی نەکردووە بەڵکوو ڕادەی زیندانی و زیندانەکان بە شێوەیەک پەرەی ئەستاندووە کە ئێران بە پانتایی جوغرافیای خۆی بۆتە زیندان، کە هەر ئەوە دەرخەری ئەوەیە کە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی وا دانەڕێژراون کە بەرژەوەندیی کۆمەڵگە بپارێزن بەڵکوو وا نووسراون کە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارانی سیستم بن. چونکە ئەگەر چاو بە ئاماری زیندانییان لە ئێراندا بخشێنین دەبینین کە سیستمی زیندانەکانی ئێران و نیزامی دادوەریی ئەو ڕێژیمە نەیتوانیوە ئەو ئامانجە بپێکێ کە زیندانی لە دوای ئازادبوونی لە تاوان و تاوانکاری دوور ڕابگرێ؛ بەڵکوو پێچەوانە بۆتەوە و بەهۆی بێجێگەیی و نەبوونی ئیمکاناتی ئامووزشی دەبینی زیندانی لە

زیندان دەبێتە هاونشینی کەسانی تاوانکاری حیرفەیی و دوای ئازادبوون لە جیاتی گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی دەکەوێتە داوی دەستە و تاقمی تاوانکاری گەورە کە هەم خۆی لە دەست دەچێ وهەم ئەو کارە دەبێتە هۆی هەڵوەشان یا زەبرلێدان لە بنەماڵەکەی خۆی. لە هەمان حاڵدا شێوە ڕەفتاری دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی بۆتە هۆکارێک کە هەزینە ئینسانی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستێکی بەرینتردا تێچووی گەورەی سیاسی بخاتە سەر شانی کۆمەڵگەی ئێران و لە ئاکامدا تەنیا ئەوە زیندانی نییە کە زیانمەند دەبێ، بەڵکوو بە شێوەی ناڕاستەوخۆ کۆمەڵگەش ئەو زیانەی پێ دەگا.

نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە بە تەنیا سزای زیندان و یا هەر سزایەکی دیکە ناتوانێ لە سەردەمی ئێستادا ببێتە هۆی کەمکردنەوەی تاوان. لە ڕوانگەی زانایانی بواری قانوونی ئەوەی دەتوانێ ببێتە هۆی کەمکردنەوەی تاوان ئەوەیە کە دەوڵەت بتوانێ بەستێنی ژیانێکی سەردەمیانە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە پێکبێنێ و هەوڵ بدا بە داڕشتنی بەرنامەی تۆکمەی ئابووری، مەودای نێوان چینەکانی کۆمەڵگە کەم بکاتەوە و فەزایەک بخوڵقێنێ کە تاک لە نێو کۆمەڵگە و بنەماڵەی خۆیدا هەست بە ئازادی و سەربەستی بکا و لە هەمان کاتدا خۆی بە بەرپرسیار بزانێ لە بەرامبەر بنەماڵە و ئەو کۆمەڵگەیە کە تێیدا دەژی و ئەو جۆرە فەزایە لە وڵاتانی دێموکراتیکدا لەمێژ ساڵە بۆ تاک تاکی کۆمەڵگە خوڵقاوە، بۆیە دەبینین کە ڕادەی تاوانکاری لەو وڵاتانە بەتەواوی هاتووەتە خوارێ و هەندێک کردار کە لە ئێران بە تاوان دادەنرێ و خەڵکی لەسەر سزا دەدرێ لەو وڵاتانە نەک تاوان نییە بەڵکوو بە دەربڕینی ئازادیی بەیان و تاکەکەسی دادەنرێ.

لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا هەموو کاتێک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنی پێوەرەکانی مافی مرۆڤ لە پلەی یەکەمدا سیستمی قەزایی و ئەمنییەتیی ئەو وڵاتانە بە پێوەر دادەنرێ. بەو مانایە ڕادەی پابەندی ئەو وڵاتانە بە بەڕێوەچوونی دادگایەکی دادپەروەرانە بایەخێکی گرینگ دەدا بە پێگەی ئەو وڵاتە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا. بەڵام دەبینین لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو کات خۆی لە پێوەرە نێونەتەوەییەکان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ پاراستووە و تەنانەت ئەو قانوونانەش کە لە ناوەندی قانووندانانی ئەو سیستمەش بە مەبەستی پاراستنی مافی مرۆڤ دەرچوون کاریان پێ نەکراوە و ڕێزیان بۆ دانەنراوە. یەکێک لەو قانوونانە شێوەی دەست وێڕاگەیشتنی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەیە بە دادگایەکی دادپەروەر و لە هەمان کاتدا دەست وێڕاگەیشتنی بە پارێزەر، جا ئەو کەسە بە هەر هۆکارێک لە لایەن مەئموورینی دەوڵەتییەوە دەستبەسەر کرابێ و هەروەها بەپێی هەموو پێوەرەکانی نێونەتەوەیی و تەنانەت قانوونی بنەڕەتی ئێرانیش، پاراستنی مافی ئینسانی لە زیندان چ لە کاتی دەست بەسەرکراوی و چ ئەو کات کە لە لایەن دادگاوە حوکمی یەکجاری دەدرێ ئیلزامییە، بەڵام هەر وەکی لە پێشدا باس کرا لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ئەو پێوەرانە نەک لەبەرچاو نەگیراون بەڵکوو ژێرپێ خراون. بەپێی پێوەرەکانی مافی مرۆڤ و پەیماننامەکانی پێوست بە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ هەموو مرۆڤێک لە کاتی دەستبەسەرکردن هەتا دەرچوونی حوکمی کۆتایی دادگا ئەو مافانەی هەیە: لە کاتی دەستبەسەر کران لە ماوەیەکی کورتدا دەبێ تێ بگەیەندرێ کە بۆ دەستبەسەر کراوە (تفهیم اتهام)، بنەمای هەموو گرتن و دەستبەسەرکردنێک لە سەر بێ تاوانییە و هەتا تاوانەکە نەسەلمێندرابێ دەستبەسەرکراوەکە دەبێ وەک کەسی بێتاوان هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ، کەسی دەستبەسەرکراو مافی بێ ئەملاولای خۆیەتی پارێزەری خۆی هەبێ، لە بواری تەندرووستییەوە هەم لە یەکەم ساتی دەستبەسەرکردنی پشکنینی پزیشکی بۆ بکرێ و ئەگەر نەخۆشییەکی هەبوو بخرێتە ژێر

چاودێریی پزیشکییەوە، شوێنی حەوانەوەی چ تاکەکەسی و چ بەکۆمەڵ بەشێوەیەک بێ کە شیاوی مرۆڤ بێ و بە چەندین مافی دیکە. کە بەداخەوە هەموو ڕێکخراوە جیهانییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و دەوڵەتانی ئورووپایی ئەو ڕاستییە دەزانن کە هیچ کام لەو مافانە لە نیزامی دادی کۆماری ئیسلامیدا بە زیندانیی سیاسی و غەیرەسیاسی نادرێن، بەڵام ئەوان لەبەر بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیان لە ئاست ئەو پرسەدا ماوی چل ساڵە چاویان نووقاندووە. لێرەدا وەک نموونە باس لە دوو بڕگەی قانوونی دەکەین لە بەڵگەکانی نێونەتەوەیی و نێوخۆی ئێراندا کە مافی زیندانی لە بواری پاراستنی تەندرووستییەوە تێدا دەستنیشان کراوە و لە سەر زیندانەوان ئەرکە جێبەجێیان بکا.

کۆمەڵێک بنەما و پرەنسیپ لە ساڵی ١٩٨٨ی زایینی لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ پارێزگاری لە هەموو ئەو کەسانەی کە بە هەر شێوازێک لە لایەن دەسەڵاتەوە دەستبەسەر کراون و یا زیندانین پەسەند کراوە کە لە ئەسڵی ٢٤دا دەڵێ: (کەسی دەستبەسەرکراو یا زیندانی دوای وەرگرتن لە لایەن ناوەندی ڕاگرتنی کاتی یا زیندان دەبێ لە زووترین کاتدا پشکنینی پزیشکیی شیاوی بۆ بکرێ و لە دوای ئەوەوە هەر کاتێک پێویستی بە دوکتور هەبوو، لە زووترین کاتدا دەبێ دوکتوری بۆ دابین بکرێ. ئەو لە ژێر چاودێری و ئاگالێبوونی بەخۆڕایی و بێ بەرامبەر دەبێ). لە ئاییننامەی ئیجرایی ڕێکخراوی زیندانەکانی ئێراندا لە پێوەندی لەگەڵ چارەسەری پزیشکی هەموو زیندانییان لە نێوخۆی زیندان و دەرەوی زیندان لە مادەی١٠٣دا بەو شێوەیە باس دەکا: (هەتا ئەو جێگایە کە ئیمکانی هەبێ، دەبێ بە شێوەیەک ڕێک بخرێ کە پێداویستییە دەرمانی و تەندرووستییەکانی حوکمدراوانی نەخۆش لە نێوخۆی دامەزراوەی زینداندا دابین بکرێ بۆوەی پێویست بەوە نەکا زیندانی بۆ دەرەوی زیندان یا دامەزراوەی زیندان ڕابگواسترێ. لەگەڵ هەمووی ئەوانە لە کاتی پێویستدا بردنەدەرەوەی زیندانی لە زیندان بە مەبەستی چارەسەری پزیشکی پێویستیی بە تەئیدییەی نەخۆشخانەی زیندان و ئیجازەی بەرپرسی دامەزراوەی زیندان یا بەرپرسی زیندان و ڕەزایەتی قازی هەیە.)
کاتێک چاو لە وەزعییەتی زیندانەکانی ئێران دەکەین ڕاستیی ئەو بابەتە کە کۆماری ئیسلامی پابەندی هیچ قانوون و یاسایەک نییە جا چ ئەو قانوونە نێوخۆیی بێ یا نێونەتەوەیی بێ، و جێگای نیگەرانییە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە ماوەی ئەو چل ساڵەی تەمەنی دەسەڵاتداریان هەموو کات ڕێکەوتن و پەیماننامە نێونەتەوەیی و دەوڵەتییەکانیان لە بەرچاو نەگرتووە و ژێرپێیان ناوە.

کردار و ڕەفتاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ زیندانییەکان بە تایبەتی زیندانییانی سیاسی و جیابیر ئەوەیە کە بەئەنقەست لە چارەسەرکردن و دەستوێڕاگەیشتنیان بە دوکتور و دەرمان خۆ دەبوێرن کە ئەو خۆبواردنە زۆر جار بووەتە هۆی مەرگی زیندانی. بۆ نموونە: ئەکبر محەممەدی لە ساڵی ٢٠٠٦، هودا سابیر لە ساڵی ٢٠١١، سەتار بەهەشتی لە ساڵی ٢٠١٢ بە هۆی ئەشکەنجەوە گیانی لەدەست دا، زێنەب جەلالیان زیندانیی سیاسیی کورد کە مەحکووم بە ئیعدامە، لە مێژووی زیندانییانی ئێراندا یەکەم ژنە کە ئەو ماوە دوورودرێژە لە زینداندا بەند کراوە و بەهۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی لەوانەیە بینایی چاوەکانی لە دەست بدا کە بێجگە لەوەی کە یای زێنەب جەلالیان دەستی وە چارەسەری پزیشکی ڕانەگەیشتووە بەڵکوو لە ماوەی بەندکرانیدا بە هەموو جۆرێک ئەشکەنجە دراوە.

هەروەها نوێترین نموونە وەحید سەیاد نەسیری لە زینندانی لەنگروودی شاری قوم کە بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە حوکمی دادگا دوای نیزیک دوو مانگ مانگرتن لەخواردن گیانی لە دەست دەدا، بەبێ ئەوەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی خۆی لە بەرامبەر مەرگی ئەو زیندانییە و هەزاران زیندانی دیکە بە بەرپرس بزانێ و لە بەرامبەر بنەماڵە و کۆمەڵگەی ئێراندا وەڵامدەر نییە و هەروەکی لە سەرەتاوە گوترا ئەو رەفتارەی دەزگای دادی ئێران دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پابەندی هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێونەتەوەیی و تەنانەت قانوونەکانی خۆیشی نییە و هەر بۆیە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ڕیزی ئەو وڵاتانەیە کە شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان چەندین ساڵە ڕیپۆرتێری تایبەتی مافی مرۆڤی بۆ دیاری کردووە.

لە کۆتاییدا پێویستە وەبیر بێنمەوە کە نابێ ئومێدمان بەوە هەبێ کە سیستمی قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئێران چاکسازی بە قازانجی گەلانی ئێرانی تێدا دەکرێ، چونکە بەشی زۆری قانوونەکانی ئێران بە قانوونی ئەساسیشەوە لە قازانج و بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتداری ئەو سیستمە نووسراون و دەسەڵاتدارانیش هیچکات بەوە ڕازی نابن کە ئەو قانوونانە لە بەرژەوەندیی گەلانی ئێراندا ئاڵوگۆڕیان تێدا بکرێ.

(لە ژمارەی ٧٤٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٩

------------------------------------------------

## نەقڵی خۆش و نوقڵی مەجلیس

ڕەسووڵ نادری یەکێک لەو هونەرمەندانە بوو کە بە دەنگە خۆش و هەستبزوێنەکەی و گێڕانەوەی نەقڵ و نەزیلە لە ماوەی تەمەنیدا بە بەشداری لە سەدان کۆڕ و مەجلیس و شایی و هەڵپەرکێدا دڵی هۆگرانی خۆی خۆش کردووە و شریتی بەیت و حەیران و گۆرانی و قسەخۆشەکانی لە زۆربەی ماڵەکانی کوردستان، بە تایبەتی ناوچەی موکریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی هەولێر و سلێمانی لە باشووری کوردستان وەگیر دەکەوت و دەکەوێ. ڕەسووڵ نادری لە ساڵی ١٣١٢ لە ئاوایی «وزنتاش» سەر بە شاری مەهاباد لە بنەماڵەیەکی گوندی لە دایک بووە و بۆ ماوەیەک ماڵیان چووەتە ئاوایی «کانی سێو» هەر لەو ناوچەیە.

بۆ خۆی دەڵێ لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە هۆگری هونەری گوتن بووم و هەر ئەوە وایکردووە کە ناوبراو بە تامەزرۆیی گوێ لە دەنگخۆشەکانی سەردەمی لاوەتیی خۆی بگرێ و، لە کۆڕ و مەجلیسان گوێ بۆ بەیت و باو و سەربردە و قسەی خۆش و نەقڵ و نەزیلەکانی خەڵک هەڵخا و، بە مێشکی خۆی بسپێرێ و لە دواییدا تاسولووسیان بکا و؛ بەو جۆرە کە خۆی دەیهەوێ و پێویستی کۆمەڵگەیە، بیانگێڕێتەوە. بەداخەوە ڕەسووڵ نادری لە ٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵدا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، بەڵام هەگبەیەک لە هونەر و خەرمانێک لە سامانی هونەریی بەنرخی لە دوای خۆی بەجێ هێشت کە پاشخان و گەنجینەی هونەری کوردیی لە بواری هونەری زارەکیدا پێ دەوڵەمەند بووە. بەڵام ئەوی مەبەستی ئەو نووسینەیە تەنیا یاد کردنەوە لە هونەرمەند ڕەسووڵ نادری نییە، بەڵکوو بۆوەیە بەو قەڵەمە کلۆڵە کە دەزانم توانای هەڵسەنگاندنی بواری هونەریی نییە، هەتا ڕادەیەک باسی هونەری نەقڵ گێڕانەوەی ئەو هونەرمەندە بکەم کە ئەو هونەرەی دەچێتە خانەی تەنزەوە و ئەوەی کە چۆن ڕەسووڵ نادری ویستوویەتی لەو هونەرە بە قازانجی خەڵک و کۆمەڵگەکەی کەلک وەربگرێ. بەڵام لە پێشدا بە کورتیش بێ با بزانین هونەری تەنزی زارەکی چییە؟

تەنزی زارەکی ئەو تەنزەیە کە هونەرمەند بە شێوەی زارەکی دەری دەبڕێ و بابەتەکانی ناباتە سەر کاغەز و نانووسرێنەوە. بەڵام لە ئەدەبیاتی ڕۆژانەی خەڵکدا جێی خۆیان دەکەنەوە و جاری وایە زار بە زار، ناوچە بە ناوچە خەڵک بۆ یەکتری دەگێڕنەوە و تەنانەت جاری وایە ئەوەندە کاریگەرییان دەبێ کە دەبنە بەشێک لە فەرهەنگی گوتنەوەی خەڵک. ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە تەنزی زارەکی توانایەکی زۆری هەیە کە دەتوانێ بۆ ماوەیەکی زەمەنی دوورودرێژ لە نێو توێژەکانی کۆمەڵگەدا جێی خۆی بکاتەوە.
تەنز لە پێناسەیەکی کورتدا یانی دەربڕینی هونەرمەندان و ڕەخنەگران لەو ڕووداوانەی کە ناخی کۆمەڵگە دەهەژێنن و یا لە قۆناغێک لە ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە زیانی پێ دەگەیەنێ. جا ئەو زیان گەیاندنە لە لایەن تاکی کۆمەڵگە و یا لە لایەن دەسەڵاتەوە بێ بۆ هونەرمەند هیچ فەرق ناکا و ئەو لە ڕێگای تەنزەوە ناڕەزایەتیی خۆی دەردەبڕێ و کۆمەڵگە ئەگەر لێی تێ بگەن، وشیار دەکاتەوە. هونەرمەندی تەنزی زارەکی هەر وەکی هونەرمەندانی دیکەی تەنز (شاعیر، کاریکاتۆریست و...) لە ئاست داب و نەریتە ناشیرینەکانی نێو کۆمەڵگە بێدەنگ نابێ و هونەرمەندانە لە ڕێگای هونەرەکەیەوە ئەو بابەتانە بە جۆرێک دەخاتە بەر ڕەخنە و گازندە، کە بیسەر لە قۆناغی یەکەمدا کە دەیبیستێ پێی شادمان دەبێ و بەکەیفی خۆی پێدەکەنێ و بەڵام لە دواییدا بۆی ڕوون دەبێتەوە کە هونەرمەند مەبەستی لەو دەربڕینە چییە!

هەر وەک لە سەرەتای بابەتەکە باسمان کرد ڕەسووڵ نادری یەکێک لەو هونەرمەندانە بوو کە لە ماوەی تەمەنی هونەریی خۆیدا بە زمانی تەنز لە قاڵبی نەقڵ و نەزیلەدا، بابەتە دزێوەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری و تەنانەت جارجاریش سادەڕوانینی خستووەتە بەر ڕەخنە و گازندەی خۆی کە هەق وابوو لەلایەن کەسانی بە توانا و خاوەن قەڵەمی ئەدەبییەوە لانی کەم لە دوای مەرگی ئەو هونەرمەندە، کارە هونەرییەکانی کەوتبانە بەرباس و لێکدانەوە بۆ دەوڵەمەند کردنی زمانی کوردی لە لایەک و ڕێزدانان بۆ هونەرمەندان کە لە ماوەی تەمەنی هونەری خۆیاندا خزمەت بە زمان و فەرهەنگی کوردی دەکەن و، ئەو ڕێزدانانە لەمێژ ساڵە لە نێو نەتەوەکانی دیکە جێ کەوتووە.

ڕەسووڵ نادری خوێندەواری نەبوو و نەیدەتوانی بەرهەمی هونەرمەندانی دیکە بخوێنێتەوە، بەڵکوو تەنیا گوێی دەگرت و هەوڵی دەدا ئەو هونەرە کە لە نێو زۆرینەی خەڵکی کوردستاندا باوە بڕەوی پێ بدا و دەوڵەمەندی بکا. ئەگەر چاو بە کارنامەی ئەو هونەرمەندەدا دەخشێنین، دەبینین پڕە لە بەرهەمی هونەریی ڕەسەنی کوردی کە بە خاترجەمی ئەگەر ئەو بەرهەمە هونەرییانە لە نێو کوردستانی پارچە کراودا نەبوایە بێشک دەبوون بە شاکاری هونەری زارەکی. ڕەسووڵ نادری بێجگە لەوە هەوڵی دەدا لە ڕێگای نەقڵەکانیەوە دابونەریتی دزێوی کۆمەڵگە بخاتە بەر ڕەخنە و گازندەی خۆی و، تەنانەت بە سەر دەسەڵات وحوکمڕانیشەوە نەدەچوو و، کوردبوون و هەستی کوردایەتیی خۆی نەدەشاردەوە؛ هەر بۆیە لەگەڵ چەخماخەی خەباتی چەکداریی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی خەباتگێڕانی دێموکرات، ڕەسووڵ نادریش دەکەوێتە زیندان وماوەی سێ ساڵ لە زیندانی ڕێژیمی پاشایەتیدا حەبس دەکرێ. لە دوای ئازادبوونی لە زیندان ناگەڕێتەوە گوند و لە شاری مەهاباد نیشتەجێ دەبێ و لەوە بەدواوە ڕەسووڵ نادری زیاتر و زیاتر لە هونەردا دەردەکەوێ.

نەقڵەکانی ڕەسووڵ نادری کە گوێیان لێ دەگری، لەگەڵ ئەوەدا لە قاڵبی گاڵتەوگەپ دان و بیسەر بە بیستنیان پێدەکەنێ بەڵام لە ڕاستیدا هەڵقوڵاوی پرسەکانی ناخی کۆمەڵگەن و هونەرمەند لە ڕێگای ئەو نەقڵانەوە ناهاوسەنگیی نێو کۆمەڵگە لە نێوان ئاغا و ڕەعیەت، دەوڵەمەند و هەژار، مەلا و خوێندەوار و نەخوێندەوار، گەندەڵیی کاربەدەستانی دەوڵەتی و نیاز و حەوجێی خەڵکی بێدەرەتان و، خۆشەویستیی کچ وکوڕ و دابونەریتی کۆمەڵگە و دەیان بابەتی دیکەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە نێوئاخنی تەنزی زارەکیدا دێنێتە بەرباس. بۆ نموونە کاتێک لە سەردەمی شادا لە زینداندا دەبێ، لە نەقڵێکدا ئاوا باس لە گەندەڵیی دەزگای ئەمنییەتی، واتا ژاندەرمەری دەکا و دەڵێ: «زیندانییەکانیان کۆ کردبۆوە و کابرای ئەفسەر پرسیاری دەکرد کێ خزمەتی نیزامی پاشایەتی کردووە و هەرکەس بۆ ڕزگاریی خۆی شتێکی باس دەکرد. نۆرە گەیشتە من و هیچم نەبوو بیڵێم، هەر بۆیە گوتم منیش خزمەتی نیزامی پاشایەتیم کردووە و جارێکیان بارگینی ژاندەرمەیەکم ئاو داوە.» یان لە بەیتی پیرۆتدا باس لە دڕندەیی ژاندەرمە دەکا، ئەوکات کە پیرۆت لە باشووری کوردستانەوە گەڕاوەتەوە و لە پشتی ئاوایی «گەرۆڕ» ناوچەی «نەڵێن»ی ڕەبەت خۆی مەڵاس داوە هەتا ئێوارە دابێ و بچێتە نێو ئاوایی، بەڵام دەبینێ مانگا و گوێلکی خەڵکی لە نێو ڕەپستەی ماڵە خاڵی دان و ئەویش پێی ناخۆش دەبێ و بە تفەنگی دەستی دوو فیشەکان بە گاڕانەکەوە دەنێ کە خاڵی هاوار دەکا و دەڵێ: پیرۆت تەقەی مەکە، حەجەمۆکە پێ بزانن قەستی سەرە....

بە کورتی دەتوانین بڵێین ڕەسووڵ نادری هەر بە تەنیا گۆرانیبێژ و قسەخۆش نەبوو، بەڵکوو ڕەخنەگرێکی گەورەی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی خۆیدا بوو. بێجگە لەوە هەر لە ڕێگای ئەو هونەرەوە خزمەتی زۆری زمانی پاراوی کوردی کردووە، لە پاڵ ئەوەدا هەستی نەتەوایەتیی خۆی نەشاردۆتەوە کە ئەو بابەتە لە گۆرانی و نەقڵەکانیدا بەڕوونی خۆیان دەردەخەن. لەو کاتەدا کە کۆماری ئیسلامی لە ئێرانی دوای ڕێژیمی پاشایەتی، دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و شەڕی بە سەر کوردستاندا سەپاند، ڕەسووڵ نادریش وەک زۆربەی خەڵکی کوردستان بێبەش نەبوو لەو نەهامەتییانەی بەسەر خەڵکی کورستاندا هات و ئەویش بە هونەرەکەی خۆی هەتا ئەو جێگایە



سەرچاوە
Serchawe

مەجالی هەبوو بەشداریی دەکرد، لەو دیفاع و بەربەرەکانییە کە هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بۆ مانی خۆیان دەیانکرد. ئەوەتا لەو گۆرانییەدا لەژێر ناوی «ئای بژی حیزبی دێموکرات» باس لە ئازایەتیی پێشمەرگە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دەکا و لەو ڕێگایەوە دەیهەوێ هەستی بەربەرەکانی و دیفاع لە بەرامبەر دوژمنێکی تینوو بە خوێن لە نێو گەنج و لاوەکانی کوردستاندا بەهێز بکا و ڕوو لە خەڵک دەکا و دەڵێ ئەگەر ئازادیتان دەوێ دەبێ ئیتیحاد و یەکیەتیتان هەبێ:

بژی هێزی پێشمەرگە
دوژمن نەسیبی مەرگە
تێکۆشن بە دڵ و بە گیان
پێشمەرگە زۆر بە جەرگە
ئازادییە و ئازادی
میللەت ئازادی دەوێ
ئیتیحاد و یەکیەتی
دەبا میللەت سەرکەوێ

بە دوای ئەوەدا کە دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە سەر کوردستاندا زاڵ دەبێ ڕەسووڵ نادری دەبردرێتە زیندانی ئیتلاعاتی مەهاباد و لەگەڵ چەند کەسی دیکەی هاوشاریی خۆی بە تاوانی! هاوکاریکردنی حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە بۆ ماوەیەک زیندانی دەکرێ، بەڵام کە لە زیندان دێتەدەر باسی زیندانیکردنی خۆی و شێوەی ڕەفتاری زیندانەوان دەکاتە نەقڵێکی تەنز و بەئاشکرا و بێترس دەگێڕێتەوە کە چۆن بە گوتنی بەهارە پاسدارەکانی تووشی سڵەوات لێدان کردووە:

ئای لە بەهاری ئەوساڵ
بەهارێکی پڕ نوورە
بەهار وڵاتی داگرت
پڕ بوو لە گوڵاڵە سوورە
بەفر کەوتە بناران
زانی بەهار مەئموورە
مزگێنی بێ لە برادەران
دەڵێن ئەوڕۆ بەهارە

یا چۆن پێشنویژیی بۆ کردوون و لەو نەقڵەدا دیهەوێ بڵێ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی فڕی بە سەر ئەو دینەوە نییە کە موسوڵمانی ڕاستەقینە ئیمانی پێیەتی، دەنا چۆن پێشنوێژیی خۆیان بە کابرایەکی گۆرانیبێژی زیندانی دەکەن. یا لەمەڕ خۆفرۆش و جاشەکان هەتا هەلی بۆ هەڵکەوتبێ بە نەقڵ و نەزیلە و تەوسان هێرشی بۆ کردوون و وەبیری هێناونەوە کە پشت لە نەتەوە و نیشتمانی خۆتان مەکەن چونکە ئاکامەکەی شکان و سەرشۆڕییە. ئەوەتا لە نەقڵێکدا دەگێڕێتەوە و دەڵێ لە نێو بازاڕی مەهاباد تووشی چەند جاش بووم و دوای پێکەوە ڕاوەستان گوتیان چی نوێت بۆ ساز کردووین؟ لە وەڵامدا ڕەسووڵ نادری دەڵێ: هیچی نوێم نییە، بەڵام جاشەکان دەستبەرداری نابن و ئەویش دەڵێ مادام وایە گوێم بۆ بگرن:

چاوم بەجاشان کەوت
دەستم لە خۆ فڕێ دا
یەکی پیریان لەگەڵ بوو
خەریک بوو لوشکەم لێدا
کڵاوێک جۆم بۆ ڕاگرت
ئەگەر ئاوڕێکی لێدا
تەواو خۆی بۆ نەگیرا
تفەنگەکەی فڕێ دا
بۆ دەبن بە جاش قوڕبەسەر
زۆر گەورەبن دەبن بە کەر

ڕەسووڵ نادری لەو هەڵوێستانەی بەردەوام بوو و تەنانەت ئەو کاتانەی ڕووی لە هەرێمی کوردستان دەکرد، هەرچۆنێک بوایە سەری لە حیزبەکەی خۆی، حیزبی دێموکرات دەدا و تەنانەت جارێکیان وەک سورپرایزێک لە ڕێوڕەسمێکی حیزبی لە قەڵای دێموکرات و لە کێبەرکێی تیمەکانی هونەری هەڵپەڕکێی هێزەکانی پێشمەرگەدا بەشداری کرد و، هەر لەو ڕێوڕەسمەدا جارێکی دیکە ئەو کۆپلە هونەرییەی بژی حیزبی دێموکراتی گووتەوە؛ کە بوو بە مایەی خۆشحاڵیی سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کە بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوەندە بڵێم ئەو نووسینە تەنیا وەفایەکە بۆ کەسێک کە لەگەڵ ئەوەدا خوێندەواری نەبوو، بەڵام خاوەنی بەهرەیەکی هونەریی ئەوەندە بەهێز بوو، کە لە سەردەمانێکدا کە تەلەڤیزیۆن وئینترنێت نەبوو لە زۆربەی ماڵەکانی کوردستان شریتی گۆرانی و بەیت و حەیران و نەقڵەکانی ڕەسووڵ نادری دەستاودەستی پێدەکرا. ئەو هونەرمەندە لەو سەردەمەدا، توانیبووی بە هونەرەکەی خۆی لاینگرانی لە کوردستان سەرگەرم بکا و لە هەمان حاڵدا بە زمانی تەنز کەموکورتییەکانی نێو کۆمەڵگەی خۆی بێنێتە بەرباس و هەر ئەوە وای کردبوو کە ڕەسووڵ نادری خۆشەویستی خەڵکی کوردستان بێ.

(لە ژمارەی ٧٤١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٩

---

## دەسەڵاتی تاج و مەندیل لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ چل ساڵ بە سەر ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و هاتنەسەر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامی تێپەڕ دەبێ. چل و یەک ساڵ لەوە پێش گەلانی ئێران بە هیوا مەبەستی دەستەبەری ژیانێکی باشتر و سەردەمیانەتر لە بواری سیاسی و ئابووری و تەنانەت پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا و بە دروشمی نان، مەسکەن، ئازادی و بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی ڕژانە سەر شەقام. ئیرادەی گەلانی ئێران بۆ ئەم ڕاپەڕینە دوای نیزیک بە ساڵێک بەسەر سپای پۆشتەوپەرداخ و دەزگای دڕندەی ئەمنیەتیی ڕێژیمی پاشایەتیدا سەرکەوت.

لە هەلومەرجی ئەوکاتدا گەلانی ئێران سەرمەستی سەرکەوتن بوون و کەم کەس هەبوو بیر لەوە بکاتەوە کە سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران چۆن دەبێ. لەو هەلومەرجەدا ڕۆحانییەتی شیعە وەک دەورانی شۆڕشی مەشرووتە هاتنەوە مەیدان و سواری هەست و سۆزی خەڵک بوون و سیستمێکیان هێنا کایەوە کە لە بواری ساختارییەوە، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ ڕێژیمی پێشوو، و



سەرچاوە
Serchawe

تەنیا ناوەکان گۆڕدرابوون و تاج و تەخت جێی خۆی دابوو بە شاقەل و مەندیل و پشتی؛ بەڵام دەسەڵات و دەسەڵات هەمان دەسەڵات و سەرچاوەی مەشرووعییەتیش هەمان سەرچاوە.

بۆ ڕوونترکردنەوەی ئەو بابەتە پشت بە ئەسڵ و بڕگەکانی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە و قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی دەبەستین، چونکە کاتێک ئەو ئەسڵ و بڕگانە لە تەنیشت یەکتر دادەنێین، بەتەواوی بۆمان دەردەکەوێ کە گەلانی ئێران لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا نەک قازانجیان نەکردووە بەڵکوو زیانمەند بوون. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕێژیمی پاشایەتی لە کۆماری ئیسلامی باشتر بووە، بەڵکوو بەو مانایە دەسکەوتی گەلانی ئێران نەک بارتەقای ئەو هەموو خوێن و قوربانییە نەبووە کە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی

بەراوردێکی خێراش لەنێوان چەند ئەسڵی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە و قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ کە کۆماری ئیسلامی و سیستمی پاشایەتیی ئێران جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێ شای ئێران وای خۆ نیشان دەدا کە سیستمی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵات لائیکە و دەیهەوێ ئێران بەرەوە دەروازەکانی تەمەدون و پێشکەوتن بەرێ، بەڵام سیستمی کۆماری ئیسلامی و خودی ڕێبەر ئەو تایبەتمەندییەیان تێدا نییە و لە پێناو بەهەشت و بەختەوریی ئەم دنیا! سەری شەڕیان لەگەڵ هەمووی جیهانی پێشکەوتوو هەیە.

ئەسڵی یەکی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە باس لە دین و مەزهەبی ڕەسمی وڵات دەکا کە ئیسلام و مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامییە و، تەئکید دەکا کە دەبێ پاشا هەڵگری ئەو مەزهەبە بێ و لە هەمان کاتدا تێ بکۆشێ بۆ پەرەپێدانی ئەو مەزهەبە.

ئەسڵی ١٢ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی دەڵێ: «دینی ڕەسمیی ئێران، ئیسلام و مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامییە و بەپێی ئەسڵەکانی ٥ و ١٠٩ و ١١٥ی قانوونی ئەساسی؛ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و سەرکۆماری ئێران دەبێ هەڵگری ئەو دین و مەزهەبە بن». ئەسڵی دووی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە باس لەوە دەکا کە، مەجلیسی شووڕای میللی نابێ قانوونێک پەسند بکا کە لەگەڵ قانوونەکانی دین و مەزهەبی ڕەسمیی وڵات دژایەتی هەبێ و، بۆ ئەوەی چاودێری بەسەر مەجلیسدا بکەن هەر لەو ئەسڵەدا باس لە پێویستیی هەیئەتێکی ٥ کەسی لە زانایانی مەزهەبی شیعە دەکا کە مەجلیس هەڵیان دەبژێرێ و، ڕاستەوخۆ دەبنە ئەندامی ڕەسمیی مەجلیس. هەروەها تەئکید دەکاتەوە لەسەر ئەوە کە هەر قانوونێک لە مەجلیسدا پەسند کرا پێش ئەوەی بکەوێتە خانەی جێبەجێکردنەوە لەسەر سەرۆکی مەجلیس واجبە بدرێ بەو ٥ کەسە بۆ ئەوەی ئەگەر پێچەوانەی دین و مەزهەبی ڕەسمیی وڵات بێ، هەڵوەشێتەوە. تەنانەت بە پێداگرییەوە دەڵێ ئەو ئەسڵە هەتا دەرکەوتنی ئیمامی زەمان وەک خۆی دەمێنێتەوە و هیچ ئاڵوگۆڕێکی بە سەردا نایە. ئەسڵی ٤ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیش باس لەو هەیئەتە دەکا بەڵام ئەو جار بە شێوە و ڕوخسارێکی دیکە و دەڵێ: «هەموو قانوونەکانی مەدەنی، سزادان، ماڵی، ئابووری، ئیداری، فەرهەنگی، نیزامی و سیاسی دەبێ بەپێی ڕێوشوێنی ئیسلامی

بێ و... و دیاریکردنی ئەوە لە ئەستۆی شووراى نیگەهبانە و هەروەها لە ئەسڵی ۹۳دا دەڵێ مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بەبێ شۆڕای نیگەهبان ئیعتباری قانوونیی نییە.

ئەسڵی ۳۵ی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە باس لە پێگەی پاشا دەکا و دەڵێ: «سەڵتەنەت دیارییەکی خودایە کە لە لایەن میللەتەوە دەدرێ بە پاشا. لە ئەسڵی ٥٦ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا دەڵێ: «حاکمییەتی ڕەها بەسەر جیهان و ئینسان ئی خودایە و هەر ئەوە ئینسانی بەسەر چارەنووسی خۆیدا حاکم کردووە... میللەت ئەو مافەی خوا پێی داوە لەو ڕێگایانە کە لە ئەسڵەکانی دوایەدا دین بەڕێوەی دەبا».

ئەسڵی ٤٧ لە موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشروتە باس لە دەسەڵاتی پاشا دەکا بۆ بردنە سەرێ پلەوپایەی فەرماندەهانی نیزامیی سپا و دەڵێ: «بەخشینی پلەی نیزامی و نیشان و ئیمتیازاتی ئیفتخاری بە لەبەرچاوگرتنی قانوونی تایبەت بە پاشایە». لە ئەسڵی ۱۱۰ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا، لە خاڵی ٦دا هاتووە کە دانان و لابردن و قبووڵی دەستلەکارکێشانەوە سەرۆکی ناوەندیی هاوبەشی هێزەچەکدارەکان، فەرماندەی گشتیی سپای پاسداران، فەرماندەکانی بەرزی هێزە نیزامی و ئینتزامییەکان، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ڕێبەر دایە. هەروەها ئەسڵی ٥٠ی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتەدا باس لەوە دەکا، کە پاشا فەرماندەی هەموو هێزە چەکدارەکانی وشکایی و دەریاییە و لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی، ئەسڵی ۱۱۰ خاڵی ٤ و ٥دا هاتووە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، فەرماندەی هەموو هێزە چەکدارەکانە و ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی و ئامادەباشی هێزە چەکدارەکان لە ئەستۆی ڕێبەرە.

لە موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە لە ئەسڵی ۲۷دا سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات بە سێ بەشدا پۆلین دەکا:

۱- دەزگای قانووندانان کە تایبەتە بە داڕشتنی قانوون و چاودێری بەسەر بەڕێوەبردنی قانوون کە پێکدێ لە خاوەن شکۆ، شای شاهان و مەجلیسی شۆڕای میللی و مەجلیسی سەنا کە هەر کام لەو سەرچاوانە مافی نووسین و داڕشتنی قانوونیان هەیە؛ بەڵام دەوامی ئەو قانوونە بەستراوەتەوە بەوە کە دژایەتیی نەبێ لەگەڵ پێوانەکانی شەرع و پەسندکراوەکانی مەجلیسەکان و ئیمزای شاهانە.

۲- دەزگای دادوەری

۳- دەزگای بەڕێوەبەریی وڵات (قوەی مجریە) تایبەت بە پاشایە، بەو مانایە کە قانوونەکان و فەرمانەکان بەهۆی وەزیرەکان و مەئموورینی دەوڵەت بەناوی پاشاوە بەڕێوە دەچن؛ بەو شێوەیە کە قانوون دیاری دەکا. ئەسڵی ٥٧ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر ئەو بابەتە دەڵێ: «دەزگای بەڕێوەبەریی وڵات پێکهاتوون لە سێ دەزگای قانووندانان (مقننە)، بەڕێوەبەری

(مجریه)، دادوەری (قضاییه) کە لە ژێر نەزەری ویلاتی ڕەها و ئیمامی ئۆمەت بەپێی ئوسوولەکانی دوایە ئەو قانوونە بەڕێوە دەچێ.
ئەو سێ دەزگایە لە یەکتر جیاوازن و بە شێوەی سەربەخۆ لە یەکتر کار دەکەن.

دەبینین هەم لە موتەممەمی قانونی ئەساسیی مەشرووتەدا و هەم لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا، پاشا یا ڕێبەر بە تەنیا دەتوانن هەم قانووندانەر بن و هەم چاودێری قانوون، ئیمزای پاشا لە سەر هەر بەڵگەیەک حوکمی قانوونی هەبووە و قسە و ئیمزای ئێستای ڕێبەریش دەبێتە حوکمی حکوومەتی.

لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتیدا، ئێران خاوەنی پاشایەک بوو کە وەکی باسمان کرد پاشایەتییەکەی دیاریی خودا بوو، کە لەلایەن خەڵکەوە پێی درابوو. لەو سەردەمدا شوعار ئەوە بوو کە شا سێبەری خوایە لە سەر زەوی و، لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا هەتا پەیدابوونی ئیمامی زەمان ڕێبەری جیهانی ئیسلام بە تایبەتی دنیای شیعە لە ئەستۆی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە و؛ ئەو نوێنەری ئیمامی زەمانە و؛ بە مانایەکی دیکە نوێنەری خوایە لە سەر زەوی.

لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتیدا ئێران دوو مەجلیسی هەبوو، مەجلیسی شووڕای میللی و سەنا کە شۆڕای میللی بەزاهیر وەک ئێستای کۆماری ئیسلامی لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردران و مەجلیسی سەنا کە لە ٦٠ کەس پێک هاتبوو. ئەو ٦٠ کەسە ٣٠ کەسیان لە لایەن خودی پاشاوە هەڵدەبژێردران و٣٠ کەسەکەی دیکە لە لایەن خەڵکەوە. لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا دوو مەجلیسی قانووندانان هەیە، مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و شووڕای نیگەهان، کە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی دوای تێپەڕبوون لە پاڵوێنی شۆڕای نیگەهبان لە لایەن خەڵکەوە دەنگی پێ دەدرێ، بەڵام مەجلیسی شۆڕای نیگەهبان کە لە ١٢ کەس پێک دێ ٦ کەسیان ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێبەرەوە هەڵدەبژێردرێن و ٦ کەسی دیکەش لە لایەن سەرۆکی دەزگای دادی ئێران (کە بۆخۆی هەڵبژاردەی ڕێبەرە.
ئەو چەند خاڵەی سەرەوە پێکگرتنێک بوو لە نێوان دوو قانوونی بنەڕەتیی وڵات کە مەودای سەد ساڵیان جیاوازی هەیە، بەڵام ئەو خوێندنەوە پێمان دەڵێ کە لە دوای ئەوە کە مەزهەبی ڕەسمیی وڵات بوو بە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی، هەموو کات ڕێبەرانی ئایینیی شیعە هەوڵیان داوە لە لووتکەی دەسەڵاتدا بن و یا دەسەڵات و دەسەڵاتدار لەژێر دەستیاندا بن. بۆیە چ لە سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە و چ لە شۆڕشی ساڵی ١٥٥٧دا، ئاخوند و ئایەتوڵڵاکان ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە و، نەیانهێشتووە بەناوی شۆڕش و ئینقلاب و دێموکراسی و مافی خەڵک؛ وڵات و دەسەڵاتیان لە دەست بچێ.

ئەگەر لە سەردەمی نیزامیی پاشایەتیدا، ئێران ببوو بە زیندانی ناڕازییەکان و فەسادی ئیداری و ماڵی تانوپۆی حکوومەت و بەتایبەتی بنەماڵەی پاشای گرتبوو و، دەزگای ئەمنییەتیی شا (ساواک) ڕۆژانە دەستێوەردانی لە ژیانی خەڵکدا دەکرد و قسەکردن و ڕەخنەگرتن لە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات بڤە و قەدەغە بوو؛ ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا گەندەڵی لە نێو دامودەزگای دەوڵەتیدا بەدامەزراوە کراوە و، هەژاری و کەم داهاتی بە ڕادەیەک پەرەی گرتووە کە وەک بۆمبی لێ هاتووە ق، هەر ئان و ساتێک بە ڕووی دەسەڵاتدارانی تاراندا ئەگەری تەقینەوەی هەیە. دەزگا ئەمنیەتییەکانیش بەردەوام ناڕەزایەتییەکان سەرکوت دەکەن و خەڵک



سەرچاوە
Serchawe

دەخنکێنن. ئەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕادەی سەرسوڕهێنەر زیادی کردووە و سەرەڕای هەموو ئەوانە و دەیان بابەتی دیکە، سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی کە هەناردەکردنی شۆڕشە؛ بۆتە بەڵای گیانی گەلانی ئێران. بەکورتی دەتوانین بڵێین بە ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری نیزامی کۆماری ئیسلامی لە کۆلکە ڕەویونەوە بە سەر بەرازیدا کەوتوون.

(لە ژمارەی ٧٤٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٩

---------------------------------------------------------

## «ئیستقلال، ئازادی، جمهوریی ئیسلامی» دوای چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی

شوعار مانا و لێکدانەوەی جیاوازی هەڵدەگرێ بەڵام لەنێو خەڵکدا ئەو ڕستانەی کە جۆرێک ئاهەنگ و وەزنی وەک شیعریان هەیە و بۆ مەبەستی سیاسی یا کۆمەڵایەتی بەهۆی کۆمەڵێک خەڵکەوە دەگوترێتەوە، پێی دەڵێن شوعار. شوعار لە ئێستادا بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان پێگەی خۆی گۆڕیوە. بۆ نموونە سەردەمانێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەبینین شوعاردان زیاتر تایبەت بوو بە مەیدانی شەڕ، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا شوعار لەو قالبە هاتووەتە دەرێ و لە مەیدانی سیاسەتدا لە لایەن سیاسییەکانەوە بۆ کۆکردنەوەی دەنگی خەڵک و سەرکەوتن بە سەر نەیارەکانیان کەلکی لێ وەردەگیرێ و دەکار دەکرێ. هەروەها لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکیشەوە بە ئامانجێکی مافخوازانەوە دەردەبڕدرێ. لە ڕاپەڕینی ساڵی ٥٧ی هەتاوی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا، هەموو لایەنەکان



سەرچاوە Serchawe

هەوڵیان دەدا کە دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم و لە هەمان کاتدا ڕاگەیاندنی بەرنامەی خۆیان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ڕێگای شوعارەوە بنێرنە نێو خەڵکی ناڕازی کە ڕژابوونە سەر شەقام.

لە ماوەی ئەو یەک - دوو ساڵ نارەزایەتیدەربڕینەدا کە لە ئاکامدا گۆڕین و ڕووخانی ڕێژیمی شای لێ کەوتەوە، شوعارەکانی خەڵک بەهۆی جۆراوجۆریی لایەنە سیاسییەکان (چەپ و میانە و ڕاست و میللی و ئیسلامی) جیاواز بوو. سەرەتا شوعارەکان زیاتر باس لە ئازادی و سەربەخۆیی سیاسی بوون و باسێک لە حکوومەتی ئیسلامی لە ئارادا نەبوو. بەڵام لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە شارە گەورەکانی ئێران شوعارەکان جۆرێک خەتیان وەرگرت و تایبەتمەندیی لایەنگریی خومەینییان زۆرتر پێوە دیار بوو و، تەنانەت سازمان و ڕێکخراوە چەپ و مارکسیستەکانیش هەوڵیان دەدا ئەو شوعارانە ببنە شوعاری ڕەسمیی خۆپیشاندانەکان و پێیان وابوو بەمە خەباتی دژە ئێمپێریالیستیی خۆیان دەبەنە پێشێ. بۆ نموونە ئەگەر پێشتر شوعاری وەک (تنها ره رهایی، راه مجاهدین است) و یا (فدایی، فدایی، تو افتخار مایی) و یا (تنها راه رهایی، مسلسل مجاهد و فدایی) دەدران، دواتر ئەمانە گۆڕدران بەو شوعارانەی کە خومەینی لە نوتق و لێداوانەکانیدا باسی لێوە دەکردن و، لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی پاشایەتیدا شوعاری "ئیستقلال، ئازادی، جمهوری اسلامی" کەوتە سەر زاری خەڵکی ناڕازی. ئێستا پرسیار ئەوەیە دوای چل ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خومەینی و داروەستەکەی ئەو شوعارەی خومەینی کە کەوتە سەر زاری خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دەسەڵاتی پاشایەتی، چەندە هاتوونە دی؟ سەربەخۆیی و ئازدی و کۆماری ئیسلامییەکە گەیشتوونەتە کوێ و خەڵکی ئێستا چۆنی لێ دەڕوانن؟ لێرەدا بەپێی دەرفەت و مەجالی شوعارەکە لێک هەڵدەوشێنین و یەک بە یەکی چەمکی شوعارە سەرەکییەکە کە هەر کامیان هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندییە شی دەکەینەوە.

لە بەشی "ئیستقلال"دا، مەبەست سەربەخۆیی سیاسیی و ئابووریی وڵات بوو. گەلانی ئێران و بەتایبەتی لایەنە سیاسییەکان پێیان وابوو کە شای ئێران هیچ دەسەڵاتێکی نییە بە تایبەت لە سیاسەتی دەرەکی و ئابووریی وڵاتدا، و ئەوە ئەمریکایە حوکمی ئێران دەکا و ئەم وڵاتە هەڵدەسووڕێنێ. خومەینی و داروەستەکەی بە بەرزکردنەوەی ئەو شوعارە توانییان خەڵکێکی زۆر و تەنانەت هێندێک لایەنی چەپ کە خەباتی دژە ئێمپێریالیستیی خۆیان لەم دروشمانەدا دەدیتەوە، لەخۆ کۆ بکەنەوە. بەڵام هەر دوابەدوای ڕووخانی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی پاشایەتی و بەدەسەڵات گەیشتنی خومەینی و دەورووبەری ڕوون بۆوە کە مەبەستی خومەینی لە ئیستقلالی سیاسی ئەوەیە کە دوژمنایەتیی هەموو دنیای پێشکەوتوو، و دژایەتیی هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەک بکا کە لە چوارچێوەی بیر و ئەندێشەی خومەینیدا جێی نابێتەوە. هەرئەوە بوو بە هۆکارێک کە شوعاری (نه شرقی، نه غربی) هاتە کایەوە. خومەینی و کەسانی دەورووبەری باسیان لەوە دەکرد کە شا سەربەخۆیی سیاسیی ئێرانی نەپاراستووە، بەڵام کاتێک خۆیان بە دەسەڵات گەیشتن مانا و وێنایەک لەو چەمکە نەما. ڕێژیم لەو ماوەیەدا و لانیکەم لە ئێستادا بەسراوەیی زۆری لانیکەم بە دوو زلهێزی ڕووسیە و چینەوە هەیە. هەروەها ئەم ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە خۆیان بوونە هۆکار بۆ ئەوەی سەربەخۆیی سیاسیی وڵاتانی دەوروبەریان ژێرپێ بنێ و، بەناوی خەبات بە دژی ئیستکباری جیهانی و دیفاع لە "مستضعفین" هەموو یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەیی پێشێل بکەن و لەم سۆنگەیەوە زۆر ڕێکخراو و لایەنی سیاسیی وڵاتانی دەوروبەریان لە سەربەخۆیی خست و بەتەواوی هێنایانە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

بەشێکی دیکە لەو شوعارە ئازادی بوو کە مەبەستی گەلانی ئێران لە ئازادی، ئەوە بوو کە ئازاد بژین و بە ئازادی بیروڕای خۆیان دەرببڕن و ئازاد بپۆشن و ئازاد هەڵبژێرن و... بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕش هەر زوو دەرکەوت کە خومەینی مەبەستی لە ئازادی، ئەو ئازادییە نییە کە خەڵک بیری لێ دەکەنەوە. خومەینی پێناسەی تایبەت بەخۆی لە چەمکی ئازادی هەبوو. تەنیا چەند سەعاتێک لە بە دەسەڵات گەیشتنی خومەینی تێ نەپەڕیبوو کە قانوونە نووسراوەکان ژێرپێ خران و بە قانوونی عورفی و شەرعی ئێعدامەکان دەستیان پێکرد. بینیمان کە دارودەستەی خومەینی بە خەیاڵ دادگایان بۆ تاوانباران پێک هێناوە، بەڵام ئەم دادگایە نە قازیی لێیە و نە دادستان و نە پارێزەر، تەنیا مەلایەک و چەند ژ - ٣ بەدەست نەبێ و، لە بەرامبەریان تۆمەتلێدراو. هەر بە چەند قسەی سەرپێیی حوکم دەدرێ و تۆمەتبار دەبێتە تاوانبار و گیان لێ دەستێندرێ.

بە پێی مادەی ١٩ لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ هەر تاکێک مافی ئازادانە دەربڕینی بیروئەندێشە و تێڕوانینی خۆی هەیە و ئەو مافە ئەوە لەخۆ دەگرێ کە ئەو کەسە هیچ ترس و دڵەخورپەیەکی لە دەربڕینی بیروباوەڕی خۆی نییە و، هەروەها بۆ وەدەستخستنی زانیاری و بڵاوکردنەوەی بیری خۆی لە هەموو کەرەسەکانی بەردەست، بێ لەبەرچاو گرتنی هیچ بەربەستێک ئازادە. بەڵام لە ئەسڵی ٢٤ی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا قانووندانەری ئێرانی بە داڕشتنی ڕستەیەکی ناڕوون باس لە ئازادیی چاپەمەنی وەک گۆڤار و ڕۆژنامە دەکا و؛ لە هەمان کاتدا سنووری بۆ دەست نیشان دەکا. بە پێی ئەو ئەسڵە، گۆڤار و ڕۆژنامەکان لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکاندا ئازادن بەو مەرجە بە پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلام و مافی گشتی نەبێ. لە سەرەتای ساڵی ٥٨ی هەتاوی خومەینی و دارودەستەکەی کە هەتا ڕادەیەک لە دەسەڵاتی خۆیان خاترجەم بوون کەوتنە گیانی هەموو جۆرە ئازادیی تاکەکەسی و گشتییەک و، لە ئازادیی ڕادەربڕین و پۆشینی جلوبەرگ و نووسین ڕا بگرە هەتا هەڵبژاردن و هەڵبژێران و لە وەبەرچاو نەگرتنی مافی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران و تەنانەت فەرمانی جیهاد بە دژی گەلی کوردکە تەنیا داوای مافە سیاسی و ئینسانییەکانی خۆی دەکرد. ماوەی چل ساڵە سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی لەژێر ناوی جۆراوجۆری وەک (محارب باخدا، مفسدفی الارض، جاسوس، بیگانە و...) خەڵکی جیابیری ئێران لە زیندانەکان دەخەن و ئەشکەنجە و لێدان و کوشتن بووەتە بەشێک لە ژیانی چالاکانی سیاسی لەو وڵاتەدا.

کۆتا بەشی شوعارەکە لە دوو وشەی کۆمار و ئیسلامی پێک هاتووە و هەر لە بنەڕەتدا تێکهەڵکێشی کۆماری لەگەڵ ئیسلامی تێکهەڵکێشێکی نابەجێیە؛ چونکە سیستمی کۆماری، سیستمێکە کە لەوێدا هەیئەتی حاکمە و دەسەڵات بەسەر سێ دەزگای قانووندانان و بەڕێوەبەری و دادوەریدا دابەش دەبن. ئەم سێ دەسەڵاتە هەرکامیان بە جیا کاردەکەن و، سەربەخۆیی خۆیان هەیە و لە هەمان کاتدا لە ئیدارە کردنی وڵاتدا، پێکەوە هەماهەنگن و پێکهاتەی هەر سێ دەزگاکە لە بەرامبەر خەڵکدا وەڵامدەرن. قانوونەکانی سیستمی کۆماری تەعبیر لە ئیرادەی خەڵک دەکەن لەلایەن ئەوانەوە دادەڕێژرێن و بە پێی سەردەم و شوێن و پێداویستیی کۆمەڵگە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ. بەڵام سیستمی ئیسلامی هەروەک لە ناوەکەی ڕا دەردەکەوێ، سیستمێکە لەسەر بنەماکانی ئایین دامەزراوە و ئەو بابەتە لە قانوونی ئەساسیدا بەتەواوی خۆی دەرخستووە چونکە لە کۆتایی زۆربەی برگە و ئەسڵەکانی ئەو قانوونەدا هاتووە، کە دەبێ لە چوارچێوەی ڕێ و شوێنی ئیسلام و مەزهەبی ڕەسمی وڵات دابێ. بێجگە لەوانە لە سیستمی کۆماریدا قانوون یەک

لاكەرەوەی هەموو كێشە و ناكۆكیی نێو دەمودەزگای بەڕێوەبەریی وڵاتە بەڵام لە سیستمی ئیسلامیی ئێراندا، كەسێك بەناوی ڕێبەر لە سەرەوەی قانوون جێی گرتووە و خاوەنی حوكمی حكوومەتییە و، دژایەتی لەگەڵ حوكمی حكوومەتی دژایەتی لەگەڵ ئیمامی زەمانە، كە ئەویش نوێنەری خوایە لە سەر زەوی. بەكورتی دەتوانین بڵێین سیستمی كۆماری ئیسلامی لە سەردەمی ئێستادا دژایەتی هەیە لەگەڵ دێموكراسی و مافی مرۆڤ و هەموو پرەنسیپەكانی سیستمێكی كۆماری.

پوختەی مەبەست ئەمەیە كە گەلانی ئێران لە ئێستادا و دوای چل ساڵ گەڕاونەتەوە بۆ سەردەمی نارەزایەتییەكانی ساڵی ٥٧ی هەتاوی و شوعارەكان بە دژی دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی هەڵگەڕاونەتەوە و ئێستا خەڵك پڕبە گەروویان هاوار دەكەن كە فێڵیان لێ كراوە. چل ساڵ لەوە پێش گەلانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی دادپەروەری و نەمانی هەڵاواردن و گەندەڵی، ڕژانە سەر شەقامەكان و ئێستاش دەبینین كە لە قامووسی كۆماری ئیسلامیدا شتێك بەناوی دادپەروەری هەر نییە، گەندەڵی بووەتە بەشێك لە فەرهەنگ و سیستمی دەسەڵات و هەڵاواردن بە قانوون كراوە و دەبینین شوعاری ئیستقلال، ئازادی، كۆماری ئیسلامی تەنیا ئیسلامییەكەی بە پێوانگی دەسەڵاتدارانی تاران وەدی هاتووە و نە ئیستقلال و نە ئازادی و نە كۆمارییەكەی نەك هەر نەهاتوونە دی، بە قانوون ڕێیان لێ گیراوە.

(لە ژمارەی ٧٤٤ی "كوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٩

----------------------------------------------------------

## "دادپەروەری" و "دەزگای داد"ی ئێران

لەو كاتەوە كە مرۆڤ ژیانی بەكۆمەڵی هەڵبژاردوە بە دوای یەكسانی و دادپەروەریدا وێڵە، بە واتایەكی دیكە كاتێك كۆمەڵگەكانی مرۆڤایەتی دروست بوون، بە هۆكاری جۆراوجۆر تاوان و تاوانكاریش سەری هەڵدا و لایەنی زیان وێكەوتوو بە دوای قەرەبووكردنەوەی زیانەكانی خۆیاندا بوون. هەربۆیە دادوەر و دادگاكان لە شكڵ و وێنەی جۆراوجۆر و لە شوێنە جیاوازەكانی گۆی زەوی كە مرۆڤی تێدا ژیابێ، سەریان هەڵدا و بە تێپەڕبوونی كات و پێشكەوتنی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەكانی ژیاندا سیستمی دادوەری و دادگاكان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات و، زیاتر و زیاتر كەوتوونەتە خزمەتی خەڵكی خۆیان.

لە سەردەمی ئێستاشدا و لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا کە بە سیستمی دیموکراسی بەڕێوە دەچن قانوون هەم لە خزمەتی خەڵکی دایە و، هەم لە لایەن خەڵکەوە ڕێز لە قانوون و دادوەر و دادگا دەگیرێ. ئەوەش هەروا بە خۆڕایی و بە ئاسانی دروست نەبووە، بەڵکوو لە ڕەوتی مێژوودا خەڵکانی ئەو وڵاتانە گەیشتوونە ئەو تێگەیشتنە کە بۆ نەزمی کۆمەڵگەیان کە لەوێدا حەق بەحەقدار بگا و هیچ کەس و لایەنێک لە هەر پۆست و پلەیەکی نیزامی و سیاسیدا نەتوانێ زوڵم لە خەڵک بکا؛ بۆ ئەو مەبەستە پێویستیان بە ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لە نێو خۆیاندا هەیە کە ئەویش لە قانوونە نووسراوەکاندا خۆی نواندووە.

هەر وەکی باس کرا لەو وڵاتانەی کە بەشێوەی دێموکراتیک ئیدارە دەکرێن و، دستاودەستی دەسەڵاتیان تێدایە هەرکاتێک کێشە و ناکۆکییەک بکەوێتە نێوان لایەنە سیاسییەکان کە لە سەر وەدەستخستنی دەسەڵات کێبەرکێیانە، پەنا دەبەنە بەر دەزگای قەزایی وڵاتەکەیان و بڕیاری دەزگای دادیش بۆ لایەنەکان پەسەند و جێگای ڕێزە. بەڵام لە ئەو وڵاتانەی کە بە سیستمی نادێموکراتیک بەڕێوە دەچن و دەنگی خەڵک هیچ کاریگەرییەکی لە سەر کار و کردەوەکانی دەسەڵات نییە، دەزگای قەزایی لە خزمەتی دەسەڵاتداران دایە و، هەموو قانوونەکان وا دادەڕێژرێن کە بەرژەوەندیی دەسەڵاتداران بپارێزن و ئێران یەک لەو وڵاتانە و کۆماری ئیسلامییش یەکێک لەو ڕێژیمانەیە. دەزگای قەزایی ئەم ڕێژیمە تەنیا لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی نیزامی سیاسی دایە و، لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا هەر بە پاساوی قانوونەکانیان! بەرهەڵستی جیابیرانی خۆیان بوونەتەوە و لێیان داون.

کاتێک باس لە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی دەکرێ دەبینین، دەزگای دادیش هەر وەک نیزامە سیاسییەکە بابەتێکی هاڵۆزە. لە لایەک لە تەنیشت دەوڵەت و مەجلیس ئەویش وەک دەزگایەکی سەربەخۆ پێناسە دەکرێ و سەرۆکەکەی لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەستنیشان دەکرێ؛ بەڵام کە دەکەوێتە خانەی جێبەجێکردنەوە، ناڕێکی و ناهاوسەنگییەکان دەردەکەون. بۆ نمونە لە دەزگای بەڕێوەبەری (دەوڵەت)دا وەزیری داد هەیە، بەڵام سەڵاحییەتی دیاریکردن و پێشنیارکردنی بە مەجلیس بۆ پێدانی دەنگی متمانە بە سەرۆکی دەزگای دادە. بەپێی ئەسڵی ١٦٠ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران وەزیری داد ڕابیتی نێوان دەزگاکانی داد و بەڕێوەبەری و قانوون دانانە و، لە ڕاستیدا چ بە کردار و چ بە قانوون وەزیری داد هیچ دەسەڵاتێکی نییە؛ بەڵام بە جێگای سەرۆکی دەزگای داد دەبێ لە مەجلیسدا وڵامدەر بێ!

ئەوەی لەو پێشەکییەدا باسمان کرد بۆ ئەو مەبەستە بوو کە وێنایەکی هەر چەندە کورتیش بێ لە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی بکەین. بەتایبەتی کە ئەو ڕۆژانە بەهۆی دیاریکردنی ئیبراهیم ڕەییسی لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە بۆ سەرۆکایەتیی دەزگای داد؛ ئەو بابەتە بۆتە ڕۆژەڤی میدیاکان. لەبەر ئەوەی کە ئیبراهیم ڕەییسی کەسێکی بکوژە و ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە کوشتار و ئیعدامەکانی ساڵی ٦٧ی هەتاوی و، تەنانەت باس لەو دانیێدانانەی ناوبروا و هاوکارانی دەکەن کە لە لای مونتەزیری کردوویانە. هەروەها باس لەوە دەکرێ کە ئەوان دەسەڵاتیان نەبووە و تەنیا حوکمی ڕێبەریان جێبەجێ کردووە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئیبراهیم ڕەییسی هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ سەرۆکەکانی دیکەی دەزگای داد کە پێش لە وی بەرپرسیارەتیی ئەو دەزگایەیان لە ئەستۆ بووە. چونکە سیستمی کۆماری ئیسلامی وا داڕێژراوە کە هەموو قانوونەکان لە بەرژەوەندی و پاراستنی ئەو نیزامەدا بێ.

ئەگەر بڕوانینە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە سەرچاوەی هەموو قانوونەکانی ئەو نیزامەیە بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە، قانوونەکانی ئەو سیستمە سیاسییە لە چوارچێوەی ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لە نێو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران و دەسەڵاتدا نەنووسراوە بەڵکوو قانووندانەران، قانوونەکانیان لە بەرژەوندیی ئیدۆلۆژییەکی تایبەتدا نووسیوە کە لە هیچ برگەیەکی زەمانیدا ناتوانرێ بە قازانجی خەڵک ئاڵۆگۆڕیان بەسەردا بێ. لە وڵاتانی پێشکەوتوو قانوون لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی خەڵک وکۆمەڵگە دایە، هەر بۆیە خەڵکیش ڕێز لە قانوون و بەڕێوەبەرانی قانوون دەگرن. بەڵام لە ئێراندا قانوون بەجێی ئەوەی لە خزمەتی خەڵکدا بێ، بۆتە مۆتەکەی گیان و ژیانی خەڵک. وە چونکی قانوون لە خزمەت خەڵکدا نییە، خەڵکیش لە بەرامبەردا ڕێز لە قانوون ناگرن و لەو سۆنگەیەشە کە ڕۆژ بە ڕۆژ تاوان و تاوانکاری لە ئێراندا ڕوو لە زیاد بوونە.

کاری دادوەری، هەر لە ناوەکەیەوە دیارە کە کارێکی دژوار و گران و لە چ لە بواری زانستی قانوون و چ لە ڕووی ویژدان و هەستی ئینسانییەوە هەستیارە. زۆربەی ئەو کەسانەی ئەو بەشە لە خوێندن لە زانستگا هەڵدەبژێرن ئاواتی ئەوەیان لە سەر دایە کە لەو ڕێگایەوە بەرگری لە مافەکانی تاک و کۆی کۆمەڵگە بکەن و لە ڕێگای مادە و برگەکانی قانوونەوە حەق بە حەقدار بگەیەنن و، لە هەمان کاتدا پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی باش بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. لە هەموو دنیادا بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە قانوون تێیاندا سەروەرە دادوەرەکان پلەی جیاوازیان هەیە و لەسەر بنەمای بەڵگەکانی خوێندن و پێشینەی کار وچالاکی لێکۆڵینەوە لە بواری قانوونییەوە شوێن و ڕادەی پلەی بەرپرسایەتییان بۆ دیاری دەکرێ.

بەڵام ئەگەر لەو گۆشەنیگایەوە بڕوانینە مێژووی چل ساڵەی کۆماری ئیسلامی، بەڕێوەبەرانی دەزگای قەزایی ئەو سیستمە؛ بەپێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران، ئەسڵی (٥٧) لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە لە نێو کەسانێکدا دەستنیشان دەکرێن کە لە هیچ زانستگەیەک کە زانستی قانوونی تێدا بخوێندرێ دەرسیان نەخوێندووە، بەڵکوو تەنیا لە حەوزەکانی دینی کە زانستی ئایینی ومەزهەبی تێدا دەخوێندرێ پێ گەیشتوون. بەڵام ئەو زانستەی ئەوان لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی پێشکەوتنی زانستی جۆراوجۆرە و دەیان ناکۆکی و کێشە لە نێو دەوڵەتەکان لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگە و تاک و دەسەڵات لەسەر بەرژەوەندییەکان و زەرەرمەندبوونی لێ دەکەوێتەوە، دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی دەبێ چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە بەڵام بە کردار دەبینین دەزگای قەزایی لە تەواوەتی خۆیدا گەلێ جار دادەمێنێ و ئەوە ڕێبەرە کە بە حوکمی حکوومەتی و لە بەرژەوەندیی نیزام و دەسەڵاتداریی خۆیدا، کێشەکان یەکلا دەکاتەوە. چونکە هەروەکی گوترا قانوونەکان لەسەر بنەمای ئیدۆلۆژیی مەزهەبی داڕێژراون و بەڕێوەبەریی دەزگای قەزایی وەک لووتکەی دەسەڵاتی دادوەری نائاشنایە لەگەڵ پێداوێستییەکانی کۆمەڵگە و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەردەمی ئێستادا.

دیاریکردنی ئیبراهیمی ڕەییسی هەر وەکی پێشتر باسمان کرد چ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ کەسانی پێش خۆی تەنیا ئەوە نەبێ، کە ئەگەر بە پێوەرە جیهانییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ بیپێوین. ناوبراو هەر لە سەرەتای کاری دادوەریی خۆیدا کەسێکی شیاوی ئەو پۆستە نەبووە، چونکە کاتێک بۆ یەکەم جار پۆستی قەزاوەتی پێ سپێردراوە تەمەنی ٢٠ساڵ بووە و، تەنیا خوێندنی

حەوزەویی دینی هەبووە کە هەم تەمەنەکە بۆ ئەوە نابێ کاری قەزاوەت و دادوەری پێی بسپێری و هەم ناناشنا بە قانوونەکانی وڵات بووە. هەر بۆیە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا کە لە پۆستی جۆراوجۆری دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی کاری کردوە، بەپێی دانپێدانانی خۆی بە تایبەتی لە جەریانی ئیعدامەکانی ساڵی ٦٧ فەرمانی سەرەوەی خۆی جێبەجێ کردووە، نەک دادپەروەری؛ چونکە بەشێکی زۆری ئەوانەی لەو ساڵەدا ئیعدام کراون پێشتر حوکمی زیندانیان بۆ بڕابۆوە و، لە هەموو دنیادا وا باوە ئەو کەسەی لە دادگایەک حوکم دەدرێ و حوکمەکەی یەکلا دەبێتەوە جارێکی دیکە حوکمێکی دیکەی بەسەردا جێبەجێ ناکرێ. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئیبراهیم ڕەییسی و هاودەستەکانی جینایەتکارن، هەروەکی ئایەتوڵڵا مونتەزیری لە دانیشتن لەگەڵیان پێیان دەڵێ لە داهاتوودا ئێوە بەناوی جینایەتکارانی مێژوو دەناسرێن و باستان دەکرێ. بۆیە دەستنیشانکردنی ڕەییسی هەروەک هاوکارانی پێشووی خۆی بۆ ئیسلاح و چاکسازیی نیزامی قەزایی ئێران نییە، بەڵکوو بۆ زیاتر بە ئەمنیەتی کردنی نێوخۆی ئێران و بۆ چاوترسێن کردنی زیاتری خەڵکی ئێرانە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین دادپەروەری هەر مانایەکی هەبێ و بە هەر جۆر و لەژێر هەر ئیدە و ڕوانگەیەکەوە تەفسیر بکرێ دیسان لەگەڵ جینایەت یەک ناگرێتەوە و؛ دیاریکردنی جینایەتکار بە سەرۆکی دەزگای داد مانای وایە تاوانلێکراو مافخوراوە و لە سووچی زیندانە.

(لە ژمارەی ٧٤٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٩

-------------------------------------------------------

## مەرگی پێشەوا، ئەزموونێکی بەنرخ بۆ قوتابییەکانی

ئەگەر لە مێژووی دووسەد ساڵی ڕابردووی جووڵانەوەکانی کورد و کوردستان ورد بینەوە، دەبینین کە کورد ماوە بە ماوە لە یەکێک لە ناوچەکانی کوردستاندا و، بەپێی هەلومەرجی ئەو ناوچەیە بەتایبەت لە کاتی لاوازبوونی دەسەڵاتی ئیمپراتووری و پاشاکاندا جووڵانەوەیەکی وەرێ خستووە و، لە ماوەیەکی کەمدا ئەو جووڵانەوەیە توانیویەتی ناوچەیەکی بەربەرین لە کوردستان بگرێتەوە و خەڵکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و، ببێتە هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتی ناوەندی. بەڵام بەداخەوە هەر جارێ لە نیزیک لووتکەی سەرکەوتن بە هۆکاری جیاوازی وەک خەیانەتی نێوخۆیی و گەلەکۆمەکیی دوژمنان و... تووشی شکان بووە.

زۆربەی زۆری ئەو جووڵانەوانە بە دوای دەسبەسەر کردن یا شەهیدکردنی ڕێبەرانیان بەتەواوی لێک هەڵوەشاون و بوونە ڕووداوێکی مێژوویی و ئەو ڕەوتە هەتا کۆتاییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی هەر درێژەی بووە، بەڵام کورد هەر لەو سەروبەندەدا بە پێڕەوی لە جیهانی پێشکەوتوو کەوتە پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراو بۆ ڕێبەریی جووڵانەوەکانی. چونکە ئەوە سەلمێندرا بوو کە جووڵانەوەی ئازادیخوازی و مافویستیی خەڵکی کوردستان پێویستی بە ڕێکخستن و تەشکیلاتی وا هەیە کە دوای هەر ڕووداوێک بۆ ڕێبەر یا ڕێبەران، جووڵانەوە لە حەرەکەت و خەبات ڕانەوەستێ. ئەو کارەش تەنیا بە ڕێکخراوێک دەکرێ کە لەسەر بنەمای حیزبایەتی بە شێوازی مۆدێرن و سەردەمیانە پێک هاتبێ و باوەڕی پێی هەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لەو حیزبانەیە کە لەسەر ئەو بنەمایە و بۆ ئەو پێویستییە مێژووییە لەسەر دەستی قازی محەممەد پێک هاتووە. بە ڕێبەریی قازی، ئەم حیزبە بە مەبەستی دەسپێکی قۆناغێکی نوێی خەبات بۆ بردنە پێشی بیر و هەستی نەتەوایەتی و شوناسخوازیی تاک و کۆی کورد، پێک هات. هەر بۆیە بەحەق لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتەوە نازناوی پێشەوای پێی بەخشرا و، لە ماوەیەکی کورتدا ئەو نازناوە بوو بە جێگای پەسەندی کۆمەڵگەی کوردەواری لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

هەر توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەک لەسەر مێژووی هاوچەرخی کورد و کوردستان بکرێ ناکرێ مێژوو و کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان و کەسایەتیی پێشەوا لەبەرچاو نەگیرێ. چونکە کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرۆکایەتیی پێشەوا لە ماوەی یازدە مانگ تەمەنیدا ئەوەندەیان هەوڵ و تێکۆشان هەبووە کە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کار و کردەوەکانی کۆمار لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی هەر چوار پارچەی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرەگرتوویی دایە.

١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیەکانی کە دەرەنجامی خەمهێنەری کۆماری کوردستانە، لەمێژ ساڵە بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان بە ڕۆژی شەهیدان ناودێر کراوە، بۆ ئەوەی هەموو ساڵێک پەیمان لەگەڵ خوێن و ڕێبازی شەهیدان نوێ بکرێتەوە؛ کە هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان ڕێگای خەباتیان بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان هەر بەردەوامە. ڕاستە لەو ڕۆژەدا یەکەم سەرکۆماری کوردستان بە دەستی دوژمنی غەدار لەسێدارە درا، بەڵام شێوەی دادگایی و بەرەوپیری مەرگ چوونی پێشەوا دەرسێکی گەورە و بەهێزە بۆ فێربوونی دەرسی وەفاداری بە پەیمان، دەرسی نیشتمان خۆشەویستی و گەلدۆستی، دەرسی گیان فیدایی لە بەرامبەر بەختەوەریی گەل و نیشتمان، دەرسی بەرەوپیری مەرگ چوون بۆ ئەوەی دوژمن بەچۆکدا بێ.

ئەوە ڕاستە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی لەدەستدانی بەجەستەی پێشەوا و هاوڕێکانیەتی و ڕۆژی ماتەمی نیشتمانپەروەرانی نەتەوەی کوردە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بەپێچەوانەی مێژووی ڕابردوومان ڕۆژی شەهیدبوونی ڕێبەرمان، پێشەوامان ڕۆژی هەستانەوە و گیان وەبەرهاتنەوەی جووڵانەوەی حەقخوازانە و مافویستیی گەلی کوردە. پێشەوا سەری بردە سەر دار و گیانی بەختی ڕێبازی ئازادیی کورد و کوردستان کرد، بەڵام هەڵبژاردنی مەرگ لەلایەن پێشەواوە ئەگەر لە لایەک بۆ ئەوە بوو پێشی خوێنڕشتن و کوشتاری خەڵکی کوردستان بە دەستی سپای دڵڕەش و ڤین لە زگی پاشایەتی بگرێ؛ لە لایەکی دیکەوە گیانبەختکردنی پێشەوا بۆ ئەوە بوو کە

گیانێکی نوێ بەبەر جووڵانەوەی کورد بکاتەوە. گیان بەختکردنی بۆ ئەوە بوو کە هەموو ئەو کار و کردەوانەی لە ماوەی تەمەنی کەمی کۆماردا، بۆ بردنە پێشی بیر و هەستی نەتەوایەتی ئەنجامیان دابوو دیسان ڕووحیان پێببەخشێ و لە بیری هەر تاکێکی کورددا بیچەسپێنێ. بۆیە ئەو بڕیارەی پێشەوا وەک هەموو کردەوەکانی دیکەی بۆ دەرسوەرگرتن دەبێ. ئەگەر شۆڕشگێڕانی کورد و قوتابیانی ڕێبازی پێشەوا لە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، لە مەرگ ترسابان و بە ڕێچکە و ڕێبازی پێشەوادا نەڕۆیشتبان چارەنووسی ئەو جووڵانەوەش بەدەردی جووڵانەوەکانی پێشووتر دەچوو و، ڕەنگە لەدوای لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێکانی و لە سەردەمی ئێستادا شتێکمان بەناوی جووڵانەوەی کورد لانی کەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو شکڵ و شێوەیە بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد نەبوایە.

سەلمێنەری ئەو قسەیە ئەوەیە دوای ٧٢ ساڵ بەسەر شەهیدکرانی پێشەوا و ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، دەبینین جووڵانەوەی کورد لە ڕوژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای هەموو زەبر و زەنگی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی هەروا لەسەر پێیە و، حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەروا لە مەیدانی خەباتدا چالاک و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە و، دەرس و هێماکانی کۆماری کوردستان بوونە ڕەمزی یەکیەتیی نەتەوەیی.

پێشەوا چ پێش لە گیران و چ لە ڕەوتی دادگایی کردنیدا دەیزانی ئێعدام دەکرێ، هەر بۆیە دەبینین بەپێی هەموو بەڵگەکان پێشەوا بیری لەوە نەکردۆتەوە بە چ ڕێگایەکدا گیانی خۆی ڕزگار بکا، بەڵکوو بیری لەوە کردۆتەوە کە چۆن بتوانێ بە مەرگیش خزمەت بە بەرەو پێشچوونی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد بکا یا بە واتایەکی دیکە؛ شەهید بوونی کاریگەری هەبێ لەسەر درێژەدانی خەبات بۆ ماف و ئازادییەکان.

پێشەوا بەئاسانی دەیتوانی بە دوو ڕێگادا گیانی خۆی و هاوڕێیانی لە مەرگ ڕزگار بکا؛ یەکەم بەهاسانی دەیتوانی شاری مەهاباد و یا کوردستان بەجێ بێڵێ و، دووهەم دەیتوانی داوای بەخشین لە شا و دەسەڵاتی ئێران بکا؛ بەڵام پێشەوا هیچ کام لەو دوو ڕێگایەی هەڵنەبژارد، بەڵکوو ڕێگای سێهەمی هەڵبژارد؛ ئەویش ئەوە بوو کە لەلای گەل و نیشتمانەکەی بمێنێتەوە و وەفادار بێ بەو سوێند و پەیمانەی لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان خواردبووی. هەر بۆیە لە دادگای نیزامیدا ئازایانە دیفاع لە مان و مەوجوودیەتی گەلی کورد دەکا و هیچ دیفاعێک لە خۆی و کەسوکارەکانی ناکا، بەپێی هەموو سەرچاوەکانی بەردەست پێشەوا لە دادگادا بوێرانە هەڵسوکەوتی کرد و لە ڕاستیدا ئەو بوو کە دادگای دادگایی کرد، لەوێش بە ئازایەتیی خۆی و هاوڕێکانی سەری دوژمنی شۆڕ و سەری نەتەوەی کوردی سەرفراز کرد. هەر بۆیەش دوای ٧٢ ساڵ دەبینین ڕێبازی پێشەوا و هاوڕێکانی هەر زیندووە و لە بەربەرەکانێیەکی دژوار دایە لەگەڵ دەسەڵاتی هەتا سەر ئێسک دوژمنی نەتەوەی کورد. هەر لەو سەردەم و لە هەمان کات و ساتدا کە کۆماری کوردستان پێک هات، بە چەند ڕۆژێک پێشتر کۆماری دێموکراتیکی ئازەربایجان لە تەورێز لەسەر دەستی فیرقەی ئازەربایجان بە ڕێبەریی پیشەوەری ڕاگەیەندرا و لە ڕووخانیشدا هاوچارەنووسی کۆماری کوردستان بوو بە چەند ڕۆژێک پێشتر لە هاتنی سپای ئێران بۆ مەهاباد، تەورێز پێتەختی کۆماری ئازەربایجان لە لایەن ئەو سپایەوە دەستی بەسەر داگیرا و، بەپێی هەموو سەرچاوە

بەردەستەکان لە لایەنگرانی فیرقەی دێموکراتیکی ئازەربایجان چ لە لایەن خەڵکی ناڕازی لەو فیرقەیە و چ لە لایەن سپای ئێرانەوە کوشتوبڕێکی بەربەرین کرا و، ڕێبەرانی ئەو کۆمارە خۆیان نەگرت بەرەو یەکیەتیی سۆڤیەت هەڵاتن.

بەڵام بە پێچەوانەوە دەبینین لە مەهاباد و ناوچەکانی بەردەستی کۆماری کوردستان، شتی وا ڕووی نەدا کە ئەوەش لە نیەتی پاکی سپای ئێرانەوە نەبوو بەڵکوو لە تێگەیشتوویی پێشەوا و ڕێبەرانی کۆمار و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ لەنێو خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوەی دەگرت.

کۆماری کوردستان و خودی پێشەوا لە ماوەی بەڕێوەبردنی ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان، ئەوی لە دەستیان هات بۆ ئاوەدانی و برایەتی و ئاشناکردنی خەڵکی کوردستان بە مافەکانیان دریغیان نەکرد، هەر بۆیە کاتێکیش کوردستان و کۆمار کەوتنە بەر پەلاماری سپای ئێران ڕاستە خەڵکی کوردستان بە زۆر هۆکار نەیاندەتوانی دیفاع لە کۆمار و دەوڵەتەکەیان بکەن بەڵام لە دڵی خۆیاندا ماتەمیان گێڕا و، ئەو ماتم گێڕانە پنگی خواردەوە و بوو بە هەوێنی یەکیەتی و یەکریزی بۆ درێژەدانی خەبات و دیتمان هەر دوای ماوەیەکی کورت، ڕێکخستنی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چالاک بوونەوە و بە کار و تێکۆشانیان بەڕووی دەسەڵاتدارانی پاشایەتیدا تەقینەوە و؛ گۆمی مەندی دەسەڵاتداری تارانیان لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی بە کردەوە شڵەقاند و هەتا ئێستاکە ئاڵای خەباتیان هەر بە شەکاوەیی ڕاگرتوە.

(لە ژمارەی ٧٤٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٩

---

## هەڵسەنگاندن و تاوتوێی بڕیارێکی گرینگی سیاسی و مێژوویی

ڕێکخراوی تێرۆریستیی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی

(هەڵسەنگاندن و تاتوێی بڕیارێکی گرینگی سیاسی و مێژوویی)

دەوڵەتی ئەمریکا بە مەبەستی لاوازکردنی نەیارانی خۆی لە هەموو ڕێکارەکانی بەردەستی کەلک وەردەگرێ. یەکێک لەو ڕێکارانە کە لە سەردەمی ئێستادا هەتا ڕادەیەکی بەرچاو کاریگەری هەبووە لە سەرخستنی ئامانجەکانی ئەم وڵاتەدا، ئابلۆقەی ئابوورییە، بەو مانایە کە لە بواری ئابوورییەوە وڵاتی نەیاری خۆی گەمارۆ داوە و، ناچاری کردووە بێتە سەر مێزی دانوستان.

یاسای ئابلۆقە یان هەمان کاتسا، لە ڕوانگەی شارەزایانی بواری سیاسییەوە کە چاودێری کێشەکانی ئێران و ئەمریکا دەکەن، بە دایکی تەحریمەکان دەناسرێ؛ چونکە هەموو کەلێن و کەلەبەرەکانی بواری ئابووری و سەربازی کۆماری ئیسلامی لەخۆ دەگرێ. نێوەرۆکی قانوونی کاتسا وڵاتانی ئێران، کۆرەی باکوور و ڕووسیەی کردۆتە ئامانج و، ئەمریکا لە ڕێگای ئەو قانوونەوە دەیهەوێ کار و کردەوەی ئەو سێ وڵاتە کە زیان بە بەرژەوەندییەکەی دەگەیەنن بخاتە ژێر چاودێری و؛ لە ڕێی تەحریمی ئابووری و سیاسییەوە بەربەرەکانیان لەگەڵ بکا.

قانوونی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی ئەمریکا لە ڕێگای تەحریم (کاتسا) ڕۆژی چواری گەلاوێژی ١٣٩٦ی هەتاوی لە مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا پەسەند کراوە و، لە ١١ی گەلاوێژی هەر ئەو ساڵەدا سەرکۆماری ئەمریکا ئیمزای کردووە. لە وڵاتی ئەمریکا هەر پەسندکراوێکی کۆنگرێس بە ئیمزای سەرکۆماری بگا، حوکمی قانوون بە خۆیەوە دەگرێ و ئۆرگانی ئیجرایی کە هەمان دەوڵەتە لە سەری دەبێتە ئەرکێک و دەبێ ڕاپەڕێنێ و، دەوڵەتی ئەمریکا بەرپرسە لە ماوەی ٩٠ ڕۆژدا نێوەرۆکی ئەو قانوونە کە بەدژی ئێران پەسەند کراوە جێبەجێ بکا و؛ لە دژی بەکاریان بێنێ.

**دەکرێ ئامانجی ئەمریکا لەو قانوونەی بە دژی ئێران لە پێنج خاڵی سەرەکیدا کورت بکرێتەوە:**

١- کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا بۆ جارێکی دیکە بێنێتەوە سەر مێزی وتوویژ لەمەڕ پرسی ناوەکیی ئێران.
٢- کۆماری ئیسلامی مەهار بکا و، بگەنە ئەو ئامانجەکە ئێران دەست هەڵگرێ لە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و هێزە نیزامییەکانی لە وڵاتانی عێراق، یەمەن و سووریە بکێشێتەوە.
٣- زەمانەتی پاراستن و لە ئاکامدا بەڕەسمی ناسینی ئیسرائیل لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە مسۆگەر بکا.
٤- کۆماری ئیسلامی واز لە دروستکردنی مووشەکی دوورهاوێژ بێنێ کە ئەو مووشەکانە دەتوانن هەڕەشە بن لەسەر وڵاتانی ناوچەکە.
٥- دەست لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەڵبگرێ و ڕێز دابنێ بۆ یاسا و ڕێسای نێودەوڵەتی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ.

ئەمریکا بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی خۆی بێجگە لە ڕێکاری سیاسی و دیپلۆماسی بۆ فشار خستنەسەر ئێران، یەک لایەنە ماوەی یەک ساڵە گەمارۆکانی وەگەڕ خستۆتەوە و کۆماری ئیسلامیی تووشی کێشە و گرفتی زۆر، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێران کردووە. بەڵام ناساندنی سپای پاسداران بە ڕێکخراو و سپایەکی تێرۆریستی، خۆی هەڵگری چەندین پەیامی قورس و چارەنووسسازە لە سەر داهاتووی ئێران و کۆماری ئیسلامی؛ چونکە ئەگەر هەتا پێش پەسەندکردنی ئەو قانوونە و ڕاگەیاندنی لە لایەن دەوڵەتی



سەرچاوە Serchawe

ئەمریكاوە، هەموو كات باس لەوە دەكرا كە سپای پاسدارانی كۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێراندا، سپایەكی سەركوتگەری خەڵكی ئێرانە و لە دەرەوەی سنوورەكانی ئێرانیش پشتیوانی هێز و گرووپە تێرۆریستییەكانە. بەڵام بە ڕاگەیاندن و جێبەجێكردنی ئەو قانوونە پلەی سپای پاسداران لە پشتگیریی تاقم و گرووپی تێرۆریستی، دەگوازرێتەوە بۆ ڕێكخراوێكی تێرۆریستی و دیاریكردنی سازمان یا ڕێكخراوێك بەناوی تێرۆریستیی بیانی لە ئەمریكا ڕێكارێكی قانوونییە، واتا بە قانوون ڕێک خراوە و ئەو قانوونە ئیزن دەدا بە دەوڵەتی ئەمریكا كە بە دژی ئەو ڕێكخراوەیە كە، كۆمەڵێك سزای لەسەر دابنێ. وەك: گەمارۆی ئابووری، پێنەدانی ویزای ئەمریكا بە ئەندامەكانی و ئەوانەی بە جۆرێك لە جۆرەكان هاوكاریی ئەو ڕێكخراوەیە دەكەن، دەستبەسەرداگرتنی دارایییەكانی ئەو ڕێكخراوەیە و ئەندامەكانی یا ئەوانەی هاوكاریی دوور ونیزیكی دەكەن، ئەوانەی دارایییان لەنێو خاكی ئەمریكادا هەبێ، بەدوادا چوونی قانوونی بۆ ئەو كەسانە كە لە دەرەوی خاكی ئەمریكا هاوكاریی ماڵیی ئەو ڕێكخراوەیە دەكەن و...

بەپێی قانوونی بەربەرەكانی لەگەڵ دوژمنانی ئەمریكا لە ڕێگای تەحریم (كاتسا) سپای پاسداران دەچێتە خانەی تێرۆریست بوون و، ئەوە دەتوانێ ئەو مانایە بدا كە دەستی دەوڵەتی ئێستای ئەمریكا ئاوەڵاتره بۆ حەرەكەتی نیزامی، چونكە بەپێی قانوونەكانی دژی تێرۆریزم لە ئەمریكا، هێزە نیزامییەكانی ئەو وڵاتە لە دەرەوی سنوورەكان و نێوخۆی ئەمریكا بەرپرسن لەمەڕ ئەوەی كە تێرۆر و تێرۆریزم لە ئەمریكا دوور بكەنەوە. سپای پاسداران دوای ڕاگەیاندنی ئەو قانوونە ڕێكخراوێكی تێرۆریستییە و هەڕەشەیەكە بۆ سەر بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا، هەر بۆیە سپای ئەمریكا دەبێ بەرپەرچی ئەو هەڕەشانە بداتەوە و، ئەوە ئەگەری تێكهەڵچوونی چەكدارانە لە نێوان سپای ئەمریكا و سپای پاسداران زیاتر لە جاران بەهێز دەكا و، لە كاتی ئێستادا ئەگەر ئەنگیزەیەك هەبێ بۆ تێكهەڵچوونی نیزامی، هەم ترامپ و هەم سپای ئەمریكا ترسێكیان نییە لەو بابەتەوە، چونكە ڕەوایییەكی یاسایییان لە پشتە.

یاسای كاتسا ئەم تەحریمانە لەخۆ دەگرێ: تەحریمی بەرنامەی مووشەكە دوور هاوێژەكان، تەحریمی سپای پاسداران وەك سپایەكی تێرۆریستی بەهەموو بەشەكانیەوە، تەحریمی ئەو كەس و لایەنانەی ڕۆڵ و بەرپرسایەتیان هەیە لە پێشێلكردنی مافی مرۆڤ، تەحریمی چەكی قورس وەك تۆپخانەی قورس و تانك و تەیارەی شەڕكەر، هەوڵدان بۆ هاودەنگكردنی ئورووپا بۆ سەپاندنی گەمارۆكان، كاركردن لەسەر كەیسی ئەو ئەمریكایيانەی لە ئێران دەستبەسەرن.
گرینگترین جیاوازیی ئەو گەمارۆ نوێیە ناساندنی سپای پاسدارانە بە سپایەكی تیرۆریستی، چونكە بەپێی هەموو زانیارییەكان سپای پاسداران بێجگە لەوە كە سپایەكی نیزامییە و ماوەی چل ساڵە باسكی بەهێزی كۆماری ئیسلامییە بۆ سەركوتی خەڵك و، لە سامانی گشتیی ئەم وڵاتە ساڵانە مووچە بۆ خۆی دیاری دەكا، دامەزراوە یان باشتر وایە بڵێین مافیایەكی ئابوورییە و زیاتر لە بیست هەتا چل لە سەدی بازرگانی و ساخت و سازی ئێرانی لەژێر دەست دایە. لە هەمان كاتدا نفووزی خۆی لە ناوچەكەدا پەرە پێداوە و، بۆ ئامانجە تێرۆریستییەكانی لە هیچ حەولێك سڵ ناكا.

ئەم بڕیارە لە كاتێكدا دەرچوو كە لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی حوكمی مێژوویی دادگای میكۆنووسدا بووین. ساڵی ١٩٩٧ لە شاری بێرلین لە دادگایەكی دادپەروەرانەدا كە سێ ساڵ و نیوی خایاند، لووتكەی دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە بكوژی د. سادق

شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی ناسێندران. ئێستاش پاش تێپەربوونی ٢٢ ساڵ لەو حوکمە، دەوڵەتی ئەمریکا سپای پاسداران (یەکێکی دیکە لە ناوەندە خاوەن دەسەڵاتەکانی ئەو ڕێژیمە) دەخاتە لیستی ڕێکخراوێکی تیرۆریستییەوە. ئەمە لە پێشدا، یەکەم نیشانەی ئەوەیە کە حوکمی دادگای میکۆنووس لەسەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، حوکمێکی دروست و لەجێدا بووە و، دووهەم ئەوەیە کە دەوڵەتانی جیهان و بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەو قەناعەتە بگەن کە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا، سەرەڕای ئاگاداری لە هەموو دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، پەرەپێدانی توندوتیژی لە نێوخۆی ئێران و... لە ئاکارە بشێوێن و سەرکوتکەرانەکانی ئەم ڕێژیمە چاوپۆشی نەکەن.

لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستییە وەبیر بێنینەوە کە کۆماری ئیسلامی لە دوای چل ساڵ دەسەڵاتداریی خۆی، ئێستاش وەک حکوومەتێکی ئینقلابی هەم لە نێوخۆی ئێران و هەم لە دەرەوەی ئێران عەمەل دەکا و، سپای پاسداران کە کۆڵەکەی ئەسڵیی نیزامی کۆماری ئیسلامییە و، باڵی بەڕێوەبەریی ئەو ستراتیژییەیە کە لە پێشەکیی (... شۆڕشی ئێران جووڵانەوەیەک بوو بۆ سەرکەوتنی تەواوی زوڵم لێکراوان، بەسەر زاڵماندا و کۆماری ئیسلامی بەستێنی ئەو شۆڕشە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئامادە دەکا...) و، ئەوە هەمان ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕشە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کە سپای پاسداران ڕۆڵی سەرەکی پێ بڕاوە.

دواوتە هەتا ئەو یاسا بنەڕەتییە واتە ستراتێژیی هەناردەکردنی شۆڕش بەردەوام بێ و، نیزامێکی سیاسیی دەسەڵاتدار کە باوەڕی بە هەناردەکردنی ئیدۆلۆژی و باوەڕەکانی خۆی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی هەبێ، ناکرێ چاوەڕوانیی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و خۆ گونجاندن لەگەڵ نەزمی جیهانی لێ بکری.

(لە ژمارەی ٧٤٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

## ناو گۆڕینی فەرماندەرانی سەرەوەی سپای پاسداران بۆ کام مەرام

ماوەیەکە بەهۆی لێدوانەکانی عەلی دایی یاریزانی پێشووی تیمی میللیی فوتباڵی ئێران و ڕاهێنەری پێشووی باشگای سایپا لەسەر کەسێک بە ناوی مستەفا مودەبێر کە بەڕێوەبەری ئەو یانە وەرزشییەیە؛ پەردە لەسەر بابەتێک هەڵدراوەتەوە و ئەو باسە لە نێو ڕاگەیاندنەکاندا گەرم بووە. مستەفا مودەبێر هەمان سەردار غەفوور دەرجزییە کە یەکێک لە تێرۆریستەکانی عەمەلیاتی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانییەتی. ئەوە مستەفا دەرجزی یان بە واتایەکی دی هەمان ئەمیر مەنسوور بوزرگیانە کە لە تێرۆری دوکتور



سەرچاوە Serchawe

قاسملوودا دەستی هەبووە و لە لایەن پۆلیس و دادگای وڵاتی ئوتریش لە شاری ڤیەن گیراوە و، ماوەیەک دەستبەسەر بووە و لە دواییدا بە سات و سەودای دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش و ئێران بەرەو تاران ئیسکۆرت کراوە. بەڵام ئەوەی لە لێدوانی عەلی داییدا جێگای سەرنجە ئەو تێرۆریستە ئەمجاریش ناوی خۆی گۆڕیوە و ناوی مستەفا مودەبێری بۆ خۆی هەڵبژاردوە، لێدوانی عەلی دایی و ئاشکرابوونی ناوی ڕاستەقینەی مستەفا مودەبێر دەنگدانەوەی زۆری لێ کەوتەوە و بۆ جارێکی دیکە تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی هێناوە سەر تیتری ڕاگەیەنە گشتییەکانی جیهان و لە نێوخۆی ئێرانیش هاتەوە بەر باس و تەئکید لەوە کراوە، کە غەفوور دەرجزی لە دەرەوی ئێران لە ڕابردوودا ئەرکی ئەمنیەتیی! گەورەی بۆ کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بردوە و ئەوەش بە جۆرێک تەئیدکردنی قسەکانی عەلی دایی لەمەڕ کەسێتیی مستەفا مودەبێردا بوون، بەڵام بەوحاڵەش عەلی دایی کەوتە بە ڕەخنە و پەلاماری توندڕەوەکانی کۆماری ئیسلامی و بەوە تۆمەتبار کرا کە ناوبراو زانیاریی هەستیاری ئەمنیەتیی درکاندوە و داواکار بوون کە دەزگای قەزایی ئێران لێپێچینەوە لە عەلی دایی بکا. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆ سەردارانی سپا لە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان لە کاروباری ڕۆژانەیاندا کەلک وەرناگرن؟ ئەوان کە، خۆیان بە پاسداری ئینقلابی ئیسلامیی ئێران دەزانن چۆن پێچەوانەی قانوونەکانی سیستمی کۆماری ئیسلامی دەجووڵێنەوە و لەژێر پێی دەنێن لە حاڵێکدا سوورن لەسەر ئەوە کە گەلانی ئێران دەبێ ملکەچی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی بن؟

پێش ئەوە بچینە سەر وڵامی پرسیارەکە لە پێشدا وا باشە سەرنجێک بدەینە قانوونی ناوەندیی (ثبت احوال)ی ئێران کە هەموو لە دایک بوون، ناولێنان، پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە نێوان کچ و کوڕ، لێک جیابوونەوە و مردن لە داڵانی قانوونەکانی ئەو ناوەندەوە تێپەڕ دەبێ. بۆ هەموو ئەوانەی باسمان کردن کۆمەڵێک یاسا و ڕێسایەک هەیە بەدەر لە باشی و خراپییەکانی، هەموو تاکێکی ئێرانی پێویستە جێبەجێیان بکا؛ بۆ وینە بەپێی قانوون لەسەر هەر دایک و بابێک واجبە کە ناوێکی شیاو لە منداڵەکەیان بنێ و پێناس (شناسنامە)ی لە ئیدارەی "ثبت احوال"ی شار یا شارستانی خۆی بۆ دەربێنێ و هەر بەپێی ئەو قانوونە هەر منداڵێک کە لە سجیلی ئەو ئیدارەیە ناونووس کرا دەبێتە خاوەن ناو و لە داهاتوودا بەو ناوە دەناسرێتەوە. بە هەر هۆکارێک ئەو کەسە ویستی ناوی خۆی بگۆڕێ بەپێی قانوون دەبێ چەندین قۆناغی قانوونی ببڕێ هەتا ئیزنی پێ دەدرێ کە ناوی بنەماڵەی بگۆڕێ و هەر بەپێی قانوونەکانی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئەگەر کەسێک بەبێ تێپەڕاندنی قۆناغە قانوونییەکان ناوی خۆی بگۆڕێ، کارەکەی جەعلی ئەسنادە و حوکمی سزادانی لە قانوونی سزادانی کۆماری ئیسلامیدا بۆ دیاری کراوە.

بەپێی قانوونی سەرپێچی (تخلفات) لە بابەت دەستبردن بۆ بەڵگەنامەکانی وەک شناسنامە و پاسپۆرت... ئەو کەسانەی ئەو کارانە دەکەن دەدرێنە دادگا و بەپێی ڕادەی سەرپێچییان لە قانوونەکە سزا دەدرێن جا لە هەر پلە و پایەیەکدا بن. لێرەدا بە کورتی ئیشارە بە دوو مادەی ئەو قانوونە دەکەین کە بە ڕوونی باس لەو مەسەلەیە دەکەن. مادەی ٦ لە قانوونی (تخلفات) دەڵێ: "هەر یەک لە کاربەڕێوەبەرانی دەوڵەت لە لەشکری و کشوەری و هەروەها کار بەڕێوەبەرانی دامەزراوە گشتییەکان، شیرکەتەکانی دەوڵەتی و دامەزراوەکانی سەر بە دەوڵەت و بانکەکان و دامودەزگای قانوونی ئیجازەیان پێ نەدراوە شناسنامەی بەتاڵ بوو بەکار بێنن یا بە هەر شێوەیەک جەعلی سەنەد بکەن. لە ئەگەری ڕوودانی شتێکی وا بێجگە لە سزای ئیداری و قەرەبووکردنەوەی زیانەکان بەپێی



سەرچاوە
Serchawe

شێوەی سەرپێچییەکە سزای مادەی ٥ی ئەو قانوونەیان بەسەر دادەسەپێ و لە مادەی ٧ی ئەو قانوونەدا هاتووە بۆ هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە لە مادەی ١٦دا ئیشارەیان پێ کرا، ئەگەر بۆ ڕاییکردنی وەزیفەی قانوونیی خۆیان شناسنامەیەک کە لە ئیعتباری قانوونی کەوتووە کەلک وەر بگرن بێجگە لە سزای ئیداری و ئینتزامی و قەرەبوو کردنەوەی زیانەکان بە دانی سزای نەقدیش سزا دەدرێ و لە حاڵەتی دووپات بوونەوە؛ دادگا لە سەریەتی بە دیاریکردنی لایەنی زۆری سزا بۆ ئەو کەس بڕیاری بۆ ببڕێتەوە.

بەو کورتە شیکردنەوە ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کە بۆ دەزگا پێوەندیدارەکان بە پرسی سجیل و پێناس (ثبت احوال) لەمەڕ فەرماندەهانی پاسدار بێدەنگن و هیچ هەڵوێستیکیان نەگرتووە و ئەوە لە حاڵێک دایە کە هێندێکیان لە چەندین ناو لە قۆناغی جۆراوجۆر و بۆ مەبەستە شوومەکانیان کەلکیان وەرگرتوە؟ بۆ نمونە پاسدار غەفوور دەرجزی لەژێر ناوی ئەمیر مەنسوور بوزرگیان کە بە عینوانی پارێزەری تیمی وتووێژکار لە ڤیەن ناسێندرابوو بەپێی هەموو بەڵگەکان دەتوانین بڵێین کە تەقەکەری ئەسڵی بووە لە دوکتور قاسملوو، چونکە لەو کاتەدا لە ژووری وتووێژەکە و لەسەر مێزی دانیشتنەکە نەبووە؛ بۆیە دەست ئاوەڵاتر بووە بۆ تەقەکردن. ئەوە ئێستا دەبینین بە ناوی مستەفا مودەبێر بە عینوانی بەڕێوەبەر سەر لە یانەی وەرزشیی سایپا دەردێنێ، یانی کەسێک لە ئێراندا لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بە ئاشکرا خاوەنی سێ کەسێتیی حەقیقی و حقووقیی جیاواز لە یەکتر بووە و ئەگەر ئەوە جەعلی بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی نەبێ دەبێ چ شتێکی دیکە جەعل و تەزویر بێ؟!

بۆ وڵامی ئەو پرسیارە کە بۆ فەرماندەهانی پاسداران بە تایبەتی ئەوانی لە دەزگاکانی ئیتلاعاتدا کار دەکەن ناوی ڕاستەقینەی خۆیان دەشارنەوە و لە کاری ڕۆژانەیاندا لە ناوی جەعلی کەلک وەر دەگرن، دەتوانێ چەند هۆکاری هەبێ، یەکەم ئەوەیە کە فەرماندەکانی سپاش دەزانن ئەو کارانەی لە نێوخۆی وڵات و تەنانەت دەرەوەی وڵات بەڕێوەی دەبەن لەگەڵ هیچ پێوەرێکی جیهانی و تەنانەت لەگەڵ قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیش یەک ناگرێتەوە؛ بەو مانا کە کارەکانیان لە چوارچێوەی قانوون و شەریعەتی خۆشیاندا ناگونجێ و لە هەمان کاتدا لەوە ترسیان هەیە پێناسەی ئەسڵیی خۆیان ئاشکرا بێ و نەتوانن بە ئازادانە لە نێو کۆمەڵگەدا هاتوچۆ بکەن و تەنانەت ترسیان لەوە هەیە و هەبووە کە ڕۆژێک دادێ ئەو حکوومەتە ئینقلابییە ئیسلامییە لە دەسەڵاتدا نامێنێ و یا ناچار بێ خۆی لەگەڵ جیهانی سەردەم بگونجێنێ و شێوەی کار و بەڕێوەبردنی بگۆڕدرێ. هەر بۆیە ئەم خۆدزینەوەیە لە ترسی دواڕۆژ و بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ شاکییەکانیانە، کە بەم شێوەیە نەناسراو دەمێننەوە و ئەگەری دەربازبوونیان زیاترە لە وەها دۆخێکدا. بۆ نموونە لەو ماوەیەدا کە دەوڵەتی ئەمریکا ڕێکخراوی سپای پاسدارانی لە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی جیهان دانا و بەپێی ئەو قانوونە هەموو ئەو کەسانەی ئەندامی سپای پاسدارانن دەکەونە بەر ئابلۆقەکانی سیاسی و ئابووریی دەوڵەتی ئەمریکا. لەو حاڵەتەدا پاسدار غەفوور دەرجزی یەکێک لەو کەسانەیە دەکەوێتە بەر سزاکانی ئەمریکا بەڵام لە ڕاستیدا غەفوور دەرجزی بە گۆڕینی ناوی خۆی بە مستەفا مودەبێر و دەرکەوتنی لە باشگایەکی وەرزشی لە ئێستادا خۆی لە سزاکانی ئەمریکا کە لە ڕادەی نێونەتەوەیی بە هۆی پێگەی بەهێزی ئەمریکا کاری پێ دەکرێ، ڕزگار بکا و ئەوە دەتوانێ نموونەیەک بێ لە سەدان نموونەی لەو بابەتە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ساختارێکی دەوڵەتداری کە بۆ پاراستنی پێگەی خۆی ماوەی چل ساڵە فەرهەنگی کوشتن و تێرۆر و تـازیەداری و گەنـدەڵی پەرە پێـدەدا چـۆن چـاوەڕوانیی هەبـێ کە فەرمانـدە نیزامییەکانیـان لە سـپای پاسـداران بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانیان و پاراستنی دەسەڵاتی خۆیـان لە جەعل و تەزویـر کەلـک وەر نەگـرن. ئەوی دەمێنێتەوە بڵێین بـا بە هەمـوو لایەکمـان هەوڵ بدەین ڕوخساری ڕاستەقینەی ئەو کەسانە کە دەستیان لە تێـرۆر و کوشـتار و چەوسـانەوەی خەڵکدا بـوو و ئێسـتا لەژێـر نـاو و عینوانی دیکەدا کار دەکەن بۆ بیر و ڕای گشتی لە ئێران و جیهان ئاشکرا بکەین.

(لە ژمارەی ٧٥٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٩

--------------------------------------------------------

## ویژدانی نوستوو

**دادگای میکۆنووس و "نقاشی قهوخانه" (ویژدانی نوستوو)**

ڕێستوورانی میکۆنووس ئەو شوێنە بوو کە دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی تێدا شەهید کران وبەدوای ئەوەدا دەزگای قەزایـی ئـاڵمـان لە بێرلین دادگایەکی پێک هێنـا کە بە دادگـای میکۆنـووس نـاوی دەرکـرد. دەتـوانین بڵێین ئەو دادگـایە لە دوای دادگـایی تـاوانبـارانی

شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی لە بواری کاتەوە درێژترین دادگا بووە کە سێ ساڵ و نیوی کێشا و تێچوویەکی مادیی زۆری بۆ دەوڵەتی ئاڵمان هەڵگرت. هاوکات فشار و هەڕەشەی زۆر لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە سەر دەوڵەتی ئاڵمان بوو تا ڕەوتی دادگایی کردنەکە رابگرێ. بەرێوەچوونی ئەم دادگایە لێکەوتەی سیاسیی بەربەرینی لە پێوەندیی دیپلۆماتیک لە نێوان ئێران و وڵاتانی ئورووپایی بە دوای خۆیدا هێنا. بەڵام سیستمی قەزایی ئاڵمان بەو هەموو فشارە سیاسی و دیپلۆماتیکە کە لەسەری بوو توانی بە سەرکەوتوویییەوە ئەرکی دادپەروەریی خۆی بەجێ بگەیەنێ و بیسەلمێنێ کە سیستمی قەزایی ئاڵمان لە کاری دادوەری و قەزاوەتدا سەربەخۆیە و ڕەوتی ئەو دادگایە ئەوەشی سەلماند کە لە هەر وڵاتێکدا دەزگای قەزایی سەربەخۆ هەبێ، دادپەروەری بەڕێوە دەچێ و قانوون و دادپەروەری نابنە فیدای ساتوسەودای نێوان بەرژەوندیی دەوڵەتەکان.

دوای سێ ساڵ و نیو سەرەنجام دادگا حوکمی خۆی لەسەر تاوانباران ڕاگەیاند و هەرکام لە دەسبەسەر کراوەکان بەپێی ڕادەی بەشدارییان لە کردەوە تێرۆریستییەکەدا حوکم دران. هاوکات بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی قەزایی جیهاندا لە لایەن دادگایەکەوە سیستمی سیاسیی دەوڵەتێک کە لەسەر حوکم و دەسەڵات بوو، تاوانبار دەکرا بە بکەری ئەسڵیی ئەو کردەوە تێرۆریستییە و ئەم کردەوەیە بە تێرۆری دەوڵەتی ناو برا و، بڕیاردەرانی ئەسڵیی تێرۆرەکە لە ڕادەی سەرەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەشێوەی غیابی حوکم دران. لەو حوکمەی کە لە ١٠ی ئاوریلی ساڵی ١٩٩٧لە بەشی یەکی دادگای جنایی ئاڵماندا خوێندرایەوە، دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە سیستمی جینایەتکار ناودێر کرا.

یەکێک لەو تاوانبارانەی کە حوکمی هەتاهەتایی بۆ بڕایەوە کازمی دارابی بوو. ناوبراو دوای پازدە ساڵ و دوومانگ گیران و دوای کێشانی یەک لە سەرسێی ماوەی حوکمەکەی ئازاد کرا. ناوبراو هەر ئەو ڕۆژەی ئازاد دەکرێ دەوڵەتی ئاڵمان ڕەوانەی ئێرانی دەکاتەوە و لە فرۆکەخانەی تاران بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی ڕێژیم پێشوازی لێدەکەن. ناوبراو دوای پازدە ساڵ لە ئازاد بوونی و نیزیک بە ٢٧ ساڵ پاش تێرۆری میکۆنووس، لە دووتوێی کتێبێکدا لەژێر ناوی (نقاشی قهوخانە) باس لە ڕووداوی میکۆنووس و ڕەوتی دادگا دەکا و لە هەموو کتێبەکەدا هەوڵ دەدا کە خۆی بێتاوان نیشان بدا و لە ڕێگای بێتاوانیی خۆیەوە بێتاوانیی کۆماری ئیسلامیش بسەلمێنێ.

نووسەری کتێبەکە لە لاپەڕەی ١٣ی کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا بە نووسینێکی ئەدەبی حوکمی بێتاوانیی کازمی دارابی داوە و دەنووسێ: «عەمەلیاتی بێرلین لاپەڕەیەک لە مێژووی سووتاند و کردی بە خۆڵەمێش و، ڕێستوورانی میکۆنووس بوو بە فەرامۆشخانە. دەفتەری میکۆنووس پڕە لە ڕق و کینە، دوژمنی و تۆڵەو لە کۆتاییدا خەفەت. لە میکۆنووس خۆشەویستی ڕەنگی خوێنی گرت و فەوتا، بەڵام جارێکی دیکە لە خۆڵەمێشی مێژوو بەهۆی پاڕانەوە و ناڵەی شەوانە لە کونجی زیندان وەک قۆقنووس سەری هەڵداوە و بەرەو ناخی زیندانییەک هەڵفڕی... بۆ ئەوە ئەو زیندانییە ئەو بێدەنگییەی مێژوو بشکێنێ.»

ئەو نووسینە حەقیقەتی تێدایە بەڵام نەک ئەو حەقیقەتەی نووسەر و بگێڕەوەی کتێبی نەقاشیی قاوەخانە بەدوایەوەن بۆ سابیت کردنی، بەڵکوو پێچەوانەکەی دروستە و ئەوە دروستە کە بگوترێ تێرۆری بێرلین لاپەڕەیەکی لە مێژووی ئازادیخوازی و مافویستی

گەلی کورد سووتاند، بەڵام ڕێستوورانی میکۆنووس نەبۆتە فەرامۆشخانە بەڵکوو هۆکارێک بوو لە شەوەزەنگی بێدادیدا فریشتەی دادپەروەری وەخەبەر بێ و بۆ جارێکیش بێ چەکوچی دادپەروەری لە تەپڵەسەری دێوەزمەی بێدادی بدا. ئەوەش ڕاستە دەفتەری میکۆنووس پڕ بوو لە خۆشەویستی، بەڵام ئەوە دێوەزمەی تامەزرۆ بە خوێن بوو کە ئایەتی مەرگی پێدا پژاند. هەروەها ئەوە نزا و پاڕانەوەی زیندانییەکی دەست بەخوێن نییە کە لە سووچی زیندان بەهۆی پاڕانەوە و ڕازونیازی شەوانەی لەگەڵ پەروەردگار وەک قۆقنووس لە ناخی باڵی گرتبێ بۆ دەربڕینی حەقیقەت، بەڵکوو شەڕی دەروونیی ئەو زیندانییەیە کە ماوەی ٢٧ ساڵ ویژدانی عەزابی دەدا کە لە پێناوی چیدا هەم گیانی چوارکەسی ڕێبواری ئازادی و مرۆڤایەتی ئەستاندوە و هەم بۆخۆی بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ تەحەمولی دادگا و لێکۆڵینەوە و زیندانی کردوە و لە هەمان کاتدا دوور بوون لە ژن و منداڵ و بێبەشی لە ئازادیی تاکەکەسی چێشتوە. چونکە ئێستا دەبینێ ئەو بەهەشتەی ئەو ئامادە بوو لە پێناویدا گیانی مرۆڤەکان بستێنێ و تەنانەت خۆی و منداڵەکانیشی فیدا بکا، تەنیا دۆزەخێکە و بەس. دوای تێپەڕ بوونی چل ساڵ بە سەر دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی، ئەو نیزامە نەک سەقامگیر نەبووە بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گەلانی ئێران لێی بێزراوتر دەبن و کازمی دارابی ئەو ڕاستییانە بە چاوی خۆی دەبینێ و دەزانێ ئەوی ئەو کردوویەتی هیچ قازانجی لێ نەکردووە تەنیا عەزابی ویژدانی بۆ ماوەتەوە. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە دەتوانین هەر لە وتەکانی خۆی کە لە کتێبەکەدا کردوویەتی، کەلک وەربگرین.

کاتێک کازمی دارابی لە لایەن پۆلیسی ئاڵمان دەسبەسەر دەکرێ و دوای لێپرسینەوەیەکی کورت لە زیندانی کاتی دەکەن، کاتێک شەوی بەسەردا دێ لە لاپەڕەی ١٢٨ی کتێبەکەدا ئاوا دەڵێ: «لە نێوان نوێژی شێوان و نوێژی خەوتنان دڵم پڕ بوو و خۆم پێ ڕانەگیرا و فرمێسکەکانم هاتنە خوارێ، بۆ نانی شێوان دوو لەتکە نان و قاشێک پەنیر لەگەڵ ئیستیکانێک چایان بۆ هێنام، بەبێ مەیلی خواردم، شەوێک بە هەموو تاریکی و ڕەشیی خۆی لە ڕێگادا بوو، خەو لەگەڵ من غەریبە بوو، پەیتاپەیتا لە خۆم دەپرسی کازم لێرە چ دەکەی؟... چەند جار بە لەپی دەستم لە نێوچاوان و لە ئەژنۆی خۆمم دا و تفم لە بەختی ڕەشی خۆم کرد.» ئەوە قسەکانی کازمی دارابین لە یەکەم شەوی دەسبەسەر کرانیدا، دەبینین هەر لە یەکەم شەوی زینداندا تووشی عەزابی ویژدان بووە و کاتێک هاوکار بووە بۆ سەرکەوتنی ئەو پیلانە تێرۆریستییە و بەدوای ڕاپەڕاندن و ڕێکوپێک کردنی پیلانەکەدا بووە، قەت پێی وانەبوو خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئەو شەهیدان و ئاهوناڵەی خەڵکی سەرکوت کراوی کورد بەرۆکی خۆی و ئاغاکانی دەگرێ، بۆیە لێکدالێکدا پرسیار لە خۆی دەکا کازم لێرە چ دەکەی، کەسێک لە تاوانێکدا کە ڕووی داوە بێتاوان بێ و هیچ لە خۆیدا شک نەبا هەر لە یەکەم شەودا گریان بەرۆکی ناگرێ و بە لەپی دەستی لە نێوچاوانی خۆی نادا و تف لە بەختی ڕەشیی خۆی ناکا، بەڵکوو هەوڵ دەدا بەسەر خۆیدا زاڵ بێ و بزانێ لە کوێ هەڵە کراوە کە بۆتە هۆکاری تاوانبارکردنی ئەو.

نووسەری کتێبی نەقاشیی قاوەخانە و کازمی دارابی کە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە لە دەستپێکی کتێبەکە هەتا کۆتایی بە دوای ئەوەوەن کە کازمی دارابی بێتاوان نیشان بدەن و لە تەنیشت بێتاوانیی ناوبراو هەوڵی ئەوەیانە کە پاکانەش بۆ کۆماری ئیسلامی بکەن. بەڵام لە هەموو کتێبەکەدا کە بە قسەی خۆیان کتێبێکی تەحقیقییە و مەبەستیان ئاشکراکردنی ڕاستیی ڕووداوەکەیە هیچی نوێی تێدا نییە کە سەرەداوێکی نوێ بدا بۆ دەرکەوتنی حەقیقەتی نوێ و لە هەمان کاتدا تەنانەت هیچی وای تێدا نییە کە مەحکەمە پەسەند بێ

بۆ ئیسباتی بێتاوانیی کازمی دارابی، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە لە هەمووی کتێبەکەدا کازمی دارابی دەیهەوێ ئەوە بسەلمێنێ دادگای بێرلین کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دژەشۆڕشی ئێران. بەبێ ئەوەی پرسیار لە خۆیان بکەن کە هێزەکانی دژەشۆڕشی ئێران و یا بەواتایەکی دیکە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە بواری ئابووری و تەنانەت سیاسییەوە چیان بە دەستەوە بوو کە دەزگای قەزایی ئاڵمان لەبەر بەرژەوەندیی وڵاتەکەی خۆی، کۆماری ئیسلامی کە دەسەڵاتداری ئێرانی پڕ خێروبەرەکەتە بۆ بازاڕی ئاڵمان لە خۆیانی برەنجێنێ و کێشەی ئابووری و سیاسی بۆ دەوڵەتەکەی خۆی ساز بکا؟ لەبارەی پێوەندیی ئابووریی دوو دەوڵەتی ئێران و ئاڵمان «ڕۆئیا حەکاکیان» لە لاپەڕەی ٧٠ی کتێبی پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزەدا دەڵێ: «هەتا پێش ساڵی ١٩٩٢ ڕەقەمی حیسابەکانی نێوان دوو میللەت گەیشتبووە پێنج میلیارد دۆلار و لە ئاکامدا ئاڵمان ببوو بە شەریکێکی بە دەسەڵاتی ئابووری لە ئێراندا. سەرمایەی ئێران لە بەشەکان (سهام)ی ئاڵماندا لە ٢٠٠ میلیۆن فرانک تێپەڕیبوو. ئەو دوو دەوڵەتە پتر لە سێسەد نوێنەری خۆیان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و قانوونیدا ناردبووە وڵاتی یەکتر کە نیوەیان ئەندامی پارلمانی ئەو دوو لایەنە بوون [...] .» کازمی دارابی ئەو پێوەندییە ئابووری و سیاسییە لە نێوان ئەو دو وڵاتەدا نابینێ و یا خۆی لە ئاستی کڕ دەکا و یا پێی وایە مادام ئەو پێوەندییە سیاسی و ئابوورییە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەیە دەبوایە دەوڵەتی ئاڵمان ئەو کردەوە تێرۆریستییە بە جۆرێک لە جۆرەکان پووش بەسەر بکا؛ بە جۆرێک کە ئێران زیانی پێ نەگا. بەڵام هەڵەی ناوبراو لەوەدایە کە ناتوانێ سەربەخۆیی دەزگای قەزایی ئاڵمان ببینێ. دەزگای قەزایی ئاڵمان لانیکەم مێژوویەکی پێنسەد ساڵەی هەیە و لە هەمان کاتدا تێرۆر و کوشتنی چوار کەس لە نێو شاری بێرلینی پێتەختی ئاڵمان جۆرێک لەژێرپێ نانی غروور و کەرامەتی ئاڵمانییەکان بوو، ئەوەیان بۆ قەبووڵ نەدەکرا کە وڵاتەکەیان لە بەر ساتوسەودای بازرگانی ببێتە شوێنی ڕمبازێنی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەوە بوو کە داواکاری گشتیی ئاڵمان لە ڕاگەیەندراوێکدا کردنەوەی پەروەندەیەک بۆ ئەم جینایەتە و دەسبەکاربوون و وەگەڕخستنی ئەم پەروەندەیەی ڕاگەیاند.

(لە ژمارەی ٧٥٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٩

## کردنەوەی پەروەندەی میکۆنووس و کەسایەتیی کازمی دارابی

دادئەستێنی یا بەواتایەکی دیکە داواکاریی گشتیی ئاڵمان دوای کارەساتی ڕێستوورانی میکۆنووس هاتە مەیدان و، لە ڕاگەیەندراوێکدا کە ڕۆژی ١٨ - ٩ - ١٩٩٢ بڵاوی کردەوە، هۆکاری دەستبەکاربوونی خۆیان بۆ بەدوادا چوونی ئەو تێرۆرە، بۆ بیروڕای گشتیی خەڵکی ئاڵمان ڕوون کردەوە. ئێمە لێرەدا بەشێک لەو ڕاگەیەندراوە دەخەینە بەر دیدەی خوێنەر:

(... ئەگەر لەو حاڵەتەی دواییدا، تاوان لە ڕاستیدا کردارێکی تۆڵەکردنەوە و یا بە سزاگەیاندن لە لایەن ئۆرگانەکانی دەوڵەتی ئێران بێ و ئەوە سابیت بێ، ئەو جۆرە کردەوانەی دەوڵەتە بیانییەکان لەسەر خاکی کۆماری فیدراڵی ئاڵمان، ئەمنییەتی نێوخۆیی کۆماری فیدراڵ دەخەنە مەترسییەوە. لەو حاڵەتەدا ڕەوتی کار گرینگییەکی تایبەت بە خۆیەوە دەگرێ، لەو ڕووەوە دادئەستێنی گشتی لە دیوانی بەرزی وڵات بە مەبەستی وەرگرتنی حەقی خۆی وەک سکاڵاکەر لە دادگا پاڵپشت بە مادەی ١٤٢، فەقەرەی ئەلف، بەندی یەک و مادەی ١٢٠، بەندی ژمارە ٣ لە قانوونی دادوەری GVG ئەو ئەرکە وەئەستۆ دەگرێ...).

دەبینین لەبەر هەستیاریی کۆمەڵگەی ئاڵمان بەو کردەوە تێرۆریستییە، دادئەستێنی گشتیی ئاڵمان لەسەر مافی گشتی دەبێتە لایەنێکی سکاڵاکەر لەسەر بکەرانی ئەم تاوانە. ئەوانە و چەندین هۆکاری دیکە دەستیان دا بە دەستی یەکتر کە دادگای بێرلین بەبێ گوێدان بە فشارە سیاسییەکان لە لایەن دەوڵەتی ئەو کاتی ئاڵمان سەربەخۆ و ئازایانە کارەکەی کە دادگاییکردنی تاوانبارانی تێرۆری میکۆنووس بوو بە ئەنجام بگەیەنێ. بەڵگە بۆ ئەو ڕاستییە بێجگە لەو هۆکارانەی سەرەوە کە باسمان کردن ئەوەیە کە دەوڵەتی ئاڵمان ناچار بوو، هەزینەیەکی زۆر بۆ لە ماوەی پتر لە سێ ساڵ بەڕێوەچوونی دادگا خەرج بکا و لە سەریەک لەو ماوە دوور و درێژەدا دادگا هەوڵی دەدا کە دەستی بە حەقیقەت ڕابگا و، کەس بێتاوان سزا نەدرێ. وە لە هەمان کاتدا ئەو خوێنە بە ناحەق ڕژاوە بە ئاسانی وەک باقی وڵاتانی دیکە؛ نەبێتە مایەی ساتوسەودای نێوان دەوڵەتەکان.

پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی "تێرۆر بەناوی خودا"دا لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتی ئاڵمان دەنوسێ: "لە سەرەتادا شمیت باوێر، وەزیری ڕاوێژکار لە کاروباری ئیتلاعات و ئەمنیەتی ئاڵمان لە لایەن دەوڵەتی ئاڵمانەوە ڕاسپێردرابوو کە زانیاری لە لایەن دامودەزگای دەوڵەتییەوە نەدرێ بە دادئەستێنی. هەر بۆیە دادئەستێن باسی لەوە دەکرد کە بۆ سەلماندنی "کیفر خواست" دادخوازێک کە بکرێ ڕابگەیەندرێ، دەبێ میلی میتر بە میلی میتر بچینە پێشێ؛ لە هەموو شوێنەکان بەربەست و کارشکێنی هەیە.) هەر ئەو باسکردنەی دادئەستێن سەلمێنەری ئەوەیە کە دادگا چەندە سەربەخۆیانە کاری کردوە بۆ ڕوونبوونەوەی حەقیقەت و لە هەمان کاتدا نیشاندەری ئەوەیە کە دەوڵەتی ئاڵمان لە سەرەتای پرۆسەی دەستپێکردنی دادگادا، هەموو هەوڵێکی ئەوە بووە کە دادگا دەستی بە بەڵگە و دێکیومێنتەکان ڕانەگا بۆ ئەوەی ئاکام و بڕیاری دادگا لێکەوتەی سیاسی لەگەڵ ئێران لێ نەکەوێتەوە.
یەکێکی دیکە لە بەڵگەکانی سەربەخۆیی دادگای بێرلین (میکۆنووس) ئەوەیە کە دارابی خۆی باس لەوە دەکا کە پێش دەستپێکردنی دادگا، پەڕاوەکانی تایبەت بەم تێرۆرە، کە بەهۆی پۆلیس و دادوەری گشتی و دادوەری لێکۆڵینەوە کۆ کرابوونەوە، هەمووی دەخرێتە بەردەستی تاوانباران و لەو بارەوە ناوبراو لە یاداشتەکانیدا لە لاپەڕەی ١٧ی کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا بەو شێوەیە باسیان دەکا: (پەڕاوەکان نیزیک بە ١٢٠ زۆنکەن دەبوون و هەر زۆنکەنەی لە نێوان ٣٠٠ هەتا ٥٠٠ لاپەڕە دەبوون یانی نیزیک بە ٥٠٠٠ هەزار لاپەڕە.)

ئەو پەروەندانەی کە دارابی باسی دەکا تەنیا ئی پێش دەسپێکی دادگـایە و ئاکـامی لێکـۆڵینەوەی دادئەستێنە و، ئامـادەکراوە و وەک بەڵگە لە ئیختیاری دادگا نراوە بۆ قەزاوەت لەسەر کردن. ئەگەر ئەو دادگایە سەربەخۆ و بە دوای دابینکردنـی دادپەروەریـدا نەبـوایە هیچ پێویست نەبوو ئەو هەموو لێکۆڵینەوە بکا و، لە هەمان کاتدا تەواوی ئەو پەروەندەیە بنێتە بەردەستی تاوانباران.

حوکمی دادگای میکۆنووس لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بەڵگەنامە بوو. دانی هەر بەڵگەیەک بە دادگـا ئاکـامی هەوڵـی خەڵکێکـی زۆر و لە هەمـان کاتـدا ئاکـامی نەزمـی ئیـداری و قەزایـی دەوڵەتـی ئاڵمـان بـوو. هەر حەرەکەتێـک دەبـوایە لەگەڵ قانوونەکـانی بەردەسـت، هاوسەنگیی هەبـوایە کە بە نـۆرەی خـۆی چـاودێری بەسـەر پێوەنـدیی ئیـدارات و ئۆرگـانە جیاوازەکانیـدا دەکـا و ئەوان لە یەکتـر جیـا دەکاتەوە. هەر بەو هۆکارە لە تەنیشت هەر بەڵگەیەکی ئەسڵی هەتا ئەو جێگایەی کە ئیمکـانی هەبـوایە ئەو بەڵگـانەی کە نیشـانیان دەدا بۆ گەیشتنی بە دادگا چ ڕەوتێکی پێواوە لە تەنیشت بەڵگەی ئەسڵی دادەنـرا. کە بە دیتنـی ئەو بەڵگـانەی کە ڕەوتـی ئیـداری و قەزایی ئاڵمان نیشان دەدەن، دەتوانین باشتر هەست بە سەربەخۆیی دەزگای دادی ئاڵمان بکەین.

## لەمەڕ ناوی کتێبەکەوە

کتێبی "نەقاشیی قاوەخـانە" کە بە ئانقەست ئەو نـاوەی لەسـەر نـراوە و ئامـاژەیە بە قسـەی خـامنەیی کە ڕێستووڕانی میکۆنووسـی بە قاوەخـانە نـاو بـرد بەو مەبەسـتەی وا بنـوێنێ کە موشـتەری قاوەخـانە بـوون و بەو جـۆرە لە پێگەی شـەهیدان کەم بکـاتەوە. لێـرەدا بەشێک لە قسەکانی خامنەیی لە ڕێکەوتی ٢٧ - ١ - ١٣٧٦ی هەتاویدا لە کۆبوونەوە لەگەڵ فەرمانـدەکانی ئەرتەش لەبـارەی تێـرۆری میکۆنووس کردوویەتی، دێنینەوە. خامنەیی ئەسڵی کارەساتەکە بە بێبایەخ دەزانێ و لەوێدا ڕێستووڕانی مێکونـووس بە قاوەخـانە نـاو دەبـا، ڕێـبەری کۆمـاری ئیسـلامی، نەک هـیچ بایەخێـک بـۆ گیـانی مرۆڤەکـان دانـانێ بەڵکـوو ئەو قسـانەی خـامنەیی دەرخەری دوژمنایەتییەکی تەواوە لەگەڵ گەلـی کـورد و لە هەمـان کاتـدا دەرخەری ترسەکەشیەتی لە ئاکامەکـانی ئەم دادگـایە، بـۆیە دەیـهەوێ دەستی وەپـێش خـا و بە ژێردەسـتانی خـۆی بڵـێ ئەو دادگـایە شـتێکی وانییە. (... ئەو بـابەتە چەنـد لایەنـی هەیە بە نەزەری مـن، بێبـایەخترین بەشـی ئەو بـابەتە، ئەسڵی بـابەتەکەیە. هەر بەو جـۆرە کە بـاسم کـرد، لەسـەر بـابەتی قەتڵێک کە لە قاوەخـانەیەک ڕووی داوە. نـاوی ئەو قاوەخانەیەش بە بەرەکەتی دەلاڵی سەهیۆنیستەکان، لە دنیادا نـاوبانگی دەر کردوە، قاوەخـانەی میکۆنـووس. چ عەیبێکی هەیە ئەویش قازانجێکی وەبەر کەوێ. دووکانێکیـان بەنـاوی دادگـا کردۆتەوە و هەوڵ دەدن لەو بـابەتە بە قـازانجی خۆیـان کەلک وەربگرن.)

## کازمی دارابی و ناسانێکی کورتی ناوبراو

لەو بەشەی کتێبەکە کە باسی بیۆگرافی و ژیاننامەی کازمی دارابی لە منداڵی و دەورانی پێش ئینقلاب دەکـا، تێپەڕ دەبین، بەڵام بـۆ ئەوە بێینە سەر ئەسڵی باسەکە کە تێرۆری میکۆنووسە، پێویستە کازمی دارابی باش بناسین کە کێ بووە و چی کردوە هەتـا گەیشتووە ئێرە. کازمی دارابی لەو کتێبەدا دەیهەوێ وا خۆ نیشان بدا کە کەسێکی بەئیمـان و لەخـوا تـرس و مرۆڤدۆست بـووە و، هەمـوو کاتێـک



سەرچاوە
Serchawe

پشتی هەژارانی گرتوە و لەو ڕێگایەوە هەوڵ دەدا بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێ. بۆ ڕوونبوونەوەی ئەو حەقیقەتە کە کازمی دارابی بە پێچەوانەی قسەکانی خۆی لە ڕەوتی دادگادا بە تاوانباری سەرەکی ناسراوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین بە وردی هەموو ئەو بەڵگانەی ناوبراو پشتیان پێ دەبەستێ، یەک بە یەک باسیان بکەین و لەگەڵ پەڕاوەکانی دادگا و ئەو بابەتانەی کە لەسەر تێرۆری میکۆنووس و دادگا نوسراون و لەبەر دەستمان دان پێکەوە بەراوردیان بکەین.

کازمی دارابی خەڵکی کازروون سەر بە پارێزگای ئیسفەهانە، بەپێی گێڕانەوەی خۆی هەر بە منداڵی، منداڵێکی هاروهاج بووە و خۆی لە هەموو کارێک هەڵقورتاندوە بێجگە لە خوێندن، خۆی گوتەنی هەموو کات لە قوتابخانە هەڵاتوە، کاتێک باس لە تێکەڵبوونی خۆی لەگەڵ لایەنگرانی خومەینی دەکا دەڵێ هیچم لە زوڵم و زۆریی سیستمی پاشایەتی نەدەزانی. ئەو لە لاپەڕەی ٤٥ی کتێبەکەدا بەمجۆرە باسی خۆی دەکا: (... دەبێ بڵێم ئەوەی منی بۆ لای ئەو گرووپە ڕاکێشا، تەنیا هاروهاجی سەردەمی لاوەتیم بوو، پێم خۆش بوو کە ئەوانم قەبووڵ بێ، من سەرێکی نەترسم هەیە و دەتوانم یارمەتییان بدەم...). لە لاپەڕەی ٤٦دا باسەکە درێژە پێدەدا و دەڵێ: (... ڕاستییەکەی ئەوەیە بێ بیرکردنەوە بۆ هەیئەت کارم دەکرد، هەر کە هەیئەت کارێکی هەبوایە بۆ بەڕێوەبردنی بەدوای هۆکاردا نەدەگەڕام. لە ڕاستیدا ئەمن کەسێکی نەترس بووم و ئێستاش هەم، بوێریی کاری مەترسیدارم هەبوو و ئێستاش هەمە...). هەروەها، لە لاپەڕەی ٦٢دا باسی پێوەندیی خۆی و باوکی بەم شێوەیە دەکا: (... ئەمن کەسێکی سەربەخۆ بووم و کارم بە باوکم نەبوو، لە ڕاستیدا ئێمە خۆمان لە کاری یەکتر هەڵنەدەقورتاند.)

ئەو سێ نموونەی سەرەوە لە قسەکانی دارابی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ناوبراو کەسێکی هێدی و هێمن نەبووە و زۆرتر بەدوای خۆنواندنەوە بووە. خۆی دان بەوەدا دەنێ کە لەگەڵ باوکی زۆر گونجاو نەبووە، هەروەها نەیزانیوە گرووپە مەزهەبییەکان بۆ دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی، کار و چالاکی دەکەن، دەڵێ هەر کارێکیان پێ سپاردبام جێبەجێم دەکرد، بەبێ ئەوەی لە هۆکارەکەی بپرسم و؛ بەڵگەی بۆ کارانەی ئەوەیە کە سەرێکی نەترسی هەیە. هەر لەسەر ئەو چەند نموونەیە دەتوانین بەو دەرەنجامە بگەین کە تێرۆر و تۆقاندنی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی تەنیا بەو کەسانە دەکرێ کە وەک دارابی بن. لەجیات ئەوەی لە ڕێگای خوێندن و فێربوونی زانستەوە، کەسایەتیی خۆیان بەرنە سەرێ، ڕوو دەکەنە دزێوترین کار کە دوورە لە مرۆڤایەتی؛ هەر بۆ ئەوەی ئاغاکانیان لێیان ڕازی بن بەبێ ئەوەی بیریان لە ئاکامی کارەکە کردبێتەوە .

(لە ژمارەی ٧٥٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٩

## "نقاشی قهوەخانە"، دارابی و مانەوەی لە ئاڵمان

دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری نیزامی کۆماری ئیسلامی، دارابی پاش ماوەیەک بە قسەی خۆی بۆ خوێندن ڕوو لە وڵاتی ئەڵمان دەکا، بەڵام لەوێش دەست لەو هەڵەشەیی هەڵناگرێ و ناچێتە ژێر نەزم و یاساکانی ئەو وڵاتە. ناوبراوی خۆی لە

لاپەرەی ٧٤ی کتێبەکەیدا ئاوا باس لە هەڵسوکەوتی خۆی دەکا: «بە هۆی سەرپێچی کردن لە شۆفیری بۆ یەک ساڵ ئیجازەی شۆفیریم لە لایەن پۆلیسەوە زەوت کرا، بەڵام لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا زیاتر لە هەموو کاتێکی دی شۆفیریم کرد...». ئەو هەر لەو لاپەرەیەدا باس لە کڵاو لەسەرنانی پۆلیسی ئاڵمان دەکا کە چۆن توانیویەتی بە حۆقەبازی لە دەستیان ڕابکا. نموونەیەکی دیکە لە کارەکانی دارابی لە ئاڵمان هێرشکردنە سەر شوێنی نیشتەجێبوونی خویندکارانی زانکۆ بووە و لە ڕاستیدا هەر ئەو نموونەیە بوو بە هۆی ئەوە پۆلیسی ئاڵمان بۆ ماوەی دە ساڵ کار و کردەوەکانی ناوبراو لە ژێر چاودێریدا بگرێ و لە پەرەوندەی میکۆنووسدا زیندوو بکرێتەوە. دارابی لە لاپەڕەی ٧٧ی کتێبەکەیدا دەگێڕێتەوە: «ساڵی ١٩٨٢ ڕەسمەن موجاهیدینی خەڵق لە بەرامبەر نیزامی کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستا و هەر ڕۆژە ئێمە هەواڵێکمان لە تیرۆری کوێری موجاهدین لە نێوخۆی ئێران دەبیست... هەواڵمان پێ گەیشت کە موجاهدین بە هاوکاریی لایەنگرانی «پەیکار» و «چریکی فیداییانی خەلق « لە حەوت - هەشت دانە لە کوڕەکانی حیزبوڵڵایی وەفادار بە نیزامی کۆماری ئیسلامییان داوە و لە هایم کەمپی نیشتەجێبوونی خوێندکاران دەریان کردوون. ئەوان سکاڵایان لای پۆلیس تۆمار کردوە بەڵام پۆلیس گوێی پێ نەداون، هەر بۆیە بڕیارمان دا لە هەموو ئەنجوومەنە ئیسلامییەکانی دەوروبەری فرانکفۆرت هاوڕێیانمان بانگ بکەین و لە حوسێنییەی فرانکفۆرت کۆیان بکەینەوە... ڕادەمان گەیشتە سەد کەس... لە سەرەتادا هەموو لایەنی قەزیەکەمان لێک داوە و بەسەر دە گرووپی دەکەسی دابەش بووین و هەر گرووپە ناوێکی بۆخۆی دیاری کرد وەک «میثم» ، «عمار» و «مقداد»... خۆمان گەیاندە هایم کە دوازدە قات بوو و هەر تاقمەی وەزیفەی بوو بچێتە قاتێک و بچێتە ئەو ژوورەی کە مەبەستمان بوو وکەسانی هێرشبەری تێدا بوون... لە ژوورەکانیاندا بە دار و گۆپاڵ پەلامارمان دان و دەرگا و پەنجەرە و تەلەویزیون و تەلەفون و تەواوی کەلوپەلی خویندکارەکانمان شکاند... قەرارمان بوو کە دوایەش ڕانەکەین هەتا پۆلیس دەگاتی و پێیان بڵێین کە وەڵامنەدانەوە بە سکاڵای دۆستانی ئێمە وەڵامەکەی ئاوا دەبێ. پۆلیس هات و لە تێکهەڵچوون لەگەڵ ئەواندا پازدەکەسی ئێمە بەتوندی بریندار بوون و لە پۆلیسیش چەند کەسێک بریندار بوون. پۆلیس چەند کەس لە ئێمەی گرت و ڕۆیشت. ئێمە کە نزیک بە نەود کەس مابووینەوە بڕیارمان دا بە خۆپێشاندان و شوعاری مەرگ بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل بەرەو بنکەی پۆلیس بچین کە لەپڕ زیاتر لە سەد پۆلیسی دەمامکدار بە ئابلۆقەیان داین و دوای لێدان وکوتان چەند کەسێکی دیکەشیان لێ دەستبەسەر کردین کە ئەمن یەک لەوان بووم...»

ئەو ڕووداوە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتی نێوخۆی ئاڵمان و ئیدارەی گشتیی پۆلیسی شاری ماینتس. دواجار پۆلیس لە ڕێکەوتی ٧ - ٥ - ١٩٨٢دا بڕیاری دەرکردنی کازمی دارابی لە ئالمان و ناردنەوەی بۆ ئێرانی دەرکرد، بەڵام هادی خامنەیی کە ئەوکات نوینەری مەجلیس بوو، دەچێتە ئالمان و لەگەڵ ئاڵمانییەکان دەسازین کە پازدە کەس دەر بکرێن و بنێردرێنەوە بۆ ئێران، بەڵام با ئەوە بە ویستی خۆیان بێ. بەمجۆرە کازم دارابی لە ناردەوە بۆ ئێران ڕزگاری دەبێ، چونکە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کەسانی وەک «کازم دارابی»یان لە ئاڵمان و ئورووپادا پێویست بووە.

پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی «تێرۆر بە ناوی خودا»دا بەمجۆرە باسی ئەو ئەم ڕووداوە دەکا: «... باڵوێزخانەی ئێران ئاوا لەگەڵ

وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان و دەزگای بەڕێوەبەریی ئەیالەتی ڕێک دەکەون کە پێویستە بە سەرنجدان بە وەزعییەتی کەسەکەن و خوێندنیان، هەتا کۆتایی خوێندن لە ئاڵمان بمێننەوە. لێرە دایە کەباڵوێزخانەی ئێران لە شاری «بۆن» بە لایەنگری لە دارابی دێتە مەیدان، چونکە بۆ دەرکردنی دارابی هیچ بەربەستێکی قانوونی نەبوو. دارابی ئەو کات سەڵت بوو و ژنی نەهێنابوو، هەروەها خوێندنێشی دەست پێنەکردبوو. باڵوێزخانەی ئێران لە بۆن بە هێشتنەوەی دارابی بەدوای ئامانجی تایبەتیی خۆیەوە بوو. باڵوێزخانەی ئیران لە ڕێکەوتی ۱۱ی سێپتامبری ۱۹۸٦ و ۲٦ی ژوئەنی ۱۹۸۷ دوو نامە بۆ دەوڵەتی ئاڵمان دەنێرێ و هەوڵ دەدا بۆ دارابی و خویندکارەکانی دیکەش کە ئیجازەی کاتی و مەرجداریان بۆ مانەوە لە خاکی ئالماندا پێبوو ، ئیقامەی هەمیشەییان بۆ وەرگرێ. لە ڕوانگەی دادگاوە هۆکاری ئەو کارەی باڵوێزخانەی ئێران نیشانەی ئامادەیی دارابی بووە بۆ هەنگاونان لە پێناو ئامانج و بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیدا.»

هەر لە سەر ئەو بابەتە روئیا حەکاکیان لە کتێبی «پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە» لە لاپەرەی ۹٥دا دەنووسێ: «بێوگرافیی دارابی بۆ نۆربێرت بووە ڕێنیشاندەرێک. دارابی ساڵی ۱۹۸۲ بە هۆی کوشتنی خوێندکارێکی ئێرانی لە خەوتنگەی خوێندکارانی شاری ماینزدا، گیرابوو و ماوەیەکی کورت لە زینداندا بوو. ساڵی ۱۹۸۳م، یەکیەتیی خوێندکارانی موسوڵمانی ئێرانی لە بێرلینی دامەزراندبوو کە دواتر ناوەندەکەی بوو بە مزگەوتی گەورەی شیعە مەزهەبەکان. ساڵی ۱۹۸۷ پاش شەش مانگ خوێندن لە زانکو و رەدبوونەوە لە ئەزموونی کۆتاییدا و دەرکردنی لە زانکۆ، دەستی بە کاروکاسبی کرد.»

پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی «تیرۆر بەناوی خودا»دا باس لەوە دەکا کە دارابی لە ساڵی ۱۹۸۲ ئەندامی ئەنجوومەنی ئیسلامیی خوێندکاران - بێرلینی رۆژئاوا (VIS) بووە کە لایەنگری ڕێژیمی ئێرانە و لەو ئەنجوومەنەدا چالاک بووە. ناوبراو ساڵی ۱۹۸٤ئەندامی هەئیەت رەئیسەی ئەو ئەنجوومەنە بووە و هەروەها لە تەشکیلاتی سەرانسەریی ئەو ئەنجوومەنە لە ئورووپا - یەکیەتیی ئەنجوومەنە ئیسلامییەکانی خوێندکارانی ئورووپا (UISA) - وەک ئەندامی بەڕێوەبەری چالاک بووە...»

ئەو چەند نموونەی سەرەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە کازم دارابی هەروەک لە بەڵگەنامەکانی دادگادا بەدروستی ئیشارەی پێکراوە ئەندامی چالاکی وەزراتی ئیلاعات و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی بووە. ئەگەر وا نەبووبێ چۆنە ئێران خۆی بە خاوەن سەروەری دەزانی و بۆی گرینگە کە دەوڵەتەکانی دیکە ئەو سەروەرییە بپارێزن، بەڵام بە پێچەوانەوە لە کەس یا کەسانێک پشتیوانی دەکا کە قانوونەکانی وڵاتی ئاڵمانیان پێشێل کردوە و تەنانەت بە هێزی مرۆیی گەورەوە بەرەورووی پۆلیسی ئەو وڵاتە بوونەتەوە و نەزمی کۆمەڵگەیان تێک داوە. بە کورتی کەسێک بەو شێوەیە گەورە ببێ و کاری کردبێ و دەرسی خویندبێ و بێ ئەوە بیری لە ئاکامی کارەکانی کردبێتەوە و نەک لێیان پەژیوان نەبێ و شانازییان پێوە بکا؛ چۆن دەتوانی بڵێ پۆلیسی ئاڵمان لە بابەت تیرۆری میکۆنوس لەخۆڕا گرتوویانم و دادگا بە بەبێ تاوان سزای داوم؟



سەرچاوە
Serchawe

کازم دارابی لە تەواوی ئەو کتێبەدا هەوڵ دەدا بیسەلمێنی کە کەسێکی سەربەخۆ بووە و هیچ پێوەندیی تەشکیلاتی، جیا لە ڕووحیی بە کۆماری ئیسلامییەوە نەبووە، بەڵام لە جێ جێی ئەو کتێبەدا بێ ئەوەی لە یادی بێ پێشتر چی گوتوە، لەبارەی ئەمە هەر جاری بە گێڕانەوەی بابەتێک دەیسەلمێنی کە نەک هەر کەسیکی سازمانی بووە بەڵکوو لەگەڵ بالوێزخانە و کونسوولی ئێران لە ئالمان پێوەندیکی توندوتۆڵی کاریی هەبووە. بۆ نموونە لە لاپەرەی ۹۵ی کتێبەدا لەژێر سەردیری شەڕی ئێران و عیراق ئاوا باس لە کارەکانی خۆی دەکا بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆی ئەویش توانیبێتی ئەرکی خۆی لەبەرانبەر ئەم شەڕەدا جێبەجێ کردبێ: «...ئێران لە شاری کۆلن دەفتەرێکی هەبوو بۆ بونیادی جانبازان کە لە بینای «خانە ایران» دامەزرابوو. ئەو دەفتەرە کاروباری پێوەندیدار بە چارەسەری بریندارانی شەری دەکرد... لە ڕۆژەکانی سەرەتای ژیانی هاوبەشیمدا بووم کە حاجی حوسێن موزەفەر، بەرپرسی ئەو ناوەندە پێوەندیی پێوە گرتم و پرسی ئێمە هیندێک جار دەمانهەوێ بریندارەکانی شەڕ بەرێی بێرلین بکەین، ئەتۆ ئامادەی لە بردن و هێنانی ئەوان لە فرۆکەخانەوە بۆ شار و نەخۆشخانە و بەپێچەوانەوە یارمەتیمان بدەی؟ ڕوونە کە پێشوازیم لەو پێشنیارە کردبوو، چونکە هەلێک بوو دەمتوانی بەو کارە بچووکە قەرزی خۆم بە مەیدانەکانی شەر بدەمەوە...»

ڕەنگە حاڵەتی وا بۆ هەرکەسێک کە وڵاتەکەی لە حاڵی شەڕدایە بێتە پێش و تاک ئەمە بە وەزیفەی نیشتمانی خۆی بزانی، بەڵام دارابی خۆی بە قەرزداری مەیدانەکانی شەڕ دەزانێ، چونکە لە بیروزەینی ئەودا شەڕ تەنیا ڕێگاچارەی گرفتەکانە و لە ڕێگای شەڕەوە دنیای ئیسلام دەتوانی شکۆی ڕابردووی خۆی بە دەست بێنێتەوە. هەر بۆیە لە خۆی بە گلەییە کە بۆ لە مەیدانەکانی شەردا نییە. ئەم ئەرکانەی ئەو باسی دەکا بەدەر لە وەزیفەیەکی نیشتمانی بووە و خۆی بە موریدی خومەینیی سەرۆکی زانیوە کە هەمیشە شەڕی بە نێعمەتی خوا دەزانی. لایەکی دیکەی مەسەلەکە ئەوەیە کەسێک لە وڵاتی ئوروپایی بێ یا کاری هەیە یا دەرس دەخوێنی و یا بە هۆکارێک بێکارە. بەڵام دارابی بە قسەی خۆی هەم کاری هەبووە و هەم هەوڵی داوە بخوێنێ. لەو وڵاتانە و لەو هەلومەرجەدا کەس ناتوانی بە کەیفی خۆی کار بەجێ بێڵێ و بە دوای کاری دیکەدا بروا مەگەر ئەوەی ئەو کارانەی دیکەی بۆ داپۆشێنی کاریکی دیکە بووبێ، واتا کەسی ئاسایی ناتوانی هەموو کاتی خۆی بۆ ئەو جۆرە کارانە تەنانەت ئەگەر خزمەت بە وڵات و گەلەکەی خۆیشی بێت تەرخان بکا؛ بەڵام دارابی هەر بە قسەی خۆی لە دوای قەبوولی پێشنیارەکە، ئەو کارە بۆتە یەکیک لە کارە سەرەکییەکانی ژیانی و لە لاپەرەی ۹۵ دا دەڵێ: «لەوە دواوە ئەو کارە ببوو بە یەکێک لە کارە ئەسڵییەکانی ژیانی من...»

دارابی هەر لەسەر ئەو بابەتە لە بیرەوەریەکی دیکە لە لاپەرەی ۹۶دا دەڵێ: «لە تەنیشت کارکردن بۆ بریندارانی شەر کە دەهاتنە ئاڵمان، لەگەڵ کوڕەکانی تورک و لوبنانی و پاکستانیدا کومێتەیەکمان پێک هێنا بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلی وەک دەرمان، پەتۆ، خێوەت، تەخت و تەنانەت وەرگرتنی یارمەتیی ویشکەپووڵ. دوای ئەوەی کۆمان دەکردنەوە بەرێی بەرەکانی شەرمان دەکردن...
ناوەندی چالاکییەکانی لەو بابەتە یەکیەتییەکانی ئەنجومەنی ئیسلامی و مزگەوتی هامبورگ بوو کە ئەمن لە هەموویاندا هەبووم...»
هەر لەو پێوەندییەدا دەتوانین ئیشارە بە ڕاپۆرتی دەزگای ئیتلاعاتی بریتانیا بکەین کە لە ڕێکەوتی ٨ - ١ - ١٩٩٢ بۆ کۆمیسیۆنی تایبەت بە تیرۆری میکۆنووس ناردوویەتی. لەو ڕاپۆرتەدا باس لە پێوەندیی کەسێک بە ناوی حەسەن عەلی شەحرور وکازم دارابی دەکا کە لە بەرپرسانی حیزبوڵڵایە لە بێرلین. هەروەها باس لە پێوەندیی شەحرور بە یوسف ئەمین دەکا و لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا

به تەئکیدەوە هاتوە کە بەپێی زانیاریی باوەڕپێکراو دارابی مەئمووری دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانه و ئەفسەر فەرماندەی ناوبراو له باڵوێزخانەی ئیران له بۆنه.

له ڕاپۆرتیکی ئیداری (٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٣به ژماره پۆستی٢٧٣٠) کە بۆ دوکتور کورت، دادئەستێنی گشتی له دیوانی بەرزی ئەڵمان نێردەراوه و له پەروندەی میکۆنووسدا سەبت بووه له چەندین جێگادا باس له کار و چالاکیی کازمی دارابی و ئەندامەتیی ناوبراو له سپای پاسداراندا دەکا: «... لانیکەم له کۆتاییەکانی دەیەی ٨٠دا کازم دارابی وەک مەئمووری سازمانی ئیتلاعاتی ئێران له وەزراتی ئیتلاعات وئەمنییەتی ئێران «واواک» دەستی بەکار کردوە... دارابی له تەنیشت چالاکییەکانی بۆ سازمانی ئیتلاعاتی ئێران له ڕێگای ئەندامەتی له ئەنجوومەنەکانی ئیسلامیی نیشتەجی له ئورووپا له بڕیارەکان و ڕێکخستنی یەکیەتییەکانی ئەنجوومەنی ئیسلامیی خوێندکاران له ئورووپا کە لایەنگری ڕیژیمن، دەستی باڵای هەیه...» یەکیەتیی ئەنجوومەنی خوێندکارانی ئیسلامی له ئورووپا بەکارهێنانی توندوتیژی له پێناو ئامانجی سیاسییدا قبوول کردوە. بۆ نموونه داکۆکی له فتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدی دەکا و له ڕابردوودا ئەندامانی ئەو یەکیەتییه له تێکهەڵچوونه جۆراوجۆرەکان لەگەڵ ئۆپۆزیسیوندا دەستیان هەبووه. دیارترین نموونه هێرش بۆ سەر خەوتنگەی خویندکاران له ئاوریلی ١٩٨٢ له ماینسه کە بوو بەهۆی برینداربوونی خوێندکارانی دژبەری کۆماری ئیسلامی و خەساری ماڵیی زۆر له خەوتنگەکه کەوت...»

ئەوانه و دەیان نموونەی دیکه وەک بەڵگەیەکی ڕوون هەن کە پێمان دەڵێن دارابی یەکێک له مۆره چالاکەکانی ئیتلاعات و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی بووه، چونکی کەسێک کە تەنیا لایەنگر بێ، کار وکردەوەکانی له ڕادەی لاینگریدا دەمێنێتەوە و ئەو کارانەی دارابی له ئاڵمان بۆ کۆماری ئیسلامی کردوونی له ڕادەی توانا و سەڵاحییەتی لایەنگرێکدا نییه؛ بەڵکوو ئەو کارانه له ڕادەی کەسێکی خاوەن سەڵاحییەت دایه کە له کاتی پێویستدا توانای بڕیاردانی هەبێ و یا دەستی بگاته ناوەندی قەرار.

(له ژمارەی ٧٥٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٩

--------------------------------------------------------

## "نقاشی قهوەخانه"، کاراکتێری دارابی و سەرسپاردنی بۆ کۆماری ئیسلامی

تێکهەڵچوونی دارایی و هاودەستەکانی لە کاتی بڵاو بوونەوەی هەواڵی مەرگی خومەینی یەکی دیکە لەو بابەتانەیە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیەن کە کازم دارابی یەکێک لە مۆرە دەمارگیرەکانی کۆماری ئیسلامی بووە. لە لاپەرەی ۹۹ ی کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا ئەو بۆ خۆی ئاوا باسی ئەم ڕووداوە دەکا: "لە ژوئەنی ۱۹۸۹دا ئەمن و خێزانم بە سەردان چووبووینە شاری ئۆلدنبۆرک کە هەواڵی کۆچی دوایی ئیمام هات... یەکەم شت کە بە مێشکم گەیشت ئەوە بوو ڕێورەسمێکی بەشکۆ لە دەرەوەی وڵات بۆ ڕێزگرتن لە ئیمام وەرێ بخەین. لەو فکرانەدا بووم کە لە بیرلینەوە زەنگیان لێدا کە بەپەلە بگەڕێوە سوپێرمارکێتەکەت ئاوری گرتوە. ئەو هەواڵە لە بەرامبەر هەواڵی کۆچی ئیمامدا هیچ بوو. من دەبوا بەدوای چارەسەری وەزعی ڕووخاوی دەروونی خۆمدا بم، نەک بەدوای کوژاندنەوەی ئاوری ماڵی سووتاوم... لە هامبوورگ بووم کە لە پڕدا دەنگی سیگنالی ماشێنان وەهلهەلەی شادی شەقامەکانی پڕ کرد. پرسیارم کرد ئەوە دەنگی چییە؟ یەکێک لە دۆستان گوتی ئەوە موناڤق و دژە شۆڕشن، بە بیستنی هەواڵی مەرگی ئیمام ڕژاونەتە سەر شەقام و شادی دەکەن. خوێنم وەکوڵ هات و هیچم بە چاوی خۆم نەدەدی. کاتێک وەخۆ هاتمەوە خۆم لە سەر میچی ماشێنی ئەو داڵاشانە دیتەوە و شوشە و دەرگا و پێشی ماشینەکانیانمان شکاند و چەند کەسێکمان لێ بریندار کردن..."

ئەوانەی باس کران هیچیان بوختان و هەڵبستراو نین. بەڵکوو لە زمانی خۆدی کازم دارابییەوە گوتراون. بە هەڵوێستەیەکی کورت لەسەر ئەو قسانەی دارابی بۆمان دەردەکەوی کە ناوبراو وەک کەسێکی بەرپرس و ئەرک لەسەرشان، لە کاتی مردنی خومەینیدا هەڵسوکەوتی کردوە و یەکەم کاردانەوەی بە هەوالی مەرگی خومەینی ئەوەیە کە پێویستە ڕێورەسمێکی بەشکۆ لە دەرەوەی وڵات ڕێک بخا کە ڕێکخستنی ڕێورەسمێکی لەو بابەتە لە وڵاتێکی وەک ئەڵمان بە کەسێکی لاینگری نیزام ناکرێ، بەڵکوو کەسێکی پێویستە کە خاوەن دەسەڵات ودەستڕۆیشتوو بێ. لەهەمان کاتدا کەسێک کە هەم ماڵ و هەم گیانی لە ڕێگای خومەینیدا دانابێ، زۆر سەیرە بڵێ ئەمن سەر بە هیچ سازمانێکی دەوڵەتی و حکوومەتی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا نیم و نەبووم، کەسێک شەو و ڕۆژ لەسەر یەک دابنێ بۆ سەرکەوتنی ئەو نیزامە و بە ڕۆژی ڕووناک و لە وڵاتی بیگانە و لە بەر چاوی خەلک و پۆلیس نەیارانی خۆی وەبەر دار و پلار بدا، تەنیا لە بەر ئەوە بە پێچەوانەی دارابی بە مردنی خومەینی تازیەبار نین، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە خۆی بەشێکە لەو نیزامە. لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین کەسێکی ئاوا هەر کاتێک هەلی بۆ هەڵکەوێ، چۆن هەوڵ نادا ڕێبەری گەورەترین حیزبی کوردی دژبەری کۆماری ئیسلامی لەسەر ڕێگای بەرژەوەندییەکانی ئەو نیزامە لابەرێ،کە بە کردەوە دوای ئەو هەموو سەرکوت و هێرشی نیزامییەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و حیزبی دیموکرات نەیتوانیوە ئەو حیزبە لە مەیدان وەدەربنێ و پێچەوانەی زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی حیزبی دیموکرات لاقی لە سەر ئەرزی خۆیەتی و بۆتە گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی لە کوردستان وئێران.

**سەفەری حەج**

وەک باس کرا دارابی زۆر هەوڵ دەدا خۆی بە کەسێکی سەربەخۆ بناسێنێ و بە دەیان جار لە کتێبی "نەقاشیی قاوەخانە"دا باس لەوە دەکا کە نە سەر بە وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بووە و نە سەر بە حیزبوللەی لوبنان، بەڵام هەر ئەو هەڵسوکەوتەی کە خۆی باسیان دەکا پێچەوانەی ئەو قسەیە دەسەلمێنن. یەکێک لەو نموونانە کە دەتوانێ ئەو قسەیەی دارابی بە تەواوی رەد بکاتەوە، سەفەری حەجی ناوبراوە لە لاپەرەی ٩٩ کتێبەکەدا ئاوا باسی دەکا:" ...ئێمە بە گوروتینێکی لەڕادەبەدەر هەموو ئایین و بۆنەکانی حەجمان بەجێ گەیاند... بەرەو مەدینە چووین. لەو سەفەرەدا دوربینیکی وێنەگرتنی بچووکم پێ بوو، وینەگرتن لە مەکە و مەزارگەی پیغەمبەر و شوێنە پیرۆزەکان و هیندێک جیگای هەژارنشین و پیسی شار قەدەغە بوو، بەڵام ئەمن توانیبووم لە هەموو ئەوانە وینە بگرم. دوربینەکەم لەژێر کراسەکەمدا شاردبۆوە و هەر کاتیک بە هەڵم زانیبا دوگمەی کراسەکەم دەکردەوە وبە دزیەوە وێنەی شوێنەکەم دەگرت... دیارە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە بۆ دەوڵەتی عەرەبستان خۆش نەبوو چونکە بە زیانی بوو... لە مەدینە دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی پەیامی رێبەری لەمەڕ بەرائت لە کافرەکان. هیندێک کتێبم پێ بوو بە زمانەکانی ئینگلیسی و عەرەبی لەبارەی چۆنیەتیی بەربەرەکانی لەگەڵ کافران، چەند دانەیەکم بڵاو کردەوە کە لەپڕ حەوت هەشت پۆلیس پەلاماریان دام و دەسبەسەر کرام...)

لێرەدا پرسیارە ئەوەیە، کەسێکی عادی و ئاسایی بچێتە سەردانی ماڵی خودا چ پێویستیی بەوە هەیە دوربین لەژێر کراسەکەیدا حەشار بدا و وێنەی ئەو شوێنانە بگرێ کە بە قانوونی ئەو وڵاتە وێنەگرتنیان قەدەغە کراوە، یا چ پێویست بەوە هەیە کەسێکی عادی کتێب و بەیاننامەی هەڵگری بیری کۆماری ئیسلامی لەنێو زیارەتکاراندا بڵاو بکاتەوە؟ لەو رەفتارانەدا بەو ئاکامە دەگەین کە دارابی نەک کەسێکی عادی نەبووە، بەڵکوو مەئمورێکی زیرەک و تەردەستی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران بووە و تەنانەت ژنهێنانەکەشی هەر بەو ئاراستەیەدا بووە و لە رێگای خێزانییەوە توانیویەتی پێوەندییەکی چڕوپڕ لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان دابمەزرێنی. چونکی لە نێوئاخنی کتێبەکەدا بۆ خوینەر دەردەکەوی کە تەنانەت ئەو کەسانەی پێش تێروری میکۆنووس لە دەوروبەری دارابی بوون، چ کاسب و غەیرە کاسب نیزیک بە تەواویان لوبنانی و سەر بە حیزبوڵڵا بوون.

## تیرۆری میکونوس لە ڕوانگەی دارابییەوە

نووسەری کتێبی نەقاشیی قاوەخانە لە زمانی دارابییەوە بە جۆرێکی زۆر زیرەکانە دێتە نێو باسی کارەساتی میکوونوس کە بتوانی خوێنەر بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی، بۆ ئەوە لە دواییدا بە خۆینەر بڵێ کە ئەو کارەساتە دڵتەزینە هێزەکانی دژەشۆرش لەگەڵ یەکتر کردوویانە بۆ ئەوەی هەم پاکانە حیسابیان لەگەڵ یەکتر کردبێ و هەم کۆماری ئیسلامیی پێ تاوانبار بکەن.

لە لاپەرەی ١١٠ی کتێبەکەدا بەو جۆرە باس لە بیستنی هەواڵی ڕووداوەکە دەکا: "ڕۆژی هەژدەی سێپتامبری ١٩٩٢ لە ماڵێ دانیشتبووم و لە ڕێگای ویدیۆ تێکستەوە هەواڵەکانم دەخوێندەوە. بیستم کە چوار کەس لە ڕێبەرانی کوردی ئێرانی شەوی پێشتر لە ڕێستوورانێک لە نێو شاری بێرلین لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا کوژراون و تیرۆریستەکان هەڵاتوون. جینایەتەکە گەورە و کوشتارێکی خوێناوی بوو. ئەمن بە ڕیستوورانتی میکۆنووسم نەدەزانی، بەڵام چونکە بابەتەکە پێوەندیی بە ئێرانییەکانەوە هەبوو، بە هەواڵەکە حەساس بووم.

لە ڕاگەیەنەکانی دیکەشدا وەدووی کەوتم. هەواڵەکە ڕاست بوو و زۆریش ناخۆش و جێگای نیگەرانی بوو. کارم بە بیر و ئەندیشە و ڕوانگەی سیاسیی ئەوانەوە نەبووە و نییە، بەڵام چونکە ئێرانی بوون زۆری پێ تێک چووم. لە ئەساسدا ئێرانی بوونیشیان زۆر گرینگ نەبوو، چونکی بیستنی کوشتاری کەسانی بێ دیفاع هەموو کەس نارەحەت دەکا. پەردەی یەکەم کە ڕاگەیەنەکان لە ڕووداوی میکۆنووس نیشانیان دا، زۆر لێڵ بوو. وێنەیەک بوو لە تاریکیدا، و دژە شۆرش توانی لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێ و وێنەی خۆی لە جێگای وێنەی ڕاستەقینە دابنێ... دەزگای پۆلیس و قەزایی ئاڵمان کە بە وردبینی و لێزانی ناوبانگیان هەیە، هیچ کات نەیانتوانی تابلۆی ساختەی میکۆنوس لە ئەسڵەکە لێک جیا بکەنەوە. هونەرمەندانی تابلۆی ساختە میکۆنووس کەسانێک نەبوون بێجگە لە ڕەوتی ئۆپۆزیسیونی تاراوگەنشین، کە ئامانجدار هاتنە نێو ڕووداوەکە..."

هەر ئەو چەند دێرە لە بیرەوەرییەکانی کازم دارابی دەتوانی کۆمەڵێک پرسیار دروست بکا و پرسیارەکان هەموویان بۆ هەڵویستە لەسەر کردن دەبن. دارابی ڕۆژی دوای تیرۆرەکە دەڵێ یەمن هەواڵەکەم لە ویدیۆتیکستەوە چاو پێ کەوت، ئەمە دەتوانی ڕاست بێ چونکە دوای تیرۆرەکە هەر کام لە تیمی تیرۆر بە لایەکدا ڕۆیشتوون وهیچ پێوەندێکیان پێکەوە نەماوە. ئەوەش بۆ ئەوە بووە کە هیچ ئاسارێک لە دوای خۆیان بەجێ نەهێلن. دەی باشە کازم دارابی چۆن لە چەندوچۆنیی تیرۆرەکە ئاگادار بوایە، بۆیە پێویست بوو ڕاگەیەنەکانی بەیانی بە وردی سەیر بکا و بزانێ ڕادەی سەرکەوتنی عەمەلیاتەکەیان چەندە بووە و لە هەمان کاتدا بزانی هەڵویستی پۆلیس و دەزگای قەزایی و بیروڕای گشتیی ئاڵمان چی دەبێ و چ لایەن و دەوڵەتێک تاوانبار دەکەن؟ هەروەها بزانی کەس لە تیرۆریستەکان گیراون یا نا، یا پۆلیس باس لە سەرەداوێک دەکا یا نا؟ ئەو پرسیارانە بۆیە دەتوانی لەپێوەندی لەگەڵ کازم دارابیدا ڕاست بێ چونکە پێشینە خۆی و دەوڵەتەکەی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە دژبەر و جیابیرانی خۆیان بە کردەوەی فیزیکی لەسەر ڕێگای خۆیان لابردوە. کازم دارابی لەو دەقەی سەرەوەدا دەڵێ ئەمن ڕیستورانەتی میکۆنووسم پێ نەدەزانی، لێرەدا ناوبراو دەیهەوێ وەک بەڵگەیەک بۆ قسەکانی دوایی کەلکی لی وەربگرێ و بۆ ئەوەیەتی کە بڵێ ئەمن ئاگام لەو تیرۆرە نەبووە. یا دەڵێ چونکە کوژراوەکان ئێرانی بوون بۆیان بەداخ بووم و هەر لەدوای ئەو ڕستەیەدا دەڵێ لە بنەڕەتدا ئێرانی بوونەکەشیان زۆر گرینگ نەبوو و بە کوژرانی خەڵکی بێدیفاع هەموو کەس نارەحەت دەبێ.

دارابی خۆی پێشتر بە حەماسەتەوە باسی کردوە کە چۆن دەستەی سەد کەسیی کۆ کردۆتەوە و چۆتە سەر شوێنی مانەوەی خویندکارانی ئێرانیی دژبەر و لێیانی داوە، تەنیا بەبیانووی ئەوەی ئەوان لە چەند هاوبیرێکی ئەویان داوە. سروشتییە کەسێک کە سۆز و عاتیفەی وای هەبێ کە بە کوژرانی خەڵکی بێدیفاع ناخی بهەژێ، لە حالەتی وادا بەپەلە بڕیار نادا بەڵکوو هەوڵ دەدا بە مەنتق و ئەقل کیشەکە چارەسەر بکا، نەک بە گۆپاڵ و لەشکرکیشی؛ بۆیە ڕوون و ئاشکرایە کە ڕاست ناکا و ئەوە تەنیا بۆ ئەوە دەڵێ کە لای خوێنەر خۆی بە ئینسانی بەڕەحم و بەزەیی نیشان بدا. یان ئەوەی دەیهەوێ هەر لە سەرەتاوە زەینی خوێنەر بۆ ئەوە ئامادە بکا کە کازم دارابی بێ تاوانە، بەڵام پۆلیس و دادگای ئاڵمان لەژێر کاریگەریی چالاکیی دژەشۆرش تاوانباریان کردوە بە کردەیەک کە نەیکردووە. هەر بەوەش وا دەردەکەوێ کە کازم دارابی زۆری ئاگا لە دەربڕینەکانی خۆی نەبێ کە ئاوا پۆلیس و دەزگای قەزایی ئالمان بە گێل و هیچ نەزان دادەنی کە دژەشۆرش توانیویەتی بەلاڕێیدا بەرێ، چونکە هەر کازم دارابی بۆخۆی لەو چەند دێرەی

سەرەوەدا دەڵێ پۆلیس و دەزگای قەزایی ئالمان بە وردبینی و لێزانی بەناوبانگن. ئەی ئەگەر وایە چۆن کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی دژە شۆڕشی تاراوگەنشین؟ تەنانەت ئەگەر ئەو قسەی دارابی لەبارەی پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان ڕاست بێ کە پۆلیس و دادگا کەوتبنە ژێر کاریگەریی ئۆپۆزیسیونی ڕێژیم، بەو پێناسەی خودی دارابیش کە پۆلیس و دەزگای قەزایی ئالمان وردبین و لێزانن، دەی بەو ئاکامە دەگەین کە بەڵگەکانی ئۆپۆزیسیون بەهێز بوون و توانیویانە پۆلیس و دەزگای قەزایی بە قەناعەت بگەیەنن.

خۆ ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بڕوانینە دوو لایەنی ئەو پەروەندەیە، لایەنێکیان بە قەولی کازمی دارابی دژە شۆڕشە و لایەنی دیکە کۆماری ئیسلامییە. کازم دارابی و نووسەری کتێبەکە دەبوا لە خۆیان پرسیبا کە چۆنە کۆماری ئیسلامی بەو هەمووە دامودەزگایە و تاقم و گرووپی جیاواز لە سەرانسەری دنیادا و بوونی ئیمکاناتێکی بەرفرەوان نەیتوانیوە ئەوەندە بەڵگە بدا بە دادگا و ئەو قەناعەتە لای دادوەران دروست بکا کە کۆماری ئیسلامی دەستی لەو تیرۆرەدا نەبووە و بە سەلماندنی بێتاوانیی کۆماری ئیسلامی، ڕەنگە بێتاوانیی کازم دارابیش سەلمێندرابا. بەڵام کۆماری ئیسلامی چونکە خۆی لە پشتی ئەم تیرۆرە بوو، نەیدەتوانی بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێ چ بگا بە بێتاوانیی کازم دارابی. لێرەدا دەتوانین بە کازم دارابی بڵێین کە لە ڕاستیدا دادگا کاری لە سەر تابلۆی ڕاستەقینەی ڕووداوەکە کرد و بە ئاکامیشی گەیاند.

(لە ژمارەی ٧٥٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٩

---------------------------------------------------------

**ناهاوسەنگیی قانوونی ئەساسیی ئێران لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ**

کۆماری ئیسلامی بە دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی دەسەڵاتی سیاسیی ئێرانی گرتە دەست و لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاویدا چل ساڵەی تەمەنی خۆی پڕ کرد. لەگەڵ ئەوەدا کە چل ساڵ بە سەر تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەو نیزامە نە لە بواری سیاسی، نە لە بواری ئابووری و نە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەیتوانیوە لە نێوخۆی وڵاتدا سەقامگیر ببێ. لەگەڵ ناسەقامگیریی نێوخۆیی، ئەو نیزامە هەتا ئێستاش نەیویستووە خۆی لەگەڵ یاسا و ڕێسای کۆمەڵگەی جیهانی ڕێک بخا و ئەو نەتوانین و نەویستنە چ لە بواری نێوخۆیی و چ لە بواری دەرەکییەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئایدۆلۆژیای ئەو نیزامە کە ڕاستەوخۆ لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا ڕەنگی داوەتەوە. هۆکاری بنەڕەتیش ئەوەیە کە لە سەردەمی ئێستادا پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان پتر لەسەر بنەمای سکۆلاریزم دادەڕێژرێن و بیچم دەگرن، بەڵام پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ئیسلامی ئەویش لە جوری بناژۆخوازی و توندئاژۆی و تەنانەت هێژمونیی ئایینزایی دارێژراوە و ئەوە بنەمای گرفتەکانی سیستمی کۆماری ئیسلامییە لەگەڵ جیهانی مودێرندا.

کاتێک ڕژێمی پاشایەتی ڕووخا، لە بواری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانەوە کۆمەڵێک کۆنڤانسیۆن و ڕێککەوتنی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤی بە ئیمزاکراوی لە دوای خۆی بەجێ هێشت. لەدوای هەر شۆرش و ئینقلابێک و ڕووخانی دەوڵەت و هاتنە سەر کاری دەسەڵاتی نوێ، بەپێی ئەسلی دەوامی دەوڵەتەکان و لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەوە دەوڵەتی تازە بە دەسەڵاتگەیشتوو هەڵگری کەسایەتیی قانوونیی دەوڵەتی پێشوویە. بەو مانایە ئەو کۆنڤانسیۆن و ڕێککەوتننامانەی لە لایەن دەوڵەتی پێشوو ئیمزا کراون، دەوڵەتی نوێ لە بەرامبەریاندا بەرپرسایەتیی نێودەوڵەتی هەیە. ئەو ئەسڵە سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیش لە جێی خۆی دایە و کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک دەسەڵاتی سیاسیی ئێران لە سەریەتی بەرپرسایەتیی ئەو پەیماننامە و ڕێکەوتننامە هەڵگرێ و پابەند بێت پێیان. ئەوەی گرینگ و جێی سەرنجە ئەمەیە کە ڕژێمی پاشایەتی کۆنڤانسیۆنە جیهانییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ بەتایبەتی مەنشووری نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ، جارنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پەیماننامەی مافە ئابووری_کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی بەبێ دانانی مەرج ئیمزا کردوە و خۆی پابەند کردوە بە جێبەجێ کردنیان. ئەو پابەندییەش بەرپرسایەتی دەخستە ئەستۆی ڕژێمی پێشووی ئێران کە قانوونەکانی نێوخۆی لەسەر بنەمای نێوەرۆکی ئەم کۆنڤانسیۆن و پەیماننامانە دابڕێژێ و ڕێکیان بخا و سەبارەت بە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران ڕاپۆرت بداتەوە بە کۆمیتەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ. بەڵام دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە هۆی ئەوە کە ئەو نیزامە تازەیە ڕوانگە و خوێندنەوەی جیاوازی هەبوو لە مافی مرۆڤ و نەزمی جیهانی کە لە دوای شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی بە پێکهاتنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڵاوبوونەوەی جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ لە پێوەندیی نێودەوڵەتیدا هاتبوو ئاراوە، هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو نیزامە نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ هاوسەنگ بکا. ڕوانگە جیاوازەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر پێناسەی مافی مرۆڤ تەواو پێچەوانەی پێوەرە جیهانییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤە. لە ئەسلی چواری قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا هاتوە کە هەموو قانوونەکانی بەرکار دەبێ هاوسەنگ و هاوتەریب بن لەگەڵ ڕێوشوێنی ئیسلامی و مەزهەبی ڕەسمی و

ئەسڵەکانی قانوونی بنەڕەتی. لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە مافی مرۆڤ دەبێ پاڵپشت بە بەڵگە و بایەخ و ئەندێشە ئیسلامییەکان پێناسە و خوێندنەوەی بۆ بکرێ، لە حاڵێکدا بنەماکانی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ لەسەر بنەمای سکۆلاریزم داڕێژراوە و ئەوە خۆی یەکێک لە خاڵە جێ ناکۆکییەکانی کۆماری ئیسلامی و پێوەر و پرەنسیپە جیهانییەکانە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ.

لە سەردەمی ئێستادا پرسی مافی مرۆڤ و پاراستنی ئەو مافە یەکێک لە پێوەرەکانی دادپەروەریی دەوڵەتەکانە. بە واتایەکی دیکە داننان بە مافی مرۆڤ و پاراستنی ئەو مافە لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانیی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری ئەرکی سەرەکیی دەوڵەتەکانە و ئەگەر هەر دەوڵەتێک بە پێچەوانەی ئەوە بجوڵێتەوە تاوانی دەرحەق بە خەڵکی ئەو وڵاتە کردوە. داننان بە مافی مرۆڤ وەک مافێکی سروشتی پێویستە لە قانوونی ئەساسی و عادیی وڵاتدا ڕەنگ بداتەوە و ڕێکاری پاراستنی ئەو مافە لە نێوەرۆکی قانوونەکاندا بەڕوونی دەستنیشان کرابێ. وە ئەگەر هەر سیستمێکی سیاسیی دەسەڵاتدار لە سەردەمی ئێستادا ڕێز بۆ مافی مرۆڤ دانەنێ، لە ڕاستیدا وەک پینەیەکی نارێک وایە بە بەژنی کۆمەڵگەی جیهانییەوە.

لە ڕیزبەندیی قانوونەکاندا هەر وڵاتێک کە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لقەکانی بێ و بەشدار بێ لە کۆنڤانسیۆن و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ لە پلەی یەکەمدا جێ دەگرێ و بەدوای ئەودا قانوونی ئەساسی وڵات و جا دوایە قانوونە عادییەکان دێن. بەو جۆرە دەبینین کە قانوونی ئەساسیی ئەو وڵات و دەوڵەتانە نابێ دژایەتیی هەبێ لەگەڵ نێوەرۆکی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و قانوونەکانی نێوخۆی وڵاتیش نابی دژایەتییان هەبێ لەگەڵ نێورۆکی قانوونی ئەساسی. کەچی دەبینین کۆماری ئیسلامی وەک نیزامێکی دەسەڵاتدار لە ئێران نەیتوانییوە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا خۆی لەگەڵ ئەو بنەمایە ڕێک بخا، هەر بۆیە بەدایمە چ لە نێوخۆی وڵات لە هەڵسوکەوت لەگەڵ گەلانی ئێران و چ لە پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا تووشی کێشەوگرفت و ناکۆکی بووە، چونکە ڕێوشوێنی نیزامی نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤ جیاوازی و پێکدژیی جەوهەرییان هەیە لەگەڵ قانوونە بەرکارەکانی ئێران.

لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ دابینکردن و بەڕێوەبردنی مافی مرۆڤ تەنیا و تەنیا پێویستە پشت بە بنەما و ئەحکامی ئیسلامیی سەرچاوەگرتوو لە مەزهەبی دوازدە ئیمامی ئەویش باوڕمەند بە ولایەتی ڕەهای ڕێبەر کە لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا بەروونی ڕەنگی داوەتەوە، ببەستری. لە ماوەی ئەو چل ساڵەش لە دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامیدا ئەم ڕێژیمە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیدا بە ئاشکرا دژایەتیی لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ کردوە و ئیستاش لەو دژایەتییە، ئەوان دەڵێن مافی مرۆڤ بەرهەمی ئەندیشەکانی ڕۆژئاوا و هەڵقولاو لە هەواوهەوەسی کەسانی هەڵگەڕاوە لە خوا و ئایینە ئاسمانیەکانە، هەر بۆیە ئەو نیزامە خۆی لە بەرامبەر کۆنڤانسیۆن و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان بە بەرپرسیار نەزانیوە. بۆ نموونە باڵوێزی پێشووی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان لە کومیتەی سێهەمی کۆڕی گشتیی ئەو ڕێکخراوەیەدا سەبارەت بەو بابەتە ئاوا دەدوێ: "ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان ناوەندێکی غیرە دینیی سێکۆلارە و جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤیش کەرەسەیەکی سێکۆلارە... تایبەتمەندیی کۆنڤانسیۆنەکانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان ئەوەیە کە تێگەیشتنی دروستیان لە دین نییە و بەو پێیە کۆمەڵگە سێکۆلارەکان مافی

ئەوەیان نییە باس لە کاروباری دینی بکەن..."نموونەیەکی دیکە هەر سەبارەت بەو بابەتە قسەکانی سەرۆکی هەیئەتی نوینەرایەتیی کۆماری ئیسلامی لە کونفرانسی مافی مرۆڤە کە ساڵی ١٩٩٣ لە ڤییەن بەرێوە چوو. ئەو دەڵێ: "ئێران ویستیاری باسێکی توندوتۆڵ و وردە لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ. چونکە گرفتی سەرەکیی ڕۆژئاواییەکان ئەمەیە کە تێگەیشتنی هەڵەیان لە مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ هەیە و هەر بەو هۆکارەیە کە ڕۆژئاواییەکان هەتا ئیستا نەیانتوانیوە ئۆلگوویەکی جێگای پەسندی کۆمەڵگەی جیهانی بخاتە ڕوو..."

ئەم دوو نموونەی سەرەوە ئاوێنەی باڵانوێنی ڕوخساری ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامین سەبارەت بە تێگەیشتن لە مافی مرۆڤ و پاراستنی ئەو مافانە. لەو هەڵومەرجەی ئیستاشدا کە کۆماری ئیسلامی لە سۆنگەی سیاسەت و خوێندنەوەکانی دیکەشی ئەم ڕۆژڕەشییەی تووشی خەڵکی وڵات کردوە، ئەگەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕزگاریی خۆشیان بێ لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانانەی بچنەوە سەر میزی دانوستان و جامە ژارێکی دیکە بخۆنەوە و لە هەوڵی ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوە بن، ئەسڵی ماجەرا هەر لە جێی خۆیەتی. چونکی هەمدیسان بێ ڕەچاوکردنی نێوەرۆکی جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و ڕەنگدانەوەی لە قانوونی ئەساسی و عادیی ئێراند ، کۆماری ئیسلامی هەم لە نێوخۆ و هەم لەگەڵ سازوکارەکانی دنیای دەرەوەدا کێشەکانی هەر لە جێی خۆیدا دەبێ و ناتوانی سەقامگیری سیاسیی بە خۆیەوە ببینێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٩

--------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## "نەقاشی قهوەخانە"، سەفەری هامبورگ و دڕدۆنگیی یۆسف ئەمین

کازم دارابی لەبارەی سەفەرەکەی بۆ هامبورگ دەڵێ: "چوار ڕۆژ پێش لە ڕووداوی تێرۆری میکۆنووس لە هامبورگ بووین و ڕۆژانە یا لە جەلەسەی یەکیەتیی ئەنجومەنی ئیسلامی بەشدار بووین یا سەردانی پێشانگای فەڕش و پیشەسازیمان دەکرد و شەوانە بۆ حەسانەوە دەچووینەوە بۆ ماڵی سەقەفی لە ئۆڵدنبۆرگ." ئەو لە درێژەدا دەڵێ: ڕۆژی ١٧ی سێپتامبر زێنەب کچە نقوستانەکەی ناحاوێتەوە و بە قسەی خۆی زۆر نائارامە، بۆیە لەگەڵ خێزانەکەی وا ساغ دەبنەوە بگەڕێنەوە بۆ بێرلین. لە بێرلین دوای ئەوە کچە نقوستانەکەی تەحویلی دایەنەکەی دەداتەوە و سەردانی شیرکەتەکەی دەکاتەوە و بەردەستەکەی دەنێرێتە بانک بۆ ئەوە پەنجا هەزار مارک لە حیسابی شیرکەت بە نەقدی وەرگرێ و بۆی بێنێتەوە و دوای تەحویل وەرگرتنی پووڵەکە هەر ئەو ڕۆژە بەخێرایی بەرەو هامبورگ دەگەڕێتەوە و لەوێشەوە خۆی دەگەیەنێتەوە شاری ئۆڵدنبۆرگ بۆ ماڵی ئاغای سەقەفی!

پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی "تێرۆر بەناوی خودا"دا لەو بارەوە دەنووسێ: "دارابی لە هەنگاوی دوایی لە مانگی ئووتدا موبایلێکی کڕی، ئەو کڕینە بۆ ڕاییکردنی کاری تیجاری نەبوو بەڵکوو بۆ ئەوە بوو دوای تێرۆرەکە بتوانێ بەبێ ئەوەی شنوود بکرێ لەگەڵ تیمی تێرۆر لە پێوەندیدا بێ. ئەو کارە زۆر پێویست بوو، چونکە دارابی بەرپرسی بەڕێوەبردنی تێرۆرەکە بوو و، دەبوایە بە وەزعی تیمەکە ڕاگەیشتبایە. بەڵام خۆی وا ساغ ببۆوە کە لە کاتی بەڕێوەچوونی تێرۆرەکە لەو شارە نەبێ و بەڵگەی بەدەستەوە بێ و بیسەلمێنێ کە لەو کاتەدا لە بێرلین نەبووە."

ئەگەر چاو لە هەڵسوکەوت و هاتوچۆی دارابی لەو سەفەرەدا بکەین دەبینین کە ناوبراو لە گێڕانەوەی سەفەرەکە و هۆکارەکانی ئەو سەفەرە جۆرێک تووشی ئاڵۆزی بووە و ئەمەش هێندێک گومان دەخاتە سەری، یەکەم ئەو سەفەرە چەند ڕۆژ پێش ڕوودانی تێرۆری میکۆنووس بووە ،بەڵام ڕاست لە ڕۆژی ١٧ی سێپتامبردا دارابی، نەحەوانەوەی کچەکەی دەکاتە بیانوویەک بۆ گەڕانەوە بۆ بێرلین کە زۆر پێدەچێ لەم سەردانەدا مەبەستی جێبەجێکردنی کارەکانی پێوەندیدار بە تێرۆرەکە بووبێ، بۆ نموونە وەرگرتنی پووڵ لە بانک کە لە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسدا دەردەکەوێ کە "یۆسف ئەمین" پووڵی بۆ دروستکردنی پاسپۆرتی ساختە و هەڵاتن لە ئاڵمان لە دارابی وەرگرتوە. دارابی ژن و منداڵەکەی لە هامبورگ بەجێ دەهێڵێ و دەگەڕێتەوە بۆ بێرلین لە حاڵێکدا هەر ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ هامبورگ و بە قسەی خۆی ڕۆژی ١٩ واتا دوو ڕۆژ دواتر دەگەڕێتەوە بێرلین و ئەو هەموو هاتوچۆیە دەکرێ تەنیا لەبەر ئەوە بووبێ لە کاتی بەڕێوەچوونی تێرۆرەکەدا بەڵگەی بەدەستەوە بێ کە بە ماڵ و منداڵەوە لە سەفەر بووە و هیچ ئاگای لەو ڕووداوە نییە. دەنا بۆچی ئەو مەودا دووروردرێژەی نێوان ئۆڵدنبۆرگ و هامبورگ کە ١٦٩ کیلۆمیترە و مەودای نێوانی هامبورگ و بێرلین ٢٨٨ کیلۆمیترە کە لەسەر یەک بە چوون و گەڕانەوە ٩١٤ کیلۆمیترە، بە ماشێن دەبڕێ؟! ئەویش لە کاتێکدا کە لە یەک ڕۆژدا ئەم هاتوچۆیە دەکا و لە ١٩ی مانگدا بە ژن و منداڵەوە دەگەڕێتەوە بۆ بێرلین.

ئەگەر بەڕاستی دارابی فارس گوتەنی: "ریگی بە کفش نداشت" بۆ هەر ڕۆژی ١٧ی سێپتامبر کە کچە نقوستانەکەی دەبردەوە بۆ بێرلین هەر ئەو ڕۆژە بە ماڵ و منداڵەوە نەدەگەڕانەوە، وەرگرتنی پووڵی نەقدی ئەویش بەو ڕادەیە بۆ کاری بازرگانی لە سیستمی بانکی ئورووپادا لانیکەم شتێکی باو نییە، لێرەشدا بەو ئاکامە دەگەین کە کازم دارابی هەموو ئەو کارانەی بەمەبەستی سڕینەوەی نیشانەکان کردوە.

ناوبراو لە درێژەی ئەو چیرۆکە خەیاڵییەدا دەڵێ: "ڕۆژەکانی ٢٤ و ٢٣ی مانگی سێپتامبر لە گەڵ دوو کەسی دیکە بە مەبەستی وەرگرتنی چەند داواکارییەکی شیرکەت دەچمەوە هامبورگ و چەند شوێنی دیکە لە باکوور و ڕۆژئاوای ئاڵمان. بۆ کارێکی بەپەلە هەر لەو سەفەرەدا ماشێنە بارییەکەم لە هامبورگ بەجی هێشت و ماشێنێکی (BMW)م بۆ چوار-پێنج سەعات بە کرێ گرت. ئەوەندە بەپەلە بووم کە بە خێراییەکی پتر لە ڕادەی دیاریکراو ماشێنم لێ دەخوڕی و تەنانەت چەند جار ڕێگام لێ ون بوو، بەم بۆنەیەشەوە کە گەیشتمەوە ماڵێ گەڵای جەریمەکەم بۆ هاتەوە." لێرەدا ڕوونی ناکاتەوە کە بۆچی ئەوەندە بەپەلە بووە و نیگەرانی چ شتێک بووە، هەر بۆیە ڕەنگە ئەو گومانەش دروست بکا کە بە ئەنقەست وای کردبێ و خۆی بە جەریمەبوون دابێ، بۆ ئەوەی دواتر شایەدێک بێ کە لەو کاتەدا لە فلان شوێنی ئاڵمان بووە. لە لاپەڕەی ١١٥ی کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا لە کۆتایی ئەو بابەتەدا دەنوسێ: " کارمان کە تەواو بوو گەڕاینەوە بۆ بێرلین، هەر ئەو کات بلیتی تەیارەم کڕی بە مەبەستی سەفەر بۆ تاران، سێ ڕۆژ دواتر واتە ٢٧ی سێپتامبر لە ڕێگای فڕۆکەخانەی هامبورگەوە گەڕامەوە بۆ ئێران."

هەر چەند دارابی بیانووی سەفەر بۆ ئێرانی بە قسەی خۆی بۆ ئەوە بوو کە بچێ لە نیزیکەوە ئەو کەلوپەلانەی کە شیرکەتی "ابریشم ساز" بۆی دابین کردوە لە بواری چەندی و چۆنییەوە هەڵسەنگێنێ، بەڵام ئەمە دوورە لە ڕاستی، چونکە هەر بە سەرنج بەو داستانەی کە خودی دارابی لە ماوەی ڕۆژەکانی ١٧ هەتا ٢٧ی سێپتامبر دەیگێڕێتەوە، بۆمان دەردەکەوێ ئەو کابرایە چەند شێواو و نیگەرانە و بەردەوام لە حاڵی سەفەردایە و نازانێ چۆن پاساو بۆ ئەو کارانەی بێنێتەوە، بۆ ئەوە لە دوارۆژدا بیسەلمێنێ کە ئەو ئاگای لە تێرۆری میکۆنووس نەبووە، بەڵام دەبینین لە دواییدا بەهۆی لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەردەکەوێ کە ناوبراو لە دوای تێرۆریش لە هەوڵی ئەوەدایە سەرەداوەکان لەسەر خۆی و کۆماری ئیسلامی بسڕێتەوە و هەر بەم هۆیەشەوە لە تەواوی ئەو کتێبەدا مەگەر لە زمانی تێرۆریستەکانی دیکە، دەنا دارابی باس لە بێتاوانیی ئەوان ناکا و هەوڵ دەدا وا نیشان بدا ئەوانی هەر نەناسیوە و یان ناسیاویی ئەوان لە چاکوچۆنییەک تێ نەپەڕیوە. دارابی باش دەزانێ کە "یۆسف ئەمین" دانی بە هەموو تاوانەکەدا ناوە و باسی هەموو وردەکارییەکانی کردوە.

### دڕدۆنگیی یۆسف ئەمین

ئەوەی لە نێوەرۆکی کتێبەکەدا لەمەڕ تێرۆری میکۆنووس دەردەکەوێ ئەوەیە کە دارابی و هاودەستانی هەر لە پێشدا ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بوون کە دەوڵەت و پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان گاڵتەی پێ ناکرێ و دەبێ وابکەن هەموو شتێک بەپێی بەرنامە بچێتە پێش، بەڵام لە یەکەم هەنگاودا یۆسف ئەمین دڕدۆنگ و دوودڵە کە کارێکی وا بکا؛ بەڵام تازە پێیان گوتوە و لە ترسی ئاشکرابوونی

گەلاڵەی تێرۆرەکە دەستی لێ هەڵناگرن و هەوڵ دەدەن بەتەواوی تێوەی گلێنن بۆ ئەوە لە ترسی خۆیشی بێ نەتوانی لە هیچ جێگایەک زار بکاتەوە. لە زمانی خودی یۆسف ئەمین کە لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا باسی ئەو مەسەلەیەی کردوە و، لە پەروەندەکەیدا سەبت بووە کە لە چەند جێگا باس لە چاودێریی قایمی ئەو گرووپە دەکا لەسەر خۆی کە نەکا رابکا. نووسەری کتێبی نەقاشیی قاوەخانە لە زمانی دارابییەوە لە لاپەڕەی ۲۱۳دا بەم جۆرە لە زمانی یۆسف ئەمین ئەو بابەتە دەگێڕێتەوە: "من لەو ماوەیەدا بە چەندین جار بە شەریفم گوت کە دەمهەوێ بگەڕێمەوە بۆ "راینە"، بەتایبەتی کە براکەم لە راینە تەسادوفی کردبوو و لە نەخۆشخانە کەوتبوو. ئەو کات بە تەلەفوون لەگەڵ براکەم قسەم کرد، لێی پرسیم ناگەڕییەوە. پێم گوت ناهێڵن، ئەوکاتەی کە لەگەڵ شەریف خانووەکەمان بەجێ دەهێشت، بۆم روون نەبوو ئەوان چ ئامانجێکیان هەیە، لەلایەن ئەوانەوە هەستم بە مەترسی دەکرد، یانی غیرەتم نەبوو رابکەم، دەترسام بەڵایەکەم بە سەربێنن. [...] شەریف بە منی گوت دەبێ لە پێشەوە بڕۆم، شەریف لە پشت سەرم بوو و لە دوای ئەویش عیماد. ئێمە بە ستوون دەڕۆیشتین، وام هەست دەکرد شەریف دەیهەویست پێشی هەڵاتنی من بگرێ.

هەر وەک گوترا رازی ئەو تێرۆرە لە راستیدا لە زمانی کەسێکەوە درکێندرا کە لە شارێکی دیکەوە بە نیازی کار پەیدا کردن بە دوای قسەی تێرۆریستەکان کەوتبوو و کاتێک پۆلیس دەستبەسەری دەکا هەر زوو راستییەکان ئاشکرا دەکا و لە تەواوی ئەو کتێبەدا کازمی دارابی بەدەر لە ئۆپۆزیسیون لە یۆسف ئەمین دڵەندە و ئەو بە خەتاباری سەرەکی دەزانێ.

پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی "تێرۆر بەناوی خودا"دا لەو بارەیەوە دەڵێ: "[...] تەنانەت ئەمین بە پێچەوانەی عەباس راپل بە هۆکاری بنەماڵەیی لە سەرەتادا نەیدەویست بەشداری لەو تێرۆرەدا بکا، بەڵام لە کۆتاییدا بەهۆی پاڵپشتیی سیاسی بڕیار دەدا کە هاوکاری بکا." هەر لەو کتێبەدا نووسەر لە جیگایەکی دیکەشدا باس لە ڕاڕایی ئەمین دەکا: "لە گەلاڵەی تێرۆرەکەدا شەریف بۆ تیمی تەقەکردن دووکەسی دیاری کرد بوو. یەکێکیان دەبوایە بە چەکی ڕەگبار و ئەوی دیکەشیان بە دەمانچە تەقە لە قوربانییەکان بکەن. دەمانچە بەدەستەکە دەبوایە فیشەکی کۆتایی لە قوربانییەکان بدا و، بۆ ئەو مەبەستە شەریف کە فەرماندەی تیمی تێرۆرەکەیە، یووسف ئەمین دەستنیشان دەکا و شەریف لەگەڵ ئەمین لەو بارەوە قسە دەکا؛ بەڵام ئەمین پێشنیارەکەی شەریف ڕەد دەکاتەوە و ئامادە نابێ دەمانچەکە وەربگرێ و فیشەکی کۆتایی لێ بدا. شەریف زۆر هەوڵ دەدا کە ئەمین رازی بکا بەڵام ناتوانێ و ئەمین سوور دەبێ لەسەر بڕیارەکەی خۆی. هەر بەم بۆنەوە ئەمین دەکەوێتە بەر لۆمە و گازندەی ڕاپل و پێی دەگوترێ ترسەنۆک و خوێڕی بەڵام بەو حاڵەش ئەمین لە گەڵ تیمەکەدا دەمێنێتەوە و لە کاتی بەڕێوەبردنی تێرۆرەکەدا نیگابانیی درگای دەرەوەی ڕێستوورانەکەی لە ئەستۆی.

لەسەر ئەو بابەتە رۆئیا حەکاکیان لە کتێبی "پیاوکوژانی کۆشکی فیروزە" لە لاپەڕەی ۱۵۸دا بەمجۆرە باس دەکا: "خۆبواردن لە پیاوکوشتن گران بۆ یۆسف تەواو بوو، تیمەکە چیدی متمانەیان بە یووسف نەبوو. ڕەفتاری بێتێبینی و سەربەخۆیانەی ناوبراو کە زیاتر ڕەفتارێکی بێزەرەر بوو، ئێستا لەلای ئەوان نیشانەی لاوازی بوو. ئەوان چاویان لە سەر هەڵنەدەگرت و لە رۆژەکانی پێش حەڤدەی سێپتامبردا ئیزنیان دا چەند دەقیقەیەک ئەوان بەتەنیا جێبهێڵێ و تەنیا تەلەفوون بۆ ماڵێ بکا. هاوسەرەکەی داوای لێ

کرد بچێتەوە ماڵێ، بەڵام ئەو گوتی: "ناتوانم ئیزنم نادەن." وەختێک بۆی دەرکەوت ئەوان بە جارێک دژی وی هەڵوێستیان گرتوە کە لە ئاخر نیوەڕۆدا، بە تاقی تەنیا لە ئاپارتمانەکەدا مابۆوە. کاتێک هەموو ئەندامانی تاقمەکە چوونە مەئموورییەت، ویستی خێرا بچێ تەلەفوون بۆ هاوسەرەکەی بکا، بەڵام دەرگا داخرابوو و، نەشیتوانی کلیلەکە بدۆزێتەوە."

هەرچەند ئەمین لە پرۆسەی دادگادا قسەکانی گۆڕی و هەوڵی دا وا بە دادگا بسەلمێنێ کە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا پێی وابووە ئەگەر دان بە تاوانەکەدا بنێ و باس لە هەندێک کەس بکا هەر زوو ئازادی دەکەن؛ بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە یۆسف ئەمین لەلایەن "حیزبوڵلای لوبنان"ەوە هەڕەشەی کوشتنی بنەماڵەکەی لێ کراوە و، لەژێر ئەو گوشارەدا هەوڵی دەدا کە قسەکانی پێشووی خۆی وەربگرێتەوە و بە جۆرێکی دیکە باسی تێرۆرەکەی دەکرد. بەڵام دادگا قەبووڵی نەکرد چونکە جێ پەنجەمۆری دەستی چەپی ئەمین لە سەر ئەو کیسە نایلۆنە کە لە نێو ماشێنی هەڵاتنی تێرۆریستەکان لەلایەن پۆلیسەوە، دەبیندرێتەوە بە دیار دەکەوێ. هەر ئەوە دەبێتە هۆکار بۆ دەستبەسەر کردنی لەلایەن پۆلیسەوە و ئەو بەڵگەیە شتێک نەبوو کە ئەمین بتوانێ حاشای لێ بکا و قسەکانی دوایی ئەو جێگای پەسەندی پۆلیسی لێکۆڵینەوەی جینایەت بێ. لەبارەی قسەگۆڕینی ئەمین، پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی "تێرۆر بەناوی خودا"دا دەنووسێ: "[...] دوای دەسپێکردنی دادگا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای دیکەوە دەستوەردان دەکەن. سەرەتا باسیان لەوە دەکرد کە تێرۆری میکۆنووس هیچ پێوەندییەکی بەوانەوە نییە و، پەروەندەی تێرۆرەکەیان بە پیلانی شەیتانی گەورە و بچووک دادەنا. لەگەڵ دەستپێکی دادگا، بنەماڵەی ئەمین بە بارمتە دەگیرێن، هەتا ناوبراو لە قسەکانی خۆی کە کۆماری ئیسلامی لە پشت ئەو تێرۆرە نیشان دەدا پاشگەز بێتەوە. دیارە ئەو بە بارمتە گرتنە و هەڕەشە لێکردنە بوون بە هۆکارێک کە هیندێک لە شاهیدەکان قسەکانی خۆیان وەرگرنەوە.

(لە ژمارەی ٧٥٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٩

-------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## گیرانی کازمی دارابی

"نقاشی قهوەخانە"

کازم دارابی لە لاپەڕەی ١٢٠ و ١٢١ و ١٢٢ی کتێبی نەقاشیی قاوەخانە ئاوا باس لە بەسەرهاتی گیرانی خۆی دەکا: "٨ ی ئۆکتۆبر لەگەڵ ماڵ و منداڵ لە جێگایەک دەگەڕاینەوە، لەسەر ڕێگا لەبەر دەرگای یەکێک لە دۆستان ماشێنەکەم ڕاگرت، دابەزیم، دیتم ماشێنێک بە مەودایەکی دوور لە ئێمە ڕایگرت، هەستم کرد کە بەدوامەوەیە [...] کاتێک وەڕێ کەوتم لە ئاوێنەی ماشێنەکەوە چاوم لێکرد لەگەڵ ڕۆیشتنی ئێمە ئەویش وەڕێ کەوت، وام لێک داوە کە ئەو بەدواکەوتنە پێوەندی بەو ڕووداوەوە هەیە کە لە بێرلین پێش هاتووە، بە هاوسەرەکەم گوت چاو لێ بکا بزانێ بەدوامانەوەن، بە ترسەوە پرسی بۆ؟ گوتم: پێموابێ بەدوای منەوە بن [...] چاوەڕوان بووم بێن، پێشتریش بەهۆی کارەکانم لەسەرم هەستیار ببوون [...] بەکورتی بە هاوسەرەکەم گوت: ڕەنگە بێن ماڵەکەمان بپشکنن، هەرچەند ئێمە کارێکمان نەکردوە، بەڵام مرۆڤ دەبێ وریا بێ. [...] چەند مەئموور لە دەوری ماڵەوە بوون، گوتیان ماڵەکە دەپشکنین، پرسیارم کرد لەبەرچی؟ گوتیان لەبەر ڕووداوی میکۆنووس، خۆم سەرسووڕماو نیشان دا [...]"

ئەو کاتەی پۆلیس دەستبەندی لە دەست دەکەن و لە ماڵێ دەیبەنە دەرێ، ڕوو لە هاوسەرەکەی دەکا و دەڵێ: "حاجی خانم؛ گیانی تۆ و منداڵەکان، گیانی تۆ، گیانی زێنەب، گەردنم ئازاد کە." لێرەدا بە تەواوی دیارە کە کازمی دارابی لە دوای ڕووداوەکە چاوەڕوانی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ پۆلیس بووە، لە دەقەکەی سەرێ دیارە هەستی دڵەڕاوکێی دوای تێرۆر باڵی بەسەر دارابیدا کێشاوە و، زۆر وریای دەوروبەری خۆیەتی و لە وەدواکەوتنەکەشدا بە هاوسەرەکەی دەڵێ دەبێ ئەوە پێوەندی بەو تێرۆرەوە هەبێ، لە کۆتاییدا دەڵێ ڕەنگە ماڵەکەمان بپشکنن.

ئەگەر چاو لە مێژووی تاوان و تاوانکاری بکەین، دەبینین مرۆڤی بێتاوان ترسی نییە لە لێکۆڵینەوەی دەزگای قەزایی. دارابی ئەگەر بێتاوان بوایە نەدەبوو ئاوا بشڵەژێ و دەیتوانی بزانێ بۆ بەدوایەوەن. بەڵام مرۆڤی تاوانبار ئەو ئازایەتییەی نییە و لە هەوڵی دەربازبووندایە هەتا بەرەوڕوو بوونەوە. لەو کاتەشدا کە مەئموورەکان دەڵێن ماڵەکە لەبەر ڕووداوی میکۆنووس دەپشکنین ناڵێ پێم سەیر بوو بەڵکوو دەڵێ وا خۆم نیشان دا کە پێم سەیرە. یا لەو کاتەدا کە پۆلیس قۆڵبەستی دەکا لە ماڵاوایی یەکجاریی کەسێک دەچێ کە خۆی دەزانی چی کردوە و حوکم و سزای چەندە دەبێ هەر بۆیە، هاوسەرەکەی بە گیانی خۆی و منداڵەکان سوێند دەدا کە گەردنی ئازاد بکا.

لەسەر حوکمی گرتنی دارابی لەلایەن پۆلیسی ئاڵمانەوە لە پەروەندەی حوکمی دادگای میکۆنووسدا ئاوا هاتووە: "[...] عەباس ڕاحیل



سەرچاوە Serchawe

لوبنـانی یەکێک لەو دوو کەسـەیە کە تەقەیـان کـردوە و لە ٤ی ئۆکتـۆبری ١٩٩٢دا شناسـایی و دەسبەسـەر کـراوە. پەنجەمـۆری دەسـتی ڕاستی لەسـەر دەمـانچەی لامە بەتەواوی دەرکەوتـوە. لەگەڵ نـاوبراودا یووسـف ئەمـین، دەسبەسـەر کراوێکـی دیکـەی لوبنـانییە کە لە لێکۆڵینەوەدا، لەلای دادوەر دانی بەوەدا ناوە کە لە کـاتی بەڕێـوەبردنی عەمەلیـاتەکەدا کێشک بـووە لەبەر درگـای ڕێستوورانەکە. بە دوای دانپێـدانانی ئەمـین و ناسـاندنی کـازم دارابـی بە سـەرۆکی تـاقمی تێـرۆر کە تێچـووی چـالاکییەکەی لەئەسـتۆ بـووە، ڕۆژی ٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ دەسبەسەر دەکرێ."

حوکمی دەسبەسـەر کردنـی دارابـی بەم شێوەیە: "نـاوبراو بە ئاگـاداربوونی لە گەڵاڵەی تـاوان، خـانووی خـۆی هەڵکەوتـوو لە شەقـامی دتمولدراشتراشە B64 ی بێـرلین لە ڕۆژی سێزدە و چـواردەی سێپتامبری ١٩٩٢ بەمەبەسـتی خـۆ ئامـادەکردن و پشـوودان لە ئیختیـاری کەسانێک داناوە کە لە بەڕێوەبردنی تـاوانەکەدا ڕاستەوخۆ بەشدار بوون کە هێندێکیان لە دەرەوەی وڵاتەوە هـاتبوون. تـاوانبـار ڕاحیل کە دارابی کلیلی مـاڵەکەی بەو دابـوو، تـاوانبـار ئەمین و تـاوانبـار فەرەج حەیـدەر لەو کەسـانە بـوون. لەو ڕوانگەوە تـاوانبـار دارابـی بەشێکی بەرچاو لە گەڵاڵەی گشتی بەڕێوەچوونی تـاوانەکەی لە ئەستۆ بووە."

لە تەواوی ماوەی دادڕەسیدا دارابی ڕەدی ناکاتەوە کە ئەو ماڵە هی ئەو نەبـووە، بەڵام هەوڵـی نیشـاندانی بێتـاوانی خـۆی بەم شێوە دەدا کە لە لاپەڕەی ١٢٤ی کتێبەکەدا هـاتووە: "[...] مـاڵ و ژیـانی من لە جێگـایەکی دیکەیە، لەگەڵ دایکـی منـداڵەکانم دەژیـم، ئەو مـاڵە هـی من نییە و هەرکەس وای گـوتـوە ڕاست نـاکـا، ئیجارەنـامەکەی بەنـاوی منەوەیە، بەڵام بـراکەم و چەنـد هـاوڕێیەکی لەوێ ژیـاون. [...] میکۆنووس هیچ پێوەندی بە منەوە نییە. من ئەو کـات هەر لێرە نەبـووم ١٨ی سێپتامبر ئەو هەواڵەم لە ویـدیۆ تێکسـت بینی، چ پێوەندییەکی بە منەوە هەیە چ کەسانێک لەو خانووە کەلکیان وەرگرتوە و لە ڕووداوی میکۆنووسدا بەشدار بوون، براکەم سێ مانگ لەمە پێش چۆتەوە بۆ ئێران، دوای ئەو دۆستەکانی لەو ماڵە کەلکیان وەرگرتوە. من تەنیا کرێکەیم وەرگرتوە [...]".

ئەگەر سەرنج بـدەینە بەرگرییەکەی دارابی لەمەڕ ئەو مـاڵەوە، زۆر بەڕوونی بۆمـان دەردەکەوێ کە ڕاست نـاکـا، یەکەم بۆخـۆی دەڵـێ ئیجارەنامەکەی بە ناوی منە و دووهەم دەڵێ من تەنیا کرێکەیم وەرگرتوە، هەموو کەسێک دەزانـێ بەکرێگرتن و بەکرێـدانی خـانوو لە هەموو دنیا یاسای تایبەت بەخۆی هەیە، خانوو بە هەموو کەسێک بە کرێ نـادرێ و ئەو کەسـەی بە کرێـی دەگـرێ، کۆمەڵێک ئەرکی یاسایی دەکەوێتە سەر شانی؛ لە پاراستنی خـانووەکەوە هەتـا ئەو کەلکەی لەو خـانووە وەردەگیـرێ نـابێ بە پێچەوانەی قـانوون و لە هێندێک وڵات پێچەوانەی عورف و ئـایین بـێ. ئەگەر بە قسـەی خـۆی لە جێگـایەکی دیکە دەژیـا و مـاوەی سێ مانگ بـووە کە بـراکەی چۆتەوە ئێران، بۆ هەوڵی نەداوە ئەو خانووە بداتەوە بە شیرکەتەکە و لە کۆڵ خـۆی بکـاتەوە؟! لەلای ئێمە دەکرێ وڵامەکەی تەنیـا ئەوە بێ کە ئەو خانووە بەمەبەستی ڕاپەڕانـدنی کاروبـاری پێوەندیـدار بە تێرۆرەوە ڕاگیـراوە. دارابـی دەڵـێ بەمن چـی چ کەسـانێک کەلکیان لەو خانووە وەرگرتوە. لە کاتێکدا نابێ وا بێ و ئەمە ئـاسایی نییە و خاوەنمـاڵ دەبـێ بزانـێ خـانوو بە کـێ بە کـرێ دەدا و ئەو کەس یا کەسانە بۆ چ مەبەستێک خانووەکە بەکار دێنن.

دارابی زۆر هەوڵ دەدا کە خۆی لەو کەسانە کە لە تێرۆرەکەدا دەستیان هەبووە نەناس بکا و بەردەوام دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە لە نیزیکەوە دۆستایەتیی لەگەڵ هیچ کامیان نەبووە و تەنانەت نایانناسێ. بەڵام هەر گێڕانەوەکانی خۆی لە کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا هەتا ڕادەیەکی بەرچاو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە نەک ناسیونی بەڵکوو هاوکاریشی لەگەڵ کردوون. لە لاپەڕەی ١٣٤ی کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا دەڵێ: “من بۆخۆم تاوانبار ڕاحیل لە نیزیکەوە ناناسم. بەڵام دەزانم لەگەڵ برایەکم بەناوی قاسم هەتا نیزیک بەهاری ساڵی ١٩٩٢ پێکەوە دەژیان و دوایی براکەم هاتەوە بۆ ئێران و ئەوەش هیچ پێوەندییەکی بە منەوە نییە. من تاوانبار ڕاحیل تەنیا لە ڕێگای هاتوچووی مزگەوتەوە دەناسم، بەڵام ئەو دۆستی من نەبووە و نییە.”

ئەگەر هەر تەنیا سەرنج بدەینە ئەوەندە قسەی دارابی کە لەسەر ڕاحیل دەڵێ دەزانین کە ڕاست ناکا، هەر بەقسەی دارابی ئەو کەسە ماوەیەک لەگەڵ براکەی ژیاوە، ئەم جۆرە پێکەوەژیانە ئەویش لەلایەن دوو کەسەوە کە هاوزمان و هاوکولتوور نین؛ دژوار دەنوێنێ. ئەم هاوپێوەندییە ناتوانێ تەنیا پێوەندییەکی کاری بێ و زیاتر نیشان دەدا کە بیروبۆچوون و شێوە ڕوانینی ئایینیی هاوشێوەیان پردی نیزیکبوونەوەیان بووە. سەرەڕای ئەوەش چۆن دەکرێ کەسێک کە لەگەڵ براکەی ژیابێ و تەنانەت ماڵەکەش بەناوی دارابییەوە بێ و نەشزانێ کێیە لەگەڵ براکەی و لە خانووەکەی ئەودا دەژی!!! بێجگە لەوانە لە وڵاتێکی ڕۆژاواییدا برایەکی موسوڵمان کە هاتوچۆی مزگەوت دەکا ناتوانێ پاش ماوەیەک نەناسیاو بمێنێتەوە.

بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە کە دارابی لە چوارچێوەی ئەو ئیدۆلۆژییەدا کاری بۆ کۆماری ئیسلامی کردوە خۆی لە لاپەڕەی ١٣٧ی کتێبەکەیدا دەڵێ: “هەر وەکی پێشتر باسم کردوە ئەندامی چالاکیی یەکیەتیی ئەنجومەنی ئیسلامیی خوێندکاران بووم و ئەوە شتێکی شاراوە نەبووە، یەکیەتییەکە تەشکیلاتێک بوو کە پۆلیس چاودێری کار و کردەوەکانی دەکرد. لەو بەڵگەیەدا یەکەم دەڵێن من ئەندامی ئەو یەکیەتییەم و لە دواییدا دەنووسن کە ئەو یەکیەتییە شوێنی کۆبوونەوەی ئێرانییەکانی لایەنگری ڕێژیمی ئێران لە ئورووپایە. ئەو یەکیەتییە لە ڕوانگەی ئیدۆلۆژیکەوە پاراستنی ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامییە [...]” لە وڵامی ئەوەدا دارابی دەڵێ: “بەڵێ! من تێناگەم ئیشکالی ئەوە لە کوێدایە کە کۆمەڵێک خوێندکاری نیشتمانپەروەر، پشتیوانی لە وڵات و دەوڵەت و ئینقلابی خۆیان بکەن؟ چۆنە ئەو هەموو گرووپ و ڕێکخراوی جۆراوجۆر لە ئورووپا بەتایبەتی لە ئاڵمان بەدژی ئێران چالاکییان هەیە عەیب و ئیرادیان نییە؟ بەڵام چەند خوێندکار لە دەوری یەکتر کۆبوونەتەوە و پشتیوانی لە ئامانجەکانی ئینقلاب و نیزام دەکەن لێیان بۆتە شتێکی سەیر.”

لە وڵامی دارابی پێویستە بگوتری جیاوازیی گرووپەکەی دارابی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوانەی دارابی بە دژەشۆڕشیان دەزانێ قەت بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆیان تێرۆری نەیارەکانیان نەکردۆتە ئامانج. ئەوان لە کەشوهەوای ئازادی وڵاتانی ئورووپایی هەوڵیان نەداوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان لە توندوتیژی بەرامبەر بە نەیارەکانی خۆیان کەلک وەربگرن و لەو ڕێگایەوە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵات بە دەستەوە بگرن، بەڵام دارابی دەبێ ئەوەندە بزانێ ئەو نیزامە و دەوڵەت و ئینقلابەی ئەو پشتیوانی لێ دەکا لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنییەوە تێرۆر و لەنێو بردنی جیابیرانی خۆی و تێرۆر و

پەروەردەکردنی تیرۆریزم وەک ستراتیژیی پاراستنی دەسەڵاتداری چاوی لێ کراوە. هەربۆیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ستراتیژییە گوێی بە یاسا و ڕێساکانی نێودەوڵەتیش نەداوە و ماشێنی تیرۆرەکەی هەموو سنوورە نێودەوڵەتییەکانی بەزاندووە؛ هەربۆیە پۆلیس و دەزگای ئەمنیی هەر وڵاتێک بە چاوی ئەمنیەتییەوە دەڕواننە هەر جۆرە کۆبوونەوە و لێکئاڵانی لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی.

(لە ژمارەی ٧٥٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## سەربەخۆیی دادگای مێکونووس و میدیای کۆماری ئیسلامی

دارابی لەو کتێبەدا هەر وەکی پێشتر باسمان کرد زۆر باس لەوە دەکا کە دادگا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و پێی وایە دادگا سەربەخۆیی خۆی نەپاراستوە بەڵکوو هەموو هەوڵی دادگا ئەوە بووە کە دارابی مەحکووم بکرێ و لە ڕێگای دارابییەوە کۆماری ئیسلامی تاوانبار بکرێ. لە لاپەرە١٤٠ی کتێبی "نەقاشیی قاوەخانە"دا بۆ دیفاع لە خۆی دەڵێ: (... لە ئێران و جیهاندا بە میلیۆن ئێرانی وەزارەتی و ئیتلاعاتین! تەواوی بەڵگە و ئەدلەکانی دەزگای ئیتلاعاتی و قەزایی ئاڵمان لەژێر کاریگەریی پروپاگەندەی تاقم و گرووپی دژبەری کۆماری ئیسلامیدا بوو...). لە لاپەرەی ١٦٠دا هەر لەسەر ئەو بابەتە دەدوێ و دەڵێ: (... بۆ کەسانێک کە ڕقیان لە کۆماری ئیسلامی بوو چ شتێک لەوە باشتر کە یەکێک لە لایرنگران و هەودارانی ئینقلاب و ئەویندارانی ئیمام کەوتۆتە بەر تیغی جەفا و، ئێستا بۆ پاکانە حیساب دەبی ئەو هەڵە بقۆزنەوە. هۆکاری سەرەکیی دوژمنایەتیی ئەو گرووپانە لەگەڵ من، وەفاداری بە ئێران بوو...). ئەو لە درێژەدا و لە لاپەرەی ١٦٢دا دەڵێ: (...ئۆپۆزیسیون لەیەکەم ڕۆژی دوای ڕوداوی میکۆنووس ماشێنی خرابکاری خۆی وەگەڕ خستبووە و خۆپێشاندان وگردبوونەوەی جۆراوجۆریان بەرێوەدەبرد بۆ ئەوەی کاریگەرییان هەبێ لەسەر ڕەوتی دادگا...). لە لاپەرەی ١٦٣دا دارابی ئیشارە بەوە دەکاتەوە کە حوکمی دادگا لەژێر هەژموونیی دژبەرانی کۆماری ئیسلامیدا دراوە و دەڵێ: (... دیتمان لە کۆتاییدا ئەوان سەرکەوتن و بە هات و هاوار و جەوسازی توانییان کاریگەرییان هەبێ لەسەر ڕەوتی دادگا و پێی ئێرانیش بکێشنە دادگا...)

ئەو چەند نموونەی سەرەوە لە قسەکانی دارابی لەبارەی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی دەکرێ ئەم خوێندنەوەیەی بۆ بکرێ کە دارابی خۆیشی دەزانێ کاریگەریی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی ئێران بە ڕادەی زانیارییەکانی دەزگای ئەمنی و لێکۆڵینەوە و پۆلیسی ئالمان و وڵاتانی ڕۆژئاوایی کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی دادگا نەبووە. دووهەم، دارابی بۆیە وا بە کارەکانی ئۆپۆزیسیون تووڕەیە چونکە پێی وابوو پێگەی کۆماری ئیسلامی ئەوندە بەهێزە کە ئەو تیرۆرەش بە چارەنووسی تیرۆرەکانی دیکە کە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر خاکی ئورووپا ئەنجامیان داوە، دەچێ. بەڵام دەبینێ لە لێکدانەوەکەیدا بە هەڵە چووە، چونکە پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان هەم خێرا وەخۆ کەوتن و هەم هەتا ڕادەیەکی زۆر کە لە مێژووی لانیکەم ئەو سەدەیەدا نموونەی نەبووە، سەربەخۆیی خۆیان پاراست و نەچوونە ژێر کاریگەریی ساتوسەودای سیاسی و ئابووریی دەوڵەتی ئاڵمان و ئێران. سێهەم دارابی بە کردەوە لە ڕەوتی کاری دادگا و لە زینداندا هەستی پێ کردبوو کە کۆماری ئیسلامی نەک بۆ دارابی و بۆ باقی تیرۆریستەکانیش هیچی پێ ناکرێ، تەنانەت زیاتر لە هەوڵی ئەوەدایە لە هیچ کوێ ناوێک لە کۆماری ئیسلامی نەبردرێ. چوارەم، بۆ مەگەر دیفاع و بەرگری لە خۆکردن هەر بۆ دارابی و هاوبیرەکانی دروست و قانوونییە؟ بۆچی بۆ ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی و بنەماڵەی قوربانییەکان لەجێی خۆیدا نییە کە دژ بەو هەموو کردەوە ناجوامێرانە و دژە مرۆیانەی ڕێژیم دەرحەق بەوان کردوویانە ناڕزایەتی دەرنەبڕن و داوای مافی خۆیان نەکەن؟ لێرەدا چەندین پرسیارێک ڕوو بە دارابی دروست دەبن، چۆنە وەک بۆ خۆی دەڵێ لە

ئێران و جیهاندا بە میلیون کەس وەزارەتی و سەر بە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامین، ئی چۆنە لە نیوان ئەو میلیۆنانەدا قورعە بە ناوی دارابی دەرچووه؟ دارابی مەگەر جیا لە تیرۆریستێک کێ بووه هەتا ئوپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی دوژمنایەتیی بکەن و لەو هەلە کەلک وەربگرن و پاکانە حیسابی لەگەڵدا بکەن؟ لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا پێگەی دارابی و کەسانی وەک ئەو لە کوێ جێ دەگرێ کە دەستبەسەرکردنی ناوبراو ببێتە هۆی لاوازیی کۆماری ئیسلامی؟ خۆ کەسانی وەک دارابی کە لاینگری قورس و قایمی کۆماری ئیسلامین لە وڵاتی ئاڵمان زۆر بوون، بۆ ڕاست پۆلیسی ئاڵمان بەگژ ئەودا هات و سەروسۆراغی کەسانی دیکەی نەگرت؟ وەڵامەکە بۆ هەموو ئەوپرسیارانە یەک وەڵامە و ڕوونە. چونکە هەموو بەڵگەکان دەیانگوت دارابی لە پشت هەموو ئامادەکارییەکی تیرۆری میکوونوسدا بووه. خاڵێکی جێگای سەرنج کە پێویستە لێرەدا ئیشارەی پێ بکری ئەوەیە کە گەلالەی تیرۆرەکە وا داڕێژرابوو کە هەموو ئەوانەی لە تیرۆرەکە بەشدار دەبن خەڵکی ئێران نەبن، یا ئەگەر خەڵکی ئێرانن نیشتەجێی وڵاتانی ئورووپایی بن، بۆ ئەوە هەر لە ئیحتمالێکدا ئەگەر پۆلیسی ئالمان بەدوای سەرداوێکەوە بوو، پێ ئێران گیر نەبێ. هەر بۆیە چەند ڕۆژ پێش لە کرداره تیرۆریستییەکەی ڕیستورانتی میکۆنووس هەر وەک پێشتر باسمان کرد دارابی حەجمینی نییە و بەدایمە لەنێوان شاری هامبوورگ و بێرلین لە هاتوچۆدایە و دەیەوێ ئەم شوێنەونکەیە بیانوویەک بێ بۆوەی بڵێ ڕۆژی تیرۆرەکەدا هەر لە بێرلین نەبووه.

### کازمی دارابی و دەزگای ڕاگەیاندنی ئێران

کازم دارابی ڕەخنەی توند لە ڕۆژنامەکان و دەزگای ڕاگەیاندنی ئێران هەیە و پێی وایە لە ڕووداوی تیرۆری میکوونوسدا غافلگیر بووبن و هەواڵەکانیان زۆر کرچوکاڵ بووه. ئەو دەڵێ ئەگەر ئاڵمانێک لە تاران دەستبەسەر کرابا دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکانی ئاڵمان دنیایان لە سەرسەری خۆیان دادەنا، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕۆژنامەکانی ئێران زیاتر سەیرکەری ڕووداوەکان بوون. ئەو لە لاپەڕەی ١٦٤ کتێبەکەدا دەڵێ ئەگەر لە ئێران کەسێکی ئاڵمانی بە تاوانی کردەوەیەکی وەک قاچاغ، یا دزی گیرابا، بە خاترجەمی میدیاکانی ئاڵمان کۆڵیان نەدەدا و هەموو ڕۆژێ شتیان لەسەر دەبوو و خۆپیشاندان و نارەزایەتییان وەرێ دەخست و فشاریان دێنا بۆ دەوڵەت و دەزگای قەزایی وڵاتەکەیان کە پێوشوێنی ئەم کەیسە کەون؛ بەڵام لە ئێران ڕۆژنامەکان سەیرکەری ڕووداوەکە و گیرانی من بوون و بە بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی کورت و ناڕوون قەناعەتیان دەکرد..."

وەک گوترا کازم دارابی گلەیی و ڕەخنەی تەواوی لە میدیای ئێران هەیە لە شێوەی خۆ بە خاوەننەکردنی بابەتەکە، بەتایبەتی کە ناوبراو هاووڵاتی ئێرانییە و چاوەڕوانیی ئەوەی بووه کە ڕۆژنامەکان و دەزگای ڕاگەیاندن وایان سەرنج دابا بە بابەتەکە کە توانیبایان بیروڕای گشتی ئێران بجووڵێنن و ئەوانیش کاریگەریان هەبێ لە سەر دەزگای حاکمەی وڵات بۆ ئەوەی لە بەرابەر دەوڵەت و دەزگای قەزایی ئاڵمان هەڵوێستی توند بگرن.

دارابی لەوەدا حەق بە خۆی دەدا ڕەخنەی لە ڕۆژنامەکانی ئێران هەبێ چونکە لە بەرامبەر کارێکدا کە ناوبراو بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی کردوویەتی، دیفاع کردن لە نابراو و ورووژاندنی بیروڕای گشتی بە مافی خۆی دەزانێ. بەڵام دارابی لە شتێکدا یا خۆی گێل دەکا یا لێی نازانی، ئەویش ئەوەیە کە وێکچواندنی ڕۆژنامەکانی ئاڵمان لەگەڵ ڕۆژنامەکانی ئێران کارێکی

هەڵەیە، چونکە سیستمی ئاڵمان ئەزموونی زیاتر لە چەند سەت ساڵ دیموکراسیی هەیە و ئەگەر لە قۆناغێک لە مێژوودا بە هۆکارێک ڕەوتی دیموکراسی لەم وڵاتە بە لاڕێشدا چووبێ، هەر زوو خەڵکی ئاڵمان هەوڵیان داوە بیخەنەوە سەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی. هەر بۆیە دەزگای ڕاگەیاندن بە گشتی وەک یەکێک لە ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی وڵات کار دەکا و هەر کاتێک بیهەوێ توانیویەتی بیروڕای گشتی وڵات بە قازانجی بەرژەوەندیی وڵات و خەڵک بوروژێنێ. بەڵام لە ئێران بە تایبەت لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵاتدارانی نیزام هەموو هەوڵیان ئەوە بووە کە ڕاگەیاندن و هەموو میدیاکان تەنیا لە خزمەت بەرژەوەندیەکانی ئەواندا بن و بەتەواوی خراونەتە ژێر کونترۆڵ و چاوەدیریی دەزگاکانی پاراستنی نیزام. دارابی ئەگەر ئەوکاتیش بە هۆی غروری گەنجیەتی هەستی بەو ڕاستییە نەکردوە ئێستا کە لە ئێران دەژی و تەمەنێکی تێپەڕاندوە و ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێرانی لە نزیکەوە هەست پێ کردوە، دەبێ ئەوە بزانی کە بیروڕای گشتیی ئێران لەگەڵ ڕێکاری تیرۆر و پەروەردەکردنی تیرۆریزم نین ونەبوون، هەر بۆیە ئەوکاتیش کە تەنانەت فەزای سیاسیی نێوخۆی ئێران وەک ئێستاش نەبوو؛ دەسەڵاتدارانی تاران ترسیان هەبوو بە ئاشکرا ڕابگەیەنن کە کەسێکی ئێرانی لەگەڵ چەند کەسی لوبنانی بەهۆی تیرۆری سێ لە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کەسێکی دیکەی دۆستی کوردان کە دژبەری ڕێژیم بوون، لە لایەن پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمانەوە گیراون و خەریکە دەستی دەوڵەتیش ڕوو دەبێ لە دەست تێداهەبوونی لەو تیرۆرەدا. دارابی دەبێ ئەو ڕاستییە بزانی لە ئاڵمان لەسەر دەستی خەڵک حکومەت پێک دێ و حکومەت و دەزگای بەڕێوەبەری وڵات لە بەرامبەر بیروڕای گشتی و بەرژەوەندیی خەڵکدا بەرپرسیارە و هیچ دەسەڵاتێک ناتوانی خۆی لە دەنگی خەڵک بێ نیاز ببینێ، بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەوی حیسابی بۆ نەکرێ دەنگی خەڵکە، چونکە کەسێک لە سەرەوەی هەموو قانوونەکانە کە خۆی بە نوینەری ئیمامی زەمان و لە ڕێگای ئەویشەوە بە نوێنەری خوا دەزانی لە سەر زەوی. ئەوە معادلەیەکی ڕوونە و خەڵک لەو هاوکێشەیەدا جێگای نییە، بۆیە بیروڕاشیان ناتوانی کاریگەریی هەبێ لەسەر بڕیار و قانوونەکانی نیزام.

هەر لەم بارەوە پەرویز دەستمالچی لە کتێبی "تیرۆر بە ناوی خودا"دا دەنوسێ: "... دەسەڵاتدارانی تاران بە پشتبەستن بە تەجروبەی خۆیان، دوای تیرۆری بێرلین سەرەتا بە خوینساردی و خۆشلوێ نەکردن بێدەنگییان هەڵبژارد. هەواڵی تیرۆری بێرلین بە چەشنێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامیدا بڵاو بۆوە کە گۆیا وەک هەموو جارێ گرووپە نەیارەکان لەگەڵ یەکتر پاکانە حیسابیان کردوە، یا دەستی ڕێکخراوەکانی سیخوڕی ڕۆژئاواییی تێدایە کە دەیانەوێ ڕوخساری کۆماری ئیسلامی لەبەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانی دزیو بکەن."

دوای گیرانی دارابی و ئاشکرابوونی ناوبراو وەک ئەندامی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، یەکەم نیشانەکانی دەست تێداهەبوونی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری بێرلین بۆ پۆلیس و دەزگای لێکۆڵینەوەی قەزایی ئاڵمان دەرکەوت. هەر بۆیە لەیەکەم دژکردەوەدا کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند هەر جۆرە دەست تێدابوونی دەزگاکانی پێوەندیدار بە کۆماری ئیسلامی لەو تیرۆرە ڕەت دەکرێتەوە و ئەوە تەنیا پڕوپاگەندەی گرووپ و دەستەکانی سەر بە زانیونیزم و ئیمپریالیزمە بۆ بەدناوکردنی نیزامی کۆماری ئیسلامی.

بەڵگەنامەی نهێنیی ژمارە ٨١١٥٥ کە لە گۆڤاری "فۆکوس"دا چاپ و بڵاو بۆوە، باس لەوە دەکا کە "بەپێی ڕاپۆرتێکی نهێنی دەسەڵاتدارانی ئێران دەستیان هەیە لە تیرۆری میکوونوسدا".

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە باڵوێزخانەی ئێران لە ئاڵمان سکاڵای لەسەر گۆڤاری فوکوس لە دادگا تۆمار کرد و بە بیانووی ئەوەی گوایە ئەم ڕۆژنامەیە بوختانی بە ئێران کردوە و دەمگۆی و درۆی بڵاو کردۆتەوە، داوی سێ سەت هەزار مارکی قەرەبوو کرد. لە دادگا پاریزەرەکانی گۆڤاری فوکوس بە خستنەڕووی کۆپی ئەسل لە بەڵگەنامە نهێنییەکە قسەکانی خۆیان سەلماند و باڵوێزخانەی ئێران سکالاکەی دۆڕاند و ئەوەش بوو بە بەڵگەیەکی گرینگ بۆ سەلماندنی ئەوە کە ئێران بڕیاردەری ئەسلیی تیرۆری میکوونوس بووە و لە دادگای میکوونوس وەک یەکێک لە بەڵگەکان دادگا پشتی پێ بەستووە.

(لە ژمارەی ٧٥٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## «نقاشی قهوەخانە» کۆماری ئیسلامی و دادگای میکۆنووس

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە دەیهەویست پێش بە وەگەڕکەوتنی دادگای مێکونووس بگرێ، یان لانیکەم لە ئەگەری بەڕێوەچوونەکەشیدا ناوێک لە کۆماری ئیسلامی نەبردرێ. دارابی لە لاپەڕەی ٣٠١دا دەڵێ: «دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ و بیستنی شایەدیی شایەدەکان هیچ نەمابۆوە بۆ هەڵوێستە لەسەر کردن، هەر بۆیە دادگا بڕیاری کۆتایی هێنان بە کارەکانی دا و، ماوەی یەک حەوتوو مۆڵەت بە دادئەستێن درا بۆ ئەوەی ئیقامەی دەعوا پێشکەش بکاتەوە. من زۆر بەوە خۆشحاڵ بووم کە لەو وەزعە ناڕوونە ڕزگارم دەبێ، بەڵام لە حەوتووی داهاتوودا بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی من، لاپەڕە هەڵگەڕاوە و لە کاتی دەست پێکردنی دادگادا سەرۆکی دادگا، نامەی ئیشمیت باوێر، وەزیری ڕاوێژکاری «هلموت کهل صدر اعظم آلمان»ی هێنا و نێوەرۆکی نامەکە خوێندراوە کە باسی لەوە دەکرد؛ باڵوێزی ئێران لە ئاڵمان ئاغای مووسەویان ڕایگەیاندوە دوو شایەدی ئێرانی بە ناوەکانی «ابراهیم نورآرا» و «بهرام برنجیان» ئامادەن بچنە باڵوێزخانەی ئاڵمان لە تاران شەهادەت بدەن. بە بیستنی ئەو هەواڵە بەتەواوی سەرم سووڕ ما، وا تێک چووبووم هەر سەیر. هەتا سەعاتێک لەمەوبەر خۆم لە یەک هەنگاویی دەرچوون لە جەهەنەمی دادگا دەدی ئێستا بۆ جارێکی دیکە تووڕ هەڵدرامەوە بۆ بنەبانی جەهەنەم. وای خوایە ئەمە ئیتر چ بەڵایەکە.»

لەم بەشەدا کە باس کرا، دوو نیگەرانی دەردەکەوێ. یەکەمیان نیگەرانیی دارابییە، ترسی دارابی لە درێژبوونەوەی ماوەی دادگاکە نەبوو بەڵکوو ترسی ئەوەی ڕێنیشتبوو کە شایەدیی ئەو دوو کەسە لەبەر ئەوەی کە ناویشیان لە خانووەکەی دارابیدا هاتبوو بتوانێ کاریگەر بێ لەسەر بڕیاری دادگا. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی ڕێگری لە چوونەوەی ئەم دوو کەسە بۆ ئاڵمان کرد، چونکوو ئەگەری ئەوە هەبوو لە شایەدەوە ببنە تاوانبار. بەڵام لە قسەکانی دارابی و یووسف ئەمین دیار بوو ئەو دوو کەسە ئاگایان لە تێرۆرەکە بووبێ. تەنانەت کاتێک مەسەلەی شایەدیی ئەو دوو کەسە لە دادگادا باس دەکرێ، دادئەستێن پێی وایە ئەوە چیرۆکێکی دەستکردە و لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە هەڵبەستراوە و، هیچ یارمەتییەک بە ڕاستیی ڕووداوەکە ناکا. سەرەڕای ئەوەش لەسەر ئەو بڕوایە بوو شایەدییەکەیان بە ڕادەیەک ئاڵۆزە کە پێویستە لێرە بن و، داوەری لێکۆڵینەوە بتوانێ لەسەر درۆ و ڕاستیی قسەکانیان بڕیار بدا. دووەم ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی هەموو حەولی ئەوە بوو ناوی وەک لایەنی بەشدار لەم کردەوە تێرۆریستییەدا نەیە، بۆیەش بە هێنانی ئەم جۆرە شایەدانە بەدوای کوشتنی کاتەوە بوو و، دەیهەویست لەم نێوانەدا بەشێوەیەک وڵاتی ئاڵمان ڕازی بکا حوکمەکەی بە جۆرێک بێ کە لە قازانجی کۆماری ئیسلامیدا بێ. لەگەڵ ئەوەشدا دادگا ئیزن دەدا چوار پارێزەری تاوانباران دارابی، ئەمین، عەیاد و عەتریس وەک یەک تیم بچن بۆ گوێڕاگرتن لە قسەکانی ئەو دوو کەسە. دارابی کە لە هەموو ئەو کتێبەدا باس لەوە دەکا کە دادگا لایەنگری لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی کردووە، بەڵام لێرەدا دەبینین هەر بە قسەی دارابی، دادگای ئاڵمان ڕاگەیاندنی حوکمەکەی ڕادەگرێ بۆ دوای بیستنی شەهادەتی ئەو کەسانە. دەڵێ: «تیمێکی پارێزەر ڕەوانەی ئێران کران و دادگا هەتا هاتنەوەی ئەوان چاوەڕوان مایەوە.» هەر ئەوە نیشانەیەکە لە دادپەروەریی دادگای میکۆنووس.

## کۆماری ئیسلامی و هەوڵی ساتوسەو دا

بەڵام بیجگە لەو بابەتەی سەرەوە دارابی باس لە گلەییەک دەکا کە لەڕۆژنامە نێوخۆییەکانی کردوە لەسەر بارودۆخی خۆی، ئەویش باس لە کەسێکی ئاڵمانییە بە ناوی «هلموت شیمکوس» کە بەتاوانی جاسووسی ماوەی نزیک بە پێنج ساڵ بوو لە ئێران دەسبەسەر کرابوو. دارابی ئەوە ئاشکرا دەکا کە لە نێوان ئاڵمان و ئێران پێکهاتن کراوە بەو مەرجە ئێران ئەو کەسە ئازاد بکا ئاڵمانیش دارابی ئازاد دەکا و بە قسەی دارابی ئێران بەڵێنەکەی خۆی بەجێ هێنا، بەڵام ئاڵمانییەکان بەڵێنەکەیان شکاندوە و لەو بارەوە ڕاست نەبوون و ئەویان ئازاد نەکردوە. دارابی لەوە تووڕەیە و ئازادکردنی ئەو کەسە لە لایەن ئێرانەوە بە کارێکی دروست نازانێ، چونکە ئەو کەسە دەستی بە خوێنی خەڵکی ئێران سوور بووە. لە لاپەڕەی ١٧٦ی کتێبەکەدا، دارابی ئاوا باسی ئەو بابەتە دەکا: «کاتێک من دەسبەسەر کرام، بابەتی ئەو هێشتا لە چاپەمەنی و فەزای سیاسیی ئاڵماندا بەرباس بوو. گوایە ئاڵمان ئەو بارمتە گرتنەی پێخۆش بوو، لە یەکێک لە دیدارە دیپلۆماتیکەکان لە نێوان ئاڵمان و ئێراندا «اشمیت باوئر» ئازادکردنی منی بەندی ئازادیی «شیکموس» کردبوو. [...] ئێران بۆ پشتیوانی لە هاووڵاتیی خۆی ئامادە دەبێ ئەو مامەڵەیە بکا و بەڵێنی خۆی بەجێ دێنێ، بەڵام ئاڵمان لەژێر بەڵێنی خۆی دەدا [...]» لێرەدا دەردەکەوێ ئێران چەندە بەدوای ئازاد کردنی دارابییەوە بووە و، هەتا بڕیاری کۆتایی دادگا هەرچی لە دەستی هاتوە کردوویەتی بۆ ئەوە ڕەوتی دادگا ڕەواڵی ئاسایی خۆی نەبڕێ. دارابی لەوە پێشتر و لە دواییشدا هەر هەوڵ دەدا بیسەلمێنێ کە خۆی بێتاوانە و کۆماری ئیسلامیش بەهیچ جۆرێک ئاگای لە تێرۆری میکۆنووس نییە. ئەگەر ئەو قسەیە ڕاستە، بۆ ئێران ئامادەیە ئەو مامەڵە بکا و بە قسەی دارابی، کەسێک ئازاد بکا کە دەستی بە خوێنی خەڵکی ئێران سوور بووە؟ ئازادکردنی کەسی ئاوا دەبێ لە بەرامبەر چیدا بێ، واتا ئاڵمان دەبێ چ کارێکی گرینگ بۆ ئێران بکا کە قەرەبووەکەی ئازادکردنی ئەو کابرایە بێ؟ ئێران ئەگەر خۆی داڕێژەر و بەڕێوەبەری تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی نەبووە، بۆ ئەوەندە نیگەرانە لە ڕەوتی دادگا کە ئامادەیە زیندانییەکی ئاوا گرینگ لە بواری ئەمنیی وڵاتەوە لەگەڵ دارابی بگۆڕنەوە؟

دارابی هەر وەکی گوترا لە تەواوی ئەو کتێبەدا بەبێ بەڵگە دەیهەوێ بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێ و، لە هەندێک جێگادا پەنا دەبا بۆ ئەوە کە بۆیە تۆمەتی ئەندامەتیی وەزارەتی ئیتلاعات و «حیزبوللا»ی لوبنای لێ دەردرێ، بۆ ئەوەیە بتوانن کۆماری ئیسلامیی پێ مەحکووم بکەن. لەو بارەوە لە لاپەڕەی ٣٠٨ دا دەڵێ: «[...] ئەوانە لەسەر من هەندێک گومانیان هەیە لە حاڵێکدا من ناناسن و ئیمکانی نییە سەبارەت بەکردارم زانیارییان هەبێ، بەڵام کاتێک من تاوانبار دەکەن، حکوومەتی ئێرانیش تاوانبار دەکەن [...]» ئەوە جۆرە دانپێدانانێکە بە ئەندامەتی لە وەزارەتی ئیتلاعات، پرسیار ئەوەیە بۆ زیاد لەو هەمووە ئێرانییەی کە لە ئاڵمان و ئورووپا نیشتەجێن، دادگایەک کە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستیی تێرۆری میکۆنووس پێک هاتوە؛ ڕێک بە دارابییەوە دەنووسێ؟ کەسایەتیی دارابی لە چ ئاستێکدا بووە کە بتوانرێ کۆماری ئیسلامی پێ تاوانبار بکرێ و، لە لایەکی دیکەوە بۆ پێش تێرۆری میکۆنووس دەزگای قەزایی ئاڵمان لە هەوڵی ئەوەدا نەبووە کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکا یا دارابی دەسبەسەر بکا؟ وڵامەکەی ڕوونە ئەویش ئەوەیە کە تێرۆرێک لەسەر خاکی ئاڵمان ڕووی داوە و، ئەوانەی تێرۆر کراون جگە لە کۆماری ئیسلامی لایەنی دیکە دوژمنیایەتی نەکردوون و ڕابردووی کۆماری ئیسلامیش، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە و لە لایەکی دیکەوە بەڵگەکانی بەردەستی دادگا و دانپێدانانی یووسف ئەمین



سەرچاوە
Serchawe

و ڕابردووی دارابی؛ تەواوکەری ئەو حەقیقەتە بوون کە تێرۆرەکە کاری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە و دارابی یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی ئەو تیمە تێرۆرە بووە .

(لە ژمارەی ٧٥٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

-------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ئاڵۆزیی پەروەندی میکۆنووس "نقاشی قهوەخانە"

پەروەندەی تیرۆری ڕێستوورانی میکۆنووس چەندین لایەنی سیاسی و ئەمنی و ئابووری لەخۆ گرتبوو. پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ ئێران لەلایەک و سەربەخۆیی دەزگای دادی ئاڵمان، دەوڵەتی ئەم وڵاتەی خستبووە نێوان ململانێیەکی زۆرەوە. جێبەجێبوونی کردارێکی تیرۆریستی لەسەر خاکی ئاڵمان و دەنگدانەوەی بەربڵاوی ئەم ڕووداوە لە بیروڕای گشتیدا، فشارێک بوو لەسەر دەوڵەتی ئاڵمان کە سەربەخۆیی دەزگای قەزایی نەخاتە ژێر فشارێکی ئەوتۆ کە ببێتە هۆکار بۆ بەلاڕێدا بردنی ئاکامی دادوەری لە دادگای بێرلین. لە لایەکی دیکەشەوە ئێرانی بوونی تیرۆر کراوەکان و لوبنانی و ئێرانی بوونی تیمی تیرۆر و، ئەوەی بکوژ و کوژراوەکان قەت یەکتریان نەناسیوە و هیچ کێشەیەکی تایبەتییان لەگەڵ یەک نەبووە. لەگەڵ ئەوەدا کەمترخەمیی پۆلیسی ئاڵمان لە پاراستنی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە میوانی کۆنگرەی جیهانیی سۆسیال ئینتێرناسیۆناڵ لە بێرلین بوون، هەروەها هاتوچۆیەکانی وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بۆ ئاڵمان و داواکاریی ناوبراو بۆ ڕاگرتنی ڕەوتی دادگا و... ئەمانە و بوونی زۆری لایەن و بەڵگەی دیکە هەتا ڕادەیەکی زۆر ڕەوتی دادگای میکۆنووسی تووشی ئاڵۆزی کردبوو.

ئاڵۆزیی پەروەندەی میکۆنووس لە بواری سیاسی و ئەمنییەوە وای کرد کە پێی هێندێک لە کاربەدەستانی بەرزی دەوڵەتی ئاڵمان بۆ دادگا بکرێتەوە. یەکێک لەو کەسانە ئیشمیت باوێر بوو. هەروەکی پێشتریش باسمان لە ڕۆڵی ناوبراو چ لە دەوڵەتی ئاڵمان و چ لە ڕەوتی دادگای میکۆنووسدا کردوە، لێرەدا بەکورتیش بووبێ باسێکی تری لەسەر دەکەین هەتا زیاتر ڕوون بێتەوە کە کۆماری ئیسلامی تاوانباری سەرەکیی ئەم تیرۆرە بووە. لەدوای تیرۆری میکۆنووس و دەسبەسەر کردنی دارابی و تاوانبارانی دیکە، عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی سەردانی ئاڵمان دەکا و ئیشمیت باوێر وەزیری ڕاوێژکار لە دەوڵەتی ئاڵمان دەبینێ و داوای لێ دەکا کە هیچ دادگایەک لەسەر تیرۆری میکۆنووس پێک نەیە. کاتێک ئیشمیت باوێر لەبەردەمی دادگادا دەڵێ: «چەند مانگ پێش لە ڕوودانی تیرۆری میکۆنووس ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران ڕێک کەوتووین کە لەسەر خاکی ئاڵمان کرداری تیرۆریستی بەڕێوە نەبا.» ئەو قسەکردنە لە دادگادا دەبێتە هۆی ناڕەزایەتیی پارێزەری بنەماڵەی شەرەفکەندی کە کەسێک بەناوی «ئەتوشیلی» بوو و، لە وڵامدا دەڵێ: «بەو جۆرە قسەکردنە، جەنابت دەتهەوێ کۆماری ئیسلامیی ئێران بێتاوان نیشان بدەی.» بە بڕوای دارابی «ئەتوشیلی» ئەندامی حیزبی ڕەقیبی ئیشمیت باوێر بووە و لە ڕێگەی دادگای میکۆنووسەوە ویستوویەتی ناوبراو بشکێنێ و بە هاوکاری کردن لەگەڵ ئێراندا تاوانباری بکا. هەربۆیە دارابی لە دادگا خۆی پێ ڕاناگیرێ و هێرش دەکاتە سەر «ئەتوشیلی».

بەڵام لە بارەی سەردانی فەلاحیان بۆ ئاڵمان هەر خودی دارابی لە لاپەڕەی ٣٣٠ی کتێبەکەیدا باس لەو سەردانە دەکا و بە هەڵەی دەزانێ و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە کاری کۆماری ئیسلامی قورستر کردوە: «ئاغای فەلاحیان بۆیە هاتبووە ئاڵمان هەتا بڵێ ئێمە لە هیچ شتێکدا نین. فەلاحیان گوتبووی ئێران بە ناحەق لەو ڕووداوەدا تاوانبار کراوە، ناوبراو ویستوویەتی ڕەوتی دادگا ڕابوەستێ و

ڕێگای دروست بۆ دۆزینەوەی تاوانبارانی ڕاستەقینە بپێوێ [...] ئەگەرچی دیدار و داواکاریی ئاغای فەلاحیان کارێکی بەتەواوی دیپلۆماتیک و دروست بوو، بەڵام دەبێ بە ئاسانی ئەوە قەبووڵ بکەین کە ئەو جۆرە دیدارانە بە قازانج نەبوون چونکە نەبوونە هۆی باشتر بوونی دۆخی من کە هیچ بەڵکوو ئاڵۆزتریشیان کرد [...] بەڕاستی من لەو دیدارە ناڕەحەت و نیگەران بووم و، ئاخری نەمزانی لە نێوان ئەو دووانەدا چی ڕووی دا، ڕۆژنامەکان باسیان لەوە دەکرد کە ئێران بەدوای مامەڵەدا بووە، ویستوویەتی لە بەرامبەر گۆڕینەوە یا ڕاگرتنی دادگا چەند ئاڵمانی دەسبەسەر کراو لە ئێران ئازاد بکا. من لەو کاتدا باوەڕم بە گۆڕینەوەی خۆم لەگەڵ چەند تاوانباری ئاڵمانی، نەبوو. چونکە خۆم بە تاوانبار نەدەزانی و پێداگر بووم لەسەر ئەو مەسەلەیە، بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات بە ڕادەیەک هەلومەرجی زیندان ناخۆش و ناخۆشتر دەبوو کە ڕازی بووم لە گەڵ پیرێژنێک بمگۆڕنەوە. من لە لایەکەوە گلەییم هەبوو لەوەی کە دەوڵەتی ئێران لە دیفاع لە من وەک هاووڵاتییەک کەمتەرخەمە بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە لە هەڵسوکەوتی فەلاحیان نیگەران و ناڕەحەت بووم [...]».

وەک دەبینین دارابی ڕەزایەتی لەو سەفەرەی فلاحیان نییە، چونکە بە زیانی تەواو بووە و لەهەمان کاتدا دەڵێ من بە گۆڕینەوە لەگەڵ زیندانییانی ئاڵمانی لە ئێران ڕازی نەبووم. دارابی دوای تێرۆری میکۆنووس لە قۆناغی یەکەمدا پێی وانەبوو ئاشکرا و تووشی زیندان دەبێ و، لە قۆناغی دووهەمدا کە کەوتۆتە زیندان پێی وا بووە دادگا ناتوانێ بەڵگەی پێویست لەسەر تاوانبار بوونی کۆ بکاتەوە. هەر بۆیە پێی وایە بە زوویی ئازاد دەبێ جا ئەگەر وایە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو مامەڵەیە لەگەڵ دەوڵەتی ئاڵمان بکا؟! بەڵام لە قۆناغی سێهەمدا بۆی ڕوون بۆتەوە دادگا بەڵگەی پێویستی لەبەردەستدایە، بۆیە ئەمجار هەروەک خۆی دەڵێ ئامادەیە لەگەڵ پیرێژنێک بگۆڕدرێتەوە. نیگەرانیی دارابی لەو سەفەرە بەجێیە چونکە ئەو کارە نەک یارمەتیی نەکردوە بەڵکوو بۆتە بەڵگەیەک بەدژی ناوبراو و کۆماری ئیسلامی و لە دادگادا بەکار هاتۆتەوە، دەنا دارابی لە چەندین جێگای ئەو کتێبەدا زمانی ڕەخنە و گازندەی ڕوو بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کردۆتەوە کە بۆ هێشتوویانە ئەو پەروەندەیە بەو ئاقارەدا بڕوا و ئەو ماوە درێژە لە زینداندا بمێنێتەوە؟! هەر لەو بارەوە دارابی لە لاپەڕەی ٣٤٠ی کتێبەکەدا، باسی سەردانی کونسوولی ئێران لە بێرلین بۆ زیندان دەکا و دەڵێ ئەو سەردانەم بۆیە پێ خۆش بوو کە دەوڵەتەکەم لێم دەپرسێتەوە، بەڵام هەر ئەو سەردانە بوو بە بەڵگەیەک لە سەر ئەوە کە گومان بخەنە سەرم پێوەندیم بە دامودەزگای کۆماری ئیسلامییەوە هەبێ: «بەکورتی دیداری کونسوول بێسوود بوو و، بۆ من وەک هاووڵاتییەکی ئێرانی نەتەنیا ڕووداوێکی بەرەوپێش نەبوو بەڵکوو بوو بە هۆکارێک کە گومانی زۆر لای دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دروست کرد. لە لایەکی دیکەوە بەرپرسانی زیندان کە دەیاندی کونسوول سەردانی کەسێکی وەک من دەکا کۆنترۆڵی ئەمنیەتی و سیاسییان چڕتر دەکرد.» لە خودی بەڵگەی دادگاشدا ئیشارە بەو سەردانەی کونسوولی ئێران بۆ زیندان کراوە و بەو جۆرە لە ڕاپۆرتێکدا باسی دەکا: «دوای پێوەندیی تەلەفوونی و هاوئاهەنگیی کونسوولگەریی ئێران لە بێرلین، ڕۆژی هەینی ١٤ - ٥ - ١٩٩٣ ئاغای میرخانی سەرکونسوولی ئێران توانی سەردانی دارابی لە زیندانی «موابیت» بکا و لەگەڵ ناوبراو بدوێ. دارابی لەو دیدارەدا باسی لە وەزعییەتی زیندان و ئەو بەند و کۆتانەی لەلایەن دادئەستێنی فیدراڵ بۆی دیاری کراوە و هەروەها باسی لە فشاری ڕەوانیی خۆی کرد و، پێداگری لەسەر بێتاوانی خۆی لە تێرۆری میکۆنووسدا کردەوە. سەرکونسوول لە باردۆخی پارێزەری دارابی و بوونی تەلەڤیزیون و گۆڤار و کتێب و چاوپێکەوتنی هاوسەرەکەی پرسیاری لە دارابی کرد، ناوبراو لەگەڵ ئەوەدا ئیشارەی بە بێتاوانی



سەرچاوە
Serchawe

دارابی کرد لە هەمان کاتدا ئەوی هان دا هێمنایەتیی خۆی بپارێزێ و جەختیشی کردەوە کە دەبێ گیروگرفتی تایبەت بە زیندان لە ڕێگای پارێزەرەکانیەوە چارەسەر بکرێ.» بەڵگەی ١٧ - ٥ - ١٩٩٣، D031

لە ڕەوتی دادگای میکۆنووسدا دەبینین کە کۆماری ئیسلامی لە هەموو دەرگایەکی داوە بۆ ئەوە بتوانێ دەزگای قەزایی ئاڵمان پاشگەز بکاتەوە لە بەردەوامیی دادگا و، ناساندنی کۆماری ئیسلامی بە بکەری ئەسڵیی تێرۆری میکۆنووس. بەڵام لەگەڵ هەر هەوڵێکیاندا تووشی سەرشۆڕی بوونەتەوە و، گشت لە دەرگا کوتانەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە دادگادا بەدژیان شکاوەتەوە و دارابی لە قسەکانیدا ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە.

(لە ژمارەی ٧٦٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## "نقاشی قهوەخانە"بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ

### (بەشی کۆتایی)

کازم دارابی دوای ئەو هەموو هاتوهووتەی بۆ سەلماندنی بێتاوانیی خۆی لە کتێبی «نەقاشیی قاوەخانە»دا دەیکا، ئەمجار ڕووکاری بابەتە دەگۆڕێ و باس لەوە دەکا کە تەنانەت ئەگەر ئەو تێرۆرە پێوەندیشی بووبێ بە کەسانێک کە لە کۆماری ئیسلامیدا بەرپرسایەتییان هەیە، کاری خودی نیزام و دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی نەبووە و لەوانەیە کەسانی خۆسەر کردبێتیان. ئەو بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە لە لاپەڕەی ٣٣٩ی کتێبەکەیدا باس لە گێڕانەوەیەکی هاشمیی ڕەفسنجانی دەکا لەسەر ڕووداوی تێرۆری میکوونوس: {...} ئاغای فەلاحیان ڕۆژی جومعە هات و خەبەرەکەی دامێ. ئاغای پوورمحەممەدیش ڕۆژی شەممە هات و ڕاپۆرتی خۆی دا{...} دیارە کە ئەم تێرۆرە کاری هێزە خۆسەرەکان بووە {...}

ڕەفسنجانی ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان کاتێ لەو بارەوە پرسیاری لێدەکەن، دەڵێ: {...} وای دابنێین لە یەکێک لە وڵاتەکان تێرۆرێک دەکرێ{...} خەڵکی توندئاژۆ هەبوون و هەن، ئەو مێکۆنووسەی ئێوەش باسی دەکەن شتێکە لەو مایەدا. ڕووداوی لەو چەشنە هەموو کات ڕووی داوە و لە سەردەمی ئیمامیشدا ئەو جۆرە کەسانە هەبوون{...} ئێستاش کەسانی خۆسەر هەن{...} دارابی لە هێنانەوەی ئەم باسە دەیەوێ بڵێ تێرۆری ڕێبەرانی کورد لای ئەوان گرینگیی نەبووە و تەنانەت سەرکۆمار هەواڵی تێرۆرەکەی بە ئاسایی وەرگرتوە و، وەک ڕووداوێکی سادە بینیویەتی. بەڵام هەر ئەم قسانەی ڕەفسنجانی لە وتووێژەکەدا دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ بە سەر تێرۆری میکۆنووس، دانناێکی ڕاشکاوانەیە بەوەی کە تێرۆری میکۆنووس خۆیان کردوویانە و بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتییەکان بەسەر کەسانی «خۆسەر»ی دا دێنن. ئیدی ناڵێن باشە هەموو ئەو کەسانەی لە دەرەوەی ئێران دەستیان لە تێرۆری دژبەرانی ڕێژیمدا بووە و گیراون، چۆنە دوای ئازادبوونیان و گەڕانەوەیان بۆ ئێران وەک «قارەمانی میللی» پێشوازییان لێ دەکەن و دوایە لە بەرزترین پۆستەکانی دەسەڵاتدا جێگایان بۆ دەکەنەوە. یانی ئەوەیە وەڵامی کەسانی خۆسەر کە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا ڕوخساری ڕێژیمیان ناشیرین کردوە و وەک ڕێژیمێکی تێرۆریست ناساندوویانە؟!

یەکێکی دی لە بەڵگەکان کە دادگا بۆ دەستتێدابوونی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری مێکۆنووس پشتی پێ بەست لێدوانەکانی خودی عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بوو. دادگای مێکۆنووس ڕۆژی ١٤ی مارسی ١٩٩٦ بڕیاری دەستبەسەر کردنی عەلی فەلاحیانی بەو شێوەیە دەرکرد: {...} وەزیری ڕێکخراوەکانی ئیتلاعات و کاروباری ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، عەلی فلاحیان، لەدایکبووی نەجەفئاوا/ ئێران، شوێنی خزمەت و دانیشتن ڕەنگە تاران/ ئێران، وردەکاریی زیاتر لەسەر ئەم تاوانبارە لەبەردەستدا نییە، دەبێ بەشێوەی کاتی دەستبەسەر بکرێ. ناوبراو گومانی بەهێزی لەسەرە کە لە ڕێکەوتی ١٧ - ٩ - ١٩٩٢ بە هاودەستیی کەسانی دیکە لەسەر بنەمای شەرئەنگێزانە و فریودەرانە بە کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەی مەترسیدار چوار ئینسانیان کوشتوە و

هەوڵیان داوە بۆ کوشتنی کەسێکی دی {...} تاوانبار عەلی فلاحیان بەو شێوەیەی خوارەوە لە تیرۆری ڕۆژی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا بەشدار بووە. ناوبراو لە کاتی پلاندانان و بەڕێوەبردنی تیرۆرەکە سەرۆکی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە و هەیە. ئەم وەزارەتە پێوەندییەکانی لەگەڵ ناوەندێکی دیکەی ئەمنیەتی بەناوی سپای بەرواڵەت پاریزەرانی شۆڕش (پاسداران) بەتایبەتی لەگەڵ هێزی «قودس» کە هێزێکە بۆ چالاکی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران زۆر پێکەوە تێکەڵ و هاڵۆزن. ئەو وەزارتخانەیە بەتوندی بەرەوڕووی گرووپە جیابیرەکان و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەبێتەوە، بەچەشنێک نەک هەر چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراو و گرووپانە قەدەغە دەکا، بەڵکوو لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش پێوشوێنی نوێنەرەکانیان هەڵدەگرێ {...} تاوانبار فەلاحیان لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئووتی ١٩٩٢ و لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ کاناڵێکی ئێراندا و لە نێوان قسەکانیدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گرووپێک ناو دێنێ کە وەزارەتەکەی بەدوایانەوەیە {...} دەقی قسەکانی عەلی فەلاحیان لەو چاوپێکەوتنەدا بەمجۆرەیە: ئێمە بەشی ئەمنیەتیمان هەیە کە چالاکییەکانی گرۆپەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی خستۆتە ژێر چاودێری، ئێمە توانیومانە دزە بکەینە نێو ڕێکخراوەکانیان و{...} ئەگەر لەسەر یەک چاو لێ بکەین، لە ئیستادا تاقم و گرووپی چالاک لەدژی ئێمە نەماون، ئەوان ناچار بوون وڵات بەجێ بێڵن، ئێمە لە کارکردنمان لەسەریان بەردەوام دەبین{...} ئێستا بەدوای ئەوانەوەین و لە دەرەوی وڵاتیش هەر لەژێر چاودێری دان{...} ئێمە لەدژی ئەوان سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە و توانیومانە لە دەرەوی سنوورەکانی ئێرانیش زەبری کاریگەریان لێ بدەین... یەکێک لەو گرووپانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە{...} لە ساڵی ڕابردوودا توانیمان زەبری قورس لە ئەندامانی ئەو حیزبە بدەین {...}

ئەو قسانەی فەلاحیان بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بوون کە لە دادگا لەدژی بەکار هاتن. بەدوای دەرچوونی حوکمی دەستبەسەر کردنی عەلی فەلاحیان لە لایەن دادگاوە، کاربەدەستانی ئێران لە سەرۆککۆمارەوە بگرە هەتا وەزیری ئیتلاعات هەر کام بە نۆرەی خۆیان قەوانە کۆنەکەیان لێ دایەوە و گوتیان ئەو حوکمەی دادگا لەژێر کاریگەریی «ڕێژیمی سەهیونیستیی ئیسرائیل» و هاتوهوریای دژەشۆڕش دراوە و بڕیارەکەی بەڕەسمی ناناسین و {...}

بابەتێکی دیکە لەو کتێبەدا کە جێگای سەرنجە ئەوەیە دارابی خۆی باس لەوە دەکا کە ماوەی دە ساڵان لە ئاڵمان لەژێر چاودێری پۆلیسی ئەو وڵاتەدا بووە. {...} بۆخۆشم پێم سەیر بوو کە ئەوان دە ساڵ منیان وەک کەسێکی مەترسیدار خستۆتە ژێر چاودێری {...} ڕاستە من لە ڕووداوی هێرش بۆ سەر «خەوتنگەی» ی زانکۆی شاری ماینتس لە ساڵی ١٩٨٢ بەپێچەوانەی قانوونی ئاڵمان جووڵامەوە، بەڵام سزای خۆم وەرگرتبوو {..}

بەپێی بەڵگەکانی دادگای میکۆنووس دارابی لەو دەستە کەسانە بووە کە دایمە پۆلیس بەنهێنی چاوەدێریی کردوە و تەنانەت بڕیاری بیستن و تۆمارکردنی پێوەندییە تەلەفونییەکانیشی لە لایەن دەزگای قەزاییەوە دراوە، بەڵام لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە لەسەر تیرۆری میکۆنووس بۆ دادوەرەکانی لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە دامودەزگای پێوەندیدار کەمتەرخەمییان کردوە و تەلەفوونەکانی دارابی شنوود نەکراون. ڕەنگبێ ئەگەر تەلەفوونەکانی دارابی شنوود کرابا، کارەساتی تیرۆری میکۆنووس ڕووی نەدابا.



سەرچاوە
Serchawe

ساڵی ١٩٩٣ و ساڵێک دوای ڕوودانی کارەساتی میکۆنووس کۆمیسیۆنێکی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوەکە پێک هات و ئەم پرسیارە وروژا کە چۆنە دامودەزگای ئەمنیەتیی ئاڵمان نەیانتوانیوە پێش بەو ڕووداوە بگرن. کاتێک ئەو کومیسیونە دەستبەکار دەبێ لە ڕاپۆرتێکدا لە ڕێکەوتی ٦ - ٩ - ١٩٩٣ munter ئاوا دەنووسێ: {کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی میکۆنووس ئەمڕۆ دەستی بەکارکرد، پێش دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لە شاهیدەکان، دەمەچەقەیەکی توند لە نێوان ئەندامانی کۆمیسیۆندا دروست بوو. ئیدارەی ئەیالەتی پارێزگاری لە قانوونی ئەساسی و بەشی ئیداری نێوخۆی سەنا یەکتریان تاوانبار دەکرد بە کەمتەرخەمی پێش لە کوشتاری چوار سیاسەتمەداری کوردی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی لە مانگی سێپتامبری ١٩٩٢ لە شاری بێرلین.}

بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی دراوە، کازم دارابی سەرۆکی ئیحتمالیی ئەو هێرشە توانیویەتی ماوەی حەوت مانگ ئازادانە و بێئەوەی لەژێر چاودێریدا بێ، لە دەورووبەری رووبـاری «ئیشپری» لە بێرلین هاتوچۆ بکا. لەگەڵ ئەوەدا کە دەزگاکانی ئەمنیەتیی ڕۆژئاوا ناوبراویان وەک سەرکردەیەکی مەترسیداری ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناسیوە و ویستوویانە لەژێر چاوەدێری بگیرێ، بەو حاڵە ئەو کارە بێئاکام مایەوە؛ چونکە ئیدارەی پاریزگاری لە قانوونی ئەساسی کە بەرپرسایەتیی ئەو کارەی لە ئەستۆ بووە لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە هێزی پێویستی لە ئیختیاردا نەبووە.)

لەو ڕاپۆرتە کورتەدا دووشت بەروونی دیارە. یەکەم، لەسەر ئەوە کە کازم دارابی پێش تێرۆری میکۆنووس بۆ پۆلیس و دەزگای ئەمنیەتیی ئاڵمان و تەنانەت بۆ دەزگاکانی ئەمنیەتیی ڕۆژئاواش ناسیاو بووە و گوتراوە کە ناوبراو کەسێکی کارایە لە گرووپە توندڕەوەکانی سەربە کۆماری ئیسلامی. دووهەم، بەئاشکرا دەردەکەوێ کە دەزگا ئەمنیەتییەکانی ئاڵمان لە ماوەی پێش تێرۆری میکۆنووس زۆر چالاک نەبوون، چونکە ئەگەر چالاک بوایەن ڕەنگە کارەساتی میکۆنووس ڕووی نەدابا.

بەپێی زانیاریی ڕۆژنامەکانی ئەوکاتی ئاڵمان و بەپێی لێدوانەکانی «ڕاینهاد پاوک»، بەرپرسی کاروباری ئەمنیەتی کۆنفڕانسی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست، ئیمکانی هەیە پۆلیس ئاگادار کرابێتەوە لە سەردانی شەڕەفکەندی، ڕێبەری کوردەکان. پاوک بە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی میکۆنووسی گوت کە سیاستمەداری دوورخراوە (د. شەرەفکەندی) کە بۆ کۆنفڕانسی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست هاتبوو، لە لیستی بەشدارانی ئەو کۆنفڕانسەدا بوو کە دەبوا ئەمنیەتی پارێزراو با. پاوک دەڵێ ئەو هەشت ڕۆژ پێش لە هێرشەکە ئەو لیستەی داوە بە پۆلیسێکی خاوەن سەڵاحییەت، بەڵام ئەو پۆلیسە لیستەکەی تەحویل وەرنەگرتوە. بەمجۆرە پاوک قسەکانی پۆلیس و هێکل مان، سێناتۆری کاروباری نێوخۆیی لە حیزبی CDU کە لە بەڕێوەبەرانی کۆنفڕانسی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست بوو ڕەت دەکاتەوە سەبارەت بەوەی گوترابوو پۆلیس لە بابەتی پاراستنی ئەوان ئاگادار نەکراوەتەوە و قوربانییەکانی تێرۆری میکونووس ناویان لە لیستی بەشدارانی کۆنفڕانسەکەدا نەبووە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کەمتەرخەمیانەی دەزگای ئەمنیەتی و پۆلیسی ئاڵمان سەرەوە باس کران، دیسان جێگای دەستخۆشی گوتنە بە پۆلیس و دەزگای قەزایی ئالمان کە توانیان لە ماوەیەکی کەمدا تێرۆریستەکان دەستبەسەر و دادگاییان بکەن. دوای ئەمەش بریاری

دەزگایی قەزایی ڕوون و بوێرانە بوو. ئەم دادگایە ڕوخساری ڕاستەقینەی ڕێژیم و کاربەدەستانی بڕیاردەر بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەم ڕێژیمەی ئاشکرا کرد و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلام ی لە بەرزترین پلەی دەسەڵاتدا بە تاوانبار ناساند. هەروەها تەواوی هەوڵ و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی دادگای کردە بەڵگەی بەهێز بۆ دەست تێدابوون و بڕیاردان لەسەر تێرۆری میکۆنووس و بووە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم لە درێژەدان بە تێرۆری دژبەرانی لە وڵاتانی ئورووپا دەست بپارێزێ.

لە کۆتاییدا هەر چەند کازم دارابی هەموو هەوڵی ئەوەیە کە بە خوێنەر بسەلمێنێ لە تێرۆری میکۆنووسدا بێتاوانە، بەڵام خۆی هەر لە کتێبەکەیدا و لە زاری خۆیەوە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لە تاوانباربوونی خۆی بەدەستەوەدەدا.

(لە ژمارەی ٧٦١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------------------------

## پۆلیسی ئێران لە ئەرکی دابینکردنی ئەمنیەتەوە بۆ هێزی سەرکوتی خەڵک؟!

لەو ماوەدا هەموو دنیا شاهیدی نارەزایەتیی گەلانی ئێران بوون بەدژی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و لە هەمان کاتدا، شاهیدی سەرکوتی بێبەزەیانە و دوور لە پێگەی مرۆڤایەتیی خۆپیشاندەران لە لایەن هێزە بەناو ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بوون، کە ئامارەکانی ئەو سەرکوتەی خەڵکی نارازیی سەر شەقام سەرسوورهێنەرن بە چەشنێک کە لە ماوەی چەند رۆژێک خۆپیشاندان بەپێی ئامارەکان هەتا ئێستا زیاتر لە ٣٠٠ کەس شەهید بوون و بە هەزاران کەس بریندار و دەستبەسەر کراون.

نارەزایەتییەکان بەڕواڵەت بە چوونە سەری سێ قاتی نرخی بێنزین رۆژی هەینی سەریان هەڵدا و لەماوەیەکی کورتی یەک رۆژەدا نزیک بە تەواوی شار و ناوچە جیاجیاکانی ئێرانی گرتەوە و، ئەو پەرەگرتنە خێرایە پێش هەر لێکدانەوەیەک لەسەر خۆپیشاندانەکان دەتوانین بڵێین نیشانەی لاواز بوونی پێگەی کۆماری ئیسلامییە لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا. ئەوەی لەم نووسینەدا دەمانهەوێ ئاماژەی پێ بدەین و هەڵوێستەی لەسەر بکەین، کردەوەی هێزە ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامییە کە هەروەکی پێشتر باس کرا بکەری ئەسڵیی کوشتار و بریندارکردن و دەسبەسەر کردنی هەزاران خۆپیشاندەرن لە ماوەی چەند رۆژدا.

مێژووی پێکهاتنی پۆلیس لە ئێراندا بە شێوەی ئەمرۆیی بۆ سەدەیەک لەمەوپێش دەگەڕێتەوە و بە چاولێکەری لە وڵاتانی ئورووپایی، ناسرەدین شای قاجار بڕیاری پێکهێنانی دا و، بە تێپەڕبوونی کات و لە سەردەمی پەهلەویدا ئەو هێزە بوو بە دوو ئۆرگانی سەرەکی، پۆلیس لەنێو شارەکان کە بەڕواڵەت ئەمنیەت و نەزمی شارەکانی لە ئەستۆ بوو و، ژاندارمێری کە ئەویش خۆی لە دوو ئۆرگان پێک دەهات کە یەکێکیان بۆ نەزم و ئەمنیەتی گوندەکان دیاری کرابوو و ئەرکی ئەوەی تریش پاراستنی ئەمنیەتی سنوورەکان بوو.

لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی، کومیتەکانی ئینقلابی ئیسلامی پێک هاتن و هاوتەریبی پۆلیسی ئەو کاتی ئێران کاریان دەکرد و، تەنانەت ئەو کومیتانە خۆیان بەبێ لەبەرچاو گرتنی حوکمی دادگا خەڵکیان دەسبەسەر دەکرد و، هەر خۆیشیان حوکمی زیندان یا ئێعدامیان بەسەر گیراوەکاندا دەسەپاند. دوای ١٣ ساڵ لە دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی و باڵادەستیی کومیتەکانی ئینقلابی ئیسلامی بەسەر پۆلیس و دادگاکاندا، لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی بە یاسایەک کە لە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی دەرچوو، سێ ئۆرگانی پۆلیس، ژاندارمێری و کومیتەکانی ئینقلابی ئیسلامی پێکەوە تیکەڵ کران و ئەو هێزەی لێ دروست بوو کە ئێستا بەناوی هێزە ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی دەیانناسین.

کە چاو بە قانوون و مێژووی دروستبوونی پۆلیس لە ئێراندا دەخشێنین هەر لە سەرەتاوە لەپێناو بەرژەوەندیی خەڵکدا دروست نەبووە، بەڵکوو بۆ پاراستنی دەسەڵات و سەرکوتی نارازییەکان لە دەسەڵات پێک هاتووە. لە سەردەمی پاشایەتیدا ئامرازی دەستی

دامودەزگای پاشایەتی بوون و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا هەمان ئەرکیان پێ سپێردراوە، بەڵام بەو جیاوازییە کە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا پۆلیس یا هێزە ئینتزامییەکان لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامیدا، سەرکوتی خەڵک بە کارێکی ڕەوا و شەرعی و خزمەت بە ئایینی ئیسلام و مەزهەبی شیعەی باوەڕمەند بە ویلایەتی ڕەهای فەقیهـ دەزانن. بەواتایەکی دیکە ئەگەر پێش هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، هێزەکانی پۆلیس و ژاندارمێری ئەرکی سەرکوتی خەڵکی ناڕازی لە دەسەڵاتیان، بەناوی قانوون و خزمەت بە نیزامی پاشایەتی لە ئەستۆ بوو و قەت نەچوونە خانەی پارێزگاری لە ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵک، بەڵام ڕادەی دەسەڵات و هێزیان بۆ سەرکوتی خەڵک ئەوەندە نەبوو کە بتوانن ناڕەزایەتییە گشتگیرەکانی وەک ساڵەکانی ٥٦ و ٥٧ی هەتاوی سەرکوت بکەن، بۆیە لەو کاتدا دەسەڵات بۆ سەرکوتی خەڵکی ناڕازی پەنای بردە بەر ئەرتەشی ئێران. بەڵام ئێستا دەبینین هێزی ئینتزامیی کۆماری ئیسلامی توانای ڕەهای هەیە بۆ سەرکوتی خەڵکی ناڕازی و لە ساڵەکانی ٨٨ و ٩٦ و ٩٨ی هەتاوی دەبینین یەک لایەنە هێزەکانی ئینتزامی، دێنە مەیدانی سەرکوتی خەڵک و بەبێ ڕەچاوکردنی قانوون و ڕێوشوێنە جیهانی و ئایینییەکان بە هەموو کەرەسە و چەکی بەردەستیان تەقە لە خۆپیشاندەرانی دەست بەتاڵ دەکەن و لە شەقامەکان حەمامی خوێن وەڕێ دەخەن بەبێ ئەوەی لە بەرامبەر قانووندا بەرپرسیار بن.

کۆماری ئیسلامی وەک سیستمێکی سیاسی و بەڕێوەبەری و دەسەڵاتداری هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی، قانوونی بنەڕەتیی کە نوێنگەی ئامانجەکانی ڕێبەر و دامەزرێنەری ئەو نیزامە بوو بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاند. بەڵام سەیر ئەوەیە دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا لەو جێگا و کاتەدا کە بزانن کورسی دەسەڵاتدارییان دەکەوێتە لەرزین و ترسی دارمان بە دەستی خەڵکیان هەیە، هەموو بنەماکانی خۆیان بەتایبەتی قانوونی بنەڕەتیی ئەو نیزامە ژێرپێ دەنێن. بۆ نموونە ئەسڵی ٢٧ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لەبارەی خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی ئاوا دەڵێ: «وەڕێخستنی کۆبوونەوە و ڕێپێوانەکان، بێ‌چەک، بەو مەرجە دژایەتی لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام نەبێ، ڕێگە پێدراوە.» وە لە مادەی ٣ی قانوونی هێزە ئینتیزامییەکاندا ئامانجی پێکهێنانی ئەو هێزە دەستنیشان کراوە: «ئامانج لە پێکهێنانی هێزی ئینتزامیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دابینکردنی نەزم و ئەمنیەت و ئاسایشی گشتی و تاکە کەسییە.» ئەگەر لە ماوەی ئەو چل ساڵە و بەتایبەتی لەم چەند حەوتووەی ڕابردوو دا چاو لە کردار و هەڵسوکەوتی هێزی ئینتزامیی کۆماری ئیسلامی بکەین، بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خەڵک بەو جۆرە نەجووڵاونەوە کە لە قانوونەکان باس کراوە.

بەپێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران هەروەکی لە سەرەوە باس کرا، ڕێپێوان و پێکهێنانی کۆبوونەوەی جەماوەری ئازادە بەو مەرجە کە بێ‌چەک بێ و دژایەتیی لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام نەبێ. هەموو خەڵکی ئێران و گەلانی دنیا و دەوڵەتەکانی سەر گۆی زەوی ئەو ڕاستییە دەزانن کە خۆپیشاندانی ئەم جارە و ساڵەکانی ڕابردووش خەڵکی ناڕازی لە دەسەڵات چەک بەدەست نەبوون و هیچکام لە شوعار و کردەوەکانیان دژایەتیی نەبووە و نییە لەگەڵ ئایینی ئیسلام، بەڵام هێزی ئینتزامی بێ‌گوێ دان بەو بنەما قانوونییانە بۆ پاراستنی دەسەڵات دەستیان بۆ چەکەکانیان بردووە و کەوتوونە کوشتاری خۆپیشاندەران. بەواتایەکی دیکە هەم دەسەڵات و هەم هێزەکانی ئینتزامی ترسی تەواویان لە ناڕەزایەتیی خەڵک ڕێنیشتووە، کە ئەگەر سەرکوتێکی بێ‌بەزەییانەی خەڵک نەکەن ڕەنگە

کونترۆڵ کردنیان لە دەست بچێتە دەرێ و نیزام بەرەو ڕووخان پاڵ پێوە بنرێ.

بەڵام دوای کوشتن و بریندار کردنی خەڵکی نارازیی سەر شەقام لەلایەن هێزی ئینتزامییەوە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی دەزگای قەزایی و ئیتلاعات بۆ بیروڕای جیهانی و نێوخۆی خەڵک، دەکەونە پاساوهێنانەوە بۆ ئەو کوشتار و بریندار کردن و دەسبەسەر کردنانە و، باس لەوە دەکەن کە خۆپیشاندەران گێرەشێوێن و چەکدار و پیاوی بێگانە بوون و، تەنانەت لەوەش پتر دەچنە پێش و دەڵێن شەڕی جیهانی بووە بەدژی کۆماری ئیسلامی و، توانیومانە لە ماوەیەکی کورتدا ئەو هێرشە جیهانییە تێک بشکێنین. بەڵام هەموو لایەک دەزانن کە ئەو دەربڕینەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دوورە لە ڕاستی و تەنیا پاساوێکە بۆ کردارێکی دوور لە ئەخلاقی ئینسانی و قانوونی.

ئەوەی لێرەدا لە پێوەندیی هێزە ئینتزامییەکان جێگای باس و سەرنجە، پێبەندیی ئەخلاقییە بە بنەماکانی مرۆڤایەتی. ڕاستە پۆلیس وەزیفەکەی پاراستنی نەزم و ئەمنیەتی کۆمەڵگەیە، بەڵام ئەو پاراستن و پارێزگارییە لە بەرامبەر تاوانکار و کەسانێکە کە بە کردار و ڕەفتاری خۆیان نەزمی کۆمەڵگە دەشێوێنن، واتە تاوان بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجی تاکەکەسی دەکەن و ئەوەی هێزی ئینتزامی لە ئێران تووشی بە لاڕێدابردن لە وەزیفەی خۆی کردووە، ئەوەیە کە بە چاوی تاوانکار دەڕوانێتە خۆپیشاندەران ئیدی بیر لەوە ناکاتەوە کاتێک لە شارێکدا بە هەزاران کەس بە نارەزایەتی لە بڕیار یا قانوونێکی دەسەڵات دەڕژێنە سەر شەقام و، بەو کارە دەیانهەوێ دەنگی نارەزایەتیی خۆیان بگەیەننە گوێی دەسەڵاتداران و، بەپێی هەموو پێوەرە جیهانییەکان و تەنانەت یاساکانی کۆماری ئیسلامیش هاتنە سەر شەقامی خەڵک ناتوانێ تاوانکاری و گێرەشێوێنی بێ.

هەر وەکی لە پێشدا باس کرا تاوانکاری جیاوازیی تەواو ئاشکرای هەیە لەگەڵ خۆپیشاندانی جەماوەری، چونکە تاوانکار پێشێلی نەزمی کۆمەڵگە و مافی شارۆمەندی تاک و کۆ دەکا و ئامانجی تاکەکەسی هەیە، بەڵام خۆپیشاندان مافی بێئەملاولای خەڵکە و پێویستە کە ئەو مافە لە لایەن دەسەڵاتەوە پارێزراو بێ. بە واتایەکی دیکە خۆپیشاندەران نەک سنووری بایەخە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە دەپارێزن بەڵکوو خۆیان لە ڕیزی ئەو کەسانەدان کە پێبەندن بە بایەخە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە. خۆپیشاندەران بەدوای ئامانجی تاکەکەسیدا نین بەڵکوو هەموو کات بەدوای ئامانجی کۆمەڵێک لە مرۆڤەکاندا هەن جا ئەو ئامانجە دەتوانێ سێنفی، کۆمەڵایەتی، ئابووری یا سیاسی بێ و ئەگەر هێزە ئەمنییەکان لە چرکەساتی یەکەمدا ئەرکیان پاراستنی خۆپیشاندەران بێ و، بەربینگیان پێ نەگرن ڕەنگە هیچ تێکەڵچوون یا شێواوییەک دروست نەبێ و پۆلیس و هێزە ئینتزامییەکان بە چاوی تاوان و تاوانکاری نەڕواننە خۆپیشاندەران؛ زۆر سروشتییە خۆپیشاندرانیش هەوڵ نادەن دژکردەوەی توندوتیژی لە خۆیان نیشان بدەن.

بەداخەوە لە ڕۆژی دامەزرانی پۆلیسی ئێران و بەتایبەتی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا، شێوە تێگەیشتنێکی دوور لە بنەماکانی مرۆڤایەتی و قانوونی لە لایەن هێزی ئینتزامی و پۆلیسی ئێران لە پاراستنی نەزمی گشتی کراوە و، بەردەوام ئەوە ئەوان بوون بە هۆکاری شێواندنی نەزم و ئەمنیەت بەناوی جێبەجێکردنی قانوون بەتایبەتی لەو کاتانەدا، کە گرووپێک یا زۆرینەی خەڵک لە بڕیار

و بەڕێوەبەریی دەسەڵات نارازین و بۆ دەربڕینی ئەم نارەزایەتییە دێنە سەر شەقامی شارەکان.

ئەگەر ئەو تێگەیشتنە لای پۆلیس و هێزی ئینتزامی دروست ببوایە کە خۆپیشاندانی خەڵکی بەدژی بەڕێوەبەریی دەسەڵات تاوان نییە، رەنگە هیچ شوێنێک نەسووتێندرابایە و کەسیش خوێنی لە لووت نەهاتبایە. بەڵام هێزی ئینتزامیی کۆماری ئیسلامی ڕوانگەیان هەڵقوڵاو لە بیر و ئەندێشەی ویلایەتی ڕەهای فەقیهە وخۆیان بەستووەتەوە بەو ئیدئۆلۆژییە و لە مەکتەبی ئەواندا ئەخلاقی قانوونمەند و ئینسانی جێگای نابێتەوە. بۆیە بە جێگای ئەوە پارێزەری نەزم و ئەمنیەتی کۆمەڵگە بن خۆیان هۆکاری شێواندنی نەزم و ئاسایشی کۆمەڵگەن و، لە ئاکامدا دەتوانین بێگومان بڵێین کە هێزە ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی، تاوانباران بە شێواندنی نەزمی کۆمەڵگە و ڕشتنی خوێنی هەزاران هاووڵاتیی ئێرانی بێتاوان؛ تەنیا لە بەر پاراستنی ئەو دەسەڵاتەی خۆیان باوەڕیان پێیەتی.

هەر بۆیە پێویستە لەسەر کۆمەڵگەی جیهانی، بەتایبەتی کۆڕ و کۆمەڵی پاراستنی مافی مرۆڤ، فەرماندەرانی ئەو هێزە بە هۆکاری جینایەتی دژەمرۆڤی لانیکەم بخرێنە لیستی تەحریمەکانەوە.

(لە ژمارەی ٧٦٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠

-------------------------------------------------------

## پێگەی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی لە بازنەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی دوو مانگی داهاتوودا بەرەو بەناو هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی دەچێ و، لە ئێستاوە دەرگای خۆ پاڵاوتنەکانی کردۆتەوە و، خەڵکانێکیش بە هەر هۆکارێک بێ ناونووسییان کردووە کە ئەگەر لە پاڵوێنی شۆڕای نیگەهبان دەر بچن لە کێبەرکێی هەڵبژاردندا بەشدار بن.

مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بە پێی قانوونی ئەساسیی ئێران، ناوەندی یاسادانانی سیستمی کۆماری ئیسلامییە و ئەرکی چاودێری بەسەر بەڕێوەچوونی ئەو یاسایانەی لە ئەستۆیە کە لە لایەن دەوڵەتەوە جێبەجێ دەکرێ. بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی دەسەڵاتی ڕەهای ڕێبەر و ئاڵۆزیی سیستمی بەڕێوەبەریی ئەم وڵاتە، ئایا مەجلیس لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی وەک پارلمانێکی یاسادانەر ئەو ئەرکە یاساییانەی خۆی بەڕێوە بەرێ؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە پێویستە ئاوڕێک لە مێژووی پێکهاتنی ئەم مەجلیسە بدەینەوە و، بزانین بە تێپەڕبوونی کات و درێژ بوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، چۆن مەجلیس بوو بە ئامرازی دەسەڵاتداران بۆ ئەوەی لە ڕێگای پەسەندکردنی ئامانجەکانی خۆیان لە دووتوێی قانووندا شەرعییەت بە دەسەڵاتداریی خۆیان بدەن.

پێکهاتنی یەکەم خولی مەجلیس دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ڕێکەوتی ٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاویدا، دەیتوانی ڕۆڵێکی گرینگ لە ساختاری سیاسی و ئیداریی دوارۆژی ئێراندا بگێڕێ. هەر بەو هۆکارە زۆربەی لایەنە سیاسییەکان بە پێی کەشوهەوای ئەوکات هەوڵیان دەدا لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە کەسانی جێگای متمانەی خۆیان ڕەوانەی مەجلیس بکەن. بەڵام بێ ئاگا لەوەی کە خومەینی وەک ڕێبەری خاوەن دەسەڵات ناهێڵێ ئەم پێگە گرینگەی دەسەڵات لە دەستی دەر بچێ. هەر بۆیە لە پەیامێکدا کە بۆ یەکەم کۆبوونەوەی مەجلیس دەریکرد، ئامانجەکانی خۆی و نیزامەکەی دەستنیشان کرد و واجبی کرد کە پێویستە ئەندامانی مەجلیس ئەو خاڵانە کە لە پەیامەکەدا ئاماژەی پێ کراوە، بۆ پێشڤەوەچوون و سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە کار و تێکۆشان و پەسەندکردنی برگە قانوونییەکاندا وەبەرچاو بگرن. لێرەدا بەشێک لە نامەکەی خومەینی دێنین: «... لەو ڕۆژەدا مەجلیسی پیرۆزی شۆڕای ئیسلامی کە یەکەم مەجلیسی کۆماری ئیسلامییە کراوەتەوە، ئەم مەجلیسە لە ئاکامی هەڵبژاردنێکی ئازاددا پێک هاتووە. من ئومێد دەخوازم

مەجلیسێکی دادپەروەر و پێڕەوی ئیسلام و بە فازانجی موسوڵمانان و وڵاتی ئیسلامی بێ [...] پێویستە ئەو گەڵاڵە و تەرحانەی لە مەجلیس پەسەند دەکرێن دژایەتییان لەگەڵ قانوونە پیرۆزەکانی ئیسلام نەبێ و، بە هەموو تواناوە دژایەتیی ئەو پێشنەهادانە بکەن کە دژایەتییان لەگەڵ شەرع هەیە [...].» نێوەرۆکی پەیامەکەی خومەینی و هەڵبژاردنی ڕەفسنجانی بە سەرۆکی مەجلیس و گۆڕینی ناوی مەجلیس لە شۆڕای میللییەوە بۆ شۆڕای ئیسلامی، هەر لەسەرەتاوە دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ڕێگا و خەتی دیارە و بەو ئاقارەدا دەڕوا کە خومەینی و دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەیانهەوێ.

ویستی کۆمەڵگەی ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی ئەوە بوو، نیزامێکی دێموکراتیک و خەڵکی بێتە خاوەن دەسەڵات و پارلمانی ئەو نیزامە سیاسییە، نمادێک بێ لە جومهووریەت و دەسەڵاتداریی خەڵک، بەڵام بەپێچەوانەوەی ویستی خەڵک حکوومەتێکی خۆسەپێن و مەزهەبی دەسەڵاتی ئێرانی گرتە دەست و، مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئەو نیزامە نە خەڵکییە و نە لە بەرامبەر خەڵکیشدا خۆی بە بەرپرسیار زانیوە و دەزانێ. خەڵک چاوەڕوانیی ئەوەیان هەبووە ئەو قانوونانەی لە مەجلیس پەسەند دەکرێن لە ڕاستای بەرژەوەندیی ئەواندا بێ، بەڵام بە پێچەوانەوە مەجلیس تەنیا ئەو قانوونانەی پەسەند کردوە کە لە بەرژەوەندیی حکوومەتدا بووە.

دوای یەکەم هەڵبژاردن، خومەینی و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەستیان بەو مەترسییە کرد کە ئەگەر لە هەڵبژاردنی دواییدا بهێڵن نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان خۆیان بەربژێر بکەن، ڕەنگە مەجلیسیان لە دەست دەر بچێ و لە دوارۆژدا نەتوانن ئەو پێگەیە هەروا بەئاسانی بخەنەوە بەردەستی خۆیان، هەر بۆیە کەوتنە خۆ بۆ پێکهێنانی مەجلیسێکی دیکەی هاوتەریبی مەجلیس شۆڕای ئیسلامی، بەڵام بە سەڵاحییەت و دەسەڵاتی زیاترەوە ئەویش مەجلیسی شۆڕای نیگەهبان بوو. لە ڕاستیدا و بەپێی یاسا شۆڕای نیگەهبان سەڵاحییەتی زۆر زیاترە لە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی کە بەرواڵەت لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و پێی دەڵێن «خانەی ملت». دواتر و لەگەڵ زیاتر خۆسەپاندنی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەسەر گەلانی ئێراندا، بە چەندین دامودەزگای هاوشێوەی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی پێک هات کە دەتوانن قانوون دابڕێژن و بەڕێوەی بەرن، بۆ نموونە کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، شۆڕای بەرزی کولتووری، دادگای ڕۆحانیەت، شۆڕای ئەمنیەتی میللی و... کە لە هیچ نیزامێکی سیاسیی دنیادا ئەم جۆرە ساختارە لە یاسادانان نییە.

بەپێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو نیزامەیە، واتا هەرکام لە دەزگاکانی یاسادانان (مەجلیس)، بەڕێوەبەری (دوڵەت)، دادوەری (قەزایی) سەربەخۆ کار دەکەن و بۆ هەماهەنگییان، کۆمەڵێک یاسا و ڕێوشوێن دەسنیشان کراوە. بەڵام ئەوە هەر لەسەر کاغەزە و لە دنیای واقعدا دەسەڵات لەو نیزامەدا لەژێر دەستی یەک کەسدایە ئەویش ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە. ئەگەر وا نەبوایە و هەرکام لەو سێ دەزگایە لە ڕێگای قانوونەوە چاودێریی کار وتێکۆشانی یەکتریان کردبایە ڕەنگە سیستمی سیاسیی ئێران نیزامی کۆماری ئیسلامی نەبوایە. بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە و پێگەی مەجلیس لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بێجگە لەو نموونانەی سەرەوە، دەتوانین ئاماژە بە نێوەرۆکی

ئەسڵەکانی قانوونی ئەساسی لەسەر ژیانی سیاسی و ئابووریی خەڵک بکەین.

لە ئەسڵی ۷۱دا هاتووە؛ «مەجلیس لە هەموو بوارێکدا لەو ڕادەیە کە لە قانوونی بنەڕەتیدا دیاری کراوە، دەتوانێ قانوون دابڕێژێ.» بەڵام هەر بەدوای ئەو ئەسڵەدا واتا لە ئەسڵی ۷۲دا باس لەوە دەکا کە «مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی، ناتوانێ قانوونێک دەر بکا کە پێچەوانەی ئوسوول و ئەحکامی مەزهەبی ڕەسمیی وڵات بێ و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتە لە ئەستۆی شۆڕای نیگەهبانە» و، لە ئەسڵی ۹۳ دا باس لەوە دەکا کە «مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بەبێ بوونی شۆڕای نیگەهبان ئێعتباری قانوونی نییە ...» لە ئەسڵی ۹۸یشدا باس لەوە دەکا «خوێندنەوە و لێکدانەوەی قانوونی ئەساسی لە ئەستۆی شۆڕای نیگەهبانە.» بەم جۆرە دەبینین بەپێی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، مەجلیس لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێراندا ناتوانێ هیچ قانوونێک پەسەند بکا و تەنیا کاری ئەوەیە پەسەندی ئەو گەڵاڵانە بکا کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بۆ قائیم کردنی پێگەی دەسەڵاتی خۆیان پێویستیان پێیە و، لە نوێترین نموونەدا دەتوانین باس لە ناڕەزایەتیدەربڕینی کۆمەڵێک نوێنەری مەجلیس بکەین کە ناڕازی بوون لەوە کە دەوڵەت بەبێ ئەوەی گەڵاڵەی بردنە سەری نرخی بێنزین بباتە مەجلیس، یەک لایەنە ئەو بڕیارەی دەرکردوە. کاتێک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هەستی بەوە کرد کە ڕەنگە هەڵوێستی ئەندامانی مەجلیس ببێتە پاڵپشتی خۆپیشاندەران، هاتە مەیدان و گوتی من پاڵپشتی ئەو بڕیارە دەکەم و هەر ئەو قسەیە بوو بە هۆکاری ئەوە ئەندامانی مەجلیس لە گوتەی خۆیان پەژیوان ببنەوە و، لە ئاکامدا مەجلیس نەیتوانی هیچ دژکردەوەیەک بە قازانجی خەڵک لە خۆی نیشان بدا.

لە لایەکی دیکەوە هەر بەپێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران سیستمی دەسەڵاتدارەتی بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ دارشتنی قانوون و چاودێریی بەرێوەچوونەکەی، مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ئەو دەسەڵات و توانایەی نییە کە بتوانێ هەم قانوون پەسەند بکا و هەم چاودێری بەڕێوەچوونی ئەو قانوونە بێ، چونکە هەر وەکی لە سەرەوە وترا مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بەبێ بوونی شۆڕای نیگەهبان ئێعتباری قانوونیی نییە، لە حاڵێکدا دەبوایە پێچەوانەکەی بوایە چونکە لە ڕواڵەتدا مەجلیس لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتییەوە پێک دێ؛ بەڵام ئەندامانی شۆڕای نیگەهبان لەلایەن ڕێبەرەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دیاری دەکرێن.

بێجگە لە شۆڕای نیگەهبان کە چاوەدێری بەسەر کارەکانی مەجلیسدا دەکا، ئۆرگانێکی دیکەش بەناوی کۆڕی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام چاودێریی بڕیار و قانوونەکانی مەجلیس دەکا و، هەر وەکی لە ناوەکەیەوە دیارە هەر قانوونێک کە لە بەرژەوەندیی نیزامدا نەبوو ئەو کۆڕە ماف و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە قانوونەکە ڕەد بکاتەوە بەبێ ئەوەی مەجلیس توانای دیفاع کردن لە خۆی هەبێ. بۆیە دەبینین لە ماوەی نزیک بە چل ساڵی ڕابردوودا مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی نەیتوانیوە وەک دەزگایەکی سەربەخۆ و یاسادانەر دەر بکەوێ و، هەر کاتێکیش بەشێک لە نوێنەرانی مەجلیس بەپێی هەلومەرج و داوکاریی خەڵک هەوڵیان داوە هەڵوێستیان هەبێ و، لە بەرامبەر شۆڕای نیگەهبان و یا هەیئەتی دەوڵەت و یا دەزگای دادوەری وەستاونەوە، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هاتۆتە مەیدان و بە حوکمی حکوومەتی ئەو بەشەی لە مەجلیس دەمکوت کردوە.



سەرچاوە
Serchawe

له کۆتاییدا دەتوانین ئاوا ئاکام لەم باسە وەربگرین:

* مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی، لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا ناوەندێک بووە بۆ شەرعیەت دان بە کار و کردەوە نامرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامی.

* لەماوەی تەمەنی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیدا دەر کەوتووە کە حوکمی حکوومەتیی ڕێبەر بەهێزتر و بەتواناترە لە قانوونەکانی مەجلیس.

* بوونی چەندین دامودەزگا و ناوەندی یاسادانانی هاوتەریب لەگەڵ مەجلیس، ئەو ئێعتبارە قانوونییەی لە مەجلیس ئەستاندۆتەوە کە وەک تاکە ناوەندی قانوون دانان لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا چاو لێ بکرێ.

(لە ژمارەی ٧٦٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠٢٠

-----------------------------------------------

## بەرپرسایەتیی قانوونیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خستنە خوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە

بابەتی بەرپرسایەتیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ خستنەخوارەوەی فڕۆکەی نەفەرهەڵگری ئۆکراینی لە زۆر لایەنەوە هاڵۆزیی خۆی هەیە کە، لەم نووسینەدا هەوڵ دەدرێ بەشێک لەو لایەنە قانوونییانە کە بەرپرسایەتی دەخەنە سەر کۆماری ئیسلامی باس بکرێ.
پێش لەوە بچینە سەر ئەو باسە، پێویستە بەکورتیش بووبێ باسێک لە ئەندامەتیی ئێران لە ڕێکەوتننامەی شیکاگۆ کە لە ساڵی ١٩٤٤دا بەسترا، بکەین. ئەو ڕێکەوتننامەیە باس لە شێوازی هاتوچۆی هەموو ئەو فڕۆکانە دەکا کە کاری بازرگانی و گواستنەوەی موسافیر لە سەرانسەری دنیادا دەکەن، بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە هەتا ئەو کاتە کە فڕۆکەی بازرگانی و موسافیرهەڵگری خاریجی لە ئاسمانی هەر وڵاتێکدا بن، وەزیفەی پاراستنی ئەو فڕۆکانە لە ئەستۆی وڵاتی میوانداره. لە مادەی ٩ی ئەم ڕێکەوتننامەیە بەڕوونی باس لە بابەتی ناوچە فڕینە قەدەغەکراوەکان دەکا و تەنانەت لە بەندی (ب)ێی ئەو مادەدا بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکا هەر دەوڵەتێکی ئەندام ئەو مافەی هەیە لەو کاتەدا کە هەست بە بوونی مەترسی لەسەر فڕینی فڕۆکەکان بکا و یا پاراستنی سڵامەتیی گشتی لە گۆڕێدا بێ، لە فڕینی ئەو فڕۆکانە پێشگیری بکا و لەلایەکی دیکەوە بەپێی قانوون و عورفی نێودەوڵەتی هەر فڕۆکەیەک چ فڕۆکەی شەڕکەر بێ یا موسافیری، بە هەر بیانوویەک سنووری ئاسمانیی وڵاتێکی دیکە ببەزێنێ، تەنانەت ئەگەر شەڕکەریش بێ بەڵام هەلومەرجی شەڕ نەبێ پێش لەوە هێرشی بکرێتە سەر پێویستە فڕۆکەوانی ئەو فڕۆکەیە ئاگادار بکرێتەوە لە بەزاندنی سنووری ئاسمانیی ئەو وڵاتە، جا ئەو کات یا ناچاری بکەن بە نیشتنەوە یان ئاسمانی ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێ.

زۆر جار لە هەواڵەکاندا گوێمان لێ دەبێ کە کەرەسە گشتییەکانی وەک فڕۆکە، شەمەندەفەر و... تووشی ڕووداوی نەخوازراو دەبن و خەڵکانێکیش لە ئاکامدا یا گیانیان لە دەست دەدن یا بریندار دەبن، بەڵام بەردانەوەی فڕۆکەی موسافیرهەڵگر لەلایەن سپای وڵاتێکەوە ڕووداوێکی کەموێنەیە و ئەم ڕووداوە بەرپرسایەتیی زۆر دەخاتە سەر کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا. بە واتایەکی دیکە تایبەتمەندیی ئەو کارەساتە بە جۆرێکە کە هەموو بەرپرسایەتیی سیاسی و قانوونی و مەعنەوی و ئابوورییەکەی دەخاتە ئەستۆی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی.

ئەو بەرپرسایەتییانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانین بەکورتی بەو شێوەی خوارەوە باسیان بکەین.

**یەکەم**، سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشی مووشەکیی کردۆتە سەر فڕۆکەیەکی موسافیرهەڵگری وڵاتێکی دیکە لە حاڵێکدا لە فڕۆکەخانەیەکی نێو خاکی ئێران هەستاوە و شوێنی هەستانی فڕۆکەکە و سەکۆی مووشەکیی بەرگریی ئاسمانیی سپا لەیەک ناوچەی بەرتەسکی لێک نزیک هەڵکەوتوون.

**دووهەم**، لەو کاتەدا کە فڕۆکە ئۆکراینییەکە لە فڕۆکەخانەی "ئیمام خومەینی" خەریکی خۆ ئامادەکردن بۆ فڕین بووە، ئێران لە



سەرچاوە
Serchawe

هەلومەرجی شەڕدا بووە و هێزە نیزامییەکانی لە حاڵەتی ئامادەباشدا بوون و بەپێی ڕێکەوتننامەی شیکاگۆ سازمانی فڕۆکەوانی مەدەنیی ئێران نەدەبوو ئێزنی هەستان بەو فڕۆکە ئۆکراینییە بدا.

**سێهەم**. هەرچەند سندووقی ڕەشی فڕۆکەکە هێشتا لای ئێرانییەکانە و زانیارییەکانی ئاشکرا نەکراوە بەڵام هەموو بەڵگەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە چ پێش فڕین و چ دوای فڕین هیچ هۆشدارییەک نەدراوە بە فڕۆکەوانی ئەو فڕۆکەیە.

**چوارەم**. بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان فڕۆکەی هەر وڵاتێک بە بەشێک لە خاکی ئەو وڵاتە هەژمار دەکرێ و هەر جۆرە هەڕەشە و هێرشێک بۆ سەر فڕۆکەکە هێرشکردنە بۆ سەر خاکی ئەو وڵاتە.

**پێنجەم**. بە پێی هەموو زانستە نیزامییەکانی سەردەم هەموو سیستمی بەرگریی ئاسمانیی وڵات دەبێ و پێویستە پێکەوە گرێ درابن بەیەک، واتا پێوەندییەکانیان ئەوەندە چڕوپڕ بێ کە فەرماندەیی بەرگریی ئاسمانی بەوردی ئاگای لە هەموو جموجۆڵێکی بێ، بەڵام بەپێی قسە و لێدوانی بەرپرسانی پلەبەرزی سپای پاسداران و فەرماندەیی بەرگریی ئاسمانی، بە سیستمی سەرانسەریی ڕاداری بەرگریی ئاسمانی نەبەستراوەتەوە و یا شێوەی پێوەندییەکەی بەپێی ئوسوولی بەرگریی ئاسمانی نەبووە و، لە هەمان حاڵدا هەر ئەو فەرماندانەی سپا ڕادەگەیەنن کە ئەفسەری فەرماندەیی ئەو سیستمە مووشەکییە خەتای کردوە و فڕۆکەکەی لەگەڵ مووشەکی کرووزی سپای ئەمریکا لێ تێک چووە و، ئەو دانپێدانانە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دامەزراندنی ئەو سیستمە زۆر بەپەلە بووە و کەسانی بەرپرس لەو سیستمە بێتەجروبە و لە هەمان کاتدا ناشارەزا بوون. دەنا ماوەی شەش دەقیقە بووە لە فڕگەی "ئیمام خومەینی" لە زەوییەوە هەستاوە و لە حاڵی بەرزبوونەوەدا بووە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئاستە لە بەرزی کە بکەوێتە سەر خەتی فڕین، بەڵام مووشەکی کرووز بەپێی قسەی شارەزایانی بواری نیزامی لە بەرزییەکی دیاری کراودا دەفڕێ و پێویستی بە بەرزبوونەوە نییە و، بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەرەو پێشەوە بۆ لای ئامانجەکە دەفڕێ و؛ جیاوازییەکی دیکەی مووشەکی کرووز لەگەڵ فڕۆکەی موسافیرهەڵگر ئەوەیە کە لە بواری درێژایی و پانایی بە هیچ شێوەیەک وەک یەک ناچن.

**شەشەم**. لە ڕوانگەی خاوەن نەزەرانی نیزامییەوە ئەو پرسیارە هاتۆتە ئاراوە کە فەرماندەیی سپای پاسداران و یا فەرماندەی هێزی بەرگریی ئاسمانی، لەبەر چ پێویستییەک ئەو سیستمە بەرگرییە ئاسمانییەیان وا بەپەلە لە نزیک فڕۆکەخانەیەکی مەدەنی دامەزراندوە و لە هەمان کاتدا بۆچی پێشگیرییان نەکردوە لە فڕینی فڕۆکەکان.

بە پێی ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسمان کردن بەو ئاکامە دەگەین کە بەردانەوەی ئەو فڕۆکەیە چ خەتای ئینسانی بێ و چ خەتای تکنیکی، دەچێتە خانەی جەنایەت و کوشتاری بە ئانقەستی خەڵکی بێتاوان و لە هەمان کاتدا هەروەکی پێشتر باس کرا فڕۆکەی موسافیری یا بازرگانی هەر وڵاتێک بەپێی قانوونە نێودەوڵەتییەکان خاکی ئەو وڵاتەیە، هەر بۆیە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بێجگە لەوەی جینایەتی خولقاندوە، لە هەمان کاتدا بە بەردانەوەی ئەو فڕۆکەیە هێرشی کردۆتە سەر خاکی دەوڵەتی ئۆکراین. هەر

دووی ئەو بابەتانە بەرپرسایەتیی قانوونی و دادوەری دەخاتە سەر شانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بەو مانایە کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر بنەماڵەی قوربانییانی ئەو کارەساتە بەرپرسە و لەسەریەتی قەرەبووی مادی و مەعنەوییان بکاتەوە، لەبەر ئەوەی موسافیرەکانی ئەو فڕۆکەیە خەڵکی چەندین وڵاتی جیاوازن، کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە لەگەڵ قانوونی چەند وڵات بەرەوڕوو دەکاتەوە، بەو مانایە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە ئێران لە گەڵ ئەو وڵاتانە تووشی "تعارض قانون" دەبێ و لە ئاکامدا ناچار دەبێ بە پێی قانوونی نێودەوڵەتی قەرەبووی مادیی ئەو بنەماڵانە بکاتەوە، کە ڕادەکەی زۆرە.

هەر ئەوەشە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پەنا دەبەنە بەر ئەو ئەسڵە لە قانوونەکانی خۆیاندا کە "دو تابعیتی" قەبووڵ ناکەن، دەشزانین ڕادەیەکی بەرچاو لە کوژراوەکان "دو تابعیتی"- ی بوون و، کۆماری ئیسلامی ئەگەر بە پێی قانوونەکانی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی کوژراوە دوو وڵاتییەکان ڕەفتار بکا، تەنیا خوێنبایی (دیە)یان پێ دەدا کە بڕە پارەیەکی کەمە لە چاو ئەو قەرەبووەی قانوونی نێودەوڵەتی دیاریی کردوە. بێجگە لەوە کۆماری ئیسلامی لە بواری سیاسییەوە دەبێ بەفەرمی لە هەموو ئەو وڵاتانە کە لەو کارەساتەدا زیانبار بوون عوزر بێنێتەوە و، لە بواری مادییەوە دەبێ قەرەبووی دەوڵەتی ئۆکراین و شیرکەتی خاوەنی فڕۆکەکە بکاتەوە کە، ئەوەش خۆی هەم لە بواری قانوونییەوە و هەم لە بواری مادییەوە تێچوویەکی زۆر بۆ کۆماری ئیسلامی هەڵدەگرێ.

سەرەڕای ئەوانە بەردانەوەی ئەو فڕۆکەیە زیانێکی گەورەی لە هێڵی ئاسمانیی ئێران داوە و، ئەگەر کۆماری ئیسلامی پێبەند نەبێ بە قەبووڵی بەرپرسایەتی و قەرەبووی بنەماڵەی قوربانییان و دەوڵەتانی زیان وێکەوتوو، ڕەنگە بۆ ماوەیەکی باش هێڵی فڕۆکەوانیی موسافیری ڕاستەوخۆ ڕوو لە ئێران نەکا و خەتی فڕۆکەوانیی جیهانیش بە ڕادەیەکی بەرچاو هاتوچۆیان کەم بکەنەوە، کە ئەوەش بۆخۆی زیانێکی گەورە بە کەرتی فڕۆکەوانی و گەشتیاری و بازرگانی ئێران دەگەیەنێ؛ لە ڕاستیدا هەزینەکەی دەبێ وەک هەموو گێرەشێوێنییەکانی دیکەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە سەر شانی گەلانی ئێران.

(لە ژمارەی ٧٦٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠

---

## ڕێژیمی پاشایەتی بۆ ڕووخا؟

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ هاوکات بوو لەگەڵ ٤١ ساڵەی تەمەنی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پاشایەتیدا. شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ڕیزی گرینگترین شۆڕشەکانی سەدەی بیستەمە کە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لێکەوتەوە. بەڵام ئێستا و لە دوای ٤١ ساڵ کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوە جێگیر بوو، دۆخەکە پێچەوانە بووەتەوە و خەڵک و هەموو لایەنە سیاسییەکان چاوەڕوانی ڕووخانی ئەم ڕێژیمەن و، نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ئەمساڵ شایەدی ئەم ئیدیعایەیە.

لەم نووسینەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک لە هۆکارەکانی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی دەکەین و لێکەوت و ئاکامی ئەم شۆڕشە، خاڵی هاوبەشی لەگەڵ هەلومەرجی ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە و دەبێ. ئەم شۆڕشە بە یەکێک لە ئامانجەکانی کە ڕووخانی ڕێژیمی شا بوو گەیشت، بەڵام ئامانجەکانی تر کە ئازادی و دێموکراسی و ژیانێکی خۆشبژیوانە و... بوو هێشتاکەش هەر دەستەبەر نەبوون کە هیچ، زیاتریش پشتگوێ خراون و، هەر بۆیە ئەم هەوڵ و خەباتانە هەر بەردەوامە.

### کۆمەڵێک لە هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان

#### هۆکارە نێوخۆییەکان:

گەندەڵیی ئابووری و ئەخلاقی یەکێک لەو هۆکارانە بوو؛ کە هەموو تانوپۆی سیستمی ئیداریی وڵاتی داگرتبوو و، ئەم گەندەڵییانە بە شێوەیەکی بەرچاو و زەق خودی دەربار و بە تایبەت بنەماڵەی شای گرتبۆوە. هەر ئەمەش ببوە هۆی سەرهەڵدان و پەرەگرتنی جیاوازیی چینایەتی لە ئێران. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پرۆپاگاندای شا و دەربار باسیان لە هێنانی شارستانیەت و پێشکەوتن بۆ ئەم وڵاتە دەکرد و؛ بۆمان دەرکەوت هێنانی شارستانیەت نەک پیشەسازی و پێشکەوتنی مادی بەڵکوو هێنانی بێبەرنامەی کولتووری ڕۆژاوا بۆ کۆمەڵگەی سوننەتی و مەزهەبیی ئێران بوو، کە خۆی یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش بوو.

گەشەی مەزهەب: دەسەڵات و دەزگا ئەمنییەکانی مەترسیی گەشەی مەزهەبیان بەهەند نەدەگرت و تەنانەت زۆر جاران ئەگەر ڕێگەی بۆ خۆش نەدەکردن لانیکەم کەمترین کێشە و لەمپەریشیان بۆ دروست نەدەکرد؛ لە ڕاستیدا نووکی پەیکانی سەرکوتی ڕێژیم بۆ پێکانی ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان، نەتەوەییەکان بوو.

لەم بەشەدا بۆ ئەوەی هەندێک لە وردەکارییەکان گەشەی مەزهەب لەو کاتەدا بێتە بەرچاو، ئاماژەیەکی ئاماری بە برێک لەو ڕووداو



سەرچاوە
Serchawe

و دیاردانەی ئەو سەردەمە دەکەین کە لە کتێبی "دەنگێک کە نەبیسترا" لە نووسینی نووسەران: "عەباس عەبدی، عەلی ئەسەدی، مەجید تارانیان، موحسین گوودەرزی" دا هاتوە. مزگەوت یەکێک لە پێگە گرینگەکانی ئیسلامییەکان بوو، بە پێی ئامارەکانی ساڵی ١٣٤١ی ئیدارەی ئەوقاف، ٣٦٥٣ مزگەوت لە هەموو ئێراندا بووە کە پاش ١١ ساڵ و تەنیا لە بژاردنی ٢٢٣ شاردا ٥٣٨٩ مزگەوت دروست کراوە. لەسەر چاپی کتێبی مەزهەبی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٣ - ١٣٤٢ ڕادەی ٥٦٧ کتێبی مەزهەبی لە ئێران چاپ و بڵاو بوونەتەوە و ساڵ بە ساڵیش ڕووی لە زیادبوون بووە. بە جۆرێک کە لە ساڵەکانی ١٣٥١ - ١٣٥٣ ئەو ڕادەیە گەیشتۆتە ١٦٩٥ کتێب. بەم جۆرە پەرەگرتنی هەستی مەزهەبیی خەڵک کە دژکردەوەیەک لە بەرامبەر هاوردەی کولتووری ڕۆژاوا بوو، توانی ڕێخۆشکەر بێ بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی ڕۆحانیەت.

سەربەخۆ نەبوونی شا: دژبەرانی ڕێژیمی پاشایەتی لەسەر ئەوە کۆک بوون کە شا، مۆرەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و لە سەرووی هەمووانەوە ئەمریکای چاودێریەتی. کۆمۆنیستەکان خەباتیان بەدژی ڕێژیمیان لە سەنگەری خەبات بەدژی ئیمپریالیزم دادەنا و میللییەکان بە دوای سەربەخۆیی سیاسی و ئابوورییەوە بوون و، ئیسلامییە شێعەکانیش خوازیاری دابەزاندنی شەریعەت ئیسلام لە کۆمەڵگەدا بوون. دیارە ئیسلامییەکان هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ مۆدێرنیزاسیۆنی ئێران کێشەیان هەبوو، بۆ نموونە کاتێک شای ئێران لە ساڵی ١٣٤١دا مافی دەنگدانی بۆ ژنان لەبەرچاو گرت؛ بەرەوڕووی دژایەتیی خومەینی بووەوە و خومەینی بە نیشانەی ناڕەزایەتی‌دەربڕین نەورۆزی ئەو ساڵەی بە نەورۆزی ماتەمین ڕاگەیاند. لە گۆڕانی ڕۆژژمێریش لە کۆچی هەتاوییەوە بۆ شاهەنشاهی، دیسان ئەم هەڵلایانە دروست بوو. لە ڕاستیدا گەورەترین کێشەی ئیسلامییەکان لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن و هێرشی کولتووریی ڕۆژئاوایی بوو.

نەبوونی ئازادیی سیاسی: محەممەد ڕەزاشا هەستی بەو ڕاستییە کردبوو بوونی حیزب لەنێو کۆمەڵگەدا پێویستە، بەڵام بە جێگای ئەوە ئیزنی کێبەرکێیەکی ئازادانە بدا، لە ڕێگای دامودەزگای دەسەڵاتداریی خۆیەوە بە تایبەتی ساواک هەوڵی ئەوەی دەدا خەڵکی ئێران لە یەک حیزبدا بە ناوی حیزبی "ڕستاخیز" ڕێک بخا و، کۆمەڵگە بەرەو یەک حیزبی بەرێ، ئەوە بوو بە هۆکارێک کەسانێک بە تایبەتی بازاڕیان و توێژی بازرگانان کە هیچ پێشینەیەکی سیاسییان نەبوو لەژێر فشاری ساواک ببنە ئەندامی حیزبی "ڕستاخیز". ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ئەم چینەش بکەونە بەرەی دوژمنانی ڕێژیمەوە و لە سەرهەڵدانەکاندا ڕۆڵی چالاکیان هەبێ.

### هۆکارە دەرەکییەکان:

تایبەتمەندیی جوغرافیایی: لە دنیای دووجەمسەریدا وڵاتی ئێران بە هۆی هەڵکەوتەی جوغرافیاییەکەی گرینگییەکی تایبەتی هەبوو، بەرەی ڕۆژهەڵات بە سەرکردایەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت هەوڵی دەدا لە ڕێگای هەناردەکردنی بیری کۆمۆنیستی و پاڵپشتی لە چەپەکان جێ پێی خۆی لە ئێران بکاتەوە و، بەرەی ڕۆژئاواش لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە پێش بە نفوزی ئەوان بگرێ. بۆیە هەر هەڵسوکەوتێکی شا و دەوڵەتەکەی لەبەرچاوی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ون نەدەبوو. لە دەیەی پەنجادا شای ئێران بۆ ئەوەی نیشان بدا کە لە بڕیاردان و سیاسەتدا سەربەخۆیە هێندێک مامەڵەی ئابووریی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت کرد کە ئەمە بۆ ئەمریکا

و، بەرەی ڕۆژئاوا نیشانەیەکی باش نەبوو، بۆیە کەوتنە کارشکێنیی لەسەر ڕێی حکوومەتی پاشایەتی و بەتایبەتی لەژێر بە بیانووی نەبوونی کەشی ئازادیی سیاسی؛ شایان خستە ژێر فشارەوە.

**ئاڵوگۆڕی سیاسیی ناوچە:** لە بەرەبەری شکلگرتنی ناڕەزایەتییەکانی گەلانی ئێران لە وڵاتی دراوسێی ڕۆژهەڵاتی ئێران واتا ئەفغانستان، حیزبی کۆمۆنیستی لایەنگری یەکیەتیی سۆڤیەت دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی بەدەستەوە گرت و، دوای ماوەیەک بۆ سەقامگیرکردنی ئەو حکوومەتە یەکیەتیی سۆڤیەت سنووره نێودەوڵەتییەکانی بڕیو بە لەشکر و جبەخانەوە هاتە نێو خاکی ئەفغانستان چوو و، ئەوەش هۆکارێکی دیکە بوو کە ئەمریکا و بەرەی ڕۆژئاوا ترسیان ڕێنیشت، لەوەی ئێرانیش بە مەرەدی ئەفغانستان بچێ.

**نەخۆشیی شا:** ماوەی چەند ساڵێک بوو شا تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو و ئەوەشی شاردبۆوە لە هەموو دەوروبەرییەکانیشی، بەڵام ڕوخسارێکی زەردهەڵگەڕاو و ماندوو ئەم ڕاستییەی دەردەخست و کەمتر دەرکەوتنەکەی و لەو لاشەوە سەردانی شاژن بۆ زۆربەی شوێنەکان و، هەروەها هەندێک زانیاریی ئیتلاعاتی ئەمریکا گومانی نەخۆشیی شای بەهێزتر کرد و، هەر بۆیەش ئامادە نەبوون لەسەر کەسێک کە ئەگەری مردنی هەیە حیساب بکەن.

**پێوەندیی خومەینی و کێنێدی:** بە پێی بەڵگەکانی "سیا"ی ئەمریکا، خومەینی لە خەرمانانی ساڵی ١٣٤٢دا لە ڕێگای ئاخوندێکەوە لە سەردەمی سەرکۆماریی جانئێف کێنێدی، پێوەندیی بە سازمانی ئەمنیەتی ئەمریکاوە گرتوە و، لەوێدا باسی لەوە کردوە کە دژبە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەنگاو نانێ. خومەینی درێژەی بەم سیاسەتەی خۆی دا هەتا گەیشتن بە دەسەڵات. بەم کارەش دوو مەبەستی دەپێکا، یەک ئەمریکا وەکوو هێزێکی یەکلاکەرەوە نەبووە دوژمنی و دواتریش ئەرتەشی ئێران کە لەژێر کاریگەریی فەرماندە ئەمریکاییەکان بوو؛ دیسان وەک دوژمنێک چاویان لە خومەینی نەکرد و، خۆی وەک کەسێک ناساند کە دژایەتیی لەگەڵ بەرەی ڕۆژئاوادا نییە و سەربە بلووکی کۆمۆنیزمیش نییە.

**ڕۆڵی ژێنێراڵ هایزێر:** بە پێی هەندێک بەڵگە لەو سەردەمەدا کە شاپوور بەختیار بووە سەرۆک وەزیران، ژێنەراڵ هایزێر وەک نێردراوی جیمی کارتێر، سەرۆک کۆماری ئەمریکا چووەتە ئێران ئەرتەشی ئێران هان بدا یا پشتیوانی لە بەختیار بکا و یا کوودەتا بکەن و شا لە سەر تەخت لابەرن و خۆیان دەسەڵات بگرنەدەست. بەڵام نوێنەرانی خۆپیشاندەران کە بە هایزێریان گوتوە ئەگەر دەیانهەوێ ئەمریکاییەکانی نیشتەجێی ئێران کە بە ٦٠ هەزار کەس مەزەندە دەکران زیان نەبینن، وا باشە ئەرتەش هان بدرێ خۆی ڕادەستی خەڵکی ناڕازی بکا. لە ئاکامدا دەبینین ئەرتەشێک کە بە ژاندارمی ناوچە دەناسرا و یەکێک لە ئەرتەشە بەهێزەکانی جیهان بوو؛ بە پێی بەرژەوەندیی ئەمریکاییەکان تەسلیم بوو.

بەو خوێندنەوەی سەرەوە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان لە ساڵی ٥٧ی هەتاوی بە دژی ڕێژیمی

پاشایەتی، یەکیان گرتەوە و ئەم دەسەڵاتەیان تێکەوە پێچا. بەڵام نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و یەک ئامانج ڕەوتی شۆڕشی گەلانی ئێرانی گۆڕی و بە جێگای هاتنە سەر دەسەڵاتی نیزامێکی دێموکراتیک کە ماف و کەرامەتی ئینسانی و دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتی تێدا پارێزراو بێ، دەستەیەکی پاوانخواز و بەدوور لە بەها ئینسانییەکان سواری شەپۆلی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بوون و، لە نێوەرۆکدا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ سیستمی پێشوو نەبوو و نییە. هۆکارەکەشی هەروەکی پێشتریش باس کرا نەبوونی یەکگوتاری و یەکهەڵوێستیی ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخواز بوو کە ئەوە باشترین مەجالی بۆ لایەنگرانی خومەینی خولقاندبوو کە هەم فەزای خۆپیشاندانەکانی خەڵک بە شوعارەکانی خۆیان پڕ بکەن و هەم ئارام ئارام ئەو بیروباوەڕە لەنێو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە و بیکەن بە ئەمری واقع، کە ئەوە تەنیا خومەینییەکە ڕێبەریی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی دەسەڵاتی شا دەکا.

ئێستای ئێرانیش ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخواز و دێموکرات و باوەڕدار بە مافی مرۆڤ و نەتەوەکانی ئێران یەک نەگرن و یەکگوتار و یەکهەڵویست نەبن بە مەرەدی شۆڕشی ساڵی ٥٧ دەچن و لایەنی هەلپەرست بە پاساوی ئێرانچییەتی لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن.

(لە ژمارەی ٧٦٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٠

------------------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## بەرپرسایەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە بەرابەر ڤیرووسی کرۆنادا

ماوەی چەند حەوتوویەک دەبێ نەخۆشییەکی کوشندە و گشتگیر بەرۆکی زۆربەی وڵاتانی دنیا یەک لەوان ئێرانیشی گرتۆتەوە و، ئەوی لەم نێوەدا جێگەی سەرنجە ئەم وڵاتە لە ڕیزبەندی پێشەوەی ئەو وڵاتانەیە کە بە دەست ئەم ڤایرۆسەوە دەناڵێنن. وەکی ئامارەکان نیشان دەدەن بەداخەوە ڕەنگە بە هۆی کەمتەرخەمیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەتوانرێ بەمزووانە پێشگیری لە زیاتر تەشەنەکردنەکەی بگیرێ.

تەندروستی و سڵامەتیی گشتی یەکێک لە مافە سەرەتایی و گرینگەکانی مرۆڤە، بە واتایەکی دیکە پرسی تەندروستیی مرۆڤەکان پرسێکە پێوەندیی بە هەموو کۆمەڵگەی جیهانییەوە هەیە و، سنوور و جیاوازییەکان ناناسێ. هەر بۆیەشە قانوونە نێودەوڵەتییەکان گرینگیی تایبەتیان داوە بە سڵامەتیی گشتیی مرۆڤەکان. لە مادەی ٢٥ی بەندی یەکەمی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، مافی سڵامەتی و دەستڕاگەیشتن بە پێداویستیی دەرمانی و پزشکی بۆ هەمووان بە پێویست زانراوە. هەروەها لە بەشێک لە مادەی ١٢ی پەیماننامەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان پەسەندکراوی ساڵی ١٩٦٦، پێشگیری لە نەخۆشییە گشتگیرەکان، ناوچەییەکان یا نێودەوڵەتییەکان و؛ هەروەها دۆزینەوەی چارەسەری ئەو نەخۆشییانەی بە ئەرکی سەرەکیی دەوڵەتەکان داناوە.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە دەوڵەتی چین بە هەموو هێزی مادی و مرۆییەوە بەرەو شەڕی ئەو ڤایرۆسە ڕۆیشت. ڕێگای هاتوچۆی ئەو شارانەیان داخست و لە شارەکانیشدا هەموو هاموشۆ ناپێویستەکانیان ڕاگرت و، داوایان لە خەڵک کرد کە پێبەندی ڕێنماییەکان بن بۆ پاراستنی سڵامەتیی خۆیان و ڕایانگەیاند سەرپێچیکار ڕووبەڕووی قانوون دەبێتەوە. لە بریتانیاش دەوڵەتی ئەم وڵاتە لەم پێوەندییەدا قانوونێکی پەسەند کرد و، لەوێدا دەسەڵاتی تەواو بە نەخۆشخانە و ناوەندە دەرمانییەکان دراوە، کەسانی تووشبوو بەم ڤیرووسە ڕابگرن و بە هیچ شێوەیەک نەهێڵن بەبێ ئیزنی کادری دەرمانی ئەم شوێنانە بەجێ بێڵن.

بەڵام کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی قانوونە نێونەتەوەییەکان و عورفی نێودەوڵەتی بەرەو پیلی ئەو نەخۆشییە گشتگیرەوە چووە. بۆ نموونە سایتی "بولتن نیوز" کە سەربە سپای پاسدارانە، ڕۆژی سێشەممە ١٥ی ڕێبەندان هەواڵێک بەم سەردێڕە بڵاو دەکاتەوە: "شایعەی مضحک شیوع کرونا در استان کردستان توسط ضد انقلاب" و لە درێژەی هەواڵەکەدا لە زمانی جێگری سەرۆکی تەندروستیی زانستگەی علووم پزشکی کوردستانەوە دەڵێ: "هەموو ئەو بابەتانەی لەسەر بڵاوبوونەوەی ڤیرووسی کرۆنا لەو پارێزگایە بڵاو بۆتەوە دوورن لە ڕاستی." ئەو کاتەش کە لە سەرەتای مانگی ڕەشەمەدا هەواڵی گیانلەدەستدانی دوو کەس لە شاری قوم بڵاو بۆوە، دامودەزگای تەندروستیی ئێران و چالاکانی مەدەنی و کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی، فەرهەنگی و هونەری داوایان کرد کە ئەم شارە بە مەبەستی پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ئەم نەخۆشییە قەرەنتینە بکرێ. بەڵام محەممەد سەعیدی، نوێنەری ڕێبەری کۆماری



سەرچاوە
Serchawe

ئیسلامی لە قوم ڕۆژی ٣ی ڕەشەمە لە لێدوانێکدا گوتی: "ترامپ دوژمنی کۆماری ئیسلامییە و بۆ ئەوەی تۆڵە لە شاری قوم بکاتەوە ئەم جۆرە هەواڵانە بڵاو دەکاتەوە کە نیشان بدا ئەم شارە نائەمنە و جێگایەکی پڕمەترسییە، بەڵام ترامپ ئەو ئاواتە دەباتە ژێر گڵ." هەر لەم پێوەندییەدا خامنەییش لە لێدوانێکدا گاڵتەی بە هەواڵی بڵاو بوونەوەی نەخۆشیی کرۆنا کرد و گوتی: "ئەوە هەوڵی دوژمنە بۆ ئەوەی خەڵک لە هاتن بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بترسێنن." لە هەمان کاتدا حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماریش بە پروپاگاندای دوژمنی دانا.

لەم ماوە کورتەدا ڤیرووسی کرۆنا بە هۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ڕووی لە ئێران کرد و خێرا بڵاو بۆوە، کە بەپێی ئامارە دەوڵەتییەکان بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی زیاتر لە ٧٥٠ کەس و لە هەمان کاتدا تووشبوونی ١٥ هەزار کەس (هەتا ٢٥ی ڕەشەمە) و خوڵقانی کەشی نائومێدی و ترس و دڵەڕاوکێ لە ئێران؛ کە ئەم دۆخە زیاتر لە جاران ناکارامەیی و بێ‌مودیریەتیی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامەی دەرخستوە.

لەسەر ئەم پەتایە ئەو ڕاستییە هەیە کە هیچ کەس بە شێوەیەکی گشتی پارێزراو نییە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆمەڵێک ڕێکاری تەندروستی و خۆپاریزی نەتوانێ کۆمەڵگە لە تووشبوون بپارێزێ. ئەوی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە هەروەکی پێشتر باس کرا دەوڵەتەکان دەبێ لە ڕیزی پێشەوەی پاراستنی تەندروستیی کۆمەڵگەدا بن. بەڵام بە پێی هەموو بەڵگەکان لەم ماوەیەدا دەبینین دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەروەکی لە ماوەی ٤١ ساڵی ڕابردوودا بۆ مانەوەی خۆیان دەستیان لە هیچ جینایەتێک بە پاساوی پاراستنی ئەمنیەتی وڵات نەپاراستوە و، دژبەران و نەیارانی خۆیان بە توندترین شێوە سەرکوت کردوە؛ ئەم جاریش دەیانهەوێ ناکارامەیی و بێ‌دەسەڵاتیی خۆیان لە کۆنترۆڵی کرۆنادا بخەنە پاڵ دوژمنە خەیاڵییەکان و بەو شێوەیە پاکانە بۆ دەستەوەستانیی خۆیان بکەن. کۆماری ئیسلامی ئەگەر وەک نیزامێکی خەڵکی و دەوڵەتێکی بەرپرسیار لە کاتی قەیرانی وادا هەڵسوکەوتی کردبا دەبوایە لانی‌کەم ئەم چەند خاڵەی خوارەوەی ڕەچاو کردبایە:

**یەکەم**، دەوڵەتی بەرپرسیار لە کاتی ڕوودانی هەر ڕووداو یا کارەساتێک کە پێوەندیی بە گشت کۆمەڵگەوە بێ، زوو خەڵک ئاگادار دەکاتەوە و بە دانانی ڕێوشوێنی گونجاو و زانستی تێدەکۆشێ بە یارمەتیی خەڵکی وڵاتەکە بەسەر کارەسات یا قەیرانەکەدا زاڵ بێ. بەڵام دیتمان کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پێشوو کە لە کاتی قەیرانەکاندا خەڵکی هەژار بوونەتە قوربانی، دەیانهەوێ ئەم جاریش سەرپۆشی لەسەر دانێن و ڕاستییەکان لە خەڵک بشارنەوە؛ چونکە دەزانن دەرکەوتنی ڕاستییەکان سەلماندنی ناکارامەیی ئەو نیزامەیە.

**دووهەم**، دەوڵەت دەبوایە هەموو هاتوچۆ ئاسمانی و دەریایی و ویشکانییەکانی بۆ وڵاتی چین ڕاگرتبایە و هەرکەس لەو وڵاتەوە هاتباوە نێو خاکی ئێران، دەبوایە قەرەنتینە کرابا. بەڵام بە پێچەوانەوە لە کۆی هەموو گەشتە ئاسمانییەکانی فڕۆکەوانیی ئێران بۆ گواستنەوەی موسافیر و کەلوپەلی بازرگانی، دوای ئاشکرابوونی ڤیرووسی کرۆنا ٣٤ گەشتی فڕۆکەوانی لە ئێرانەوە بۆ وڵاتی چین



سەرچاوە
Serchawe

کراوە.

**سێهەم**، دەبوایە بە مەبەستی پێشگیری لە بڵاوبوونەوە شاری قوم و هەموو ناوەندە مەزهەبییەکان لە ئێران بۆ ماوەیەکی کاتی قەرەنتینە کرابایە.

**چوارەم**، دەوڵەتی بەرپرسیار لە کاتی قەیرانی وادا هەوڵ دەدا هەموو توانای مادی و ئینسانیی خۆی بەکار بێنێ بۆ ئەوە بە کەمترین خەسار و زیانی گیانی، قەیرانەکە تێپەڕ بکا. بەڵام نەک دەسەڵاتدارانی تاران پێداویستیی مادییان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم ڤیرووسە ماڵوێرانکەرە تەرخان نەکرد، بەڵکوو باس لەوە دەکرێ کە مافیای سپای پاسداران دەستی بەسەر هەموو ئەو کەرەسانەدا کە بۆ خۆپاریزی لە ڤیرووسی کرۆنا پێویستە گرتوە وبازاڕی بۆ خۆی قۆرغ کردوە.

لە کۆتاییدا، ڕوانگەی نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ ڤیرووسی کرۆنا وەک هەموو بابەتەکانی دیکە لەجیات ئەوە ڕاونگەیەکی زانستی و چارەسەرییانە بێ، ڕوانگەیەکی ئەمنیەتی و مەزهەبی و نابەرپرسانەیە و ئەم ڕوانگەیە ماوەی ٤١ ساڵە بەرۆکی گەلانی ئێرانی گرتوە و بەری نادا.

(لە ژمارەی ٧٧٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٢٠

------------------------------------------------------------

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی**: **ڕەحمان نەقشی**

**خاکەلێوەی ٢٧٢٠ی کوردی = مارچی ٢٠٢٠ی زایینی**






# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ عومەر باڵەکی بۆ نووسین و ئامادەکردنی  دیمانە و وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**


